گۆڤارێکی تایبەتە بە شانۆ دەزگای ئایدیا چاپی دەکات

ژمارە ١ زستانی ٢٠١٦

**خاوەنی ئیمتیاز**

دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

**لێپرسراوی دەزگا**

ئەنوەر حسێن

**سەرپەرشتیاران:**

پێشرەو حسێن

داستان بەرزان

**دیزاین**

ئارام عەلی

**نرخ** 3000 دینار

ئەم گۆڤارەی لە بەردەستاندایە هەوڵێکە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵێک بابەتی تیۆریی و ڕەخنەیی و تێکستی شانۆیی، بەو مەبەستەی بتوانین لە ڕێگەی ئەم ستەیجەوە پڕێک لەو سەرچاوە گرنگانەی کە تاکو ئێستاش بە فێرخوازان و ئارەزوومەندانی بواری شانۆ نەگەیشتوون، یاخود ئەگەریش هەبن کەم و کوڕن و کەمترین ڕێوشوێنی زانستییان تێدا گیراوەتەبەر، بخەینە بەرچاو و بیرتان، کە تاکو ئەم ساتەش یەکێک لەو کێشانەی شانۆی ئێمەی پێوە گیرۆدەیە نەبوونی کەسانی تیۆریی و وەرگێڕی تایبەتمەندە لە بواری شانۆدا، ئەگەریش هەبن، کەمن و لە چەند هەوڵێکی تاکەکەسی تێپەڕناکەن، ئەمەی ئێمەش کردوومانە درێژە پێدەری ئەو هەوڵانەیە، بەڵام ئەگەر بۆمان کرابێت ئەکادیمییانەتر و پیشەمەندانتر کارمان کردووە و لە داهاتووشدا ئەگەریش بواری بەردەوامیمان بۆ بڕەخسێت هەوڵی تەواوی خۆمان دەدەین کە بابەتەکان شایەنی خوێندنەوەبن و سوودبەخشن بن و لە هەمان کاتدا دووربن لە هەندێک هەڵە و پەڵە کە پێشتر لە دونیای شانۆیی ئێمەدا هەبوون، ئەم ژمارەیەمان وەک یەکەمین هەنگاو لێوەربگرن، چونکە خەونمانە لە شێوازی دیکەدا ئەم پڕۆژەیە درێژە پێبدەین.

**سەرپەرشتیارانی گۆڤار**

## وتار

جەستەی سینۆگرافی ...... نیاز لەتیف ...... ٥
خودی قەفەزکراو ...... گۆران ڕەسووڵ ...... ١٠
ڕۆبێرت ویلسۆن دەرهێنەرێکی پۆستمۆدێرن ...... داستان بەرزان ...... ١٦

## وەرگێڕان

هاملێت ...... خەبات عارف ...... ٢٢
هاوکێشەی جەستە و دەروون لە کارکردنی ئەکتەردا ...... پێشڕەو حسێن ...... ٢٥
ڤیلادیمیر ستانیێڤسکی ...... فاتح فرومند ...... ٣٢

## وتووێژ

ئێتییانا گلاسەیر و لاش نۆرێن لە دیدارێکی کراوەدا ...... دانا ڕەئووف ...... ٤٦
ئەزموونەکان لە ئەفەریک ...... فاروق هۆمەر ...... ٦٩

## شانۆنامە

سەفەر بەناو تاریکیدا ...... گۆران محمد فەقی ...... ٩٦
مەرگ، لە دەرگا دەدات ...... مەریوان هەڵەبجەیی ...... ١٠٤

## دانیشتنی ڕەخنەیی

مەلەفێکی ڕەخنەیی تایبەت بە شانۆیی کۆچبەران ...... ئاراس عەبدوڵا ...... ١١٦
دانیشتنی ناوەندی غەزەلنووس دەربارەی ...... ئاراس عەبدوڵا ...... ١٣٩
شانۆیی «خواحافیز تا نازانم کەی»



# وتار



# جەستەی سینۆگرافی

**نیاز لەتیف**

پێناسە بۆ سینۆگرافیا زۆر کراوە بە بۆچونی من گونجاترین پێناسە ئەو پێناسەیەی (مارسیل فرید فۆن) ە کە دەڵێت : ((سینۆگرافیا هونەری رێکخستن و گونجاندنە لە نێوان سەرجەم پێکهاتەکانی پانتایی شانۆو کاراکردنی فۆرمەکەیەتی))[1]. کەواتە سینۆگرافیا سەرجەم ئەو پێکهاتانە دەگرێتەوە دەبنە هۆی وێناکردنی پانتایی شانۆییەکە وەک (دیکۆر- رووناکی- جل وبەرگ – جەستە – ئارایشت – ئێکسسوار- کارتێکەرە دەنگییەکان – تەکنیک – موزیکی وێنەیی – پێکهاتە دیجیتاڵیەکان) لەمیانەی ئەو پێکهاتانەوە سینۆگرافیا هەڵدەستێت بە رێکخستنی پانتایی شانۆو گوجاندنی لەگەڵ میزانسێنی دەرهێنەر و لەهەمان کاتدا لەمیانەی ئاماژەکانی هەریەک لەو پێکهاتە سینۆگرافیانەوە سیمۆلۆژیای جەستەی سینۆگرافی ئاماژە سیمۆلۆژیەکانی

1 – مارسیل فريد فون . ((سينوغرافيا – معالم على الطريق)) ، ترجمه حمادة ابراهيم واخرون ، القاهرة :مجلة السينوغرافيا اليوممهرجان القاهرة الدولي ، 1993 ، ص 13 .

خۆی بۆ وەرگر پەخش دەکات . لێرەوە ئەکتەر وەک جەستەیەکی خاوەن ئاماژەی لەبن نەهاتوو لەمیانەی جوڵەو کردارو پانتۆمایمەوە دەبێتە جەستەیەکی بزوێنەرودەست بەرداری ئەرکە ئاساییەکەی دەبێت و تەنها وەک پێرفۆرمانسکارێک دەرناکەوێت ، بەتایبەتی لەشانۆی دوای پۆست مۆدێرنە و گۆباڵیزم بە تایبەتی تر لە شانۆی دیجیتاڵی کە ئێستا لەجیهاندا دەیەوێت رکابەری سینەمای دیجیتاڵی بکات کە ئەمەش کارێکی ئەستەمە . ئەوەی دەمەوێت ئاماژەی پێبدەم چۆنێتی بە سینۆگرافي کردنی جەستەی ئەکتەرە کە پێشتر بیرمەندانی شانۆ لە لابۆرەکانیان کاریان بۆ کردوە وەک (مایرهۆڵد) دەستەواژەی (ئەکتەری بایومیکانیک) بەکارهێنراوە لای (گرۆتۆفسکی) لەشانۆی هەژاردا (جەستەی رووتکراوە) واتە داماڵراو لە سینۆگرافیا خۆی لەخۆیدا سەلمێنەری ئەم زاراوەیەن کە بەندە بۆ یەکەم جارلە وێژەی شانۆی کوردیدا بەکارم هێنا لە تێزی ماستەرنامەکەمدا. ئەگەرچی هەمیشە ئاماژەم بۆ ئەوە کردووە کەجەستە لە کۆمەڵگەی کوردی و تاکەکانی وبەتایبەتی لای شانۆکاران وەک جەستەیەکی لاسایی کار خاوەنی گوتارێکی سواو لاسایی کاربووە پێدەچێت لێرەو لەوێ لەماوەیەکی دیاری کراودا لە ناوەندە ئاکادیمیەکان جەستەیەکی ئاماژەداری دژەباو لەچەند بەرهەمێکدا دەرکەوتبێت ، بەڵام دواتر کوژاوەتەوە و دیارنەماوە ، تەنانەت ئەم جۆرە جەستەیەش نەیتوانیوە بەردەوام بێت لە بەرهەف کردنی دال و مەدلول بە شێوەیەکی بەردەوام . فیلەسوفی بونیاتگەری (مێشێل فۆکۆ) پێی وایە ((جەستە ئەو رووبەرەیە کە رووداوەکانی لەسەر دەنەخشێنرێت و وروژێنەری زمانە و لانەی ئەو خودە پەرت پەرت کراوەیە کە لە وەهمی یەکبوون ویەکگرتنەودا دەژی ، ئەم جۆرە جەستەیە لەژیان و لەشانۆدا بەشێوەیەک نێرینی بۆ دەکرێت کە بزوێنەرە ، لە بزاڤکردندایە ، ئەو بزاڤەش هەمیشە دال و مدلول بەرهەم دێنن لەمیانەی هەڵسوکەوت وخوو ئەو جولانەی مرۆڤی ئەکتەر ئەنجامی دەدات))[2] . کەواتە دەکرێت لەگەڵ خودی خویدا یەک نەگرێتەوە یاخود لەناو ئەو خودەدا بیێ و لە هەمان کاتدا لێي جودا بێت . دەکرێت نەک بەشێک بێت لە پێکهاتەی سینۆگرافیای نمایش بەڵکو خۆی دالێک بێت بۆ خولقاندنی سەرجەم پێکهاتەکانی سینۆگرافیا بەمەرجێک ئەو جەستەیەی فۆکۆ وەک رووبەرێک پێناسەی دەکات ئامادە باش بێت بۆ ئەوەی هەموو رەنگەکان ودەنگەکان و زمانە وێنەیەکان وەربگرێت و بێتە کەشکۆڵ و ئەنسکلۆپیدیای نمایش بەبێ دووبارەکردنەوە . هەر کاتێک ئەو جەستەیە لە پانتایی ئەبستراکیدا ، واتە داماڵراو و رووتکراوە لە سینۆگرافیای نمایش توانی لەمیانەی ئاماژە بێ سنووریەکانیەوە کە جوڵە و کردار و پانتۆمایم دەیخولقێنن سینۆگرافیا بەرهەم بێنێتئەوە دەتوانێت سەدان ئاماژەی سیمۆلۆژی بخاتە ناو کایەی نمایشەوە و گوتاری جەستەیەکی سینۆگرافی بەرهەم بێنێت بەهۆی تەکنیک و پێرفۆرمانسی جەستەوە ، بەدەر لە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا و تەکنیکە مادیەکان ، ئەم جەستەیەش لەشانۆی جوڵەئامێز و شانۆی سەمائامێز و لابۆرەکانی شانۆی پۆست مۆدێرنە و

---

2 – هیلین جیلبیرت – جوان تومکیتر . الدراما ما بعد الكولونيالية – النظرية والممارسة ،ترجمة : سامح فكري ، القاهرة : وزارة الثقافة ، اصدارات مهرجان القاهرة الدولي للمسرح التجريبي ، 1988 ، ص 385 .

پاش پۆست مۆدێرنە و ئێستای شانۆی دیجیتاڵی لە جیهاندا ڕۆژ بەڕۆژ پەرە دەسێنێت و لە برەودایە . ڕۆڵی ئەکتەر ئێستا لە شانۆدا و بەتایبەتی لەپرۆسەی دەرهێناندا تەنها لە جێبەجێ کردنی داواکاریەکانی نووسەر و دەرهێنەردا ناوەستێت ، بەڵکو سنووری ئەو داواکاریانە دەبەزێنێت کە بریتییە لە بەرجەستەکردن و پێرفۆرمانسی کارەکتەرو نەخشەی میزانسێنی دەرهێنەر ، بەڵکو بەهۆی جەستەی سینۆگرافییەوە دەتوانێت شوێکاتی نمایش دەست نیشان بکات . کەواتە ئەو جەستەیە لەمیانەی جوڵە و کردارەوە دەتوانێت شوناسێک ببەخشێت بە پانتایی و پێکهاتەکانی سینۆگرافیای نمایش چونکە ئاماژەکانی جەستە کاری ئەوەیە بەردەوام بێت لە پەخشی جوڵەوکرداری سیمۆلۆژیانە و گرێدانی پەیوەندی لەنێوان پانتایی و کۆمپۆزێشنەکان وشیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ سینۆگرافیای نمایش . هەروەک (ئان ئۆبەرسفێلد) دەڵێت: ((جەستە هاوشێوەی گەردیلەیە ئەو تەنها هێمایەکی سادە نییە بەڵکو تەونێکە بەهێما چنراوە))[3] . هەموو ئەم هێماو ئاماژانە بێ ماناو بێ گوتارن هەتا ئەو ساتەی وەرگر لە میانەی جوڵەو کردارو پانتۆمایمەکانی ئەکتەرەوە وەریدەگرێت ، ئەوە وەرگرە پێمان دەڵێت فلانە جوڵە دەلالەتی لەوشتە دەکرد ، بۆ نموونە ئەکتەر بەجەستە پیشانی وەرگر دەدات کە لە دارستانە و ڕاو دەکات یان سەربازەو لە جەنگدایەو بەرگری دەکات یان بەڕێوەبەر و کار بەدەستە ، ئەمانەو چەندین ئاماژە و جوڵەی تر بەبێ بوونی هیچ پێکهاتەی سینۆگرافی جەستەی سینۆگرافی دروستی دەکات ودەیخوڵقێنێت . چونکە ئەکتەر خاوەنی زۆرترین پێکهاتەی ئاماژەکانی تایبەت بە تەکنیکی گوزارشتییە . لەبەر ئەوە جەستە دەبێتە جەستەیەکی نمایشکارو بیرمەندو هەڵگری بنەماکانی سینۆگرافی لێرەوە ئەم جۆرە جەستەیە بەرپرسیارێتی و ئەرکەکانی زیاد دەکات بۆیە دەبێت لەناو ساتەکانی نمایشدا خۆی بۆ هەموو ئەگەرێکی چاوەڕوان نەکراوی سینۆگرافی ئامادە بکات ، ئەم جەستەیەی هەمیشە لەبەردەم گریمانەکان و حاڵەتە مەحاڵەکانە ، بۆیە دەبێت خۆی لە کۆت و پێوەندە فیزیکیەکان ڕزگار بکات ئەگەر خوازیاری ئەوەبێت پێگەی پێکهاتە سینۆگرافیەکان لەنمایشدا بگرێتەوە . بە واتایەکی تر کاتێک جەستە دەبێتە پێکهاتەیەکی سینۆگرافی وەک (کورسی – بووکەڵە – مێز - ڕۆبۆت) یان ئەو ساتەی بە پانتۆمایم پەرتوکێک دەخوێنێتەوە یا بێڵێک دەوەشێنێت یان جل و بەرگێک دەپۆشێت بێ بوونی جل وبەرگەکە یان کاتێک دەبێتە گیانلەبەرێکی تر .. ئەمانە ودەیان کرداری تری سینۆگرافیای دەبێت بگاتە وەرگر و وەرگر ئەو وێناکردنە کردەییە ببینێت و چێژی لیوەربگرێت . دواتر ئەوە وەرگرە دەلالەتەکانی جەستە دەخوێنێتەوە و دەیگۆرێت بۆ وێناکردن و زمان وگوتاری لێ بەرهەم دێنێت . بەڵام ئەگەر پێرفۆرماسی جەستەی سینۆگرافی بتوانێت ئەو هەستە لای وەرگر بخوڵقێنێت ، چونکە لە نمایشدا بە تایبەتی لە شانۆی هەزارەی سێیەم جەستە هێڵ و سەنتەری پەخشی ئاماژەی فیکری و ستاتیکیە بۆ وەرگر ، لە ساتەوەختی ئەو پەخشەوە پەیوەندی لەنێوان ئەکتەرو وەرگردا پەیوەندی

---

3 – ان أوبرسفلد . مدرسة المتفرج ، ترجمة : حمادة إبراهيم ، القاهرة ،وزارة الثقافة إصدارات مهرجان القاهرة الدولي للمسرح التجريبي (8) ، 1996 ، ص 3 .

ساتەکانی دروست کردنی شانۆیە کەوەرگر لەمیانەی جەستەوە سەرجەم ئاماژەکان لە پانتایی و زەماندا وەردەگرێت کە دەکرێت شوێکاتی دیاری کراوبێت یان نادیار . ئەوە ئەرکی جەستەیە پانتاییەکان بکاتە شوێنگەی خۆی و بە ئاماژە دەلالیەکانی جەستە سەرجەم کەرەسە وپێکهاتە سینۆگرافیەکانی ئەو شوێنە بخولقێنێت . کەواتە جەستەی سینۆگرافی جەستەیەکی گشتگیرە و تەنها ئەرکی بەرجەستە کردنی کارەکتەری دەق و فرمانەکانی دەرهێنەر نییە ، بەڵکو هاوتا لەگەڵ ئەو ئەرکانە جەستەیەکی کراوەیە بۆ بەردەوامیدان بەکرداری دەوالیزمی لەپرۆسەی دەرهێنان ونمایشدا ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە توانای گۆرینی دلالەتە دەستکرد یان ئیکۆنەکانی هەیە بۆ دەلالەتی ئاماژە هێماییەکان واتە بە هێرمۆنۆتیک کردنی کەرەسەو کەل وپەلەکان . لەشانۆی جولە ئامێزدا زۆر جار دەرهێنەر بەجەستەکان دیکۆری شانۆیەکە بەرجەستە دەکات یان جەستە بەکار دێنێ بۆ بەرجەستەکردنی سەرجەم ئێکسسوارو پێداویستیەکان ، وەک لە لابۆرەکەی گرۆتۆفسکی و ماییرهۆڵد و جان لۆی بارۆ و ئارتۆ و چەندین ئەزمون وشاکاری تر لەشانۆی هیندی وچینی و ژاپۆنی . لە بزوتنەوەی شانۆی کوردیدا مایەی نیگەرانییە ئەم جەستەیە وەک تیشکی نێزەکێک بەچەندین ساڵ جارێک پەیدا دەبێت و دواتر ئاوا دەبێت . بێگومان هۆکارەکانی زۆرە لە هەمووی گرنگتر داخراوی ئەم جەستە شەرمنەیە کە هەمیشە لەبەر تانەو تەشەری کۆمەڵایەتی وئاینی و چاودێری کردنی بەرزەمنەکەی کۆمەڵگەو پۆشاک کردنە بە دەستەواژەیەکی عەرەبی کەویش (عەیبە) ئەم عەیبەیە لە مێژە بۆتە کرمێک و تەنها کاری ئەوەیە ئاماژە سیمۆلۆژی و دەلالیەکانی جەستەی مرۆڤی کورد بەگشتی وجەستەی ئەکتەر بەتایبەتی کرمۆڵ بکات . لەلایەکی ترەوە هەژمونی دەسەڵاتی شانۆی ریالیزمی و دیارترینیان میتۆدە ریالیستیە سایکۆلۆژیەکەی گەورە بیرمەندی شانۆی روسی (کوستانتین ستانسلافسکی) یە کە لەسەرەتای بزوتنەوەی شانۆی کوردی وئێستاشی لەگەڵدا بێت پانتایی یەکی گەورەی لەجەستەی ئەکتەری کورد داگیر کردوە . لە لایەکی ترەوە تەمەڵی جەستەی ئەکتەری کورد و نەبوونی پشوو درێژی لای ئەم جەستەیە کە هەمیشە کاری نمایش ونواندنی وەک غەریزە و حەزێکی ساتەوەختی وەرگرتوە ، دواتر دوای دامرکاندنەوە حەزێکی تر دێتە جەستەیەوە ئەویش بەناوبانگ بوونە لەمیانەی کەمترین دەرکەوتنی لە فیلمێکی سینەمایی یان لە زنجیرە درامایەکی تەلەفزیۆنیدا ، هۆکارێکی گرنگ تر بێ هێزی و سواوی و لاوازی میتۆدی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانە لە کوردستان کە لە ئێستادا ژمارەیان نۆ دانەیە لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان ، میتۆدی نواندن و وەرزشی شانۆ دوو وانە فاکتەری سەرەکین بۆ پەروەردەکردنی جەستەیەکی سینۆگرافی یان جەستەیەکی کراوە ، بەڵام ئەم دوو وانە سەرەکیە وەک پێویست کاریان بۆ نەکراوە ، بەتایبەتی (وەرزشی شانۆ) لەلایەک لەبەر نەبوونی پسپۆرو مامۆستای بەتوانا و لەلایەک لەبەر نەبوونی میتۆدێکی سەردەمیانە ئەو وانەیە بەچەند جوڵەیەکی سواو کلاسیکی بەرێ دەکرێت و هەفتەی یەک جارە زۆر جار ناخوێنرێت . بە بۆچونی من دەبێت میتۆدی (گرۆتۆڤسکی) و (ماییرهۆڵد) و (ستانسلافسکی) و (مارسیل مارسۆ)

و سەمای هاوچەرخ بکرێنە میتۆدێک لە قۆناغی یەکەمەوە تاکو دواقۆناغ بەلایەنی کەمەوە هەفتەی ٦ کاتژمێر وەربگیرێت . بەو شێوەیە هاوتا لەگەڵ چەندین وۆرکشۆپ کە دەبێت دەزگا پەیوەدیدارەکان ئەنجامی بدەن بۆئەوەی ئەو جەستەیە لە شانۆی کوردیدا بێتە کەرەسەیەکی ئامادە کراو . لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو لەسلێمانی چەند هەوڵێک هەبوو وەک دەست پێک بۆ رزگار بوون لە جولەی باو و لاسایی کار وەک شانۆیی (ئاشتی خوازی) دەرهێنانی (کمال رەئوف هەنجیرە) وشانۆیی (مارا – صاد) دەرهێنانی (شەماڵ عومەر) پانتۆمایمی (رۆمیۆ و جولێت) دەرهێنانی (فەرهاد شەریف) و چەند ئەزمونێکی تر کە لەو کاتەدا دەستپێکێکی ناوازە بوو ، ئەگەر چی نەبووە هۆی دەرخستنی ناوێکی دیاری کراوو وەک ئەکتەر . لە دوای راپەرینەوە و هەوڵەکان بەردەوامن بۆ بوبنیات نانی جەستەی جولە ئامێز و سەما ئامێز بەتایبەتی لەلایەن (گروپی لەیزین) وکارە سەما ئامێزەکانی (روبار ئەحمەد مارسیدس) وەک (هەنگاوە وونبووەکان) و (گەرانەوەی دەمامک) و (شەپۆلی پەپوولەکان) چەند شاکارێکي تر ، هەروەها هەنگاوەکانی تیپی (کۆری شانۆی با) و کارەکانی (هۆرێن غەریب) و(هیوا فایەق) وەک شانۆیی (لە بەهەشتا عەسرێ) و شانۆیی (چوارەم ئێوارە پێش مەحشەر) وچەندین بەرهەمی تری هەمان گروپ . هەروەها لە هەولێر هەوڵەکانی تیپی (شانۆی سات) شانۆیی (فرمێسکەکانی مۆم) شانۆیی (چۆلەکەیەک لە تاو ئازارەکانی سەما دەکات) لەدەرهێنانی (صدیق حسین ) هەروەها لە دهوک هەوڵەکانی (فەهمی سەلمان) و(عادل حسن) و چەند بەرهەمێکی تر لەسەرجەم شارو شارۆچکەکان . ئێستا لەلایەن شانۆکارە گەنجەکانەوە چەندین هەوڵ دراوە لەو بوارەدا ، بەڵام هەتا ئەم ساتە لەناو شانۆی کوردیدا جەستەی سینۆگرافی تەنها هەوڵە و نەگەیشتۆتە رادەی دروست بوون بە واتایەکی تر جەستەی شانۆکاری کورد بەتەواوی دەرباز نەبوو لە و دۆخە داخراوەی تیایدا پەروەردە بووە .


سەرچاوەکان :


1- ان أوبرسفلد . مدرسة المتفرج ، ترجمة حمادة إبراهيم ، القاهرة : وزارة الثقافة إصدارات مهرجان القاهرة الدولي للمسرح التجريبي (٨) ، ١٩٩٦ .

2- جيلبيرت – جوان تومكيتر . الدراما ما بعد الكولونيالية – النظرية والممارسة ، ترجمة سامح فكري ، القاهرة : وزارة الثقافة ، اصدارات مهرجان القاهرة الدولي للمسرح التجريبي ، ١٩٨٨ .

3- مارسيل فريد فون . ((سينوغرافيا – معالم على الطريق)) ، ترجمة حمادة ابراهيم واخرون ، القاهرة : مجلة السينوغرافيا اليوم مهرجان القاهرة الدولي ، ١٩٩٣ .

4- نياز لطيف . اشكالية السينوغرافيا في العرض المسرحي الكوردي . رسالة ماجستير غير منشور ، اربيل : جامعة صلاح الدين – كلية الفنون الجميلة ،، ٢٠١٠



# خودی قەفەزکراو

## شانۆیی (چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان)ی ئێدوارد ئالبی وەک نموونە

**گۆران ڕەسووڵ**

مارتن ئێسلین (١٩١٨ - ٢٠٠٢) نووسەر و ڕەخنەگر و شانۆکاری هەنگاریی، لە ساڵی ١٩٦٠ دوای خوێندنەوە و شیکارکردنی ئەزموونی شانۆیی چەند شانۆکارێکی ئەو کاتە و بە پشت بەستن بە بیرۆکەی پووچیی (Absurd) لە فەلسەفەی ئالبێرت کامۆ بەتایبەت لە ئەفسانەی سیزیف، دەستەواژەی شانۆی پووچیی (شانۆی ئەبسێرد – The Theatre of the Absurd) داهێنا. ئێسلین کارە شانۆییەکانی ئیوجین ئیۆنسکۆ، ساموێل بێکێت، فێرناندۆ ئارابال، هارۆڵد پینتەر و چەندانی تری لەژێر تایبەتمەندییەکانی زمانێکی دووبارەکراوە و دایەلۆگی بێ ئامانج و شانۆی بێ پلۆت ڕەوتێکی نوێی شانۆیی لە فیگەری تراژیکۆمیدییدا کۆکردەوە. ئێدوارد ئالبی شانۆنووسی ئەمریکایی کە لە دایکبووی ١٢ی ئاداری ١٩٢٨ە یەکێک بوو لە شانۆنووسانەی کە خاسییەت و تایبەتمەندی کارە شانۆییەکانی هاوتای شانۆنووسە ئەبسێردییەکان بوو و هەر ئەمەش سەرنجی ئێسلینی ڕاکێشا و وایکرد کە ئێدوارد ئالبی وەک یەکێک لە کارەکتەرە گرینگەکانی ئەم ڕێبازە شانۆییە هەژماربکا. ئەمە لە کاتێکدا کە ئالبی لەسەرەتای کاری شانۆنووسییدا بوو تەنیا دوو

شانۆنامەی بە ناوەکانی "چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان" لە ساڵی ١٩٥٨ و "سندوقی لم" لە ساڵی ١٩٥٩ بڵاو کردبووەوە. ئێسلین دەربارەی پۆلێنکردنی ئاڵبی وەک یەکێک لە کارەکتەرە گرینگەکانی ئەم قوتابخانە شانۆییە دەڵێ: "چونکە کارەکانی ئاڵبی ڕەنگدانەوەی قووڵی ڕەشبینیی کۆمەڵگەی ئەمریکاییە هەربۆیە  بە فۆڕمێکی شانۆیی بەهێزەوە دەبێتە هاوپۆلی شانۆی ئەبسێرد."  ئاڵبی وێنەی ئایدیای ناسنامە و خود لەناو چوارچێوەی گۆشەگیریی دەروونییدا دەکێشێ، ئەمەش وەک یەکێک لە دیارترین تەنگ و چەڵەمەکانی مرۆڤ لە سەدەی بیستەم و دونیای دوای وێرانکاریی جەنگەکان (جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیی). ئاڵبی دیارترین شانۆنووسی ئەمریکاییە بە درێژایی زیاتر لە حەفتا ساڵی ڕابردوو. ئاڵبی زیاتر لە ٣٠ شانۆنامەی نووسیوە، ئەمە جگە لە چەندان وتاری شانۆیی و ئەدەبیی. ئاڵبی لە چەند زانکۆیەک لە ئەمریکا وانەی شانۆیی گوتۆتەوە و ئێستاش وەک پرۆفیسۆر لە زانکۆی هاوستۆن کار دەکات. ئاڵبی سێ جار خەڵاتی پولیتزە  Pulitzer Prize بۆ شانۆ وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٦٧ بۆ شانۆیی "تەرازووی تەواو"، لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ شانۆیی "دیمەنی دەریا"، لە ساڵی ١٩٩٤ بۆ شانۆیی "سێ ژنی باڵابەرز"، هەروەها ئاڵبی مەدالیای نەتەوەیی بۆ هونەر لە ساڵی ١٩٩٦ پێ بەخشراوە. سەرەڕای چەندین خەڵاتی تریش ئاڵبی ساڵی ٢٠١٥ "خەڵاتی ئەمریکا لە ئەدەب"ی وەرگرت کە دیارترین خەڵاتی ئەدەبییە لە سەرانسەری ئەمریکا، خودی ئەم خەڵاتە بەڵگەی زیندوویی و کاریگەریی بەرهەمەکانی ئاڵبییە لەناو دونیا ئەدەب و نووسیندا؛ سەرەڕای ئەوەی کە ئەمە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ پێگەی بەهێزی شانۆ لەناو کۆمەڵگەی ئەمریکاییدا. لەم چەند پەرەگرافەی خوارەوەدا تیشک دەخەمە سەر یەکێک لە گرینگترین شانۆنامەکانی ئاڵبی بەناوی "چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان – The Zoo Story".

"چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان" کە یەکەم شانۆیە کە ئاڵبی لە ساڵی ١٩٥٨ نووسیویەتی و بۆ یەکەمجار لە لە ساڵی ١٩٥٩ لە بەرلین لەسەر شانۆی شیلەر نمایش کرا. چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان شانۆیەکی یەک پەردەییە کە بەسەرهاتی دوو پیاو بەناوەکانی "پیتەر" و "جێری" دەگێڕێتەوە. پیتەر پیاوێکی بە تەمەنە کە لە چینی ناوەڕاست دایە، لەسەر کورسییەک لە سێنترالّ پارکی شاری نیویۆڕک دانیشتووە و کتێب دەخوێنێتەوە، لە کاتێکدا کە پیاوێکی نامۆ "جێری" کە لە کۆتایی سییەکانی تەمەنی دایە و کەسێکی بێ دەرامەتە، دێت و لە خوێندنەوە دەیپچڕێنێ و دەیەوێ چیرۆکی سەردانکردنی بۆ باخچەی ئاژەڵان بۆ پیتەر بگێڕێتەوە. شانۆییەکە بە گفتوگۆی نێوان پیتەر و جێری درێژە دەکێشێ و بەبی هیچ ئاکتێکی بەرچاو تاکو دیمەنە کۆتاییەکانی شانۆییەکە، کاتێک کە توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە و سەرئەمجام پیتەر، جێری بە بیریندارکراوی جێ دەهێڵێ و دواتر جێری دەمرێت. لە شانۆییەکەدا ناتواندرێ هیچیەک لە جێری و پیتەر وەک کارەکتەرێک بناسێندرێن کە سنووری حەقیقیان بۆ تێگەیشتن لە ژیان هەبێ. بەڵام هەریەکەیان بە فۆڕمی جیاواز نمایشی پێگەی پڕ لە نادیاریی و دوودڵیی بوونی خۆیان دەکەن. لە ڕێگەی کارەکتەری جێرییەوە، ئاڵبی ئاماژە بە تێماکانی وەک دوورەپەرێزیی و نامۆبوونی خود و دابڕانی پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگە دەکات. جێری لەناو شانۆگەرییەکەدا نموونەی

مرۆڤێکە کە سەرگەردانی گۆشەگیریی و تەنیایی خۆیەتی. کەسایەتی جێری یەکێک لە خاڵی نموونەییەکانی شانۆی ئەبسێردە کاتێک کە نمایشی کێشمەکێشمی مرۆڤ بۆ هەڵکردن لەگەڵ بێمانایی بوون و نامۆبوونی خود دەکا. لە ڕێگەی پرسیارکردن و چونە ناو ژیانی "پیتەر"ەوە، جێری دەیەوێ ڕێگەیەک بدۆزێتەوە کە تێیدا سەرگوزەشتەی ژیانە پڕ نەهامەتییەکەی بۆ کەسێک بگێڕێتەوە. پیتەر چەند جارێک ڕەتی دەکاتەوە کە وەڵامی پرسیارە تایبەت و بێسەروبەرەکانی کەسێکی نامۆ بداتەوە، هەربۆیە بە جۆرێک مامەڵە دەکا کە دەیەوێ کەس لە خوێندنەوەی کتێبەکەی نەپچڕێنێ.

ئەم کاردانەوەیەی پیتەر لە گفتوگۆنەکردن و ڕوونەدان بە جێری، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ جیاوازی چینەکانەکان لەناو مرۆڤەکاندا. ئاڵبی بەوردیی جەخت لەسەر ئەم جیاوازییە دەکاتەوە و باخچەی ئاژەڵان وەکو ڕەمزێک بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنێ. ئاڵبی بوون وەک باخچەی ئاژەڵان دەچوێنێ، ئەوکاتەی کە قەفەسەکانی باخچەی ئاژەڵان دەبنە هۆکاری جیابوونەوە و لێکدابڕانی گیانداران، چینە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکانیش بەهامان شێوە پەیوەندی لەنێوان مرۆڤەکان دەپچڕێنن. بەجۆرێک کە لە کۆمەڵگەی ئەمریکاییدا و لە سەردەمی دوای جەنگدا، مرۆڤێکی وەک جێری کە دەیان نەهامەتی ژیان و بوون گۆشەگیریی و نامۆیان کردووە ناتوانێ بێ بەربەست و گرفت ببێتە هاوڕێی کەسێکی تر کە لە چینێکی باڵاترەوەیە. ئەم جیاکاریی چینایەتییەی مرۆڤ لەنێوان چینی ئەرستۆکراتیی و بورجوازیی و هەژاراندا ڕاستەخۆ دروستکردنی جۆرێکی ترە لە باخچەی ئاژەڵان کە تێیدا سنوور بۆ تێکەڵ نەبوونی مرۆڤاکان لە ڕووی کۆمەڵایەتییە دادەنێ و دواتر بێمانیی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکانی لێ دەکەوێتەوە، کە ئەمەش بوونی مرۆڤ زیاتر دەخاتە بەردەم تارمایی پووچییەتییەوە. جێری هەوڵدەدات کە ئەم جیاکاریی چینایەتییە بیری پیتەر بخاتەوە و لەم ڕێگەیەوە چیرۆکی سەردانکردنی بۆ باخچەی ئاژەڵان بگێڕێتەوە و دواتر ناڕاستەوخۆ بیبەستێتەوە بە پەیوەندی نێوان خۆی و پیتەر:

جێری: "بڵێ، هێڵی جیاکاریی لە نێوان چینی ناوەندی-ناوەندی-سەردەست و چینی ناوەندی نزمی سەردەست چییە؟ (چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان، ل ٧)

لە ڕێگەی ئەم پرسیارەوە کە جێری سەرەڕای بە بیرهێنانەوەی جیاوازی چینەکان لەنێو ئەو کۆمەڵگەیەی خۆی و پیتەر تێیدا دەژین، بە تێکەڵکردن و بەستنەوەی ئەو چینانە توانجیش لەو دابەشبوونە کۆمەڵایەتییە دەدات کە وەک خانە و قەفەسەکانی باخچەی ئاژەڵان تەنانەت مرۆڤەکانی یەک خێزانیشی لێک دابڕاندوون. جێری لە باڵەخانەیەکدا دەژی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان باخچەیەکی ئاژەڵانە! کە پڕیەتی لە ژووری بچووکی لێکدابڕاو، کە تێیدا جێری وەک هاوسێکانی ژوورێکی بچکۆلەی بەرکەوتووە و زۆرینەی نیشتەجێیانی ئەم باڵەخانەیەش کەسانی تەنیا و دوورەپەرێزن. فۆرمی ژیانەی هەژارانەی نیشتەجێیانی ئەم باڵەخانەیە ڕاستەوخۆ کەشێکی ناکۆمەڵایەتیی بۆ تەواوی باڵەخانەکە دروستکردووە، کە ئەمەش لە تەنیایی و نامۆیی جێری و هاوسێکانییەوە سەرچاوەی گرتووە.

نەهامەتییەکانی مرۆڤ هەر لە چرکەساتی یەکەمی چاو هەڵهێنانی بە دونیا دەست پێ دەکەن، بەو واتایەی کە بوون هەر لەسەرەتاوە وەک خاچێکی گەورە بەسەر شانی مرۆڤەوە خۆی جێگیر دەکا. جێری دەیەوێ سەرگوزەشتەی ئەو ناخۆشییانەی خۆی بۆ پیتەر بگێڕێتەوە کە لە ڕێگەی دەوروبەر و خێزانەکەیەوە بەسەری هاتوون؛ چ لە جیابوونەوەی دایک و باوکی و ڕۆیشتنی دایکی و دابڕانی لە ئەندامانی تری خێزانەکەی تاکو مردنی باوکی بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە. لە ئەنجامی هەموو ئەو مەینەتییانەوە ڕۆژ دوای ڕۆژ جێری چارەنووسی خۆی بە لێڵی دەبینێ، بە ڕادەیەک کە هیچ بەهایەک بۆ پەیوەندی خۆی لەگەڵ مرۆڤەکانی چواردەوری دانانێ و تەنانەت ژیان لەلای ئەو لە ئۆبجێکتێکی بێنرخ چی دیکە نییە.

جێری باسی ئەو شتانە دەکات کە لە ژوورەکەیدا هەن، "دوو چوارچێوەی بەتاڵی وێنە" لەناو ئەو کەلوپەلانەدا هەن کە هاوڕێیەتی ئەم نامۆبوونە خودییەی جێری دەکەن. کاتێک کە پیتەر لێ دەپرسێ کە بۆچی بەتاڵن و تەنانەت وێنەی دایک یان باوکیشی تێدانین، جێری دەڵێت: "وای نابینم کە ئەمە هەرگیز پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەبێ. ئایا ئەمە ڕوون نییە؟ هیچ وێنەیەکی ئەوانم نییە تاکو بیانخەمە ناویانەوە." (چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان، ل ١٠) بەتاڵیی ئەم دوو چوارچێوەی وێنانە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ نەبوونی هیچ یادەوەرییەکی بەرهەست لەنێوان جێری و ئەندامانی خێزانەکەی، کە ئەمەش لە نەبوونی هیچ مانایەک بۆ پەیوەندیی نێوانیان سەرچاوە دەگرێ. ئەم بەتاڵییە ڕەمزی سەختیی و نادیاریی بوونی مرۆڤە کە جێری وەک هەزاران قوربانی تر نەیتوانیوە تێیدا لەڕێگەی پەیوەستبوون بە ئەوانی ترەوە ناسنامەیەکی ڕوون بداتە خودی خۆی. جێری باسی ئەو ئەتمۆسفێرە گۆشەگیرییە بۆ پیتەر دەکا کە تێیدا هەموو نیشتەجێیانی باڵەخانەکەی لەیەک دوورخستۆتەوە، تەنانەت جێری ئاماژە بەوە دەدا کە ناتوانی لەگەڵ ئەو خانمەی کە خاوەنی باڵەخانەکەیە پەیوەندییەکی مرۆڤانە دروست بکا. هەربۆیە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی پێدانی هامبەرگەر پەیوەندی لەگەڵ سەگی ئەو خانمەدا دروست بکا کە لەسەرەتادا ئەویش خووی نەدەدا جێری و تەنانەت هەوڵی دەدا گازیشی لێ بگرێ. جێری گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە ئەگەر مرۆڤ نەیتوانی لە مرۆڤەکان نزیک ببێتەوە، بۆ ڕزگاربوون لە تەنیایی و گۆشەگیریی دەبێ لەگەڵ شتێکدا پەیوەندی بگرێ:

"ئەمە هەر ئاوایە، ئەگەر تۆ نەتوانی لەگەڵ مرۆڤ هەڵبکەی، دەبێ لە شوێنێکی ترەوە دەستپێکێکی تر دروست بکەی. لەگەڵ ئاژەڵەکان ... تۆش وای نابینی؟ مرۆڤ دەبێ ڕێگەیەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ شتێک خۆی بگونجێنێ. ئەگەر لەگەڵ خەڵک نەبوو ... ئەگەر لەگەڵ خەڵک نەبوو ... لەگەڵ شتێک." (چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان، ل ٢٠)

ئەمە بە ڕوونیی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە نامۆبوونی خود تەواوی ژیانی جێری داگیرکردووە و ئەم نامۆبوونەش جێری گەیاندووەتە خاڵێک کە تێیدا هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوەبێت کە لە گۆشەگیریی و بێ پەیوەندیی ڕزگاریی ببێت. چیرۆکی خۆی و سەگی خانمی خاوەن باڵەخانەکە نموونەی دیاری ئەو هەوڵە پڕ لە ڕاراییی و ترسانەی جێرین بۆ گەڕاندنەوە یان دروستکردنی ئایدێنتیتی مرۆڤانەی خۆی.

ئەم پەیوەندییە بە زۆر دروستکراوەی جێری و سەگی خانمەکە بە کوشتنی سەگەکە لەلایەن جێرییەوە کۆتایی دێت. ئەمەش کاتێک جێری پلانی ژەهراوی کردنی سەگەکە بەهۆی پێدانی هامبەرگەرێک کە جێری گۆشتەکەی ناوی ژەهراوی کردبوو. ئەمە ئاماژەیە بۆ پارادۆکسێک کە پرسیارێک دەهێنێتە پێشەوە؛ بۆچی مرۆڤێک کە لەوپەڕی گۆشەگیریی دایە و لە ڕێگەی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئاژەڵێک دەیەوێ مانایەک بداتە بوون و ژیانی خۆی، کەچی لەبری پەیوەست بوون پێیەوە دەیکوژێ؟ ئەگەرچی وەڵامی ئەم پرسیارە لێکدانەوەی قووڵی دەوێ بەڵام ئەوە ڕوونە کە نامۆبوونی خود، سروشتی ناسنامەی مرۆڤ دەشێوێنێ. بە شێوەیەک کە هیچ شتێک بۆ هەمیشە لەسەر ڕێڕەوی خۆی نامێنێتەوە و لەگەڵ قووڵبوونەوەی ئەم نامۆبوونە خودییە پەیوەندییەکانیش بەها لەدەست دەدەن. جێری دوای ئەوەی کە خانمی خاوەن باڵەخانەکە پێی دەڵێ کە سەگەکەی زۆر خراپ نەخۆش کەوتووە، پەشیمانییەک کە پڕاوپڕە لە ڕاڕایی دایدەگرێ و هەستی ئەو کاتەی بۆ پیتەر دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

"ئێستا، ئەمە ئەوەیە کە دەمویست ڕووبدا: سەگەکەم خۆش ویست، خوازیاریش بووم کە ئەویش خۆشی بوێم. هەوڵم دا بۆ خۆشویستن، هەوڵیشم دا بۆ کوشتن، هەردووکیشیان بەهۆی خۆیانەوە سەرکەوتوو نەبوون. هیوام خواست ... و بەڕاستیی نەشمزانی کە بۆچی وام چاوەڕوان کرد کە سەگەک لە هەموو شتێک تێبگا، هیچ نا هاندانەکانم ... هیوام خواست کە سەگەکە تێگەیشتبا." (چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان، ل ٢٠)

لێرەدا جێری جەخت لە بێهیوایی و بێئامانجیی بوونی خۆی دەکاتەوە، بە تایبەت کاتێک کە ناتوانێ باوەڕێکی نەگۆڕ بۆ بەهای پەیوەندنییەکانی لەگەڵ مرۆڤ و ئاژەڵ و هەموو شتەکانی دەوروبەریدا دابنێ. ئاڵبی لە ڕێگەی ئەم نامۆبوونە خودییە و بێبەها بوونی شتەکان تێمای پووچیی ژیان لە شانۆی ئەبسێردا قووڵ دەکاتەوە و جێری وەک نموونەی مرۆڤێکی عەبەس نمایش دەکا کە نەک شتەکان و پەیوەندییەکانی لا بێ مانان بەڵکو بوونی خۆشی بە بێئامانج و بێنرخ دەبینێ. ئاڵبی بەهرەمەندانە هەر دوو چیرۆکی پەیوەندیی جێری و پیتەر لەگەڵ جێری و سەگەکە دەهێنێتە سەر یەک هێڵ و لە ڕووی واتاییەوە هاوتەرییبیان دەکا. کاتێک کە باخچەی ئاژەڵان وەک سیمبۆل بۆ جیاوازی چینایەتیی لەنێوان مرۆڤەکان بەکاردەهێنێ و دواتریش دەرئەنجامە نێگەتیڤەکانی سەرەتا و کۆتایی هەردوو ڕووداوەکە بەیەوەکەوە دەبەستێتەوە. لەلایەک نەوسیتن و ڕەتکردنەوەی پیتەر بۆ قسەکردن لەگەڵ جێری لە سەرەتادا و لەلایەکی تریشەوە هەوڵی پەلاماردانی سەگەکە بۆ جێری وەک حەزنەکردن و نەویستن. هەروەها کۆتایی هەردوو ڕووداوەکە بە مردن کاتێک کە سەگەکە بەهۆی ژەهراوەی بوونەوە دەمرێ و جێری لە کۆتایی شانۆییەکەدا بەهۆی چەقۆیەکەی خۆیەوە دەمرێ. ئەم کۆتاییە تراژیدییانەی هەردوو ڕووداوەکە پەیوەستن بە بێبەهایی ئەو هۆکارانەی کە مرۆڤەکان لەناوخۆیاندا و لەگەڵ شتەکانی چواردەوریان بەیەکەوە دەبەستنەوە. سەرچاوەی ئەم بێبەهاییەش نامۆبوونی خودی مرۆڤە کە بەشێکە لە تێمای بێمانایی بوون لەشانۆی ئەبسێرددا کە ئەم تێمایە یەکێکە لە تایبەتمەندییە

سەرەکییەکانی ئەم قوتابخانە شانۆییە.

تەواوی شانۆییەکە گەیاندنی پەیامێکە کە چۆن بێمانایی ژیان و بوون، خود دەخەنە ناو قەفەزی نامۆییەوە، ئەم فیگەرەش بەشێکی گەورە لە ئەزموونی شانۆیی ئێدوارد ئالبی پێکدەهێنێ و چەندین کارەکتەری تر وەک جێری پاڵەوانی بوونگەرایی شانۆنامەکانی ئالبین. لەو شانۆنامانەی کە ئالبی دوای چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان نووسیونی تێیدا بابەتی کێشەی بوون بە فیگەری جیاواز خۆی نمایشکردووەتەوە، بەتایبەت لە هەردوو شانۆیی (خەونی ئەمریکیی) و (کێ لە ڤێرجینیا وڵف دەترسێ؟) کە ئەوەی یەکەمیان لە ساڵی ١٩٦٠ نووسراوە و ئەوەی دووهەمیشیان لە ساڵی ١٩٦٢دا نووسراوە. ئالبی هەروەک شانۆنووسی بەریتانیی خاوەن خەڵاتی نۆبڵی (هارۆڵد پینتەر) پانتایی کارەکانی بریتیە لە تەنگوچەڵمەی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا بەتایبەت کە دوای جەنگی دووەمی جیهانیی و کارەساتە مرۆییەکانی سەدەی بیستەم بابەتی کێشەی بوون و بێمانیی ژیانیان زیاتر قووڵ کردوە. هەر ئەمەش وادەکا کە پرسیاری هەبوونی ناسنامەی تاک یان خود ببێتە سەنتەری کارەکانی ئالبی و زۆربەی کارەکتەرەکانی بە نیگەرانیی و ئازارەوە لەناو دونیایەکی بێمانادا بەدوای کێشەی بوونیاندا گیرۆدەبن.

## پەراوێزەکان:

١ Martin Esslin, Theatre of the Absurd (Garden City, New York: Anchor Books, ١٩٦١), p. ٢٥٨.

٢ Matthew Charles Roudané, Understanding Edward Albee (University of South Carolina Press, ١٩٨٧), p. ٢٩.

٣ Mary M. Nilan, 'Albee's The Zoo Story: Alienated Man and the Nature of Love', Modern Drama ١٦,١

## سەرچاوەکان:

Albee, Edward. The Zoo Story: And Other Plays (Penguin Books, ١٩٩٥)

Esslin, Martin. Theatre of the Absurd (Garden City, New York: Anchor Books, ١٩٦١)

Golomb, Jacob. In Search of Authenticity: From Kierkegaard to Camus (London: Routledge, ١٩٩٥)

Seeman, Melvin. 'On the Meaning of Alienation', American Sociological Review ٢٤,٦ (١٩٥٩), pp. ٧٨٣-٩١.

Nilan, Mary M. 'Albee's The Zoo Story: Alienated Man and the Nature of Love', Modern Drama ١٦,١ (١٩٧٣)

Roudané, Matthew Charles. Understanding Edward Albee (University of South Carolina Press, ١٩٨٧)

Styan, John L. Modern Drama in Theory and Practice: Symbolism, Surrealism and the Absurd. II (Cambridge

University Press: ١٩٨١)





# ڕۆبێرت ویڵسۆن دەرهێنەرێکی پۆستمۆدێرن

## ڕوانین لە شانۆیی سوارچاکی ڕەش

داستان بەرزان

ڕۆبێرت ویڵسۆن یەکێک لە دەهێنەرە دیارەکانی دونیای شانۆی پۆستمۆدێرنە، کە خاوەنی چەندین خەڵاتە دیارترینیان خەڵاتی (پۆلیتزێر)ە، لە ئێستادا کارە شانۆییەکانی لەلایەن بینەران و شانۆکارانی جیهانەوە ڕووناکییەکی بەرچاویان لەسەرە و قسە و باسی زۆریان دەربارە دەکرێت، ئەمەش بە هۆی ئەو نوێگەریی و تایبەتمەندییانەوە کە لە کارەکانی ئەم دەرهێنەرەدا هەن، هەروەها سەرنج ڕاکێشی و گوزارشتە شانۆییەکانی لە دونیای ئەمڕۆ، بە جیهانبینییەکی تازەوە.

لە شانۆی ئێمەدا قسەکردن لەسەر زۆر لە گەورە تیۆریستان و دەرهێنەرانی بواری شانۆ(بەتایبەت شانۆکارە مۆدێرن و پۆستمۆدێرنەکان) بەشێوەیەکی بەرچاو نائامادەیە، هۆکاری ئەمەش نەبوونی خەڵکی تایبەتمەند بە نوسین و لێکۆڵینەوەی شانۆیی، هەروەها بوونی ئەوانەشی لەم بوارەدا کاردەکەن بەفریای

تەواوی ئەو گۆرانکارییە بەرچاوانە ناکەون کە لە شانۆدا ڕوودەدەن، ئەمە بۆ وەرگێڕەکانیش هەر بەوجۆرەیە، کە زۆرینەی کات وەرگێڕەکان خەریکی وەرگێڕانی ئەدەبیاتی شانۆن نەک تیۆرەکانی شانۆ.

قسەکردن لەسەر هەندێک دەرهێنەر کە زۆر نوێن و لە ئێستادا لە ئەزموونداندن و بەردەوام کاردەکەن ئاسان نییە، ئەم نوسینە کورتەی ئێمە هەوڵێکە بۆ ناساندنی ڕۆبێرت ویڵسۆن و باسکردنی هەندێک لایەنی تەکنیکی کارەکانی و بەتایبەت شانۆیی (سوارچاکی ڕەش) کە نمونەی قسەکردنمانە لەم نوسینەدا، لە ڕابردووشدا جگە لە چەند نوسینێکی کەم کە لێرەدا هەندێکیانمان وەک سەرچاوە بەکارهێناوەتەوە، نوسینێکی ئەوتۆ دەربارەی ئەم پێشڕەوە گرنگەی شانۆی جیهانی بە زمانی کوردی لەبەردەستدا نییە، کە دەکرێت لە داهاتوودا زیاتر کار و پرۆژە شانۆییەکانی ئەم دەرهێنەرە بناسێنرێن.

## تەکنیکی سینەمایی لە شانۆدا

سینەما ئەو هونەرەی زۆر لە پاش هونەری شانۆوە سەریهەڵدا، بەڵام زۆر بە زوویش توانی خۆی بسەلمێنێت و جێگەی خۆی لە جیهاندا بکاتەوە، لێرەدا دوو جۆر بۆچوونی جیاواز لەبارەی سینەماوە دەخینەڕوو، کە هەریەکێکیان لایەنگرانی خۆیانیان هەیە، ئەوانیش ئەوەی کە گوایە هونەری سینەما توانیویەتی جێگە بە هونەری شانۆ لەق بکات و بینەرانی شانۆ بۆ خۆی بەکێش بکات، بۆچوونی دووەمیش ئەوەیە

کە نەخێر سینەما هەرگیز ناتوانێت لە بایەخی شانۆ کەم بکاتەوە، بەڵکو هونەری شانۆ لە ئاستێکی باڵادا دەمێنێتەوە، دەشکرێت لە ئەنجامی ئەم دوو بۆچوونەدا بۆچوونێکی نوێ بهێنینە ئاراوە، ئەویش ئەوەی کە هیچ کام لەم هونەرانە لە بایەخی ئەویتر کەم ناکەنەوە و هەریەکەیان بینەری تایبەتی خۆیان هەیە، کە من بۆخۆم لەگەڵ بۆچوونی سێیەم و ئەگەریش باس بێتە سەر ئەوەی شانۆ یان سینەما؟ ئەوە بێگومان شانۆ هونەرە باڵاکەیە و هیچ هونەرێکی دیکە ناتوانێت لە بایەخی کەم بکاتەوە، ئەفسونی شانۆ لە یۆنانەوە تاکو ئەمرۆ باڵی بەسەر مرۆڤایەتیدا کێشاوە و ئاسان نییە ڕەنگ و ڕیشەکانی ئەم هونەرە لە ناو شارستانێتیەتی جیهاندا دەربهێنین و پێم وابێت بەبێ شانۆ شارستانێتی مرۆڤایەتی یەکێک لە کۆڵەکە گرنگەکانی لە دەست دەدات، ئەمەش بەو مانایە نییە هونەرەکانی دیکە بایەخیان نەبێت، بەڵکو شانۆ لە توانایدایە هەر یەکێک لەو هونەرانەی دیکە لە خۆیدا بتوێنێتەوە بە هونەری سینەماشەوە، کە لە دەرهێنەری شانۆیی پیسکاتۆرەوە ئەم هەوڵە دەست پێدەکات تاکو دەرهێنەرەکانی ئەمڕۆ، کە بە شێواز و ئاستی جیاواز سودیان لە سکرین و تەنانەت تەکنیکی سینەمایی بینیوە لە شانۆدا.

ڕۆبێرت ویڵسۆن کە ئەم نوسینەمان بۆ تەرخان کردووە ، توانیویەتی تەکنیکی سینەمایی لە بەرهەمە شانۆییەکانیدا بەرجەستە بکات، ئەمەش لە نمایشی(سوارچاکی ڕەش)دا کە بەرهەمێکی شانۆی میوزیکاڵە لەلایەن (ولیام بۆرۆس)ەوە لە چیرۆکێکی فۆلکلۆی ئەڵمانییەوە ئامادەکراوەتەوە بۆ شانۆ، (تۆم وەیتس) کاری موزیک و نوسینی شیعرە لیرکاییەکانی کردووە، چەندین وێنەی

فەنتاسی و سوریالی بە پشتبەستن بە تەکنیکەکانی سینەما لەکارەکەدا بەرجەستەکراون، ئەمەش بووەتە هۆی بەرزکردنەوە ئاستی ستاتیکی کارەکە و دەرخستی ڕەهەندە جیاوازەکانی کارەکە بۆ ئاستێکی وەها کە بینەر هەست بکات لەبەردەم پەردەی سینەمایەکدا دانیشتووە، لە هەمان کاتدا بە تایبەتمەندییەکانی هونەری شانۆوە، ئەمەش کارێکی سانا نییە، چونکە ئەوەی سینەما دەیکات زۆرجار بە هونەریی سینەمایی و تەنانەت بە درۆی سینەمایی ناودەبرێت، بەڵام ویڵسۆن هەرگیز دەستبەرداری ئەوە نەبووە کە شانۆ هونەرێکی ڕاستەخۆیە و دەنگ و جەستە پێکهێنەری سەرەکی شانۆن، ئەم دوولایەنەش لە هەمان نمایشدا لە ئاستێکی بەرزدان بە جۆرێکی وەها کە دەنگ و جەستەی ئەکتەر یەکانگیر لەگەڵ میوزیک خەریکی گێڕانەوەی چیرۆکی نمایشێکی باڵای شانۆین، بە گێڕانەوە و گرێچنێکی تەواو نوێوە، ئەمە جگە لەوەی ئارایشت لە هەمان نمایشدا جۆرێکی تەواو سینەماییە و جیاواز لە شانۆی باو کاری پێکراوە، کە ویڵسۆن لە زۆرینەی نمایشەکانی دیکەیدا بایەخێکی زۆری بەم ڕەگەزەی شانۆ داوە، بە ئاستێک زۆرینەی کات ئارایشتی کاراکتەرەکانی ئارایشتێکی تۆخەو بە زەحمەت دەتوانیت بزانیت ئەم کاراکتەر چ ئەکتەرێک ڕۆڵی دەگێڕێت، لە ڕێگەی ئارایشتەوە پێکهاتەی ڕاستەقینەی دەموچاوی ئەکتەرەکانی دەگۆڕێت بۆ پێکهاتەیەکی وەها کە دەموچاوەکان شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش و ناباو وەردەگرن، ئەوەش لە دونیابینی ویڵسۆنەوە وەک دەرهێنەرێکی خاوەن دونیابینی سەرچاوە دەگرێت، کە بۆخۆم وای بۆ دەچم کە ویڵسۆن بیەوێت لە ڕێگەی ئەو ئارایشتە تۆخەوە دەستکاری شوناسی کاراکتەرەکان بکات و وابکات کە دەموچاوەکان ناسنامەی نوێ وەربگرن و لە فۆرم و فیگۆری دیکەدا بەرجەستەیان بکاتەوە، کە فۆرم و فیگۆرێکی تەواو شانۆیی بن.

## سوارچاکی ڕەش و مرۆڤی مۆدێرن

یەکێک لەو نمایشانەی لە کۆی ئەو کارانەی ویڵسۆن کە لە یوتوب سەیرم کردوون، جا چ تەواوی کارەکان بوبێتن یاخود پارچەی کورت کورتیان، (سوارچاکی ڕەش)ە کە وەک لە پێشتریشدا باسم کرد، کارێکە لە یەک کاتدا چەند بوارێکی هونەری جیا جیا لە خۆی دەگرێت، لەم کارەدا موزیک بە شێوەیەکی زیندوو ئامادەیی هەیە، هاوشان لەگەل بەرجەستەکردنی ئەکتەرەکاندا ئەویش کاری خۆی دەکات و بۆتە بەشێکی زیندوو لە نمایشەکە، هەروەها ئامێر و هۆکاری تەکنەلۆژیا لە کارەکەدا سودیان لێوەرگیراوە و چەندین تەنکینکی بەرزی هونەریی بەهۆی ئامێرەوە دروستکراوە، لەوانە دیمەنی بەرزبوونە و نزمبوونەوەی ئەکتەر و فڕینی فرۆکە و گۆڕینی ئاستەکانی ڕووناکی و بەهەموو ئەمانەش دیمەنگەلێکی خەونئامێز دروست دەکەن و بینەران دەخەنە دۆخێک لە نێوان خەون و ڕاستیدا، هەر ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شانۆییەکانی ویڵسۆن.

لەبەردەم ئەم نمایشەدا هەست دەکەیت لە یەک کاتدا بەرچەندین بواری هونەری جیاواز دەکەویت، نەک تەنیا شانۆ، کارەکە بەجۆرێک تێکەڵەیەکە لە موزیک و ڕەنگ و ... دەکرێت وەک پێرفۆرمانسێک

تەماشای بکەین، کە ئەمڕۆ لە جیهاندا سەرنجێکی زۆری لەسەرە، هەروەها لە هەمان کاردا ویڵسۆن سەرنجمان بۆ چەندین بابەت و کەرەستەی فەرامۆشکراوی ژیان ڕادەکێشێت، هەوەرها ڕووناکی ئەم کارە لە ئاستێکی بەرزدا و بە جۆرێکی جیاواز بەکارهاتووە، هێوری و ئارامی لە ئاڵوگۆڕپێکردنی تیشکەکاندا دەبینین بەتایبەت لە یەکێک لە ساتەکانی ئەم نمایشەدا ڕووناکییەکی تاڕادەیەک بچوک دەچێتە سەر فرۆکەیەکی بچوک لەسەر پەردەی پێشەوەی شانۆ، بەشێوەیەکی لار لە سوچی خوارەوەی لای ڕاستی شانۆوە بەرەو سوچی سەرەوەی لای چەپی شانۆ بە هێواشی و بە ڕیتمێکی زۆر خاو دەڕوات، لەهەمان کاتدا کەمانچەژەنێک بە شێوەی زیندوو دانیشتووە و کەمان دەژەنێت، ئەم دیمەنە لەم نمایشەدا سەرنجی بینەران ڕادەکێشێت بۆ خاڵێکی تاڕادەیەک بچوک و بە هێمنی ڕۆیشتنی فرۆکەکە بینەران والێدەکات تەواو هەست بە ئارامی و هاوکات تەرکیز بکەنە سەر خاڵێکی دیاریکراو، ئەمەش لە کارەکانی دیکەی هەمان دەرهێنەردا هەیە و مەبەستێکی ڕووناکی و ڕەگەزەکانی دیکەی نمایش جگە لە ئەکتەر بکاتە ئامرازی گەیاندن، ئەمەش پێکهێنەرێکی گرنگی سینۆگرافیای شانۆی ویڵسۆنە، وەک خۆیشی دەڵێت: "سەرەتا سینۆگرافیای کارەکانم هەڵدەبژێرم، پاشان دەق و بەشەکانی دیکە"، کە ئەمەش خاڵێکی سەرەکی جیاکەرەوەی ئەم دەرهێنەرەیە لە دەرهێنەرانی قوتابخانەی ڕیالیستی و هەتا دەگاتە میرهۆڵد، ئەگەرچی میرهۆڵد ئاماژەی بەوەداوە کە "شانۆی داهاتوو شانۆی سینۆگرافیایە"، بەڵام ویڵسۆن سەلمێنەری ئەم تێڕوانینەی میرهۆڵدە.

دەرهێنەر هەر لە هەمان نمایشدا چەندین کوتلەی جیاواز بەکاردێنێت، کە زۆرینەیان پێچەوانەی ڕوانینی باون بۆ کوتلەی دەرهێنان، کوتلەکان لەم کارەی ویڵسۆن و زۆرینەی کارەکانی دیکەی ئەم دەهێنەرەدا پەرشن و لە یەک کاتدا لە چەندین خاڵ و گۆشەی جیاوازەوە ئامادەییان هەیە و هاوکات لە جوڵەدان، ئەمەش وەک ئاماژەیەک دەبینم بۆ دونیای نوێ و ئەو جەنجاڵییەی مرۆڤی نوێی تێدایە کە لە یەک کاتدا بەرچەندین دیمەن و هۆکاری هەستی دەکەوێت، ئەندێشەکانی تاڕادەیەکی زۆر پەش و بڵاون و لە نێوان ڕۆژێک بۆ ڕۆژێکیتردا دونیا بەجۆر و شێوازی نوێ شرۆڤە دەکات، دونیایەک کە زۆرکات دەستەڵاتی بەسەریدا ناشکێت و لە ئەنجامدا مرۆڤ لە نێویدا دەبێتە ئامێرێکی هەڵسوڕێنراو.

ڕۆبێرت ویڵسۆن یەکێک لەو دەرهێنەرانەیە کە سودێکی زۆر لە تەکنەلۆیا وەردەگرێت بۆ دروستکردنی سینۆگرافیای کارەکانی، لە ئەنجامیشدا سینۆگرافیا لای ئەم دەهێنەرە تاستێکی ئێستەتیکی بە خۆیەوە دەبینێت، هەر ئەمەشە ویکردووە ویڵسۆن یەکێک بێت لە نمونە دیارەکانی شانۆی سینۆگرافیا و قورساییەکی زۆری کارەکانی لە سینۆگرافیادا چڕبکاتەوە، نەک ئاکتەر و کەرەستە پێکهێنەرەکانی دیکەی شانۆ.

ویڵسۆن لە هەمان نمایشدا و لە چەند دیمەنێکی دیکەی کورت لە نمایشەکانی بەشێوازێکی تەواو تازە کەشی شانۆ بەکاردێنێت، لای ئەم دەرهێنەرە کەشی شانۆ تەنیا یەک مەودای نییە، بەڵکو بە هەریەک لە مەوداکانی قوڵایی شانۆ و ئاستەکانی ستونی و ئاسۆیی کەشی شانۆ بەکاردێنێت، ئەمەش سەرجەمی چێوەی شانۆ

لەو تاک ڕەهەندییە ڕزگار دەکات کە زۆرینەی کات دەیبینین، دیمەنی فڕین و ساتەوەختی خەیاڵیی و پڕ لە فەنتاسیا ڕۆڵیان هەیە لە دروستکردنی وێنەی سوریالی سەرنجڕاکێش، ئەمەش وادەکات بینەران ڕۆبچنە نێو جیهانێکی خەونئامێزەوە، هەروەها وەک چەندین کۆد و شیفرەش جێدەهێڵێت و ڕێگە دەدات بینەران مانای بۆ بدۆزنەوە، وەک خۆی لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێت: "ئێمە کارێکی هونەریی پێشکەش دەکەین و بینەریش مانای پێدەبەخشێت".

لە کۆتاییدا گرنگە ئاماژە بەوە بدەین شانۆی ڕۆبێرت ویڵسۆن نمونەیەکی دیار و بەرزی شانۆی نوێیە و کارەکانی نمونەیەکی ڕوونن بۆ ئەوەی لەو جۆرە شانۆیە تێبگەین کە بە شانۆی پۆستمۆدێرن ناودەبرێت، ئەمەی ئێمەش هەوڵێک بوو بۆ ناساندنی ئەزموونێکی گرنگ، کە ئەزموونی ویڵسۆنە.

**سەرچاوەکان:**


**١- د. فازل جاف، شانۆی هاوچەرخی سویدی، وەرگێڕانی: دلێر میرزا**

**٢- وتووێژێك لەگەڵ ڕۆبێرت ویڵسۆن، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فاتیح فرومەند**


**٣- ڕۆبێرت ویلسۆن، ئێمە شانۆ بۆ هەموو خەڵك دروست دەكەین، پالی ئیرڤین، وەرگێڕانی: فاتیح فرومەند**

**٤- چەند وانەیەکی (د. فازل جاف) دەربارەی شانۆی پۆستمۆدێرن و دەرهێنەرانی دیاری ئەو قوتابخانەیە لە جیهانی شانۆدا. لە زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی هونەر/ بەشی شانۆ.**



# وەرگێڕان





## سلاڤۆمیر مرۆژیک

# هاملێت

**وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: خەبات عارف**

بەڕێوەبەری شانۆ بانگی کردم بۆ لای خۆی و وتی: "پیرۆزە! بڕیارمان داوە ڕۆڵی هاملێت بە تۆ بسپێرین."

وەک هەموو ئەکتەران، منیش هەمیشە خەونم بەوەوە بینیبوو ڕۆڵی هاملێت ببینم. بۆیە خۆمم پێ نەگیرا، بەوپەڕی دڵخۆشییەوە و لەڕادەبەدەر سوپاسی بەڕێوەبەرم کرد و پەیمانم دایە کە بەوپەڕی تواناوە هەوڵ بدەم و پێشانیان بدەم کە شایانی ئەو ئەرکەم پێیان سپاردووم.

هێندەی نەمابوو دەست بە ڕاهێنانەکانمان بکەین، کە بەڕێوەبەر بانگی کردمەوە. لەوەیش دەچوو شتێک نیگەرانی کردبێت.

"هەندێک هەلومەرج، لەم ماوەیەدا، هاتوونەتە پێش. تیپی شانۆ پێی وایە ئەوەی کە ڕۆڵی هاملێت بە

تەنیا بدرێت بە تۆ، پێشخستنی تۆ و پشتگوێخستنی ئەوانی ترە."

"دەتەوێت بڵێیت کەسێکی تر ڕۆڵی هاملێت دەبینێت!؟"

"نا، چونکە ئەوەیش دەبێت بە هۆی پێشخستنی کەسێک و پشتگوێخستنی تۆ و ئەوانی تر. بەڵام چارەیەکیشمان دۆزیوەتەوە. تۆ ڕۆڵی هاملێت دەبینیت و هەشت کەسی تریش لەگەڵ تۆدا هەمان ڕۆڵ دەبینین. لە بەختی خۆیشمان لە نۆ کەس زیاترمان لەم تیپەدا نییە، کە کەم تا زۆرێک، خۆ بە شایانی ئەو ڕۆڵە بزانن."

"مەبەستت ئەوەیە کە من و هەشت کەسی تر بە نۆرە ئەو ڕۆڵە دەبینین؟"

"نا، هەمووتان پێکەوە."

"چی؟ پێکەوە؟ بەڵام خۆ هەموومان لە هەمان نواندندا نا؟"

"با، لە هەمان نواندندا و هەموو ئێوارەیەکیش."

"بەڵام چۆن! نۆ هاملێت و یەک شانۆنامە؟"

"ئا."

"ئەها، تێدەگەم. یانی یەکەم کەس دەچێتە دەرەوە، ئەوی تر لە جێی ئەو دێتە ژوورەوە، ئەویش دەچێتە دەرەوە و سێیەم دێتە ژوورەوە و هەروەها."

"نا، چونکە ئەمە بێجگە لە سووکایەتیکردن بە یەکسانی، لە پلەوپایەی ئەکتەرەکانیشدا گرفتمان بۆ دروست دەکات. کەس نابێت یەکەم بێت، کەسیش نابێت دووەم و نابێت کەسیش نۆیەم بێت.

لە بیریشت نەچێت، هەمان هەل، بێ کەم و زیاد، دەبێت بۆ هەمووان بڕەخسێنرێت."

"بەڵام چۆن؟"

"بە ڕیز و بە دوای یەکدا."

بە کورسییەکەمدا ڕۆچووم. بەڕێوەبەر هەستا، بە دەوری مێزەکەیدا سووڕایەوە و دەستی خستە سەر شانم.

"هیوابڕاو مەبە! لە باری کۆمەڵایەتییەوە ئەمە باشترین شێوەیە، لە ڕووی هونەریشەوە لەوەیە ببێت بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆمان. هەر ئێستا دەرهێنەرێکیشمان هەیە کە ئەو ئەرکەی گرتووەتە ئەستۆ، تاقیکردنەوەیەک؛ کەس تا ئێستا بیری لێ نەکردووەتەوە. دابەشکردنی هاملێت بەسەر نۆ کەسایەتیدا. تێدەگەیت!"

"بەڵێ تێدەگەم. سایکۆلۆژیای سەروبن."

"دەم خۆش!"

ئەمجا خۆی بە سەرمدا چەماندەوە و بێدەنگ وتی: "بەینی خۆیشمان بێت، هیچ شتێک ڕێت لێ ناگرێت، دەنگت لە دەنگی ئەوانی تر بەرزتر بێت."

دەستمان بە ڕاهێنانەکانمان کرد. جێی هەموومان، بە ئاسانی، لە جێی جلوبەرگگۆڕیندا نەدەبووەوە. لەسەر شانۆیش، پێمان تێکەڵوپێکەڵ دەبوون و سەرسمدانیش بە جێی خۆی. بەڵام هەر بەو شێوەیەیش پەیوەندییەکی بەهێز، لە هەرەوەزییە بچکۆلەکەماندا، هاتە ئاراوە و تا دەهات لە یەک نزیکتر دەبووینەوە.

ئەمجا یەکەم ڕۆژی نواندن. دیمەنی یەکەممان، هەر

چۆنێک بوو، بە باشی بۆ بەڕێوە برد.

بەڵام لە دیمەنی گۆڕستانەکەدا کەللەسەری یۆریچ کە دەبوو بە من بێت، دیار نەبوو؛ چونکە ئامادەکاری پێویستییەکانی سەر شانۆ هەڵەیەکی کردبوو و تەنیا هەشت کەللەسەری ئامادە کردبوو.

بۆیە من هەوڵم دا ئەو کەللەسەرەی بە دەستی هاوڕێکەی دەستەچەپمەوە بوو وەربگرم، بەڵام ئەو نەیدەویست بەرەڵای بکات و لە دەستی بەر بووەوە. پاشان هەردووکمان کەوتینە ناو گۆڕەکەوە.

ئەوانەی سەرەوەیش هیچ خۆیان تێک نەدا و کەوتنە سەروگوێلاکی یەکتر، چونکە کەللەسەرەکەی ئێمە لە سەرەوە مابووەوە، کەواتە وەک پێشتر هەشت کەللەسەری لێ بوو، بەڵام تەنیا حەوت هاملێت مابوونەوە و هەر کەسەیش، دەیویست دوو کەللەسەری پێ بێت.


ئەنجامیش نۆ کەس بە سووکی زامدار و دەموچاوی پێنج کەس شکێنران و سێ کەسیش بریندار بوون.

کێ بوو ئەوەی پێی وابوو هاملێت لە تراژیدیایەک زیاتر نییە و تایبەت بە یەک کەسیشە؟

* لە کتێبی "ژیان بۆ دەستپێکەران"ەوە وەرگێردراوە.
وەرگێرانی بۆ سویدی: مارگاریتا براندروپ-ڤۆگنسێن.

Salwomir Mrozek
Livet för nybörjare

Översättning: Margareta Brandrup-Wognsen





# هاوكێشەی جەستە و دەروون لە كاركردنی ئەكتەردا

**وەرگێڕانی: پێشڕەو حسێن**

ستانیسلاڤسكی لە پێشەكی كتێبی كاركردنی ئەكتەر لەسەر خۆی لەمیانەی كاریگەری وەرگرتندا بەڵێنی ئەوە دەداتە خوێنەرانی كە بەزوترین كات دەست دەكات بەنوسینی كتێبێكیتر بەناوی كاركردنی ئەكتەر لەسەر خۆی لەمیانەی بەرجەستەكردندا، بەڵام هەلی ئەوەی بۆنەڕەخسا ئەم بەرهەمە تەواو بكات.

لە ئەرشیفی ئەدەبی ستانیسلاڤسكیدا بابەتە ئامادەكانی ئەم كتێبە بەتەواوەتی پارێزراون. نوسەر چەندین جار كاری لەسەر هەندێك بەشی ئەو كتێبە كردووە؛ لەوانەش: «ئاخافتن و بنەماكانی» ، « تایبەتمەندی رەفتار» ، «تیمپۆ و ریتم»، ئیتر بەشەكانیتر تەنیا دەستنوسەكانیەتی.

ستانیسلاڤسکی بەنیازبوو دەست لە کارکردن لەسەر بەرگەکانیتری ئەم کتێبە هەڵگرێت. پرسی شێوە و فۆرمی ئەم کتێبە (کۆمپۆزیشن) هێشتا لەخەیاڵیدا دانەڕێژرابوو. لەبەرئەوە بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی ئەم کتێبە لەتەک ئەوانیتر کە لەژێر چاودێری خۆیدا چاپکران، دەتوانین بڵێین تەنیا لەچاپدانی بابەتە تەواونەکراوەکانیەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پرسانەی ستانیسلاڤسکی بە دەستنوس و هەڵەچنی نەکراو جێیهێشتون بەها و بایەخێکی زۆریان هەیە و زۆر گرنگن.

بەبێ خوێندنەوەی ئەم بابەتانە وێناکردن و تێگەیشتن لە «سیستمەکەی» ستانیسلاڤسکی یەک لایەنە و کەم نرخ دەنوێنێت.

مەزنی کارکردنی ستانیسلاڤسکی لەسەر نوسینی بەرگەکانیتری ئەم بەرهەمەی نیشاندەری بەها و گرنگی حاشاهەڵنەگری بەرهەمەکانیەتی. کەواتە دەبێت شانۆکاران بیخوێنەوە.

بەرگەکانیتری کۆبەرهەمەکانی ستانیسلاڤسکی دەربارەی بابەتی ئامادەکاریی ئامێرە فیزیکیەکانی ئەکتەرە بەمەبەستی بەرجەستەکردنی کارەکتەر، کە لەو بەشانەدا شیکردنەوە بۆ توخمە دەرەکییەکانی دەربڕینی شانۆییانە دەکرێت. وەک چۆن بەرگی پێشوو تایبەت بوو بە کارکردنی ئەکتەر لەسەر خۆی ئەم بەرگەش درێژەپێدەری هەمان پرسە و پەیوەندیی راستەوخۆیان بە یەکترەوە هەیە. ئەم بەرگە تیشک دەخاتە سەر بازنەی ئامادەکارییە سەرەتاییەکانی ئەکتەر لە روانگەی دەست پێڕاگەیشتن بە توخمەکانی تەکنیکی شانۆیی، کە کاریگەرییان لەسەر ئامادەکارییەکانی دواتر دەبێت لەسەر خولقاندنی سیمای شانۆییانە. لە سیستمەکەی ستانیسلاڤسکیدا پرسی تەکنیکی بەرجەستەکردنی شانۆییانە ئەوەندەی پرسی تەکنیکی ناوەکی کاریگەریی وەرگرتن گرنگی و بایەخی هەیە و ناکرێت لە رووی بایەخەوە بابەتە ناوەکییەکان لە بابەتە دەرەکییەکانی شانۆ جیابکەینەوە.

ستانیسلاڤسکی وەک دوو جەمسەری چارەنوسساز لێکدانەوە بۆ ئاوێتەبوونی رەوتی دەرونی و جەستەیی دەکات.

خوێندنەوەی کتێبەکەی پێشوو دەربارەی کارکردنی ئەکتەر لەسەر خۆی، ئەکتەر دەگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی رەوتی کاریگەرییەکان چ رۆڵێکی پڕبەها لە ئەفراندنی هونەریدا دەگێڕن.

بەڵام ئەوە بەتەنیا بەس نییە بۆ روونکردنەوەی دۆزینەوەکانی سیستمەکەی ستانیسلاڤسکی، بەڵکو ئەوە تەنیا یەک لایەنمان بۆ روونده‌کاتەوە.

کاریگەرییە قوڵ و واقیعییەکانی ئەکتەر لە ساتەوەختی ئەفراندندا دەبێتە هۆی خولقاندنی وێنەی شەفافی فۆرمی دەرەکی کارەکتەر.

دەتوانین بڵێین، لەپاش ئەم ئەنجامە حاشاهەڵنەگرە، کە بناغەی رێکخستن و دروستکردنی «سیستمەکەی» ستانیسلاڤسکییە، ئەوا بەشی دووهەمی ئەم کتێبە نەک بەها و بایەخی کەمتر نییە، بەڵکو لە روانگەی بایەخەوە لە ریزی یەکەمدایە و دەربڕی جۆری نمایشی ئەکتەرە کە تەنیا پەیوەندی بە رۆچونی قوڵی ناوەکی شوناسی کارەکتەرەوە نییە، بەڵکو رێژەی ئامادەیی ئامێرە جەستەییەکانی ئەکتەرە، کە دەبێت لەبەرجەستەکردندا رۆڵی

سەرەکی و یەکسانی هەبێت.

ستانیسلاڤسکی جەخت لەوە دەکاتەوە کە تەکنیکی نواندن بەبێ روکارە دەرەکیەکەی بێ بەها و کەموکورتە.

**ستانیسلاڤسکی دەنوسێت:**

چەند هۆی ئازار و شەرمەزارییە ئەوکاتەی هەست بەوشتە دەکەین کە لە دەرونی خۆماندا جوان و بەکەڵکە و کەچی نەتوانین لە قاڵبە گونجاوەکەیدا پێشکەشی بکەین! هەست دەکەم چەژتنی ئەم ئازارە تەنیا لە توانای پیاوێکی ئاشقدایە کە لاڵە و دەیەوێت هەڵچون و هەژان و هەستەکانی بە دەنگێکی ناخۆش بە خۆشەویستەکەی بگەیەنێت.

ئەو پیانیستەی پیانۆیەکی کۆک نەکراو دەژەنێت، کاتێک بەپێی هەستە دەرونییەکانی خۆی گوێ لەم نەوا ناکۆکانە دەگرێت کە لەم ئامێرە کۆک نەکراوە دەرژێت، توشی نارەحەتی دەبێت.

کۆمەڵێک کەس بە لەبەرچاوگرتنی هەوڵ و ماندوبوونە سەرەتاییەکانی ستانیسلاڤسکی دەربارەی ناوەخنی ئەفراندن و تەکنیکی دەرونی کاریگەریەکان، زۆر کوێرانە و ناوشیارانە دەڵێن گوایە ستانیسلاڤسکی هیچ بایەخێک بە تەکنیکی دەرەکی بەرجەستەکردنی رۆڵ نادات.

بەپێچەوانەوە، ستانیسلاڤسکی بەردەوام جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئامادەیی ئامێری جەستەیی ئەکتەر بەتایبەتی لە بواری شانۆدا رۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری هەیە و جێگەی هەرجۆرە پەیمانێکی رووکەشی تەکنیکە دەرەکیەکانی بەرجەستەکردنی رۆڵ دەگرێتەوە.

ستانیسلاڤسکی بە ئەنجام وەرگرتن لە بەشی یەکەم، دەنووسێت:

پەیوەندی ژیانی جەستەیی ئەکتەر لەسەر شانۆ لەگەڵ ژیانی دەرونی رۆڵێکی گرنگی هەیە. کەواتە ئەکتەرانی ئەم قوتابخانەیەی ئێمە دەبێت زۆر زیاتر لە ئەکتەرە پیرەکان و شێواز و تەکنیکەکانیتر نەتەنیا دەربارەی ئامێرە ناوەکیەکانی خۆیان کە بناغەی رەوتی کاریگەری وەرگرتن دادەرێژێت وردبین بن، بەڵکو دەربارەی بەشی دەرەکی، واتە بەرجەستەکردن، واتە دەربارەی ئامێرە جەستەییەکان کە گوێزەرەوەی دروست و راستی کاری ئەفرێنەرانەی هەستەکانن، بەواتایەکیتر دەربارەی فۆرمی بەرجەستەکردنی دەرەکی رۆڵیش وردبین و بەدیقەت بن.

هەمووان دەزانن کە ستانیسلاڤسکی چەند ماندونەناسانە لەسەر بە سیستماتیزەکردنی ئامێرە جەستەییەکانی کاریکردووە: لەسەر دەنگ، دەربرین، وەرزش، تەنانەت بۆدەرخستنی ناوەخن و ستایلی دەرەوەی کارەکتەر، کاری جددی کردووە.

وەک ریژیسۆرێک کەس ئەوەندەی ستانیسلاڤسکی لەرووی توانای سیستماتیزەکردنی لۆژیکی رەفتاری شانۆییانەی ئەکتەر، دروستکردنی ژینگەی ژیانی کارەکتەر، میزانسێنەکان، و ژیانی روناکی و کارتێکەرە دەنگییەکان جددی نییە.

لە قۆناغە سەرەتاییەکانی کارکردنی لەسەر سیستمەکەی، زیاتر بۆچونەکانی لەسەر ئەفراندنی دەرونی رەوتی کاریگەری وەرگرتنی

ڕۆڵی ئەکتەر چڕەکاتەوە. ئەو لەپێش هەرشتێکیترەوە، دۆزینەوەی «نهێنیەکانی» سروشی نواندن و بەهرەمەندیی ئەکتەر بە تەوەرە و خاڵی بنەڕەتی لێکۆڵینەوەکانی دادەنێت، بۆئەوەی دواتر ڕێگەیەک بەرەو ناسینی قوڵی شوناسی دەرونی ڕەوتی ئەفراندن بدۆزێتەوە.

لەوکاتانەدا لەوباوەڕەدابوو کە دەبێت لەڕێگەی واقیع و هێڵە دروستە دەرونیی و ناوەکییەکانی کارەکتەرەوە، کە بە کاریگەری وەرگرتنی قووڵ و حەقیقی ئەکتەر تێراوبووە، هێڵە دەرەکیەکانی کارەکتەر، دەربڕین، جوڵە، میزانسێن و،.... بوروژێنێت.

لە سەردەمی دەرکەوتنی «سیستم» ەکەدا، ستانیسلاڤسکی لەناو بۆچونەکانیدا سەبارەت بە ئەفراندن لەژێرکاریگەریی جمکایەتیدا بوو کە لەئاکامی ڕەوتە دەرونییەکان لەلایەن خۆیەوە بەجیا لە ڕەوتە فیزیکییەکانی ئەکتەر خوێندنەوەی بۆدەکرا.

لە شانۆنامە سەرەتاییەکاندا کە بەپێی «سیستم» نمایش دەکران، سەرنجی ستانیسلاڤسکی زیاتر لەسەر «کرداری دەرونی»، «کارایی دەرونی» و «هێڵە دەرونییەکانی ڕۆڵ» چڕکرایەوە ( بۆنمونە لە شانۆنامەی مانگێک لە گوندا، ١٩٠٩، نوسینی تۆرگینێف). هونەرمەندانی شانۆی موخات لەیادیانە کە لەم قۆناغەدا، ستانیسلاڤسکی هەموو سەرنجی خۆی لەسەر «تەکنیکی ناوەکی چڕکردەوە و تەنانەت قسەکردن لەسەر تەکنیکی دەرەکی قەدەغە بوو.»١

بەرکەوتنی یەکلایەنەی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی « زاتگەرایی ئەکتەر تەنیا لەروانگەی دەرونییەوە« ستانیسلاڤسکی دوچاری بەهێزترین قەیرانی کاری نواندن کردەوە: سەرکەوتوو نەبوونی ڕۆڵی سالێری دەقەکەی پۆشکین لەساڵی ١٩١٥ دا، سەرنجی بەلای ئەم گرفتەدا ڕاکێشا کە گرنگی نەدان بە هۆکاری تەکنیکی دەرەکی بەرجەستەکردنی ئەکتەر، لە دروستکردنی «زاتگەرایی ئەفرێنەرانە«دا بۆتە هۆی ئەوەی ڕێگەیەکی هەڵەی هونەری ببڕێت.

ستانیسلاڤسکی لە کتێبی ژیانی هونەرییم ( بەشی «ئەکتەر دەبێت بزانێت قسە بکات») دەنوسێت: «.... ئیتر سەرنجی هونەرییم بۆسەر دەنگەکان و دەربڕین وەک توخمێکی سەرەکی ژیان و شانۆ زیاتر چڕکردەوە.»

چەند ساڵێک دوای ئەمە، ئەوکاتەی ستانیسلاڤسکی کارەکتەری کاین ی بەرجەستە دەکرد، هەستیکرد پێویستی بەپەلەی بە فێربوونی یاسا و بنەماکانی جوڵە و ریتم هەیە.

یەکێک لەو هۆکارانەی بووە هۆی ئەوەی ستانیسلاڤسکی لەساڵی ١٩١٨ ڕابەرایەتی ستۆدیۆی بەلشەوی شانۆ قبوڵ بکات، ئەو بایەخەبوو کە بەرامبەر بە توخمە دەرەکیەکانی گوزارشتی شانۆییانە لەناخیدا دروست بوو.

لە هونەری «ئۆپێرا» دا ئەو بەدوای وەڵامی پرسی گوزارشتی جەستەیی و دەربڕینی شانۆییانەدا دەگەڕا. (هەناسە، دەنگ، ئاخاوتن، دەربڕین، ریتم و.....)

کارکردن لەسەر «شانۆی مۆسیقایی» کە

1 . ب. م. سۆشکیۆیچ، «دەربارەی ستانسلاڤسکی» و. ت. ئۆ. (١٩٤٨)، لاپەڕەی ٣٨٢.

ستانیسلاڤسکی تا کۆتایی ژیانی لەسەری بەردەوام بوو، بۆ بڕیاردان و چارەسەرکردنی زۆربەی پرسە تەکنیکییەکانی بەرجەستەکردنی ڕۆڵ یارمەتیدا. پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە چالاکییەکانی ستانیسلاڤسکی و سیستمەکەی پاش شۆڕشی سۆڤێت لە دوو ڕێڕەوی هاوتەریبدا گەشەی کرد: ڕەوتی کاریگەریی وەرگرتن و بەرجەستەکردن یان توخمە ناوەکییەکان (دەرونی) و دەرەکی (فیزیکی). زاتگەرایی ئەکتەریش هاوشان بە پەیوەندیەکی چڕ لەگەڵ جەستە، لێکۆڵینەوەی لەسەرکرا، هەر ئەمەش لە ڕووی دابەشکاریی سیستمەکەوە کاریگەریی جێهێشت، ئەوەبوو خودی ستانیسلاڤسکی لە دواهەمین بەشی کتێبی ژیانی هونەرییم دا لەم بارەیەوە دەنوسێت: «سیستمەکەی من بەسەر دوو بەشی سەرەکییدا دابەش دەبێت: ١) کاری ناوەکی و دەرەکی ئەکتەر لەسەر خۆی. ٢) کارکردنی دەرەکی و ناوەکی ئەکتەر لەسەر کارەکتەر.»

بایەخدان بە گەشەی ئامێرە فیزیکییەکانی ئەکتەر لە دوا قۆناغەکانی کارەکانیدا پەرەسەندنێکی هەمەلایەنەی بەخۆیەوە بینی. ئەوەدەمەی سەرجەم لادانە هونەرییەکانی ناسی و توانی بەسەریاندا زاڵ بێت گەیشتە ئەو ئەنجامەی تەنیا بە هەژاندنی پرسە دەرونییەکان و بەبێ بەشداریی ڕاستەوخۆی ئامێرە فیزیکییەکابی ئەکتەر ناتوانێت ئەنجامێکی خوازراوی دەستبکەوێت، ئەزمونە پراکتیکی و خوێندنەوە کونجکۆڵانەکانی سروشتی زاتگەرایانەی ئەکتەر، ستانیسلاڤسکی بەرەو ئەو یەقینە ڕێنوێنی کرد کە لە ئەفراندندا، ڕەوتی فیزیکی و دەرونی یەکەیەکی ئۆرگانی لەیەک دانەبڕاون و یەکێکیان دەبێتە هۆی هەژاندن و هاندانی ئەویتریان.

بەم شێوەیە، «سیستم» ەکەی ستانیسلاڤسکی بەتەواوەتی لەدەست چوارچێوەی «فێرکاریی ئەفراندنی دەرونی» ڕزگاری بوو، هەروەها هێدی هێدی، بە ئاراستەی ئەفراندنی دەرونی فیزیۆلۆژیدا هەنگاوینا. لەگەڵ ئەوەشدا بایەخی زیاتردرا بە سروشتی فیزیکی ئەکتەر.

سەرباری ئەمانەش پێویستە ئەم بابەتە دوپات بکەینەوە کە زۆرجار لە بواری پێداگوژیکی شانۆییانەدا، لەناو ئەزمون و کاری ئەفرێنەرانەدا، ئەوەندە بایەخ بە بەهای لێزانینی نواندن نادرێت.

هەندێک لە فێرخوازەکانی ستانیسلاڤسکی کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دروستبوونی سیستمدا خوێندبوویان، تا ئەمڕۆش لایەنگری ئەوەن کە تەنیا لە ڕوانگەی دەروناسییەوە ئەفراندنی ئەکتەر شرۆڤە بکرێت. چەندین ساڵ بەشدارانی شانۆ جگەلە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە هیچ بەرهەمێکیتری ستانیسلاڤسکییان لەبەردەستدا نەبوو. هەمووان لەو باوەڕەدابوون کە پرسی سیستم تەنیا لەم کتێبەدا کورت دەبێتەوە. ئەمەش هۆکاری چەقبەستنی تێگەیشتن بوو لە بۆچونەکانی و پراکتیزەکردنیان.

بە جەختکرنەوە لەوەی ستانیسلاڤسکی زۆر بایەخی بە ڕەوتی کاریگەری وەرگرتن دەدا و بە یەکێک لە سەرەکیترین هونەرە شانۆییەکانی دەزانی، زۆر کەس لەسەر بنەمای ئەم قسانەی ئەو دەگەشتنە ئەو ئەنجامەی گوایە ستانیسلاڤسکی زۆر بایەخ بە پرسی بەرجەستەکردنی دەرەکی کارەکتەر نادات، و هەروەها وایاندەزانی کە «سیستم»، لە بابەتی شێوە و فۆڕم و جەستە ناکۆڵێتەوە. بۆ سەلماندنی ئەوەی ئەمە گەورترین درۆیە دەربارەی

ستانیسلاڤسکی هەڵبەسترابێت، کارێکی ئاستەم نییە.

هەرچەندە ستانیسلاڤسکی زۆر لێبراوانە لەدژی فۆڕمگەرایی و شیوه باوە روکەشە شانۆییەکان دەجەنگا کە لە رووی ناوەکییەوە بەتاڵن، لەگەڵ ئەوەشدا بەوپەڕی بوێرییەوە بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەی فۆڕمی دەرەکی کارەکتەریشدا بوو کە لە روانگەی ناوەخنی دهرونییەوە پاڵپشتی کرابێت.

ئەفراندنەکانی بواری نواندن و دەرهێنانی ستانیسلاڤسکی بەردەوام لە روانگەی شایستەیی و بوێری، هێڵکاریی، فرەرەنگی و فۆڕمی چاوەڕواننەکراو جیاوازبووە لە کاری کەسانیتر. بەیەخدان بەم لایەنە هونەرییەی شانۆ لەگەڵ سیستمەکەی ستانیسلاڤسکی ناکۆکە، لەبەرئەوەی ستانیسلاڤسکی بەردەوام بایەخێکی زۆری بە گوزارشتی دەرەکی شانۆییانە داوە. گوزارشتی شانۆییانە خۆرسکانە دروست نابێت، بەڵکو بەهۆی کاری سەرەتایی و بەردەوام و بە پرەنسیپی ئەکتەر و دەرهێنەر هەیە.

ئەگەر کەسێک نەیتوانی لە کۆی توخمەکانی کاریگەری وەرگرتن و گوزارشتی جەستەیی «سیستم» ەکەی ستانیسلاڤسکی لەمەڕ دروستکردنی ئەو سیما ئەفرێنەرانەیەی بە رەوتی بەرجەستەکردنی داهێنەرانەی کارەکتەرەوە گرێدراوە، تێبگات، دەتوانیین بڵێین ناتوانێت لە ستانیسلاڤسکی تێبگات.

***

ئەو بابەتانەی کە لەلایەن ستانیسلاڤسکیەوە بۆ بەرگی سێهەمی ئەم کۆبەرهەمە ئامادە دەکرا، سەرجەم ئەو پرسانەی لەخۆی دەگرت کە زیتر بوو لە سنورداریەتی کاکرکردنی ئەکتەر لە میانەی بەرجەستەکردندا. ئەو بابەتانەی لە بەرگی سێهەمدا (رووسی) دەبینرێن، جگە لەو بەشانەی پەیوەندییان بە تەکنیکی بەرجەستەکردنی نمایشییانەوە هەیە، شرۆڤەی ئەو تیۆریانەی نوسەرن کە لە رووی بایەخ و گرنگییەوە هاوشانی رەوتی کاریگەرییەکان و بەرجەستەکارییەکان دەوەستن. بەگشتی دو بەشەکانی بەرگی سێهەم ئەنجام و هەڵێنجانی کۆتایی قۆناغە جیاوازەکانی کارکردنی ئەکتەرە لەسەر خۆی.

لە دەستپێکە کورتەکەدا کە ستانیسلاڤسکی ناویناوە «بەرەو بەرجەستەکردن»، دەربارەی بایەخی رەوتی بەرجەستەکردن لە میانەی ئەفراندنی ئەکتەر و پێویستی «گەشەپێدان و پەرەوەردکردنی ئامێرە ئەندامییەکانی بەرجەستەکردن» نوسیویەتی: «پێویستە جەستە بەشێوەیەک پەروەردە بکەین شایستەی ئەو کارەکتەرە بێت کە بەپرسی بەرجەستەکردنیەتی.»

لە کۆتایی ئەم بەشەدا، ستانیسلاڤسکی بەشێوەیەکی زۆر تایبەت جەخت لە تێڕوانینێک دەکاتەوە کە دەتوانین وەک کەتیبە و ناونیشانێک بۆ سەرجەم سیستمەکەی هەڵیبژێرین: « هەرچەندە توانا و ئەفرێنەری ناسکتر بوو، دەبێت بەهەمان رێژە تەکنیک زیاتر پەرەی پێبدرێت و کاری زیاتر لەسەر جەستە بکرێت.»

کۆبەندی «گەشەی گوزارشتکارییەکانی جەستە« لە دوو بەش پێکدێت. بەشی یەکەم بریتییە لەو

ڕاهێنانانەی پەیوەندییان بە پەروەردەکردن و گەشەپێدانی کلتووریی جەستەیی ئەکتەرەوە هەیە کە ستاسلاڤسکی بۆچونەکانی لەمەڕ وەرزش، ئەکرۆبات و سەما لە چوارچێوەی ڕاهێنانی ئەکتەردا باش دەکات و ئاماژەی بۆ ئەو خاڵانە کردووە کە روکاری پۆزەتیڤی ئەم ڕاهێنانە دەگرێتەوە و هەروەها لە ئەگەری ڕاهێنانی هەڵە و زیانەکانی ئاگادارمان دەکاتەوە.

بۆ نموونە نوسەر جەخت لەوە دەکاتەوە هەموو جۆرە ڕاهێنانێکی وەرزشی ناکرێت بۆ ئەکتەر بهسوود بێت. هەندێکیان دەبێت هۆی گەشی یەکلایەنەی بەشێک لە ماسولکەکان؛ ئەمەش لە کاتێکدا کە ئەکتەر پێویستی بە پەروەردەکردنی هەمە لایەنە و یەکسانی سەرجەم ئۆرگانیسمی خۆی هەیە. بە باوەڕی ستانیسلاڤسکی، تەنانەت ڕاهێنانە زیاد لە پێویستەکانی بالێ مەترسی ئاشکرایان لێدەکەوێتەوە. لەبەرئەوەی پۆزێکی جوانی واقیعی ڕەنگە سەرتاپای ڕەفتاری ئەکتەر قووت بدات. نوسەر دەربارەی ئاکرۆبات بۆچونێکی سەرنجڕاکێشی هەیە: «ئاکرۆبات نە تەنیا دەبێتە هۆی گەشی تایبەتمەندییە جەستەییەکانی ئەکتەر، بەڵکە یارمەتی وریایی دەرونیشی دەدات.»

ستانیسلاڤسکی بە ڕێزگرتن لە سیستمە جیاوازەکان و شێوە جیاوازەکانی ڕاهێنانی جەستە لەهەوڵی ئەوەدابوو خولێکی تایبەتی جوڵەی شانۆیی بکاتەوە کە توخمە جیاوازە وەرزشیەکان لەخۆبگرێت: ئەکرۆبات، شەڕە شیر، تەڕدەستی، ریتم...، کە تایبەت بن بە بواری نواندن.

ستاسلاڤسکی بەنیازبوو لەو وانە و خولانەدا کار لەسەر ئازادی ماسولکەکان و گوشار نەخستنە سەر ماسولکەکان (بە پراکتیکی) و جوڵە دەستەجەمعییەکان (پەروەردەکردنی «هەستی سەرپەنجەکان») بکات بە مەبەستی ئاراستەکردنی جوڵەیەک و «زیندوبوونەوەی» پەیکەرە کلاسیکەکانی مامۆستایان و ئەودوای ناوداران.

لە بەشی تایبەت بە ڕاهێنانە فیزیکییەکانی ئەکتەردا، هەروەها لە بەشی دوای ئەمەدا بەناوی «نەرمش»، جارێکیتر نوسەر دەگەڕێتەوە بۆسەر ئەوەی ڕەوتی فیزیکی و دەرونی لە چوارچێوەی ئەفراندندا لەیەک دانەبڕاون و ڕۆحێکن لە یەک جەستەدا. دەنوسێت کە شێوە باوەکانی تەکنیکی بالێ قایلی ناکەن، ئەو تەکنیکە تەنیا ڕاهێنەری جوڵەی جوانە. نوسەر دەنوسێت:

هەرچەندە ئەم ڕاهێنانە شێوەیەکی وەرزشیانەی هەیە بەڵام بەتەواوەتی وەک جوڵەی دەستی سەماکارێک تەنیا جوانە و هیچ مانایەک بەرهەم ناهێنێت. ئێمە هیچ پێویستمان نە بە شێوەکانی بالێ هەیە نە بە پۆزی ئەکتەرانە کە تەنیا فۆرمی ناوبەتاڵ و رووکەشن.

**تێبینی: ئەم بابەتە بەشێکی کەمی پێشەکی بەرگی دووهەمی کۆی بەرهەمە زانستییەکانی ستانیسلاڤسکییە.**





# ڤیلادیمیر ستانییڤسکی

**(Wlodzimierz Stanievsky)**

## گاردژێنیتسە (Gardzienice) و ئەکتەری بە سرووشتکراو

**ئالیسۆن هاج**(Alison Hodhe)

**وەرگێڕانی: فاتح فرومند**

سەنتەری فێرکاری شانۆی" گاردژێنیتسە"(Theatre Practices) لەگەڵ ئەوەی کە ڕێژەی بەرهەمی شانۆیی کەمی هەیە، تەنها پێنج شانۆگەری لە خیلالی بیست ساڵدا، بەڵام بەناوبانگترین گرووپی شانۆیی جیهانە. ریچارد شێکنەر(Richard Scheckner) ئەم گرووپە وەک یەکێک لە "گرنگترین گروپەکانی نواندنی ئەزمونگەرانەی جیهان هەژمار دەکات". دەکرێت بڵەین هەر لە سەرەتای درووستبوونییەوە واتە لە ساڵی ١٩٧٧ وە ، لە ئەوروپا و ئەمریکا و رۆژهەڵاتی دوورەوە بانگەهێشت کران بۆ نمایشکردن لەم وولاتانە. ریچارد گاف (Richard Gough) و جودی کریستی( Judy Christie) لە ناساندنی ئەم

گرووپە بۆ بەریتانیا لە ساڵی ١٩٨٩ رایانگەیاند کە ئەوان یەکێکن لە " باشترین گرووپەکانی شانۆی ئەمڕۆی دنیا" کە بەدەر لە هەر جۆرە ئاراستەیەکی سەردەمیانە( پۆست مۆدێرن وهتد) خەریکی چالاکین و هەوڵێکی هونەرمەندانە بە کار دەێنین بۆ تێکەڵ بوون لە "پرۆژەی ژیان"(واتە بەرنامەیەک بۆ ژیان).(گاف و کریستی،٣:١٩٨٩)

ڤلادیمیر ستانییێڤسکی، دامەزرێنەر و دەرهێنەری هونەری گاردژێنیتسە، ئەندازیاری سەرەکیە لە داڕشتنی پرۆگرامی جۆراوجۆری کولتوری پەیوەندیدار وەک ناردنی ئەندامەکان بۆ گرووپە پەراوێز خستراوەکان ، دانانی وۆرک شۆپ و هتد... کە هەموو ئەمانە لە خزمەت ئامانجی سەرەکیدان کە هەمان بەرهەمهێنانی شانۆیە .

بنەمای تییۆری شانۆی ستانێڤسکی دەچێتە سەر بیرۆکەی" وەدیهێنانی ژینگە و فەزایەکی سرووشتی و نوێیە بۆ شانۆ" کە تیایدا فەزای شار لە پێناو بەرژەوەندی گونددا، رەفز دەکرێتەوە. لە ساڵی ١٩٧٨ لە کۆڕێکدا، ستانییێڤسکی پێشزەمینەی پێویستی ئەکتەر ئاوا دەخاتە روو:

"

-چوونەدەرەوە لە شار؛ چوونەدەرەوە نە تەنیا لە بینای شانۆ، بەڵکوو لە شەقامەکانی شار.

-رووبەڕووبوونەوەو ڕاوەستان بەرامبەر بە خەڵک-بینەران، بەرخۆرەکان، ئەو کەسانەی نوقمی ژیانی رۆژانەو رۆتینن.

-چوونە ناو فەزایەیەکی نەناسراو یان فەزایەک کە شانۆ لە خۆی دوور خستۆتەوە.

مەبەستی من لە فەزا، فەزایەکی داخراو نییە کە یاسا و رێسای ووشک بەسەری دا زاڵ بێت. مەبەستی من فەزای زەمینی ئاسمانییەکە کە دەوری ژینگەی گرتووە. من بە زەمینە و بیرکردنەوەیەکی شاعیرانەی بێهودە دەربارەی سرووشت هیچ ئیشم نییە. خولیای من زیندووکردنەوەی ئەم فەزایانەیە لە رووداوی نمایشدا(performance).

ستانییێڤسکی لەسەر پێکەوە ژیانی(symbiotic) لە شانۆ و ژینگەی گوندی( و خەڵکی لادێ) (indigenous) وەک یەکەم بوار و سەرچاوەی سەرەتایی و یەکەم هاوگەمەی(ئەکتەری بەرامبەر) چالاکی ئەکتەر لە شانۆسازیدا جەخت دەکاتەوە. هەڵبژاردنی شوێنی پرۆڤەش بە هەمان ڕادە بۆ ستانییێڤسکی جێی بایەخە؛ هەروەها هەڵبژاردنی ژیان و کار لەگەڵ ئەو کوولتورە خۆماڵییەیانەی(native cultures) کە بە خێراییەکەی زۆر خەریکن لە ناو دەچن، هەروەها بایەخدان بە بەها پەروەردەییەکانی نواندن، هەروەها بە کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوە کولتووریەکانی(کە کۆنو، شاراوەو، لەبیرکراون).

ئەم کارە تا چ ڕادەیەک یارمەتیدەری شانۆیە؟ بە ڕای من دەبێت شانۆ و هونەر لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانیان فێر بکرێن، ئەڵبەت نە بە شکڵێکی ئاکادێمیک، بەڵکوو دەتوانێ ئەم بابەتانە پەروەردە بکات:

-بینینی روناکی(to see the light)

-ڕاستی ئاماژەکان(Gesture)و جووڵە

-مۆسیقا

-ڕاستی کردارەکان

هەروەها ئەوەی کە دەڵێ غەیری سرووشتی بوونی شانۆیی، هەمان شرووشتی بوونە؛ ئەوەی بێ ئەدەبانە و بێ ڕەوشتانە بەدی دەکرێت ڕاست و درووستە.

هاوکات لەگەڵ ئەمە، ستانییڤسکی لە ڕێگای تێکەڵکردنی دووبارەی ئەکتەر لەگەڵ ڕیتمەکان و هەستەکانی ژینگەی سرووشتی، ئێمە ئاگادار دەکاتەوە لە گوشاری ژینگەیی(ecology) و ئابوری کۆتایی سەدەی بیستەم: " ئەمە فەزایە، کە گرنگترینە- دۆزینەوەو خولقاندنی فۆرم و دۆخە فەزاییەکان کە لە رووی ژینگەییەوە مانای هەبێت...ووشەی Eco لە زمانی یۆنانی بە واتای "ماڵ"(نیشتیمان) دێت، لە حاڵێکدا بەڕای من داهێنان بریتییە لە گفتگۆکردن لەگەڵ ڕۆحی ئەم فەزایەدا". ستانییڤسکی زۆر بە قووڵی لەم بڕوایەدایە کە نابێ پەیوەندی و مامەڵەی نێوان شانۆکاران و بینەران کە پێویستیان بە وەخەبەر هاتنەوەو لە بینشێکی(بینینێکی) گشتی ئەزمونگەرانەی مرۆڤایەتیە بخرێتە پشت گوێ.

تێگەیشتن واتە توانای ڕاکێشان بە هەموو هەستەکانەوە. ئەمە ئیتر بەشێک لە پەروەردەکردنی ئێمە نییە . دەرەنجام ئەوەیە کەپەیوەندە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دەپاڵاوترێت و ئاستێکی نزم پەیدا دەکات...بەڵام لەم نزمبوونەوەیەدا، چییە کە ئێمە دەترسێنێ ؟ ئایا ترسی ئێمە، لەوەیە کە نەکا ببینە هاوشێوەی ئاژەڵ و سرووشت؟...بۆچی لەوەیکە خاوەنی هەستەکانین و دەتوانین ڕابکێشرێین دەترسین؟...حەزی ئێمە بۆ خۆدوورخستنەوە لە گشتی بوون و لە جیهان چ مانایەکی هەیە ؟(ستانییڤسکی ١٩٩٣؛١٦(

دۆزینەوەی چۆنیەتی دروستکردنی پەیوەندی دووبارەی نێوان ئەکتەر و ژینگە، بنەمای چوارچێوەی پەروەردەکردنی ئەکتەر لە لای ستانییڤسکیە. توێژینەوەی ستانییڤسکی کە بە "ژینگەی شانۆی سرووشتی و نوێ" وەسفی دەکات هەر لەسەرەتای دامەزراندنی شانۆی گاردژێنیتسەوە، ڕێپیشاندەری سەرەکی بووە.

سەرچاوەکان و کارتێکەرییەکان

دوورکەوتنەوە لە شار لە مێژووی پەروەردەکردنی ئەکتەری سەدەی بیستەمدا، بابەتێکی روون و دیارە. ستانیسلاڤسکی، ڤاختانگۆڤ، بروک و کۆپۆ، هەموویان لە سەردەمێکی تایبەتدا، بەدوای شوێنێکی بێدەنگ بۆ ئەنجامی پرۆڤەکانیان دەگەڕان. لە سەرەتاکانی ١٩٧٠ گرۆتۆڤسکی سەنتەری چالاکی خۆی لە شاری "Wroclowوە بۆ Brzezinka لە پۆڵەندا، گواستەوە. هەر لەویا بووە کە دەستی بە پرۆژە هاوشێوەشانۆییەکانی(paratheatrical) کرد؛ بەم شێوەیە، لە شانۆ دوور کەوتەوە و بەدوای ڕەوتێکی داب ونەریتی(بۆنەیی) (Ritual) لە تعامل و دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان بەشداربوواندا دەگەڕا. ئەو لە ڕێگەی کۆبونەوەی سادەو غەیری شانۆیی هەوڵی دەدا جیاوازی ئەکتەر لە بینەر لە ناوببات:"بە لێکۆڵینەوەی شانۆ گەیشتینە ئەم ئەنجامە کە ئەسڵی شانۆ لە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵک دایە"(کۆلانکیۆویچ ١٩٧٧،٣٤(. هەڵسەنگاندنی بەهای چۆنیەتی ئەم "پەیوەندییەڕاستەوخۆیە" دەگەڕێتەوە سەر ڕادەی توانایی تاک لە لادانی دەمامەکی کۆمەڵایەتی کە گرۆتۆڤسکی بە بەردەوامی هەوڵێکی زۆری بۆ

دەدا. ژینگە و فەزای لادێ، وروووژێنەری ئەم چالاکییە پڕ لە دان و ستانەیە. بە پێی ووتەی یەکێک لە ئەکتەرەکان:"خوو و عادەتە شارییەکان بەرە بەرە لە ناو دەچن بۆ نموونە خووی وەک هەڵسوکەوتی بەرگرییانە(کە بۆ ژیانی ناو شار پێویستە)، مەلەلهێنەر بوونی هەستەکان، بێ لایەنی و هتد...پەیتا پەیتا بە بوونی یەکتر هەستیار دەبین و بوون و ئامادە بوونی گەرم و دیار و بەردەوامی یەکتر هەست دەکەین".(کۆلانکیویچ ١٩٧٩).

ستانییڤسکی لە ساڵی ١٩٧١ چووە گەڵ گرۆتۆڤسکی و لە پڕۆژە "هاوشێوە شانۆییەکانی" ئەو دا هاوکاری سەرەکی بووە. لە ساڵی ١٩٧٥ لابۆری شانۆ بەجێ دەهێڵێت تاکوو بە هاوکاری "تۆماس ڕۆدوویچ"(Tomasz Roowicz) گرووپەکەی خۆی لە گوندی گاردژێنیتسە دابمەزرێنێت. ئەم گروپە لە کۆمەڵێک دەرچووی زانکۆ پێکهاتووە و کاری خۆی لە پەرستگەیەکی کۆنی سەدەی شانزدەهەم لە گوندی گاردژێنیتسە دەست پێ کرد. دەبێت ئاماژە بکەین ئاستی ستانییڤسکی لە ناسینی ئەم شوێنە زۆر قووڵتر بووە لە چەمکێکی تەنها بە ناوی "دوورکەتنەوە لە شارنشینی". بابەتی سەرەکی بریتی بووە لە پێکهاتەو و تەنراوی کۆمەڵایەتی گوندە ڕۆژهەڵاتییەکانی پۆلۆنیا و دانیشتوانی ئەم شوێنانە . ئەندامانی گروپەکە لە بێدەنگی و هێوەری گونددا، تووشی گۆشەگیری نەبوون بە پێچەوانەوە بە نمایشکردنی بەرهەمەکانیان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ لادێیەکان درووست دەکرد. خولیای روون و ئاشکرای ستانیڤسکی بیناکردنی شانۆ بوو: بۆ من زۆر گرنگ بووە نمایشێک بخوڵقێنم بە بیناسازییەکی شانۆیی تایبەت بە خۆی. بتوانم شتێک بکەم زیاتر لە گۆڕینی بۆنەو مەراسیمەکان..."(ستانیڤسکی ١٩٨٧:١٥٩)

گەشتی ستانیڤسکی و ڕۆدوویچ و هاوکارەکانیان بەرەو گوندە ڕۆژهەڵاتییەکان و باکووری ڕۆژهەڵاتی پۆلۆنیا دەستی پێکرد ئەو ناوچانەی کە کەنیسەی کاتۆلیک(بە شێوازێکی زاڵ) لە قەراخ کووڵتوورە پەراوێزخستراوەکانی قەرەچ و جوولەکە و بلارووسی و ئۆکراینی هەن. لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، زۆرینەی ئەم گوندانە بە هۆی کۆچکردنی گەنجەکان بەرەو شارەکان، بەرە بەرە لەناو دەچوون. گروپ کە لە خیلالی گەشتکردن بۆ ئەم ناوچانە، وۆرک شۆپ و پرۆڤەشی دادەنا، یەکەمین شانۆیی خۆی بۆ لادێیەکان بە ناوی "نمایشی شەوانە" (Spektakl Wierczorny) کە لە شانۆنامەی "گاگانتووا و پانتاگرۆل(Pantagruel ) لە نووسینی "رابلێ"( François Rabelais:نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی سەردەمی ڕێنیسانس ) وەرگیراوە پێشکەش کرد. گروپ بینی کە پاش هەر نمایشێک، خەڵک دەمێننەوەو دەست دەکەن بە گۆرانی ووتن. ستانیڤسکی دەڵێت:"گۆرانی ووتن باشترین ڕێگەی پەیوەندی بوو و ئێمە دەمانبینی کە ستایلی تایبەت لە پەچک و قیافەی بینەراندا درووست دەبێت. ئێمە خۆمان دەبینی بەرەوڕووی نەریتێک کە لەمەو پێش بوونی بووە". (ستانیڤسکی ١٩٨٤:١٤١)

ئەم کاردانەوەیە بووە هۆی بەرپابوونی کۆڕ و کۆبوونەوە لە نێوان گروپ و لادێیەکان. لەم کۆبوونەوانەدا، گۆرانی و ئەفسانە و سەما و بۆنەو مێژووی زارەکی گوندە ڕۆژئاواییەکان نمایش دەکرا یان دەگێڕدراوە. ستانیڤسکی دەڵێت ئەم کۆبوونەوانە جگە لە ڕێگەیەک بۆ پەیوەندی گرتن،

شیوازێکە بۆ وەخەبەرهێنانەوەی رەوتە نادیارەکانی قەڵەمرەوی داخراوی کۆمەڵگایەکی تایبەت.(گاف و کریستی ١٩٨٩:١٤) . دەکرێت بڵەین پەیوەندی گرتن لە رێی گۆرانی لە کۆبوونەوەکان یەکێکە لە شێوازەکانی پەروەردەکردن لە گروپی گاردژێنیتسە کە لەمدا، مەقامبێژی و وێردووتن نەبزی سەرەکی هەموو راهێنانەکانی گروپە.

دەبێ ئاماژە بکەین کە پڕۆژەی گاردژێنیتسە لە فەزای سیاسی حکومەتی کۆمۆنیستی پۆلۆنیا کە چل ساڵ درێژەی بووە سەری هەڵدا. لەڕاستیدا، پرۆگرامی دەوڵەت لاوازکردنی کولتووری فۆلکلۆری گوندەکان بووە لە پێناو گەشەپێدانی واقیعخوازی کۆمەڵایەتی . بەرپرسانی دەوڵەت لە هەوڵی دامەزراندنی جۆرێک لە ژیانی لادێیی یەکدەست دابوون تاکوو بتوانن هەمەڕەنگی( هەروەها هەژاری و بێبەشبوونی) ئەم ناوچە لادێیانە دابپۆشن. ستانیێڤسکی تەواو بە پێچەوانەی ئەم رەوتە پەی باشتر بووە بە لەکاتی ئاماژەکردن بە کولتووری نەریتی لە دەستەواژەی خۆماڵی(لۆکاڵ) یان فۆلکلۆر کەڵک وەربگرێت.

هەواڵی کەمپە سەرەتاییەکانی گروپی گاردژێنیتسە لە لایەن "میخاییل باختین(Mikhail Bakhtin) و تییۆریەکانی واقیعخوازی گرۆتێسک و کەرنەڤاڵی ئەو کە خۆی لە فەزای دیکتاتۆری ستالینیسمەوە سەری هەڵدا بوو راگەیاندرا. رێزێک کە باختین لە کەرنەڤاڵ( وەک دیاردەیەکی ئاوەژووکراوی یاساو رێساکانی کۆمەڵگا، رووبەڕووبوونەوەی دانامیکی کولتووری خوارو سەرووی کۆمەڵگا، راستگۆیی گوزارشتی جەستەیی بەدەر لە سنوورە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان) دەیگرێت لە ناو ژینگەی سیاسی گروپی گاردژێنیتسە رەنگیداوە و لە یەکەم نمایشیاندا واتە نمایشی شەوانەی رابلی(Rabelais) دا راستەوخۆ نیشاندرا.

ئەم بڕوایەی ستانیێڤسکی بە گرنگی پەیوەندیگرتن و خوڵقاندنی دووبارەی سرووشت و کولتوور زۆر لەژێر کاریگەری "ئادام میکییۆویچ(Adam Mickiewicz) شانۆنامەنووس و شاعیری پێشڕۆی رۆمانتیکی پۆلۆنی بووە. پلانی ستانیێڤسکی سەرشارە لە رۆحێکی رۆمانتیسمی کە کاریگەرییەکەی لەسەر کولتوری ناوەڕاست و رۆژهەڵاتی ئەوروپادا وەک فۆرمێکی باو و دانامیک بە جێماوەتەوە. ئەو بە رەخنەگرتن لە رێبازی بیرکردنەوەی هزرخوازانەی رۆژئاوا کە بووەتە هۆی داخرانی ئەزمونەکانی مرۆڤ و دروستبوونی پراگماتیسمی تەعامووڵە کۆمەڵایەتییەکان، شارستانییەتی رۆژئاوا دەباتە ژێر پرسیار. لەڕاستیدا بەرهەمەکانی میکییۆویچ بۆ ستانیێڤسکی بە روانگەیەکی خەڵکناسانەوە هۆکارێک بوو بۆ ناسینی کولتووری فۆلکلۆری "سلاڤیا" کە بووە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند لە ناسنامەی وولاتەکەی بۆ داهێنان . ئەم رەهەندە لە یەکێک لە بەرهەمە سەرەتاییەکان بە ناوی "ئاڤاکوم(Avvakum)"دا بە فۆرمێکی داهێنەرانەوە رەنگیداوە.

تێکەڵکردنی پتەو و کاریگەری بابەتگەلێکی وەک ژینگە و کولتوور، هاوکات لەگەڵ رەنگدانەوەی زۆقی رۆمانتیک و جۆرێک لە رووخاندنی سیستەمی سیاسی سەرکوتگەر و بکوژ، نیشانەیەک بووە لە پێشکەوتنی ئاستی جواناسی گروپی

گاردژێنیتسە. نمایشەکانی گروپ لەسەر بنەمای شێوازی گرۆتێسک(کە تیایدا هێزە دژ و بەرگرەکان لەناو جەستەی ئەکتەردا لێکدەرێن) و مەقامبێژی درووست دەبن. لێرەدا، کاریگەری ئیبهام و ناروونی وێنەکانە کە لە بینەر داوادەکات ڕەمزی دەقی جەستە بدۆزێتەوە نەک دەقی نووسراوە. "هالینا فیلۆپۆویچ"(Halina Filopowicz) سەبارەت بە کردنەوەی ڕەمزەکانی نمایشی "ئاڤاکۆم" دەڵێت:

لێوالێو پڕ لە کێشە، بەردەوام وێرانکردن و بیناکردنەوە. ئەمە پێکهاتەیەکی دڕاماتیک دەخاتەروو کە ڕەنگدانەوەی نیگایەکە بە سرووشتی مرۆڤایەتی، شتێک کە هەردەم ئامادەیە لە بەرامبەر کۆنترۆڵکردنیو و گۆڕینی ناسنامەکەی. لەگەڵ ئەوەی شانۆنامەیەکی پڕشو بڵاو و بێئەنجامە، ئەمە توانییەتی سەرکەوتوو بێ. ڕەوتی وێنەکان لە زەنجیرەیەکی بەردەوام دا بێ کۆتایین. (فیلیپۆویچ١٥٣:١٩٨٩)

نمایشی چل خولەکی ئاڤاکۆم کە چیرۆکی بەسەرهاتی قەشەی مەزنی ئاڤاکۆمە(سەرۆکی بزوتنەوەی ئۆرتۆدۆکسی ئیمانداری کۆن) پێکهاتەیەک بووە لە عەقیدەی عیلمانییەکان، دابونەریتەکان، گۆرانییەکانی ئۆرتۆدۆکسی رووسی لەگەڵ بەشێک لە دەقێکی رۆمانتیکی پۆلۆنی لە نووسینی میکییۆویچ کە لە ناو چوارچێوەیەکی دڕاماتیکی بەش بەشکراودا ئەم حیکایەتەی دەگێڕاوە. خۆژیاننامەی ئاڤاکۆم کە وەک شاکارێکی ئەدەبی سەدەکانی ناوەڕاست هەژمار دەکرێت دنیایەک دەخاتە روو کە بە دەستی هەوا و هەوەس لە ناو دەچێت. بابەتێکی سەرەنجڕاکێش لە نمایشکردنی ئاڤاکۆم لە سەرەتای هەشتاکاندا لە پۆڵۆنیا ئەوە بووە کە نمایشەکە توانی ببێتە وەڵامێکی زۆر غەریزی و جەستەیی بەرامبەر دۆخی دیکتاتۆری سەپێنراو لە لایەن یاساکانی "مارشاڵ" لەم سەردەمەدا.

ڕاستییەکان(facts)

سەرەنجی گاردژێنیتسە لەسەر بەهرەی ڕادیکاڵ و رووخێنەر و گوزارشتی(expressive) جەستە بووە هۆی ئەوەی ئەکتەرەکان ببنە خاوەنی ئاستێک لە جوانناسی لە نمایشدا کە زیاتر سەرچاوە دەگرێت لە وورووژێنەرە رەفتارییەکان نەک وروووژێنەرە دەروونییەکان. واتە لێرەدا ڕەوتە دەروونییەکان گرنگ نییە بەڵکوو ئەوەی جێی بایەخدانە شتێکە کە لەڕێگەی کردارە ئاوازییەکان و جەستەییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و دەرەکیکراو(externalized) لە پەیوەندی بە فەزا و لە پەیوەندی لەگەڵ ئەکتەرەکانیترەوە بەدەست دێت. ستانیێڤسکی بە پلەی یەکەم، نمایشی ئەکتەر لەسەر بنەمای ڕاستییەکان شرۆڤە دەکات:

من حەزم لە ئەکتەرێکە کە هۆکاری(cause) ڕووداوەکان بێت. زۆرم پێ باشترە بە جێی ووشەی ئەکتەر ووشەی هۆکار یاخود سەبەبکار(causer) بەکار بهێنم...لە پۆڵۆنیا ووشەی sprawca بۆ بەچکە لات( minor hooligan) و کەسێکی هیچ و پوچ بەکار دێت...کەسێک کە کارێک دەکات، کەسێک کە دەبێتە هۆی ڕوودانی شتێک بەدەر لە دیسیپلینی ڕۆژانە کە دەرەنجامێکی لێدەبێتەوە... ئەکتەر دەبێت کەسێکی ئاوا بێت،...کەسێک کە بە بینینی دەڤەری خۆی دەبێتە هۆی ڕووداوێک

که ئەنجامی لێدەبێتەوە نەک کەسێک
که تەنها دێڕەکانی دەق لەبەر بکات.
(ستانیێڤسکی، ١٩٩٣:٢٥)

جۆری کەڵکوەرگرتن له مانای فاکتەکان گەشه بە شانۆیەک دەدات که زۆر بە قووڵی کردارخوازانەیە(pragmatic): "واقیعخوازی ئێمە سرووشتخوازییە. ئێمە لە پارچەیەکی دیاریکراو لەسەر زەوەی خەریکی کارکردنین، له گوندێکی دیار، لە ناوچەیەکی جۆگرافی ئاشکرا، لەهەمان کاتدا رۆحمان و وێناکردنمان و سۆزەکانمان لەسەر ئەم شوێنە بڵاو دەبێتەوە".

چەقبەستنی تەواو لەسەر پەروەردەکردن، دەبێتە هۆی ئەوەی راهێنان و نمایش هەروەها تێگەیشتنی هەستیارانەی شوێنی گەردووونناسی( cosmological place) ئێمە لە پەیوەندیگرتنی مرۆڤایەتیمان قوڵ بێتەوەو توانایەکی بەرز پەیدا بکات. فیلیپ ئارنۆڵد(Philip Arnoult) کاری ئەم گرووپە وەک ئەزموونێکی ئایینی و دینی وەسف دەکات.(شتراوس بو ١٩٨٦:٣٠) لێشک کۆلانکییێویچ(Leszek Kolankiewiez) مامۆستای زانکۆ و رەخنەگری پۆڵۆنی شێوازی گاردژێنیتسە وەک جۆرێک له "سرووده نەتەوەییەکانی نەزا(ethno-oratorio) هەژمار دەکات و شانۆی ئەم گرووپە دەبەستێتەوە بە نمایشه شکۆمەندەکانی( pageant) سەدەکانی ناوەڕاست:

رەنگه بتوانین بڵەین شانۆی ئەورووپا دووجار لەدایک دەبێت: له سەردەمی کۆن(یۆنان و رۆم) و سەدەکانی ناوەڕاست؛ لەهەر دووجار لە رۆحی مۆسیقاوە. کە هەر دووجار پێشینە ڕاستەقینەکەی ئاوازی فۆلکلۆر(folk song) بووە. لە شانۆی گاردژێنیتسە جۆرێک لە "نمایشی رەمزی"(Mystery Play) لە دایک دەبێت، ئەم جاریش دیسانەوە لە رۆحی مۆسیقا وە.

*ئەم پێناسانە وەک ژێرنووس لە خوارەوەی پەڕەکە بە ژمارە بنووسرێت.

ethno-oratorio: ئۆراتۆریۆ بەرهەمێکی مۆسیقایی بە شیعر و ئاوازە کە بە سۆلۆ یان بە کۆرس پێشکەش دەکرێت. حیکایەتەکان لە چیرۆکەکانی کتێبی پیرۆز(بایبل) وەر دەگیرێت. لە ئۆراتۆریۆدا، تا ڕادەیەک لە کاراکتێرسازی کەڵک وەردەگیرێت بەڵام بە پێچەوانەی ئۆپێرا سینۆگرافیا بەکار ناهێنێت.

Pageant: نمایشی زەنجیرەیی یاخود کەرناڤاڵی کە لە سەدەکانی ناوەڕاست بە شێوازێکی گەڕۆک پێشکەش دەکرا.

Mystery Play: یەکێکە لە سێ جۆرە شانۆ باوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست: دوو جۆرەکەی تری بریتین لە Miracle Play یان نمایشی مۆجیزە، لەگەڵ Morality Play یان نمایشی ئەخلاقی. بابەتەکان لە کتێبی پیرۆز سەبارەت بە رەمزەکانی خیلقەت، ئادەم و حەوا و کوشتنی هابیل و هتد...وەردەگیرا.

ستانیێڤسکی لە تێکەڵکردنی رەمزەکان لەگەڵ واقیعخوازی هەست بە هیچ ناکۆکی و دژایەتییەک ناکات:" من حەز دەکەم لەم پەیوەندی نێوان ریالیزم و سنوورشکێنی( transgression)؛ یاخود بەرەوسەرەوەچوون. نابێ هەرگیز شتەکان بە شێوازی ئاسایی لە قەراخ یەک دابنێین. لێگەڕێن

زۆر کەس  ئەوان  پڕ لە ناکۆکی ببینن. بەڵام لێم روونە کە  کووڵتەرە خۆماڵی و سرشتییەکان ئەوان وەک دراوسێ و هاوسێ دەبینن.

ستانیێڤسکی لە پرۆسەی پەروەردەکردنی ئەکتەردا و پرۆڤەکانی نمایشدا هەوڵ دەدات زمانی گوزارشتی ئاماژەی(gesture) جەستەی خەڵکانی سرشتی و لۆکاڵ بەکار بێنێت لەبەر ئەوەی لەم باوەڕەدایە کە دەتوانێت ئەم "ئاماژەیەی جەستە" بگۆڕێت و بیکات بە شتێک کە ئەم واقیعخوازییە بشکێنێت.

لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کارەکان، گەڕاندنەوە کولتوورییەکان گەشە دەکات و ئەکتەرەکان کولتوورە لۆکاڵییەکان بە تەواوی جیاواز لە خۆیان دەبینن. ستانیێڤسکی بە پێویستی دەزانێت کە ئەکتەر دەبێ سەرەتا بە تایبەتمەندییەکانی کولتووری خۆی دەست پێ بکات بەڵام پاشان دەبێ لە زەمینەیەکی بڵاوتردا کار بکات. ستانیێڤسکی دەڵێت:

دەبێ دەربارەی شتێک کە کۆن و فەرامۆشکراوەو تا ڕادەیەک جیهانیە کار بکەن. کەواتە دەبێت توانای ئەوەت هەبێ سەرووتر لە کولتووری خۆت بڕۆی. ئەگەر بێت و کەسێک بێت و بڵێ:"من سوویدیم و ئەوەم کە هەم"! دەڵێم مانای ئەم قسەیە ئەوەیە کە هەموو توانای تۆ دەبەسترێتەوە بە ئاستێک کە تەنها بە ئەمڕۆتەوە دەبەسترێتەوەو دەچێتە قاڵبێکی ڕۆتینەوە. من هەندێ زیاتر بەرەو پێش دەچم و لە تۆم ئەوێ جگە لە کولتووری خۆت، بەڵکوو لە ڕەگەزی خۆشت سەروتر بڕۆی. نواندنی ڕاستەقینە کاتێکە پیاو بتوانێت لە سنووری داخراوی ڕەگەزی خۆی تێپەڕێت و رازوڕەمزی جەستەی ژن بدۆزێتەوە. ئەڵبەت گەیشتن بەم قۆناخە بە بێ ناسینی ڕۆحی ژن موستەحیلە( پێچەوانەکەشی بە هەمان شێوە). ئەمە پەردەلادان و دۆزینەوەیەکی(revelation) سەیروو مەزن نییە چونکە وەک مەعریفەیەکی کۆن هەژمار دەکرێ کە لە شانۆی ڕۆژهەڵات و شانۆی یۆنانی کۆنەوە سەرچاوە دەگرێت. بەڵام ئەمڕۆکە بەدەست هێنانی زۆر دژوارە.

یەکێک لە ڕێگاکانی سەرەوەبردنی کولتوری تایبەتی ئەکتەر، ناسینی ریتم و شێوە(وێنە) کانی کولتورێکی ترە کە لە ڕێگەی گەشتی پڕ لە کەشف و دۆزینەوەو هەروەها کۆبوونەوەکان، توێژینەوەکەی ئەنجام بدرێ، پاشان بە یارمەتی شێوەنیگاری(لێکچووسازی) و مۆسیقا، خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ. لە نمایشی ئەم گروپە لە دەقی ئاڤاکۆم، ئەکتەرەکان هەم لەسەر سروودەکانی نەزا(عبادی) کەنیسەی "ئۆرتۆدۆکس"ی ڕووسی کە بووە هۆی ئافراندنی هەندێ ڕیتمی تایبەت، هەم وێنەکانی شێوە رووسییەکانیان وەرگرت کە بووە هۆی دۆزینەوەی  هەندێ چەمانەوەی نوێ لە بڕبڕەی پشتدا و هەروەها خاڵە هەمبەرەکانی نێوان سەرەوەو خوارەوەی جەستە.  ئەم گۆڕانکاریانە لە سیستەمی جووڵەناسی(داینامیکی) جەستەدا بووە هۆی ئەوەی جەستە دووبارە شکڵ بگرێتەوە. ئەمە پرۆسەیەکی پراکتیکی نمونەیە کە لەسەر بنەمای سیستەمێکی پەروەردەییە کە  تیایدا دووبارەکردن(repetitive) ڕۆڵێکی گرنگی هەیە.

شانۆیی"ئاڤاکۆم" لە پێکهاتەیەکی ووردبینانە دروست بووە کە لەگەڵ ئەوەی هەندێجار پڕئاژاوەو و سەرخۆشانە خۆی دەنواند، بەڵام

ئاشکرابوو کە لە ئامادەسازییەکی بەئامانجەوە پێکهاتبوو. "ئالبێرت هانت"(Albert Hunt) توانای زمانی شانۆی ستانیێڤسکی بەهۆی "ڕێزگرتنی لە غەریزی بوون، لامەنتیقی بوون و ئیلهامی بوون، هاوکات واقیعبینی بوونی، کرەدەیی بوونی، چوارچێوەمەند و ووریا بوونی، وەک زمانێکی بەرچاو و مەزن وەسف دەکات:

وەسفکردنی زمانی ئەم شانۆیە لە ڕێگەی ووشەکانەوە کارێکی لەڕادەبەدەر قورسە کتومت لەبەر ئەوەی کە ئەمە هەمان زمانی شانۆیە...ئەمە زمانێکە پێکهاتووە لە دەنگەکان( جگە لەو دەنگانەی کە ئامێری مۆسیقا و دەنگی مرۆڤ درووستی دەکات، بەڵکوو ئەو دەنگانەی کە بۆ نمونە لە کەوتن و بەرکەوتنی تایەرێکی داری گەورە لەسەر عەرز یان دەنگی پێکووتانی شەقاوە بەرزەکان): هەروەها جووڵەی تاکەکەسێک یان جووڵەی بەکۆمەڵ، کە هەموو ئەمانە لە پەیوەندی لەگەڵ دەنگەکان خاڵێکی هەمبەڕ یاخۆد کۆنتێرپوان(counterpoint) درووست دەکات. ووردەکاری لە وێنەکانی ئەم فەزایەدا بەو ڕادەیەیە کە ، ئێمە وەبیر لۆحەکانی "هیرۆنیمۆس بۆش(Hieronymous Bosch) و "برۆگێل"(Brueghel) دەهێنێتەوە بەو جیاووازییەی کە لە نمایشی ئەم گرووپەدا، وێنەکان بە جووڵەی تێکەڵ بە ریتم(movement in time) گەشە دەکەن و لەگەڵ تەنراوی دەنگەکاندا دەوڵەمەندتر دەبن.

ئەم ووردبینی و دیسیپلینە لە نمایشەکانی ئەم گروپەدا، تەنها بە جەختخستەن لەسەر پەروەردەکردنێکی بەردەوام مومکین دەبێت. راهێنان و پرۆڤە بۆ بەرهەمهێنانی شانۆییەکی نوێ لە پرۆسەیەکی کاتی درێژدا، ئەنجام دەدرێت کە لە ڕاستیدا ئەمە پەروەردەکردنە کە ئەکتەرەکان بۆ بەرەوڕووبوونەوەی لەمپەڕ و کێشەکان لەهەر قۆناخێکدا ئامادە دەکات.

پەروەردەکردن

"بە ڕای ئێمەوە پەروەردەکردن بابەتێکی کراوەیە؛هیچ شێوازێک بە مانای سیستەمێکی کردەیی یاسادانەر(normative) بوونی نییە". (ستانیێڤسکی،١٩٨٧:١٥٣).ستانیێڤسکی خۆی لە بۆچوونی کلێشەیی سەبارەت بە پەروەردەکردن دوور دەخاتەوە. هەر قۆناخێک دەچێتە خزمەت بەرهەمهێنانی نمایشێکی نوێ. گروپی گاردژێنیتسە لە ڕەوتی پەروەردەکردندا، بە بۆچوونە سەرەتاییەکانی ستانیێڤسکی سەبارەت بە ریتمەکان، گۆرانییەکان و دەقەکان(بە تایبەت ئەو دەقانەی کە لە خیلالی گەشتەکاندا کۆ دەکرێنەوە) پێدادەچنەوە: "پەروەردەکردن تەنها لە خزمەت ئامادەکردنی ئەکتەر بۆ دەور بینین نییە. هەرچەند دەکرێت بەم مەبەستەش بەکار بێت- بۆ نموونە هەندێ لە راهێنانە ئاکرۆباتییکییەکان دەتوانن بچنە خزمەت ئەکتەر بۆ دەوربینین".(تارانینکۆ Taranenko١٩٩٧:١٣١)

لەگەڵ ئەوەی گرۆپی گاردژێنیتسا لە پرۆسەی پەروەردەکردندا، بە نەرمی دەدوێ بەڵام بەردەوام دوو بنچینەی(ئەسڵ) سەرەکی هەیە: "تێگەیشتنی مۆسیقایی"(musicality) کە تێکەڵە بە تەکنیکە جەستەیی و ئاوازییەکانی ئەکتەر. لەگەڵ" بەشداری دوولایەنە(mutuality) کە بریتییە لە شێوازێکی

تایبەت لە تێگەیشتن.

تێگەیشتنی مۆسیقایی

ستانیێڤسکی دەستەواژەی "تێگەیشتنی مۆسیقایی" وەک هەست و سۆزێکی تایبەتی بە مۆسیقا پێناسە دەکات کە هاوشێوەی چەمکێکە "فیساغۆرەس" بە کاری هێناوە واتە "مۆسیقای گەردوون"(harmonia mundi):"من تەواو لەو بڕوایەدام کە زەوی مۆسیقاییە، کە زەوی مۆسیقای هەیە و هەر بەشێک لە سرووشت مۆسیقای هەیە".(ستانییڤسکی،١٩٩٣:١١). ئەو تێگەیشتنی مۆسیقایی بە سەرچاوەیەکی پێویست بۆ شانۆکەی دەزانێ: "لە پرۆڤەکانی ئێمەدا، هەموو شتێک لە مۆسیقاوە دێ و بە مۆسیقاوە تەواو دەبێ".(ستانییڤسکی١٩٩٣:٣١). ستانییڤسکی لەو بڕوایەدایە کە تێگەیشتنی مۆسیقایی مانایەکی ڕۆحانی هەیە، دەنگ هێزی ڕەسەنی ژیان و دەسپێکی ژیانە، دەنگ و ڕۆح پەیوەندییەکی زۆر نزیکیان بەیەکەوە هەیە.

ئەم بیرۆکەیە و نزیکبوونی ئەم بەڕوانگەی جیهانناسی فیساغۆرەسەوە( پاشان فەیلەسووفەکانی ڕۆنێسانس) سەبارەت بە "هارمۆنی نادیاری گەردوون" چەمکێکە بەردەوام گروپی گاردژێنیتسە گەڕاوەتەوە سەری. ستانییڤسکی لەم بڕوایەدایە کە ئەگەر ئەکتەرەکانی گاردژێنیتسە بتوانن بەرامبەر بە تێگەیشتنی مۆسیقایی لە سرووشت، هەستیارییەکی تایبەت بەدەست بهێنن، دەتوانن خۆیان لەناو زمانێکدا بدۆزنەوە کە هەمان دەنگی ڕەسەنی(زاتی) دنیای سرووشتە. ئەمە دەرفەتێکە بۆ ئەکتەرەکان تاکوو کار-دانەوەیان(re-act) هەبێ: واتە شێوازێکی نواندن کە بووەتە بەشێکی پێویست بۆ نمایشی"بەسرووشتکراوی" گاردژێنیتسە.

ئەکتەرەکان لاسایی دەنگەکانی سروشت ناکەن بەڵکوو دەنگ و جووڵەکانی ریتمیک و ئۆرگانیکی تایبەت بە خۆیان بەدەست دەهێنن کە بە خێراییەکی(momentum) ڕێکوپێکی مۆسیقاییەوە بەردەوام و دووبارەو دووبارە تەمرینی لەسەر دەکرێ. ئەکتەرەکان زۆر خۆیان بە توانای شەخسی بۆ دەربڕینی خوود نابەستنەوە حەتا ئەگەر بێتو ئەمە پەیوەندی بێ بە تێگەیشتنی مۆسیقایی لە حاڵەتێکی دەروونی و مەعنەویدا. بەڵام ئەوان جۆرێک لە مێلۆدی(melody) دەروونی بەدەست دێنن کە دەتوانێ ڕێپیشاندەری چۆنیەتی کارەکەیان بێ. لە ڕێگەی ئەم تێگەیشتنەوە ئەکتەرەکان ئامانجی خۆیان کە هەمان دروستکردنی پەیوەندییەکی بەتەواوی هەستیارە دەپێکن کە ئەمە دەبێتە بنچینەی دووهەم لەسەر بنەمای بەشداری دوولایەنە.

ستانییڤسکی لە ناو کوولتووره خۆماڵییەکان ئەم تەکنیکانەی بۆ نواندن (performing) دۆزییەوە کە بووە هۆی ئەوەی بتوانێ بەڵگەیەکی زیاتر لەپێناو بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی گرووپەکەی بەدەست بێنێ. گرووپی گاردژێنیتسە گەشتێکی زۆری بووە بۆ ناوچەی "لاپلاند"(Lapland) ، دانیشتووانی ئەم شوێنە بە ناوی "سەمی"(sami) فۆنێتیکێکی تایبەتیان هەیە:

"لە ناوچەی لاپلاند، یۆیکخوانەکان(Yoikers: یۆیک فۆرمێکی نەریتی مەقامبێژی سەمییەکانە)

بۆ گوزارشتکردنی ئەوەی کە بە ئاوای دەنگ ئەنجام دەدرێ، شێوازێکی تایبەتیان هەیە. ئەوان هیچ کات نالێن خەریکی ووتنی چ شتێکن. دەڵێن خریکی ووتنی یۆیکن...عادەتەن کاتێک کە ئێمە گۆرانی دەڵەین، ووتنی ئێمە دەربارەی شتێکە. ئەوان لانی کەم دەڵێن کە شتێک یۆیکخوانی دەکەن...تۆ بەرامبەر من دانیشتووی و من دەتوانم هەوڵ بدەم تۆ یۆیکخوانی بکەم. ئەمە بەو مانایە نییە کە من بە ئیرتیجال، مەقامێک دەربارەی تۆ دەڵێم یا ئەوەی کە هەوڵ دەدەم تۆ وەسف بکەم. بە زمانی من ، مانای ئەوەیە کە من خەریکە تۆ دەڵێمەوە. بەڵام ئەمە شێوازێکی تایبەتە بۆ ووتنی تۆ(یاخود خوێندنەوەی تۆ) کە تیایدا من بیر لە تۆ ناکەمەوە، بەڵکوو زیاترین هەوڵی خۆم ئەدەم تاکوو بتوانم فەزاکان هەست بکەم(لەگەڵیاندا، بەرکەوتنم بێ)، قاڵبەکانی تۆ، ڕەهەندەکانی تۆ، نەرمی و سەختی تۆ، باڵای تۆ و دەمارەکانی تۆ هەست بکەم. (ستانیێڤسکی،١٩٩٣:١٤)

هەموو لایەنەکانی چالاکی گرووپی گاردژێنیتسە دەلالەت دەکاتە سەر ئەم ڕەوتە غەریزییە لە کاردانەوەدا:

من بڕوام بە غەریزە و شهوودە. بەم زووانە ئەمانە لە بیر دەکەین. لە بیرمان دەچێت کە ئەمانە بەشێکن لە سرووشتی ئێمە. لەخۆوە، بە دەستەواژەی قوورس و ئاڵۆزی وەک غەیری سرووشتی یان غیری مادی ناویان دەنێین. لەڕاستیدا، ئێمە لە ڕێگەی بە نامۆکردنی ئەمانە لە سرووشتی مرۆڤایەتی خۆمان، ئەو بەندەی کە پێوەندی ئێمە و سەرچاوەکانمانی ڕاگرتووە، دەپچڕێنین. بەڵام بە ڕای من غەریزە و شهوود ڕاستین و بڕواشم بەمە هەیە کە بوونی ئەمانە بە بێ تێگەیشتنی مۆسیقایی ئاستەمە. (ستانیێڤسکی، ١٩٩٣:١١)

مەقامبێژی

مەقام و سروودەکان بە شێوازێکی زارەکی و بە دووپاتبوونەوە فێر دەکرێن. ئەکتەرەکان لە مەقامبێژیدا، شێوازێکی تایبەت فێر دەبن کە هەموو جەستەیانی بەکار دێنێت- کە ئەمە ڕەنگدانەوەی ڕووبەڕووبوونەوەیانە لەگەڵ خەڵکی لۆکاڵی – کە تیایدا جووڵەو ئاماژە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ئاوازووتنیان. گاردژێنیتسە لەسەر بابەتی وەک هارمۆنی، فرەدەنگی(polyphony)، دەنگەناکۆکەکان(dissonance)، ڕیتم و کۆنتێرپۆان توێژینەوەو لێکۆڵینەوەیەکی زۆری کردووە. ماریۆس گۆلای(Mariusz Golaj) یەکێک لە ئەکتەرە سەرەکییەکان و دەرهێنەری جووڵە لە گرووپەکەدا، بابەتی بەشداریکردن زۆر بە گرنگ دەزانێ: "کاتێک بەردەوام لەگەڵ کەسێکیتر سەرقاڵی ئاوازووتنی، دەبێ بەتەواوی لەگەڵ دەنگ، ڕیتم و ئاوازی ئەو دەنگەی کە بەشدارە هەماهەنگ بی". مەقامبێژی بنەمای کاری ئەکتەرە؛ خاڵی دەستپێکی جووڵەیە، واتە دەرەفەتێک دەرەخسێنێت تاکوو ئەکتەر بەهرەو توانای خۆی بنەخشێنێت. گۆلای لە درێژەدا دەڵێ: تۆ لەڕێگەی خەیاڵەوە خۆت کۆنترۆڵ ناکەی بەڵکوو بە شێوازێکی ڕاستی(واقیعی) واتە لە ڕێگەی مۆسیقاوە، پێگەی خۆت وەک ئەکتەر لە فەزادا دەدۆزییەوەو پەیوندی خۆت لەگەڵ هاوپارییەکت و لەگەڵ ووزەکەت

کۆنترۆڵ دەکەی".

ماوەیەکە، ئەم گرووپە، ئیشکردن لەسەر دژەدەنگی(antiphony) دەستپێکردووە- پڕۆسەیەک کە تیایدا دوو دەنگ لەڕێگەی مەقامبێژییەوە دەکەونە پرسیار و وەڵامدانەوە- ئەم جۆرە لە دیالۆگ پێویستی بە بەشدارییەکی بەهێزە لە نێوان ئەکتەرەکان کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەکتەرەکان لە ڕێگەی پاڵنەری دەنگی، بەرامبەر یەکتر کار-دانەوە(re-acting) نیشان بدەن. دەکرێت پرسیارەکە، لەحنی جۆراوجۆری بێ- بۆ نموونە ورووژێنەر، دڵسۆزانە، پێداگرانە بێ- بەڵام دەبێ ئەوەندە بەهێزو درووست بێ کە ئەکتەری بەرامبەر ناچار بکات کار-دانەوە نیشان بدات یا" پابەند بکرێ بە وەڵامدانەوە". ستانیێڤسکی لەو بڕوایەدایە کە تا چەندە پرسیارەکە قووڵ و ڕاست بێ، ئەوەندە وەڵامەکەی ڕوونتر و ئاشکراتر دەبێ.

بەشداری دوولایەنە

هاندان بۆ وەڵامدانەوە( وەڵامێکی نە بە زۆر سەپێنراو، بەڵکوو ڕێپیشاندەر بۆ کاردانەوەو و مامەڵە کردنی مۆسیقایی) ڕێک دەبەسترێتەوە بە دووهەمین بنچینەی کاری گرووپی گاردژێنتستە واتە بەشداری دوولایەنە کە لە هەموو لایەنەی چالاکییەکانی ئەم گرووپەدا بە کار دێت. ئەم بەشدارییە بە مانایەکی سادە واتە وەرگرتن و ڕاکێشانی ئەکتەری بەرامبەر و گفتگۆکردنە لەگەڵی، لە مانای گشتیدا دەکرێ بڵەین پەیوەندیگرتنە لەگەڵ ژینگەیەک کە ئەکتەر تیایدا کار دەکات. ووتنی(بەمانی ئاوازووتن) ئەکتەری بەرامبەر بابەتێکی دەروونناسی نییە بەڵکوو هەوڵێکە بۆ ڕاکێشانی ئەو کەسە بە تەواوی؛ هەوڵدان بۆ کۆککردنی سازی ئەکتەری بەرامبەر لە هەر ساتێکدا. بەشداریکردن بووە لەمپەڕێک تاکوو گرووپی گاردژێنیتسە لە پڕۆسەی پەروەردەکردندا، خۆی بە سیستەمێکی دیاریکراو نەبەستێتەوە. " بەڕای من، پەروەرەکردن پێویستی تەنها بە بەشداری دوولایەنەی دوو کەسی ئامادەی زیندووە. پەروەردەکردن هەمان ووزە و گەرمای هاوبەشە...چۆن دەکرێ شێواز یاخۆد میتۆدێکی بۆ جێبەجێ بکەی؟(ستانییێڤسکی،١٩٨٧:١٥٣(


سەرچاوە:


Twentieth Century Actor Training


Edited by: Alison Hodge; ٢٠٠٠,London:Routledge



# وتووێژ







# ئێتیيانا گلاسەێر و لاش نۆرێن لە دیدارێکی کراوەدا

**دانا ڕەئووف لە سوێدییەوە کردویەتی بە کوردی و پەراوێزی بۆ نووسیوە.**

## ئێتیيانا گلاسەێر

من ڕەخنەگری ئەدەبی یان پسپۆری بواری ئەدەب نیم، مرۆڤێکم زوو دەستم کرد بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی تۆ، هەروەها کەوتمە نواندنیش لە دەقەکانتدا. لە ڕونگەی ئەمانەوە سەبارەت بەو شتانەی، کە من بەدوایاندا دەگەڕێم، هەندێک پرسیارت لێ دەکەم. من گەنج بووم، کە پێشەکی ژمارە دووم بۆ: "شیزز" و "بێهەستی" خوێندەوە.<١> ئەوەی بووە جێگای سەرنجی من، جۆرە یاخی بوونێک لەو دوو

دیوانە شیعرییەدا هەبوو. تۆ یاخی بوویت. نازانم خۆت بیرت دەکەوێتەوە لەچی یاخی بوویت؟

**لاش نۆرێن**

نەخێر، مەبەست ئەوە نییە هیچ ناوێکی وەکوو یاخیبوونی لێ بنێت، بەڵکوو دەشێت ڕەنگدانەوەی سەردەمێکی دووروودرێژ و ترسناکی منداڵی بێت. (بێدەنگی). نەخێر. تۆ ناوی دەنێت یاخیبوون، بەڵام ئەمە گەمەیەک بوو بۆ ڕاکردن لەو سەردەمە، نەک یاخیبوون.

**ئێتییانا گلاسەێر**

ئا، لەوانەیە. تۆ ناوی دەنێت ڕاکردن، من ناوی دەنێم، گەڕان بە دوای ئازادیدا.

**لاش نۆرێن**

ئا. بێگومان. لە ڕوانگەی زمانەوە. لە ڕوانگەی ئەو هەڵکشان و تێکەڵبوونە گشتگرەی تواناکانی زمان و ترازاندنی سنوورەکانی زمانەوە، بێگومان وایە. من لەگەڵ چەندین داب و نەریتی جیاوازەوە گەورە بووم، لەگەڵ باوکێکی بەدمەست، کە ڕۆڵی دەبینی؛ وەستا، خاوەنی ڕێستورانت، کە ڕۆڵ دەبینێت، خێزانێک ڕۆڵەکان دەبینن. ئەو زمانەیشی لە دیوانە شیعرییەکاندا بەکاردەهاتن، لە خێزانەکەمانەوە نەهاتووە یان لەم جۆرە نەریت و ڕێسایانەوە،بێگومان ئەو شیعرانە گرینگترین دەرەتان بوون بۆ من. دەتوانین بڵێین دەرەتانێک بوون بۆ ڕزگاربوون. دوای ئەوە خەریکی خوێندنەوەی بەرهەمی ئەو شاعیرانە بووم، کە نزیک بوون لەوەی زمان هەڵوەشێننەوە، وەکوو هوێلدێرلین، وەکوو ڕامبۆ. ڕەچەشکێنەکان، دوایش شیعرە تێکشکاوەکان.<٢>

هوێلدێرلین تێکشکا، ڕامبۆیش دەستبەرداری ئەوەی خۆی بوو و وازی لە نووسین هێنا... ڕۆحێکی ڕۆمانسی هاوبەش لەمەدا هەیە.

**ئێتییانا گلاسەێر**

ئەو تێکشکاو و لێکترازانە، شتێک بوو تۆ خۆت هەڵت بژاردبوو یان لەوانەیە هەڵتنەبژاردبێت، بەڵام...

**لاش نۆرێن**

من ئێستا ئەو جووڵە پێچەوانەیە لەوەدا دەبینم، کە من زیاتر و زیاتر دەستم کرد بە داماڵین و پاک کردنەوە، لابردن و لابردن و لابردن. من شتەکان لەسەر شانۆ لادەبەم. مۆسیقا لادەبەم، هەرچەندە لە ئۆرێستێیادا سینۆگرافیا هەیە، ئەویش لە فۆرمی بەفربارین دایە، کە بەبێ وەستان لە ماوەی دوو کاتژمێردا دەبارێت<٣> من هەوڵ دەدەم... ئەمە پێچەوانەی دژی ئەو شتانەیە، کە گەنج بووم دەمکردن، شیعرەکانیشم لەسەرخۆ مردن، چوونەوە یەک، بچووکتر و بچووکتر بوونەوە، شیعری کورتتر و کورتتر، ئێستایش لە دراماکانم هەمان شت بەڕێوە دەچن. لەوەوبەر ڕۆمانم بۆ شانۆ دەنووسی. نانی شامی عیسایی و دەقە هۆتێلییەکان.<٤> ئێستا، ئێستا تەنها دەتوانم شتی بچووک بنووسم، تەنانەت توانای نۆڤێلێکم نییە. ئێستا من لە هەوڵی بەرفراوانکردنی ئەوەدام، لەبەر ئەوەی دەترسێم ئەوەیش بمرێت.

**ئێتییانا گلاسەێر**

تۆ لای من شاعیری، ئەو شاعیرەی، دواتر، دەستی

کرد بە نووسینی دەقی شانۆیی. شیعر لای من، دەتوانم بڵێم جۆرێکە لە مەنەلۆگ. مەنەلۆگیش لە ئەدەبدا تەنیابوون دەگەیەنێت.

**لاش نۆرێن**

دەنگ و ئاخاوتنە بە شێوەیەکی تر.

**ئێتییانا گلاسەێر**

دوای ئەوە دەستت کرد بە نووسینی دراما. تۆ کە دەنووسیت تەنهایت، من حەزدەکەم سەبارەت بەمە تۆزێک بدوێین.

**لاش نۆرێن**

(مەندێلستەم) دەڵێت مرۆڤ لە جووڵەدایە، مرۆڤ لە بیرکردنەوەدا پیاسە بە لێوەکانی دەکات و دەجووڵێن، مرۆڤ بیردەکاتەوە و شت دەبینێت،من خۆم لەو بڕوایەدام لەوەوبەر باسی ئەمەم کردبێت، مرۆڤ وەک شاعیر بەشێوەیەکی جیاواز شتەکان دەبینێت، بەشێوەیەکی جیاوازتر گوێ دەگرێت، کە درامایەکیش دەنووسێت شتێکی بچووک وەردەگرێت، کە ڕوودەدات. ئەمە شێوەیەکی جیاوازتری بیرکردنەوەیە.<٥> مرۆڤی شاعیر بەشێوەیەکی جیاوازتر لە شانۆنامەنووسێک بیردەکاتەوە. من وازم لە شیعر هێناوە و هەوڵ دەدەم لە دەقەکانمەوە دووریان بخەمەوە.

**ئێتییانا گلاسەێر**

بۆچی؟ بە ڕاستی وا دەکەیت؟

**لاش نۆرێن**

ئا، هەوڵ دەدەم پانتاییە شیعرییەکە لە دەقەکانمدا بسڕمەوە. لەبەر ئەوەی هەندێک جار پانتاییە شیعرییەکە درێژدادری دەکات. من بە مەبەست دەمەوێت شیعر، لەبری ئەوەی بنووسرێت، بەشێوەیەکی ئامادەنەبوو لەوێدا بێت. لەم چەند هەفتەیەی ڕابردوودا (نیلی ساکس)م خوێندەوە، لەبەر ئەوەی دوو شەمە دەستم کرد بە خوێندنەوەی ئەم شاعیرە، جگە لەوە لە ساڵی ٧٩-وە، کە وازم لە نووسینی شیعر هێناوە، شیعرم نەخوێندۆتەوە.<٦> ئەمەیش خەمێکی گەورەیە، کە من ناتوانم دیوانە شیعرێک بکەمەوە، چونکە هەموو ئەو ساڵە لەکیس چوانەم دێنێتەوە یاد. ئەمە لەوە دەچێت...

**ئێتییانا گلاسەێر**

ئەو ساڵە لە کیس چووانە چین؟ مەبەستت ئەوەیە، کە شیعرت تیا نووسیوە؟

**لاش نۆرێن**

کە من وازم لە نووسینی شیعر هێنا.

**ئێتییانا گلاسەێر**

منیش هەر وای دەبینم!

**لاش نۆرێن**

ڕێگای شیعر نووسین زۆر درێژە.

**ئێتییانا گلاسەێر**

بەڵام من وای نابینم، کە تۆ وازت لە شاعیربوون هێنابێت، تۆ لە دەقەکانتدا شاعیری. لەبەر ئەوە من بەلامەوە سەیرە ، کە دەڵێت هەوڵ دەدەیت

شیعر دوور بخەیتەوە. کتێبێک هەیە، با من لێرەدا هەندێک درێژدادربم و ماندووت بکەم، کە لەلایەن پسپۆرێکی ئەدەبییەوە بە ناوی (کێرمۆد)ەوە نووسراوە، ناونیشانی کتێبەکە (زمانی شەکسپیر)ە. تێزی ئەم نووسەرە ئەوەیە، کە پێویستە وەک شاعیر لە شەکسپیر بگەیت. باشترین دەقەکانیشی ئەوانەن، کە شاعیرێکی بەرزە. لە زمانەکەیدا، لە زمانە شیعرییەکەیدا، مرۆڤ ئەو شەکسپیرە گەورەیە دەدۆزێتەوە. جێگای سەرنجە شتێکیش لە تۆوە سەبارەت بەم بیرۆکەیە بگوترێت، چونکە تۆ لێرەدا ئەو جیاوازییە دەکەیت.

**لاش نۆرێن**

بەڵێ، سەبارەت بە شەکسپیر من لەگەڵ ئەوەدام. من بڕوام وایە، ئەو شیعرە بەرزە لە ماکبێس دا هەیە، لە ساحیرەکاندا یان، کە پادشا نوێیەکە دوای کوشتنی براکەی هەست بە گوناهەکانی خۆی دەکات. لەوێ چەندین وەرچەرخان و گۆرانی گەورە لە بۆچووندا هەن، کە... شەکسپیر دونیایەک بەو زمانەی ئێمە یەکەو ڕاست بڕوامان پێیەتی. بەڵام ئەمڕۆ بۆ من، کە بەو شێوەیە بنووسم ئەوە شتێکی نابەجێ و نەگونجاوە. ئەمڕۆ شیعر بەو شێوەیە بەکاربهێنرێت. ئەمەیش بە گەشەی نووسینی منەوە یەکانگیر دەبێتەوە، من ئێستا سەبارەت بەو مرۆڤانە دەنووسم، کە ئەو زمانەیان لەبەر دەستدا نییە و بەو زمانە نادوێن. لە دەقە بەراییەکانمدا، دەمەوێت بڵێم بە پێچەوانەوە، لە کاتێکدا مرۆڤ دەڵێت ئێمە ناتوانین دانوساند بکەین، ئێمە لە یەکتری ناگەین، ئەم مرۆڤانە لە دەقەکانی مندا، ئەوان هەر زۆر بەباشی لەیەکتری دەگەن، من لەو بڕوایەشدام، کە ئێمەی مرۆڤ زۆر بەباشی لە یەکتری دەگەین، ئێمە زۆر دانوسان و گفتوگۆ لەگەڵ یەکتری دەکەین. بێگومان ئەمەیش بۆ من دروست بوونی جۆرە هەستێکی پڕ بوونە سەبارەت بەو شێوەیەی دەنووسم. لە سەرەتای نەوەدەکانەوە، ساڵ لەدوای ساڵ، بەرەوڕووی ئەو مرۆڤانە دەڕۆم، کە زۆر گرانە بۆیان گوزارشت لەخۆیان بکەن، هەروەها لە ڕووی فیزیکیشەوە. مرۆڤ لە نەخۆشخانە دەروونییەکاندایە.

**ئێتیانا گلاسەێر**

بەڵام شیعر لەوێدا دەژیا، لەوێدا ئەو ڕەوشە شیعرئامێزانە دەژیان...

**لاش نۆرێن**

دەکرێت لەسەر شانۆ ببنە شیعر، وەک چۆن هەندێک جار لە (مەخلوقە یەک ڕۆژییەکان) و (ئاوی وەستاو)دا ڕوویان داوە<٧> یان هەندێک لە دەقە-تەرمیناڵەکاندا، دەبێتە شیعر، بەڵام من بە دوای ئەوەدا ناگەڕێم شیعر بنووسم و فۆرمولەی شیعری بکەم.<٨>

**ئێتیانا گلاسەێر**

نەخێر، من لەو بڕوایەدانیم شەکسپیریش بە دوای ئەوەدا گەڕابێت.

**لاش نۆرێن**

ئەو بە دوای ئەوەوە نەبووە مرۆڤ لە وێنەیەکدا بنەخشێنێت؟ هەروەها وا لە مرۆڤ بکات بەرامبەر ئەو وێنەیە تووشی واقوڕمان بێت و تەنها ببێتە وەرگر، تۆ لەو باوەڕەدا نیت؟

**ئێتیانا گلاسەێر**

بەڵام ئەوەی تۆ دەیڵێیت بەڕای من زۆر ناوەندگەرایە. تۆ باسی مرۆڤ دەکەیت، کە گرانە بتوانن گوزارشت لە خۆیان بکەن و ئێمە زۆر باش لە یەکتری دەگەین. بە هەرحاڵ بۆ من شیعر شتێکە سەبارەت بە وێنە و داماڵین و نەمانی وشە.

**لاش نۆرێن**

نەمانی وشە؟

**ئێتییانا گلاسەێر**

بەڵێ. لەوەی ڕوون ناکرێتەوە. من دەزانم وێنەکێشان بەهایەکی گەورەی بۆ تۆ هەیە، هەروەها سەما، ئەمانەیش فۆرمی هونەرە بێ وشەکانن. شیعریش بۆ من باسی ئەوە دەکات، کە زۆر سەیریشە، داماڵین و بێ وشەیی.

**لاش نۆرێن**

ئا، ئێمە دەگەینە بەردەمی شورایەک، کە بریتییە لە کرانەوە. شورایەک لە کرانەوە. ئێمە لەبەردەمی ئەو شورایەدا دەسوڕێنەوە و هاوکات ناتوانرێت ددان بە بوونیدا بنرێت، بەڵام لەوێدا بوونی هەیە. شتەکە ئاوایە.

**ئێتییانا گلاسەێر**

ئەمە بە وشە ناولێنانە. هەمان شت لەگەڵ شەکسپیریش ڕوویداوە.

**لاش نۆرێن**

بێگومان.

**ئێتییانا گلاسەێر**

هەر لەبەر ئەوەیشە ئێمە تا ئێستایش دەیخوێنینەوە. من لەو بڕوایەدام ئەمە ئەو دیدەیە، کە ئەو وێنە بەرزانە لەخۆدەگرێت، ئەو کرانەوەیەیە بەرەو ڕووی بێ وشەیی و داماڵین.

**لاش نۆرێن**

وایە.

**ئێتییانا گلاسەێر**

ئەو چۆنایەتیانەیش لە دەقەکانی تۆدا هەن.

**لاش نۆرێن**

ئێمە قسە دەکەین، لە پەیوەندییداین، لەوە دەگەین ئەمە ناکرێت گوزارشتی لێ بکرێت، بەڵام لە ڕوانگەی هەوڵەکانی ئێمەوە بۆ بەرجەستەکردن و فۆرمولەکردنی ئەو شتانە، لەوێدا بوونییان هەیە و ئامادەن. ئەگەر ئێمە هەوڵی فۆرمولەکردنی ئەو شتانە نەدەین، کە فۆرمەلەناکرێن، لەوکاتەدا ئیتر با بەس بێت، دەوەستێت. هیچیتر نامێنێتەوە بۆ گوتن. بەڵام من خۆم لە نووسینی دیالۆگی شیعرئامێز دووردەخەمەوە.

**ئێتییانا گلاسەێر**

ئا، بەڵام تۆ بەوە مەبەستت شتێکی ترە.

**لاش نۆرێن**

من نامەوێت بەهرەی خۆم، وەک شاعیرێک، بە شێوەیەکی کۆنکرێتی لەسەر شانۆ بەکاربهێنم. من زۆر حەزم لە قوتابخانەی (فاسبیندیشکەیە)، لەوێدا دیمەنێکی زۆر جوانی خۆشەویستی هەیە و ڕاستەوخۆ دەکەوێتە پشکنینی شەقام، بۆ ئەوەی

مرۆڤ بگاتە ئەوێ، کە مرۆڤ شتی بە ئاسانی دەست نەکەوێت. وا نییە؟<۹>

**ئێتیانا گلاسەێر**

شیعر دەتوانێت زۆر شتی ستراتیژی بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی بگات بەو خورپە و هێدمەیەی، کە بە ڕووی ڕەوشێکدا دەتکاتەوە، وشە بە تەواوی ڕۆڵی نامێنێت. ئەو شانۆنامەنووسانەی هێزێکی گەورەیان هەبووە، بۆ نموونە برێشت، هەروەها فاسبیندەر، بە بڕوای من شاعیر بوون.

**لاش نۆرێن**

برێشت شاعیرێکی گەورەیە.

**ئێتیانا گلاسەێر**

من تەنها بەمە واز ناهێنم، کە تۆ ڕۆڵی خۆت وەک شاعیرێک وەلاوە دەنێت. تۆ دەتەوێت لەچی دوور بکەویتەوە، لە کاتێکدا ناتەوێت، وەک شانۆنامەنووسێک شاعیر بیت؟

**لاش نۆرێن**

ئێستا باسی ئەو مرۆڤانە دەکەم، کە بۆ شانۆ لەسەریان دەنووسم، من بیر لەوانە دەکەمەوە. من نامەوێت ڕێگا بەوان بدەم سەبارەت بە شتێک بدوێن، کە... نە توانن فۆرمولەی بکەن، کە من خۆم بتوانم فۆرمولەی بکەم، بەڵام ئەوان نەتوانن. من وەک شاعیر دەتوانم گوزارشت لە ڕەوشی ئەوان بکەم. بەڵام، من نامەوێت هیچ شتێک بدەم بەوان، کە نییە...

گەورەترین و سەختترین کار بۆ من ئەو مرۆڤ و کارەکتەرانەیە، کە دەیاننووسم، ئەوە کارە گەورەکەیە. چیرۆک بۆ من بەهیچ شێوەیەک جێگای سەرنج نییە، مەبەست گێڕانەوەکەیە. ئەوەی جێگای سەرنجی منە، کەسەکانە. بێگومان ئەو درامایانەی هەژموونییان بەسەر منەوە هەبووە، چیرۆکیان هەیە. لای چێخەف، لای ئۆنیل، لای بێکێت، هەمیشە چیرۆک و گێڕانەوە هەیە، بەڵام لای من ئەوەی زیاتر جێگای سەرنجە، ئەو شتەیە، کە لەوێدا... وەک دەڵێت ڕەوشی مرۆڤەکانییانە، بەدەر لەوەی لە چ شوێنێکی چیرۆک و گێڕانەوەکەدان. تۆ تێدەگەیت مەبەستم چییە؟

**ئێتیانا گلاسەێر**

ئا، تۆزێک لەوە دەگەم، کە تۆ مەبەستتە، تۆ باسی کەسایەتییەکان دەکەیت.

**لاش نۆرێن**

بەڵێ.

**ئێتیانا گلاسەێر**

ئەمە شتێکی تەواو و بەڵگەنەویستە، کە لەوێدا گۆڕانکارییەک بەسەر تۆدا هاتووە، تۆ لە جۆرە مەنەلۆژێکەوە، کە پڕە لە شیعر بەرەو کۆلێکتیڤ چوویت، کە تۆ دەنگییان پێ دەبەخشیت. ئێمە دونیایەک شت دەکەین هەر بۆ ئەوەی توانا و لێهاتوویی خۆمان بسەلمێنین و تەنهاییەکەمان نەهێڵین. کە سەیری تابلۆیەک دەکەین، ئەوا ئێمە تەنهاین، هەروەها تەنهاییەکەیشمان دەسەلمێنێت. لە باشترین حاڵەتدا و لە هەمان کاتدا تەنهاییەکەمان ناهێڵێت. ئێمە ڕووبەڕووی هونەرمەندێکی وێنەکێش دەبینەوە، کە بە مرۆڤایەتی یان بە بوونمان دەبەستێتەوە، بەم شێوەیەیش زۆر تەنهایین و لە

هەمان کاتیشدا...

**لاش نۆرێن**

ئەوە بەردەوامییە. ئەوە بەردەوامییە، هەندێک تابلۆ وەک قووڵایی وایە.

**ئێتیانا گلاسەێر**

بەڵێ، بەڵام ئەوە ئەو قووڵاییەیە، کە ئێمە لێوەی دەفڕین.

**لاش نۆرێن**

ئا.

**ئێتیانا گلاسەێر**

نەک کەوتن.

**لاش نۆرێن**

ئەمە قووڵایی نیتشە نییە، کە ئێمە...

**ئێتیانا گلاسەێر**

تۆ، کە دەنووسیت تەنهایت. لە نووسینەکانتا هەستکردن بە تەنهاییان پێوە دیارە، وەک شاعیر شتەکان دەردەبڕیت ، هەروەها بەهەمان شێوەیەیش ڕووبەڕووی خوێنەرەکانت دەبیتەوە. وەک شانۆنامەنووس دەنگ دەبەخشیت بە کەسایەتییەکان. کۆلێکتیڤ. جیاوازییەکی گەورە لەنێوانیاندا هەیە، وەک ئەوەی من ئێستا دەیڵێم؟

**لاش نۆرێن**

نەخێر، هەڵبژاردنەکان لە منەوە دێت، لە هەردوو بارەکەدا.

**ئێتیانا گلاسەێر**

تۆزێک باسی ئەوەمان بۆ بکە، باسی تەنهایی. باسی شکاندنی تەنهایی یان من نازانم ئەمە بۆ تۆ، وەک شانۆنامەنووسێک چ مانایەکی هەیە.

**لاش نۆرێن**

خۆت باش دەبینیت، تەنهایی وەکوو وشەیەک چەندین لایەنی هەیە، هەروەها لایەن و ڕەوشێکی بەختیاریش لەخۆدەگرێت؟

**ئێتیانا گلاسەێر**

نەخێر. من وەکوو دۆزەخێک بیری لێ دەکەمەوە.

**لاش نۆرێن**

نا! من وا بیر ناکەمەوە. بەپێچەوانەوە. دڵخۆشییەکی گەورەیە (پێدەکەنێت) ئێمە بەر چەندین شت دەکەوین، بەڵام من دەمەوێت بەر گرفتێک بکەوم، کە باسی تەنهایی دەکات و من ناتوانم چارەسەری بکەم. من زوو کەوتمە ژێر کاریگەری فەلسەفەی بوونگەرایی، کەوتمە خوێندنەوەی سارتەر، کامۆم خوێندەوە، ئەو کاتە بوو، کە بیرکردنەوە و هزرم بەشێوەیەک لە شێوەکان گەشەی کرد. ئەمەیش منی داخ کرد، ئەمە ئەوەیە کە بەرپرسیاری ژیانی خۆت بیت. بەرپرسیاری کردارەکانت بیت، دادوەری خودی خۆت بیت. تەنها ئەو شتەی، ئەو شتانەی لە بنەماوە مانایەکیان هەیە، ئەوانەنا کە تۆ خۆت دەیکەیت، ئەو شتە لەوانەیە ئازادکردنێک بێت، لەوانەیە زۆر توندوتیژ بێت و دەکرێت شتێکی تەواو کۆتایی پێهێنەر بێت. ئەمە بۆ من زۆر گرانە،کە لەگەڵ "بووبەر" بڵێم (لە پێشا ببە بە شتێک کە تۆ دەبینرێت) یەکبگرێتەوە، کە خودی خۆت

لە چاوانی ئەوانیتردا ببینیتەوە.<١٠> بۆ من زۆر گرانە ئەم دوو شتە پێکەوە کۆبکەمەوە. من زۆر بە چڕی بڕوام بە، بە... ئەوەی لە بنەماوە، ئەوەی بە قووڵی، کە دەتوانێت فەرمان بەسەر مندا بدات، من خۆمم، ئەمەیش هەموو ئەو ئەزموونانەی هەمن دەگرێتەوە، کە پەیڤێکی بەهرەدار و دەوڵەمەندی سەبارەت بە هەموو کردارەکانم هەبێت. بتوانێت گفتوگۆیەکی پڕ ئاوەزم لەگەڵ بکات و تا ئاستی بێ سنوور بێلایەن بێت: بۆچی، من چ موتیڤێکم سەبارەت بەم شتە هەبووە، هەروەها چ موتیڤێکم بۆ ئەوەی تریان هەبووە... تا چەند لەو بڕوایەدا بوویت، کە خۆت لەو ڕەوشەدا بینییەوە. لەم بارەیشدا من ناتوانم بگەمە هیچ شتێکی تر، جگە لەوەی تەنها هاوڕێ و هاودەمم کە هەمە، چ وەک دادوەر و چ وەک ڕزگارکەر، تەنها هەر خۆمم. لەم بەرپرسیارێتییە خودگەرایەیشدا، تەنهاییەکی تەواو هەیە، کە مرۆڤ هەستی پێ دەکات، ئەم سوێرییەیش مرۆڤ لە یەکەم ڕۆژەوە هەستی پێ دەکات، ئەمە ئەو بڕوایە، کە بە هیچ شێوەیەک بەرۆکی بەرنەداوم. بەڵام تۆ کەوتوویتەتە ئەم دووڕیانەوە؟

**ئێتیانا گلاسەیر**

تۆ، کە دەنووسیت، بەشێوەیەکی ئێجگار تەواو تەنهایت.

**لاش نۆرێن**

بەڵێ. (شیمبۆرسکە) دەڵێت، ئەوەی بەرگەی ژوورێکی چۆڵ و لاپەڕەیەکی سپی نەگرێت، نابێتە نووسەر.<١١>

**ئێتیانا گلاسەیر**

بەڵێ، ڕێی تێدەچێت. بەڵام، کە تۆ شانۆنامەکانت دەنووسیت، لەگەڵ خەڵکێکی زۆر ژیان دەگوزەرێنێت.

**لاش نۆرێن**

ئا...

**ئێتیانا گلاسەیر**

دوای ئەوەی، دەچیتە ناو شانۆکانەوە و لەوێ کاردەکەی، لەوێ کارەکە کارێکی هەرەوەزی و بە کۆمەڵە. لەوێ تۆ وابەستەی داهێنانی ئەوانی تری، بەڵام بۆ من تۆی نووسەر هاوواتای تەنهاییە. تەنهاییەک لە ئاستێکی گەورەدا.

**لاش نۆرێن**

ئا، ئەوە هەر وایە. هەروەها ئەوە وێنەیەکە لە پەروەردە و گەورە بوونیشم، من لە هوتێلێکدا گەورە بووم، لەو ساتەوەی لە خەو هەڵدەستاین تا دەچووین و دەنووستین، خزمەتکار، چێشتلێنەر، باخەوان، هەموو جۆرە کەسێک، کەیبانوو، بە بەردەوامی دە، دوانزە کەسێک لە دەوروبەرماندا بوون. لە خانەوادەکەی ئێمەدا هەرگیز بە تەنها نەدەبووین، لەگەڵ ئەوەیشدا... دراما لە خێزانەکەمدا ڕوویدەدا.

**ئێتیانا گلاسەیر**

ئا، بەڵام تۆ بە تەنها بوویت.

**لاش نۆرێن**

بەڵێ، من تەنها بووم.

**ئێتیانا گلاسەیر**

**لاش نۆرێن**

لە هەمان کاتدا بە بەردەوامی چواردەورمان گیرابوو بە... ئا، ئاوا. من سەرلەنوێ وا هەست دەکەم، کە دێمە ناو شانۆوە و دەست بەکار دەکەم، هەست بەوە دەکەم. بەڵام لەم کاری هەرەوەزییەدا جۆرە دڵخۆشییەکی تیایە، دڵخۆشییەک لەنێو ئەم خەڵکەدا، لەبەر ئەوەی بەسەرهاتی جیاوازیان هەیە و هەر یەکەی کەشی خۆیی و شتەکان بە جیاوازی وەردەگرێت و ئەمەیش هەر زۆر خۆشە. ئێمە لە هوتێلەکەماندا چەند ئاستێکی جیاوازمان بۆ دابەشکردنی میوانەکانمان هەبوو، ئاستی یەکەم، ئاستی دووەم، ئاستی سێیەم، هۆڵی بیرە خواردنەوە، چەندین ژووری فرەلایەنی لە... خەڵکانێک من هەمیشە دەمبینین، بەو شێوەیە، هەروەها من حەزیشم لەمەیە. بەڵام من هەرگیز ناتوانم خودی خۆم بم، ئەگەر بەتەنها نەبم. من وەک ڕیژیسۆر دەچمە ڕۆڵی پیشەکەمەوە، هاوکات وا هەست ناکەم یان خۆم بە ڕیژیسۆر نازانم، بە ڕاستی ئەمە بۆ من وەک ڕیژیسۆر، کە کاری ریژی دەکەم، جۆرێکە لە جۆرەکانی فراوانکردنی ئەماتۆریم. من هەمیشە دەگەڕێمەوە سەر کاری ریژی و دەیکەم، چونکە زۆر خۆشە و پڕە لە حەز. بەڵام وردە وردە هەست دەکەم کارەکە بەسەر شانمەوە گران دەبێت و لەگەڵ هەموو پرۆژەیەکی تازەیشدا، کە دەیکەم داواکارییەکان زیاتر چڕتر و گرانتر دەبن.

**ئێتیانا گلاسەێر**

ئەو حەزە زۆرە، پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە؟

**لاش نۆرێن**

ئا، بەو دەسەڵاتەوە، کە بیرۆکەیەکت لا دروست دەبێت، دواتر تەنها دوای چەند ڕۆژێک ئەو بیرۆکەیە دەبێتە شتێکی مادی، ئەمە... ئەمە تەنها ئەو دەسەڵاتەیە، کە گفتوگۆ لەگەڵ ئەکتەرەکان دروست دەکات، ئەمەیش لە دەرەوەی دەسەڵاتەوەیە. من وەک ڕیژیسۆر، لەو بڕوایەدا نیم بگەیتە ئەنجامی باش، ئەگەر ئەو دەسەڵاتە بەخراپی بەکاربهێنیت. کاری ریژی لای من گفتوگۆیە لەگەڵ ئەکتەرەکاندا، من هەوڵ دەدەم شان بە شانی ئەکتەرەکان بڕۆم، کە دەست پێ دەکەین هەست دەکەم تەواو بچووک و نەزانم. هەروەها لەم ماوەیەشدا، پێش وەخت هیچ خۆم ئامادە ناکەم، بێگومان ئەو دەقەی دەمانەوێت بیخەینە سەر شانۆ دەخوێنمەوە، جگە لەوە هیچ خۆئامادەکردنێکی ترم بۆ کارەکە نییە. ئەویتر کە ڕوودەدات؛ سەبارەت بەوەی چی دەکەین و چی لەوێدا دەگوزەرێت، شتێکە پێکەوە دەیدۆزینەوە، ئەمەیش لە ئەزموون و شیکاری ئەوانیترەوە دێتە دی. من هیچ وێنەیەکی ئامادەکراوم نییە. وێنەیەکم هەیە، بەڵام ناتوانم هیچ پێناسەیەکی بۆ بکەم، لەو ڕووەوەی بە ئەکتەرەکان بڵێم بەرەو ئەو شوێنە بڕۆن. هاوکات من وێنەیەکم هەیە، کە بەشێوەیەکی گشتی دەڵێت-نەخێر ئەمە بە تەواوی ڕاست نییە، ئەمە تۆنێکی هەڵەیە، بەڵام من لەوانەیە تا مانگێک بەر لە یەکەم شەوی پێشکەش کردنی نەمایشەکە، نەگەمە ئەوێ.

**ئێتیانا گلاسەێر**

ئەمە بە چ شێوەیەک لە پرۆسەی نووسین دەچێت؟

**لاش نۆرێن**

ئەویش هەر هەمان شتە. من هەست دەکەم، وەک نووسەرێک لەگەڵ ئەکتەرەکاندا سەبارەت بەوەی چۆن ئەم دەقە بکەینە واقیعێکی ڕاستی، زیاتر لە خودی نووسینەکە، وەکوو خستنە سەر شانۆیەک، گفتوگۆ دەکەم.

**ئێتیانا گلاسەێر**

بەڵام، کە تۆ شانۆنامە دەنووسیت، ئەو دەنگانە چۆن دێن بۆ لای تۆ؟

**لاش نۆرێن**

پرۆڤە دەکەم، من لەو بڕوایەدام ئەمە وەک پیانۆژەنێک وایە، کە دەست دەکات بە خۆئامادەکردنی پارچە مۆسیقایەکی، پارچە پیانۆ مۆسیقایەکی گران،ئەو پێویستە بەشێوەیەکی تەریبی خۆی لەسەر تەکنیک و خودی پارچە پیانۆ مۆسیقاکە ڕابهێنێت. بێگومان بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو پارچە پیانۆ مۆسیقایە بژەنێت، تەنها بەوە ناکرێت، کە لە تەکنیکدا شارەزا و لێزان بیت... لەبەر ئەوەی ئەو پارچە مۆسیقا تایبەتمەندە پێویستی بەو دەست و پەنجە ڕەنگینە تایبەتمەندە هەیە، کە مۆسیقاکە دەژەنێت، نووسینی دەقی شانۆیش هەر بە هەمان شێوەیە. من ناتوانم بگەمە ئەو شوێنەی دەمەوێت، بەر لەوەی بە تەواوی پرۆڤەم بۆ نەکردبێت، سەرنەکەوتن، سەرنەکەوتن، هەموو دەقێکیش تەکنیکێکی تایبەت بەخۆی دەوێت، ئەمەیش پێکەوە بەستراوەتەوە. هەروەها بۆ کاری ڕیژیش هەر وایە. بە خۆئامادەکراوی بێیتە ژوورەوە، بتەوێت هەموو شتێک سەبارەت بەوەی چۆن دەقێک دروست دەکەین، بزانیت. من ناتوانم ئەوە بکەم. هەرچەندە ئێستا بوومەتە بەڕێوەبەری هونەری لە یۆتۆبۆری، بەڵام هەنووکە هەست دەکەم، کە زۆر دوورم لە شانۆوە.<١٢>

**ئێتیانا گلاسەێر**

ئەوە دەقی شانۆنامە و نووسینی شانۆنامەیە؟ ئەو شتەیە، کە تۆ زۆر دووریت لێیەوە؟

**لاش نۆرێن**

نەخێر، گەمەی شانۆ، خۆی لە چیدا دەبینێتەوە، گەشە بە هونەری نواندن بدەی، ئەمەیش جۆرێکە لە هونەر، کە ئێستا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کەس باسی ناکات. مرۆڤ بە دوای دەقی تازەدا دەگەڕێت، بە دوای شانۆنامەنووسی گەنجدا دەگەڕێت، بە دوای بینەرێکی تردا دەگەڕێت، ئەو چیرۆکەی بینەران بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت، بەڵام مرۆڤ زۆر کەم باسی نواندن، وەکوو هونەرێکی سەربەخۆ دەکات؛ دەنگی ئەکتەر و گوزارشتکردنن.

**ئێتیانا گلاسەێر**

تۆ چیت کردووە بۆ ئەوەی جۆرە گفتوگۆیەکی لەم چەشنە بوروژێنیت؟

**لاش نۆرێن**

ئێستا ئێمە بە دوای مامۆستادا دەگەڕێین. پێداگۆگ. ئەو پێداگۆگانەی دیقەتیان لەسەر دەقە، لەبەر ئەوەی شانۆی سوێدی، وەک خۆت باش دەزانیت، بەشێوەیەکی بێوێنە بە هەست و هۆش و گوزارشتە هەستییەکانەوە بەستراوەتەوە.

**ئێتیانا گلاسەێر**

بەڵێ... هەم ئەم و هەم ئەویش.

**لاش نۆرێن**

بەڵام نواندنێکی ڕەخنەئامێزانە... زۆربەی ئەکتەرەکان هۆشمەندن، هەستیارن، بەڵام ئەمە تەنها لەو کارەی ئەوان لەوساتەدا سەرقاڵین. ئەی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان، سیاسیی، ئایدۆلۆژی، سەبارەت بەمانە بێدەنگییەکی سەراپاگیر هەیە. بەهرە و توانستی کێ وەربگرین؟ دوو شەمە خوێندنەوەیەکی ماراسۆنئاسا دەکەین... شەوی کریستاڵ... بۆ ئەمە دەتوانین شانۆ بەکاربهێنرێت، بەهرەکانییان بەرەوپێشەوە ببرێت، ئەوانەیشی ناتوانن... تۆ دەتوانیت ئەکتەرەکان ببینیت، دەتوانیت ئەوە ببینیت، کە ئەم ئەکتەرەیان کاری کردووە، بێگومان تۆ دەزانیت، تۆ دەزانیت لە نواندن بڕوانیت، کە لە دەرەوەی شتێکی تردا وەستاویت، کە ئەم ئەکتەرە لەم زانکۆیەوە هاتووە، ئەو جۆرە پاشخانەی هەیە؟ دەکرێت مرۆڤ ئەمانە لەگەڵ خۆی بهێنێت، بیگەیەنێتە ئەوانیتر؟

**ئێتیانا گلاسەێر**

ئەوەی مرۆڤ فێری بووە؟

**لاش نۆرێن**

ئا.

**ئێتیانا گلاسەێر**

بە هەر حاڵ دەکرێت مرۆڤ خۆی نەکاتە...

**لاش نۆرێن**

تۆ ئێستا وا دەکەی؟

**ئێتیانا گلاسەێر**

کە من ئێستا دەور دەبینم، هەوڵ دەدەم ڕۆڵەکەم بەو شێوازی گەمەیەوە ببەستمەوە، کە بە منداڵی دەمکرد.

**لاش نۆرێن**

چۆن؟

**ئێتیانا گلاسەێر**

من هەوڵ دەدەم، کە... هیچ جۆرە مەبەست و نیازێکم نەبێت...

**لاش نۆرێن**

ئەها.

**ئێتیانا گلاسەێر**

وەک ئەوەی شتێک بۆ بینەران بڵێیت، سەبارەت بەوەی چ مانایەک هەیە.

**لاش نۆرێن**

ئا، تەواو وایە... (میشواخ) دەڵێت تەنها نووسینی شیعر بە مەبەست، مەرگی ئەو شیعرەیە. ئەمەیش ڕاستە. ئەمەیش تەواو ئەوەیە، کە تۆ دەیڵێیت، تۆ زۆر جیاوازیت، مرۆڤ ئەو ئازایەتی و سەربەستییەی هەبێت، کە شتێکی وا بکات. <١٣>

**ئێتیانا گلاسەێر**

ئەمە شتێکە پەیوەندی بە چوونە تەمەنەوە هەیە. هیچ پلاندانانێک نییە جێگای سەرنج بێت. بینەرانیش نایەن تا شتێک ببینن، کە شتێک مرۆڤ بەشێوەیەکی زیرەکانە خۆی بۆ ئامادە کردبێت. بەڵکو مرۆڤ دەیەوێت لە شتێکدا بێت، کە شتێک

ڕوودەدات...

**لاش نۆرێن**

ئەمە ڕاستە.

**ئێتیـیانا گلاسەێر**

ئەوەیش لەوانەیە ڕووبدات، ئەگەر من ڕێگا بدەم ڕووبدات.

**لاش نۆرێن**

ئەمە زۆر تەواو و ڕاستە.

**ئێتیـیانا گلاسەێر**

دەبێت من پلان دابنێم و زۆر شت ببینم. ئەمەیش جۆرە گۆرانکارییەکی خێرایە لە ئاڕاستەکاندا. دەبێت مرۆڤ هەمیشە بەرەنگاری ئەو ئەژدیهایە ببێتەوە، کە ناوی نیاز و مەبەستە.

**لاش نۆرێن**

منیش لەوکاتانەی، کە باش دەنووسم، کە کۆڵ دەدەم، هەروام. ئێستا من بە تەواوی ئەوانە پشت گوێ دەخەم، تەنها هەر دەنووسم. لەوکاتانەدا باشتر دەبێت. دوایی دەبێت سەرلەنوێ دووبارەی بکەمەوە، ئەمەیش شتێکی ترە، بەڵام مرۆڤ وشەکانی بە ڕەوانی بۆ دێت، ئا لەو کاتەدا دێت... هەرچەندە ئەوە زیاتر جۆرە پەشێویی و پەژارەییەکە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی تۆ دەیگێریتەوە.

**ئێتیـیانا گلاسەێر**

لە باشترین بارودۆخدا، ئەمە بە تەواوی هەوڵ نەدانە.

**لاش نۆرێن**

ئا.

**ئێتیـیانا گلاسەێر**

بەڵام بەرلەوە پەژارە و دڵە لەرزە.

دەروازەی ماڵێک لەسەر شانۆیە، کە وا دەکات من وەک کەسێک هەست بکەم لە قەبارەی خۆم گەورەتر دیاربم. هەموو شتێک ڕێی تێدەچێت! لەبەر ئەوەی ڕەوشەکە شتێکە خۆمان دۆزیومانەتەوە. من دەتوانم چیم بووێت بیکەم. ئەمەیش وا دەکات وزە زۆر گەورەتر بێت لە لایەنە کۆمەڵایەتییەکە، وزە ئاساییەکە. هەروەها هەست و سۆز، هەموو هەستەکان لەبەر دەست دان بۆ بەکارهێنان، بەو شێوەیەیش من کەی بمەوێت دەتوانم خۆم زۆر بە خەمبار پێشان بدەم، دوایی بدەمە قاقای پێکەنین. من دەتوانم بە ئاسانی بچمە نێو ئەم دوو ئاستەوە، ئەئاوا... من لەو باوەڕەدام لەو دەمەی زۆر گەنج بووم و لەسەر شانۆ دەورم دەبینی ئاوام کردبێت. دوای ئەوە لە پەیمانگای قوتابیانی دراماتن وەرگیرام، لەوێ لەو بڕوایەدا بووم، کە من دەزانم مرۆڤ چۆن دەور دەبینێت، من لەیەکەم تەقەلای وەرگرتندا وەرگیرام، دوای ئەوە ئەوان لەوێ دەیانوویست فێری ئەوەم بکەن چۆن لەسەر شانۆ دەور دەبینم، ئەنجامەکەیشی بە واز هێنانم لەو قوتابخانەیە کۆتایی هات. من وازم لە شانۆ هێنا. تا دە ساڵ هیچ دەورێکم لەسەر شانۆکان نەبینی.

**لاش نۆرێن**

تۆ مەبەستت ئەوەیە، کە بەشێوەیەکی فیزیکی

وازت هێنا...

**ئێتیانا گلاسەێر**

بەڵێ، بەشێوەیەکی فیزیکی وازم هێنا، بەڵام دوایی دەستم کردەوە بە کاری شانۆیی. ئێستا وەک بڵێی گەیشتومەتە ئەو جێگایەی، بازنەکەم تەواو کردووە، ئەمەیش وەک ت. س. ئێلیۆت دەڵێت، گەڕاینەوە بۆ ئەو شوێنەی لە پێناوی سەرەتاکەماندا و بۆ ئەوەی بزانین گەیشتووینەتە کوێ. ئەمەیش جیاوازییەکەیە.<١٤>

**لاش نۆرێن**

ئم. ئەمە گوزارشتێکی زۆر جوانە.

**ئێتیانا گلاسەێر**

گوزارشتێکی زۆر جوانە.

**لاش نۆرێن**

دەبێت هەست بە سەربەستییەکی ئێجگار گەورە بکەیت...

**ئێتیانا گلاسەێر**

بەڵێ، سەربەستی، ئەمەیش یەکەو ڕاست باسی ئەوە دەکات. هەروەها شیعرەکەی تۆیش بەهەمان شێوە باسی هەمان شت دەکات، بە ڕای من، من وام خوێندەوە و وای تێیگەیشتم، کە تۆم وەک شاعیرێک خوێندەوە، بە بەردەوامیش هەر وەک شاعیرێک تۆم خوێندۆتەوە، شێوەیەک لە پچراندن و خۆرزگارکردن لە بەربەست و سنور بۆ دانان. دوای ئەوە بگەیتە سەربەستی، کە لەوێدا مرۆڤ دەتوانێت هەناسە بدات و ببینرێت.

**لاش نۆرێن**

من لەو بڕوایەدام پیشەی نووسەری و پیشەی شانۆنامەنووسین دوو شتی جیاوازن و جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە، هەروەها ریژیسۆریش لە ئەکتەر جیادەکرێتەوە... نەخێر، ببوورە لە مەیاندا لەو باوەڕەدانیم، لەو بڕوایەدام هەردووکیان زۆر نزیکن لە یەکترییەوە. لەبەر ئەوەی نووسەرێک نووسەرێک دادەهێنێت، کە دەقێک دەنووسێت. دەبێت ئەو کەسە بخوڵقێت، کە ئەو دەقە دروست دەکات. منیش وەک ریژیسۆر هەر وا دەکەم، من ریژیسۆرێک لەم دەقە دروست دەکەم، کە... لەسەرەتادا زۆر پێ داگریم دەکرد، وەکوو نووسەر، لەبەر ئەوە دەمتوانی شتەکانم بەو شێوەیە ڕێکبخەم، کە دەقەکەم بۆ دەنووسی یان ئەو وێنانەی، کە بەشێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵیا یەکیان دەگرتەوە، ئەو جل و بەرگانەی بەشێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵیا یەکیان دەگرتەوە... ئەو بابەتەی کە سەرلەنوێ دەمنووسینەوە، بەڵام ئێستا تاقەتی ئەوەم نەماوە، بەڵکو... هەر وەک لەوەوبەر دەچێتە نێو هەمان جل و بەرگەوە. ئەکتەریش بە هەمان شێوە ڕۆڵەکەی خۆی دەخوڵقێنێت، هەنگاو بە هەنگاو، هاوکات ناشزانێت تا لە پڕ و بە ڕێکەوت مرۆڤێک لەسەر شەقامەکان دەبینێت یان گوێی لە وشەیەک و فۆرمولێرەیەک دەبێت، ئا، بەڵێ ئەمە ئەوەیە، ئەمە ئەوەیە...

**ئێتیانا گلاسەێر**

هەر وایشە.

**لاش نۆرێن**

ئەوە وایە. بۆ منیش وەک نووسەرێک هەر وایە.

هەروەها دوو لایەنیشی هەیە. مرۆڤ لەلایەکەوە لە زۆر شت ڕادەکات، زۆر شت، ئەوەیش چارەسەر دەکات بە... لەو بڕوایەدام مرۆڤ دەتوانێت لە دەقێکدا چارەسەری ئەمە بکات، بەڵام هەروەها مرۆڤ... هەموو ڕۆژێک واتا و مەبەستی خۆی دەخوڵقێنێت. لە بێمانایی و بێمەبەستیدا. ئەمەیش ئەوەیە، کە من لەوێدا دەگەڕێمەوە بۆ سەر فەلسەفەی ئێکستێنتیالیزم، زانیاری پەیداکردن جۆرێکە لە خوڵقاندن، مانا ببەخشیت بە شتێک، کە خۆی لە خۆیدا جگە لە وەبەرهەم هێنانەوە زیاتر هیچ مانایەکی تری نییە.

**ئێتیيانا گلاسەێر**

مانا شتێکە ئێمە دەیخولقێنین. گەرنا بوونی نییە.

لاش نۆرێن

نەخێر، ئەمەیش ئەوەیە من خۆم پێوە سەرقاڵ کردووە، هەروەها ئەوە ئەوەیە، کە تۆیش خۆت پێوەی سەرقاڵ کردووە. ئەمە دەبێت هەر وایش بێت، دەبێت پڕ بێت لەو زانیارییانەی سەبارەت بە بێمانایییە، بە هیچ شێوەیەک... (کلاودێل) دەڵێت خوا هەموو شتێکی لە هیچەوە خوڵقاندووە، بەڵام ئەم هیچە دەڕواتە خوارەوە و دڕ پێئەدات. ئەمەیش پێچەوانە بکەینەوە، ئەوەیە ئێمە دەیکەین.<١٥>

ئێتییانا گلاسەێر

بەڵێ وایە.

**لاش نۆرێن**

کە ئێمە پرۆڤە دەکەین، شتێکی بێخەوش و تەواو جوان ڕوودەدات، ئاماژەیەک، تێڕوانین و سەیرکردنێکی دڵگیر، لە هەمان چرکەساتدا، کە ئێمە ئەو شتە جوانە دەکەین، ئەویش بەسەرچووە و نەماوە. هەرگیز ناتوانین دووبارەی بکەینەوە، ئەمەیش وایە، وێنەیەکە لە ژیان. ئەمەیش دەکرێت بە تایبەتی، کە زۆر زوو بزر دەبێت و نامێنێت، بە تەواوی و بێخەوش بیکەین، بەشێوەیەک بکرێت، ئا لەو سات و چرکەساتەدا چەندە بتوانرێت پڕ بێت لە ژیان.

**ئێتیيانا گلاسەێر**

بەڵام تۆ وەک نووسەر، ئەو چرکەساتە دەپارێزیت.

لاش نۆرێن

بەڵێ دەیپارێزم. من هەمیشە هەروەک دەڵێن، هەروەک بڵێت بە زەردەخەنەیەکی شەیتانانەوە- ئەوەی ئێوە دەیکەن، بزر دەبێت، بەڵام ئەوەی من دەینووسم، لەوانەیە ئەگەر بەو شێوەیە بێت، ببێت بە جۆرە بەرگریکردنێک لەوەی کە مرۆڤ هەستی پێ دەکات... ئینجا هەستکردن بە ماندوێتی، بێتاقەتبوون یان (بە پێکەنینەوە) هەستێکی منداڵانە بێت.

**ئێتیيانا گلاسەێر**

مردن، وەک تۆ ئێستا باسی دەکەی، بە بەردەوامی لە بەرهەمەکانی تۆدا هەن. هەروەها بێدەستەڵاتبوون لە هەموو نووسینەکانتدا، وەکوو برینێک وایە خوێنی لێ بتکێت. بەشێوەیەک لە شێوەکان، بەرگرییەکی گەورە لە ڕەوشی بێدەستەڵاتیەکەوە دێتە دەرەوە.

**لاش نۆرێن**

(میکائیل هێنکێل) شتێکی جوان لە کتێبەکەیدا دەنووسێت، کتێبێکی زۆر باشە سەبارەت بە (شێلدەرین)، باسی گوێزانەوەی شتەکان دەکات، چۆن مرۆڤ زیانی مەینەتییەکانی خۆی لە قورساییەکانی ژیاندا بگوێزێتەوە؛ لە دەستدانی باوک دەبێتە ئەو درەختە بەهێزەی ڕەگی داکوتاوە، کە هەمیشە لە شیعرەکانیدا دەگەڕێتەوە سەری و دووبارەی دەکاتەوە. لەدەستدان دەبێتە بەخشینی ژیان.<١٦> من ئەمە لە پرۆسەی نووسینی خۆمدا، وەک نووسەرێک دەناسمەوە، لە دەستدان دەبێتە شتێکی لە بەرچاوی فیزیکی، کۆنکرێت و گوزارشتئامێز.<١٧> ئەمەیش پاڵ بە ئێمەوە دەنێت، کە بنووسین. وەک زووتر جیابوونەوە و دابڕان لە دایک، کە مرۆڤ دەبێت بە (تۆ)، ئەمەیش ئەو بۆشاییەیە، ئەو جیابوونەوە و لێک دابڕانەیە، ئەو دابڕانە بێبەزەییەیە، ئەمە ئەوەیە مرۆڤ هەمیشە بە زمان پڕی دەکاتەوە. ئەمە تەنها شتێکە مرۆڤ بتوانێت بە دەستی بهێنێت، لەبەر ئەوەی مرۆڤ هیچ کەرەسەیەکی تری نییە، مرۆڤ منداڵێکە، هەروەها مرۆڤ... لە پڕ زمانیش لەم ڕەوشەدا، لەو هەست و سۆزەدا، کە ئێستا چیتر من لەو دونیایەی خۆمدا، هەمان کەس نیم، دێتە پێشەوە. دایک، لەوێوە وشەکان دەست پێ دەکات.

**ئێتیانا گلاسەێر**

وەک خۆت گوتت، مرۆڤ ماناکان دەخوڵقێنێت.

**لاش نۆرێن**

ئا.

**ئێتیانا گلاسەێر**

لەوێدا هیچ شتێک نییە. لەوێدا لای تۆ سەرەتایە، لەبەر ئەوەی تۆ پێتوایە، کە مانایەک هەیە، ئەمەیش بەم شێوەیەیە، هەروەها ژیانیش وایە و گوزەرانیش بەم چەشنەیە، بەم شێوەیە دەردەکەوێت، ئەمەیش خۆشەویستییە، ئەمەیش ڕووناکی و تاریکییە. تۆ پێناسەی ژیان دەکەیت و مانایەکی گەورەی پێدەبەخشیت.

**لاش نۆرێن**

بەڵام من ئێستا لەوە گەیشتووم، جگە لەوەی، کە من دەیخوڵقێنم هیچ مانایەکی تر بوونی نییە.

**ئێتیانا گلاسەێر**

نەخێر.

**لاش نۆرێن**

ئەوسا وام نەدەزانی.

**ئێتیانا گلاسەێر**

تۆ دەگەڕێیتەوە بۆ هەمان شوێن، بەڵام ئێستا دەزانیت لە کوێ دایت.

**لاش نۆرێن**

مممم. هەر وایشە.

**ئێتیانا گلاسەێر**

تۆ هەر لەسەرەتاوە باسی شانۆی هەستەئامێزت دەکرد، شیعر بۆ من ئەدەبی هەستەئامێزە. ئێستا تۆ وازت لە شیعرییەت هێناوە، لەوانەیشە ئەمە ئەوە بگەیەنێت، کە تۆ ناتەوێت لە دراماکانتدا مامەڵە بە شیعرەوە بکەیت. ئایا تۆ لە هەست و

سۆز دەترسیت؟

**لاش نۆرێن**

ئا. من لێیان دەترسم، لەو هەستە زۆر بەهێزانەی خۆم، کە لە ناوەوەمدا هەن، من زۆریان لێ دەترسم.

**ئیتیانا گلاسەیر**

لە هەست و سۆزی ئەکتەرەکان دەترسیت؟

لاش نۆرێن

نەخێر، زۆرنا، نەخێر. بەڵام شیعر. شیعر...

**ئیتیانا گلاسەیر**

لەبەر ئەوەی لەوانەیە وەک ریژیسۆر مرۆڤ ببێت بە...

**لاش نۆرێن**

شیعر پیشەیە. هەروەک ئەکتەر، هەر ڕستەیەک، کە مرۆڤ دەینووسێت، پێویستە ڕەنگدانەوەی ڕەفتارێک بێت، هەموو دارشتنێکی وشە و ڕستە، گرینگ نییە چ هەست وسۆزێکی لە پشتەوە بێت، بەڵام هەر کە نووسرا، ئیتر دەبێتە پیشە. مرۆڤ هەردەم بە دوای دارشتنێکی تەواو و ڕێکوپێکدا دەگەڕێت. لەبەر ئەوە هەست و سۆز، هەروەها گوزارشتکردن لێیانەوە، پیشەیە، لەوێدا هەست و سۆزەکان جێگورکێیان پێدەکرێت، دروست کردنی مەودایەک و خۆ بە دوورگرتنێک، مرۆڤ هەست و سۆزەکان دەگوێزێتەوە و سەیری ئەوە دەکەم بە چ شێوەیەک باشترە بینووسم، هەر لێرەیشەوە مرۆڤ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوە دەکات، کە (پاوڵ ئێلوڕاد) نووسیویەتی،<١٨> (ئێکلێلۆف) چۆن و لە کوێ پێناسەی کردووە، مرۆڤ بە بەردەوامی ئەو کتێبخانەیەی بە کۆڵەوەیە، سەبارەت بە چۆنییەتی فۆرمولەکردنی هەست و سۆزەکان، مرۆڤ لەو نەخشەیەدا دایاندەنێت، تا لەوێدا بە تەنیشت (ترانسترۆمەر) و (ئێکێلۆف)... و ئەوانیترەوە بووەستن.<١٩> ئەمەیش هەمان شتە سەبارەت بە ئەکتەری باش، کە بەشێکن لە مێژووی ئەوانەی بەر خۆمان... بەڵێ، هەرلەبەر ئەوەیشە، کە من بە ئەکتەرەکان دەڵێم-سەیری ئەکتەرەکانی ترمەکەن، برۆن بۆ سکانسن، بڕوانە مرۆڤەکانی ناو پاس یان... بۆ ئەوەی شێوازێکی تر بدۆزنەوە تا گوزارشتی لەخۆت پێ بکەیت، جیاواز لەوەی... هی ئەو قوتابخانەیەی خوێندمانە، ئەمە وا نییە؟<٢٠>

**ئیتیانا گلاسەیر**

کە تۆ ئاوا دەڵێیت، من بیر لەوە دەکەمەوە کە...

**لاش نۆرێن**

(تۆمی بێریگرێن) و سەرچاوەی مێژووەکەیان، مەبەستی من ئەوەیە، ئەوان لەگەڵ مێژووەکەی خۆیان ڕەفتار دەکەن، چونکە پاڵەوانەکانی ئەوان لەوێ دایە.<٢١>

**ئیتیانا گلاسەیر**

تۆیش بە ئەکتەرەکانت دەڵێیت، کە ئەوان وا نەکەن؟

**لاش نۆرێن**

نەخێر ئەوان نابێت وا بکەن، لە بیری خۆتی بەرەوە.

**ئیتیانا گلاسەیر**

جارێکیان شتێکم هاتەوە یاد... بەڵام تۆ لەوێدا

گۆڕانکاریت بەسەردا هاتووە، وەک لە زۆر خاڵی تردا.

**لاش نۆرێن**

بە دڵنیاییەوە.

**ئێتییانا گلاسەێر**

کە من لە (خەندە ژێرزەمینییەکە) بەشداریم کرد.<٢٢>

**لاش نۆرێن**

ئا.

**ئێتییانا گلاسەێر**

پیاوە ڕەسەنەکە، بەلامەوە زۆر گران بوو ڕۆڵەکە بدۆزمەوە، من لەو بڕوایەدا بووم، کە ئەو فیرنەگولە و بوودەڵەیە.

**لاش نۆرێن**

ئا، من دەزانم. منیش ئەوەم دێتەوە یاد.

**ئێتییانا گلاسەێر**

منیش پرسیارم لە تۆ کرد، لاش تۆ ئەم پیاوە چۆن دەبینیت؟ تۆ حەزدەکەی من چۆن بیربکەمەوە؟ تۆیش: مارلۆ براندۆ!

**لاش نۆرێن**

نا (قاقا لێدەدات)! من وام گوت؟ ئەوە ناچێتە ئەقڵەوە!

**ئێتییانا گلاسەێر**

تۆ ئەوکاتە پاڵەوانی ترت هەبوو.

**لاش نۆرێن**

بەڵام ئەوە، ئەوە نەبوو سەبارەت بەوەی... زۆر-موبالەخە-مەکە. ئەو دەمە سەبارەت بە مارلۆن وا نەبوو...

**ئێتییانا گلاسەێر**

بەڵێ، بێگومان شتێک بووە لەو بابەتە.

**لاش نۆرێن**

ئممم.

**ئێتییانا گلاسەێر**

موبالەخە زۆر مەکە، بە دوای هونەری ئاسانکردنەوەدا مەگەڕێن و بەو شێوەیە.

**لاش نۆرێن**

بێگومان من هەروا بیرم کردۆتەوە.

**ئێتییانا گلاسەێر**

من بە هیچ شێوەیەک نەم دەزانی چی لەوە بکەم.

**لاش نۆرێن**

نا (پێدەکەنێت)، بێگومان وایە. تۆ دەتوانی چی لەگەڵ ئەوەدا بکەیت (هەردووکیان پێدەکەنن)؟ شتێکی گێلانەم گوتووە.

**ئێتییانا گلاسەێر**

ئەوەی تۆ لەوێدا گوتووتە، ئەو شتە بووە، کە تۆ ئەو دەمە هەستت پێ کردووە.

**لاش نۆرێن**

بەڵێ، هەست و سۆز. من لە هەست و سۆز دەترسم، من لەو پاڵەپەستۆی هەستە دەترسم، کە لە ناخمدایە، هەوڵ دەدەم، بە بەردەوامی بە ڕوونی گوزارشتی لێ بکەم، بەشێوەیەکی باش... من لەو بڕوایەدام، کە من بە ناوەوەی خۆمەوە پەیوەستم، هەمیشە و لە بۆنەی جیاوازدا چەند ڕستەیەکی زۆر جوانی (نیتشە)م بیردەکەوێتەوە، کە دەڵێت (ئەگەر تۆ بۆ ماوەیەک زۆر چاو ببڕیتە قووڵاوییەکەوە، لە کۆتایدا ئەویش چاو دەبڕیتە قووڵایی تۆوە) منیش هەوڵ دەدەم چاو نەبڕمە ناو... لە ڕاستیدا، لەبەر ئەوەی لە ڕاستیدا من...

**ئێتیانا گلاسەێر**

ئەمە چ پەیوەندییەکی بە هەست و سۆزەوە هەیە؟

**لاش نۆرێن**

لە سەردەمی منداڵیمدا زۆر شتم بەسەر هاتووە و دیووە، من هەر لەسەرەتاوە، وەک منداڵێکی بچووک شتی نابەجێ و کارەستئامێزم دیووە، هەروەها لەو باوەڕەیشدام، کە من خۆم لە ژیانمدا خستۆتە ژێر باری قورس و شتی گرانەوە.

**ئێتیانا گلاسەێر**

ئمەم.

**لاش نۆرێن**

هەروەها دووچاری شتی خراپیش بووم. بەو شێوەیە ئەگەر من، گەر من لە چیرۆکەکانی ئەو ڕۆژگارەدا توند بکرێم و نەتوانم بێمە دەرەوە... ئەو کاتە، ئەوکاتە، ئەمە ئەو هەستانەن من لێیان دەترسم، چ کاردانەوەیەکم بۆیان دەبێت... من بە تەواوی دڵنیانیم، کە من کێم.

**ئێتیانا گلاسەێر**

دراماکانی تۆ شتگەلێکی وەهای تێدان، کە هەست و هۆشێکی بەهێز دەورووژێنن.

**لاش نۆرێن**

بەم هەست و سۆزەی ئەمرۆم، هەروەها لە ڕوانگەی هەموو ژیانمەوە، کە بەشێکی زۆری خەمە، خەمێکی گەورە. خەم، وەکوو من، لە...

**ئێتیانا گلاسەێر**

چییە ئەوەی، کە خەمە؟

**لاش نۆرێن**

خەمێک، کە لە خۆم بەهێزترە.

**ئێتیانا گلاسەێر**

من تێدەگەم تۆ دەڵێی چی، بەڵام شتێکی زیاتر بڵێ، ڕەگ و ڕیشەی ئەو خەمە بۆ کوێ دەگەڕێتەوە؟

**لاش نۆرێن**

بێگومان وایە، ئەوشتەی من لە منداڵیمەوە کردوومە بە سەرچاوەی خۆم، تەنهاییە.

**ئێتیانا گلاسەێر**

ئەم خەمە دڵنەواییە؟

**لاش نۆرێن**

دەتوانم بە وێنەیەک باسی بکەم. من منداڵی خۆم وا

نەژیاوم، کە... زۆر گ... گران و ناشاد، بەڵام چەند ساڵێک بەر لە ئێستا گوێ بیستی ئەوەم کردووە، کە... مرۆڤێکی گەنج باسی، باسی... دایکە بەدمەستەکەی کردووە، کە چۆن لە قوتابخانە گوزەراندویەتی و شتی تر، من دەستمکرد بە گریان. بۆ ئەو، وەک دەڵێن لەبەر خاتری ئەو... بەڵام بۆ من زۆر گرانە بۆ ئازارەکانی خۆم بگریم، بۆ خاتری خۆم. ئەمەیش...

**ئێتیانا گلاسەێر**

بەڵام ئەوە وا بوو.

**لاش نۆرێن**

بەڵێ ئەوە وا بوو. هەروەها سەبارەت بەوەیش، کە مرۆڤێکت خۆش دەوێت، دەگۆردرێت و گۆڕانکاری بەسەردا دێت، دەبێت بە شتێکی تەواو جیاواز. هەوڵ بدەیت ئەمەت بۆ کۆبکرێتەوە، هاوکات هەوڵ بدەی، وەک چۆن منداڵ نایەوێت لەگەڵ خێزانەکەی پەرتەوازە بێت، ئاوا خۆت کۆبکەیتەوە، دژی دەوروبەرەکە، درۆکان، ئەمەیش تا ئێستایش لەگەڵ خۆم هەڵمگرتوون. کەمیش نابنەوە.

**ئێتیانا گلاسەێر**

بەشێوەیەکی بەهێزتر دەگەڕێنەوە؟

**لاش نۆرێن**

ئا، من بۆ ماوەی پانزە ساڵ سەردانی سیکۆئەنالیسم کردووە، ئەمەیش یەکێک بوو لەو شتانەی لەوێ کارم لەسەر کردوون، بەڵام هەست دەکەم کەمیان نەکردووە، بە پێچەوانەوە.<٢٣> لەگەڵ ئەوەیشدا، کە خەمێکی بێ زمان و بێ وشەیە، بۆ من زۆر گرانە پێناسەی بکەم، تەنانەت کە ڕوودەدات. بۆ من زۆر گرانە تێیبگەم و بەتایبەتیش، کە ڕوودەدات ناوێکی پێ ببەخشم، بەڵکو تەنها ڕەوشێکە، وەک دەڵێن ڕەوشێک لە خەم و پەژارە. ئەمەیش من هەر زۆر نیگەران دەکات و ئازارم پێدەگەیەنێت، کە دەبینم منداڵێک بەشێوەیەک لە شێوەکان ئازاری پێدەگات.

**ئێتیانا گلاسەێر**

ئەو خەمەی تۆ باسی دەکەیت، من وا بیری لێ دەکەمەوە، تۆ سەبارەت بەمەی باسی دەکەیت، نووسیوتە.

**لاش نۆرێن**

ئا.

**ئێتیانا گلاسەێر**

تۆ خۆت چەندین دەقت سەبارەت بەمە نووسیوە، لەوێدا جۆرە شێتگیرییەکی تیایە. ئەمەیش مانای ئەوەیە، کە تۆ ئەو شتەت بەجێ هێشتووە و تێت پەڕاندووە، لە دایک و باوکت بوراویت.

**لاش نۆرێن**

ئا، لێیان خۆش بووم.

**ئێتیانا گلاسەێر**

بەڵام خەمەکە هەر لە جێگای خۆیدا ماوە.

**لاش نۆرێن**

ئا، وایە.

**ئێتیانا گلاسەیر**

هەر گەورەیش دەبن

**لاش نۆرێن**

بەڵێ، گەورەتر دەبن.

**ئێتیانا گلاسەیر**

لەبەر ئەوەی چیتر دەستت بە دایک و باوکت ناگات، ئەمەیش هەردووکیان...

**لاش نۆرێن**

بێگومان وایە، هەر بە تەواوی وایە. ئەمەیش هەموو کات و شوێنەکان پڕ دەکاتەوە. ئاوایە...

(لاش نۆرێن لە چاکەی بەردەمی دەخواتەوە، ئێتیانا گلاسەیر بێدەنگە)

**ئێتیانا گلاسەیر**

ئێستا سەبارەت بەچی دەنووسیت؟

**لاش نۆرێن**

ئێستا خەریکی جۆرە دەقێکم، کە ناوی تەرمیناڵییان لەخۆگرتووە. تەرمیناڵ، لەبەر ئەوەی لە هەمان کاتدا کەوتنە ڕێیە بەرەو شوێنێک و هەروەها گەیشتنیشە. ئەمە لە پیر و بە تەمەنێکی وەک منەوە دێتە دەرەوە. کە من سەرەتاکە دەبینم، هەست بە کۆتاییەکەیش دەکەم. کۆتاییەکان نزیکترن لە سەرەتاکان، بەم شێوەیەش مرۆڤەکان لە زەمەنێکدا یەکتر دەبینن... یەکێک لە تەرمیناڵەکان باسی ژن و پیاوێکی گەنج دەکات، کە دێن بۆ نەخۆشخانە، لەبەر ئەوەی ژنەکە لەسەر منداڵ بوونە، لەوێ ژن و پیاوێکی تر دەبینن، کە لەوان بە تەمەنترن و هاتوون بۆ ئەوەی جەستەی کوڕە مردووە بیست و سێ ساڵەکەیان بناسنەوە، ئەمەیش هەمان ژن و پیاوە، کە لەوێ ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە.<٢٤> یەکێکی تریان باسی ژن و پیاوێکی بەتەمەن دەکات، کە لەیەکتری جیا دەبنەوە و شوقەکەیان چۆڵ دەکەن و لە هەمان کاتدا ژن و پیاوێکی گەنج دەگوێزنەوە بۆ ناو هەمان شوقە، ئەمانیش لە هەردوو بارەکەدا هەمان ژن و پیاون. تەرمیناڵێکی تر باسی پیاوێکی تەمەن پەنجا و سێ ساڵی دەکات، کە دایکە چل و سێ ساڵییەکەی دەبینێت. لەبەر ئەوەی یادەوەرییەکانمان بەو شێوەیەیە، هەوڵ دەدەم ئەمە لەسەر شانۆ بکەم بە واقیع.

**ئێتیانا گلاسەیر**

سەر شانۆ شوێنێکە، کە دەکرێت کاتەکان تێکەڵاو بکرێت.

**لاش نۆرێن**

من ئەم جۆرە پێگەیشتنانەم زۆر بەلاوە خۆشە، کە ئێستا کاریان لەسەر دەکەم و کاتەکان بەم شێوەیە تێکەڵاو دەبن. بەڵام ئێستا زۆر گرانە بۆیان بگەمە هیچ گوزارشتێک. من هەوڵم داوە بیکەمە بیۆگرافیایەکی ژیانی خۆم، بەڵام تیا سەرکەوتوو نەبووم، ئەمە دەبێتە... دەبێتە... مەبەستم ئەوەیە، کە دەبێت چەندین پێست و توێژاڵ داماڵرێت تا دوا توێژاڵ فڕێ دەدرێت، ئەو کاتە دەگەمە شوێنی مەبەست. ئەمە وەکوو پەردەیەک وایە... دەبێت یەک لەدوای یەک لابرێت تا مرۆڤ دەگاتە لای... ئەوەی لە خڵتانی خوێندایە، لای... ئەوەی بەر لە

سەرچاوە

شوێن بۆ گفتوگۆ، زنجیرە کتێبێکە، کە لەگەڵ کتێبخانەیەکی بچووک بڵاو کراونەتەوە، دە گفتوگۆ و دیدار لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەند و نووسەرە دیارەکانی سوێد سەبارەت بە هونەر و کلتوور، لەخۆدەگرێت. ٢٠١١ ستۆکهۆڵم.

پەراوێزەکان

١ – دوو دیوانە شیعری سەرەتاکانی ژیانی ئەدەبی لاش نۆرێن: (شیزز) لە ساڵی ١٩٦٥ و (بێهەستی) لە ساڵی ١٩٦٨دا، لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی بۆنیەرەوە، بڵاو کراونەتەوە.

٢- فرێدریش هوێلدێرلین لە مانگی سێی ساڵی ١٧٧٠ لە دایک بووە و لە مانگی شەشی ساڵی ١٨٤٣دا کۆچی دوایی کردووە؛ نووسەر و وەرگێڕێکی ئەڵمانییە و بە یەکێک لە نووسەرە ڕۆمانسییە گەورەکانی ئەڵمانیا دادەنرێت.

٢- ئارتور ڕامبۆ لە ساڵی ١٨٥٩ لە فەڕەنسا لە دایک بووە و لە ساڵی ١٨٩١دا لە شاری مارسێل، کۆچی دوایی کردووە و بە یەکێک لە گرینگترین شاعیرە مۆدێرنەکانی دونیا دادەنرێت. ڕامبۆ لەنێوان ساڵانی ١٨٧٠-١٨٧٥دا کۆمەڵێک شیعر، پرۆسە و هەندێک نامەی نووسیوە و دواتر وازی لە نووسین هێناوە.

٣- لاش نۆرێن لەم چەند ساڵەی دواییدا، وەک ڕیژیسۆرێکی بەتواناش دەرکەوتووە و چەندین نەمایشی ناوازە و بەرزی پێشکەش بە ڕەوتی شانۆی سوێدی کردووە، یەکێک لە پرۆژە بەرزەکانیشی لە بواری ڕیژی شانۆییدا، سێینە بەناوبانگەکەی ئێسخلیۆس (ئۆرێستێیا)یە، کە لێرەدا ئاماژەی بۆ دەکات. وەک خۆی دەڵێت، هەموو نەمایشەکەی لە پانتاییەکی بۆشدا نەمایش کرد و هەموو سینۆگرافیاکەی بریتی بوو لەو بەفرەی بە درێژایی دوو کاتژمێر، بەبێ وەستان دەباری.

٤- ئاماژەیە بۆ هەندێک لە دەقە درێژەکانی نۆرێن، کە لەسەرەتای ژیانی هونەریدا نووسیونی.

٥- ئۆسیپ مەندێلستەم لە ساڵی ١٨٩١ لە وارشۆ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٣٨دا لە یەکێک لە ئۆردوگا زۆرە ملەییەکانی نازییەکاندا کۆچی داویی کردووە. مەندێلستەم شاعیرێکی ڕووسی بە نەژاد جوولەکە بووە.

٦- نیلی ساکس ژنە نووسەر و شاعیرێکی جوولەکەی ئەڵمانی بووە، لە ساڵی ١٨٩١ لە بەرلین لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٧٠ لە ستۆکهۆڵم کۆچی کردووە. ساکس لە ساڵی ١٩٦٦دا پاداشتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرتووە.

٧- (مەخلوقە یەک ڕۆژییەکان) و (ئاوی وەستاو) دوو دەقی شانۆیی تری نۆرێنن. دلاوەر قەرەداغی شانۆنامەی (ئاوی وەستاو)ی کردووە بە کوردی و لە زنجیرەی شانۆی بیانی ژمارە ٤٧ دا لە دەزگای ئاراس بڵاو کراوەتەوە.

٨- دەقە تەرمیناڵەکان ئەزموونێکی نوێی نۆرێنە و تا ئێستا بیست و سێ دانەی لە بەرگێکدا بڵاو

کراوەتەوە. دانا رەئووف هەندێکی لەم دەقە تەرمیناڵیانە کردووە بە کوردی و لە زنجیرەی شانۆی بیانی ژمارە ٥٧دا لە دەزگای ئاراس بڵاو کراوەتەوە.

٩- ڕاینەر وارنەر فاسبیندەر لە ساڵی ١٩٤٥ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٨٢دا کۆچی داویی کردووە. فاسبیندەر ڕیژیسۆرێکی گرینگی سینەمای ئەڵمانییە و یەکێکە لەو ڕیژیسۆرانەی لە حەفتاکاندا تەوژمە نوێیەکانی سینەمای ئەڵمانی خوڵقاند.

١٠- مارتین بووبەر ١٨٧٨-١٩٦٥ فەیلەسوف و نووسەر و پرۆفیسۆرێکی نەمساوییە و بەرەگەز جوولەکە بووە، بە زمانی ئەڵمانی دەینووسی و یەکێک لە گرینگترین کتێبەکانی: (من و تۆ)یە، کە لە ساڵی ١٩٢٣دا بڵاوی کردۆتەوە.

١١- مارییە ویسواوا ئاننا شیمبۆرسکە ژنە شاعیرێکی گەورەی پۆڵۆنییە و لە ساڵی ١٩٢٣ لە پۆڵۆنیا لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٩٦دا پاداشتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرتووە.

١٢- نۆرێن لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٩-٢٠١٢ بەرپرس و ڕێبەری هونەری (شانۆی گەل) دەبێت لە شاری یۆتۆبۆری.

١٣- هێنری مشواخ لە ساڵی ١٨٩٩ لە بەلجیکا لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٨٤دا لە پاریس کۆچی دوایی کردووە. پرۆسە و شیعری بە زمانی فەڕەنسی نووسیوە، هاوکات وێنەکێش بووە و هەوڵی نووسینی ڕۆمانیشی داوە.

١٤- ت. س ئێلوێت لە ساڵی ١٨٨٨ لە ئەمەریکا لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٦٥ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە؛ یەکێکە لە شاعیر و نووسەر و شانۆنامەنووسە گەورە مۆدێرنەکانی ئەدەبی جیهانی. ئێلوێت لە ساڵی ١٩٤٨دا پاداشتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرتووە.

١٥- کەمیلە کلاودێل لە ساڵی ١٨٦٤ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٤٣ کۆچی دوایی کردووە، هونەرمەند و پەیکەرسازێکی فەڕەنسی بووە.

١٦- میکائیل هێنکێل نووسەرێکی ئەڵمانییە.

١٧- فرێدریش شوێلدەرین لە ساڵی ١٧٧٠ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٨٤٣دا کۆچی داویی کردووە. شاعیرێکی گەورەی ڕۆمانسی ئەڵمانی بووە، نووسەر و وەرگێربووە و بە یەکێک لە ڕۆمانسیە گەورەکانی ئەڵمان دادەنرێت.

١٨- پاول ئێلوراد لە ساڵی ١٨٩٥ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٥٢ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە. شاعیرێکی فەڕەنسی بووە و یەکێک بووە لە دادایزم و سوریالیزمەکانی فەڕەنسا.

١٩- گوننار ئێکێلۆف یەکێکە لە شاعیرە هەرە گەورەکانی سوێد و دەستێکی باڵای لە تازەکردنەوەی شیعر و زمانی سوێدیدا هەبووە. ئێکێلۆف لە ساڵی ١٩٠٧ لە ستۆکهۆڵم لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٦٨ هەر لە ستۆکهۆڵم کۆچی دوایی کردووە. بەشێک لە بەرهەمەکانی لە لایەن رزگار شێخانی-ەوە کراون بە کوردی و لە کوردستان و سوێدیش بڵاو کراونەتەوە.

١٩- توماس ترانسترۆمەر لە ساڵی ١٩٣١ لە ستۆکهۆڵم لە دایک بووە و لە ساڵی ٢٠١١دا پاداشتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرتووە و لە ساڵی

٢٠١٥دا کۆچی دوایی کردووە. یەکێکە لە پایەکانی ئەدەبی سویدی و بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زیاتر لە شەست زمان. رزگار شێخانی هەڵبژاردەیەکی لە شیعرەکانی کردووە بە کوردی و لە دوو توێی کتێبێکدا بڵاوی کردۆتەوە.

٢٠- سکانسن باخچەیەکی گەورەیە، چەندین مۆزەخانە و باخچەی ئاژەڵان و شوێنی یاری شانۆ و ریستۆرانت... هتد دەگرێتەخۆ، دەکەوێتە ناوەڕاستی شاری ستۆکهۆڵمەوە و ساڵانە بە هەزارەها کەس سەردانی دەکەن. ئەم باخچە گەورەیە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٨٩١ کراوەتەوە.


٢١- تۆمی بێریگرێن ئەکتەر و ریژیسۆرێکی ناوداری سویدییە و سەر بە ڕێباز و قوتابخانە کۆن و تەقلیدییەکەی شانۆیە، بێگومان ئەم دوو هونەرمەندە لەگەڵ یەک ڕێک ناکەون و دوو کەسی دژ بەیەک و جیاوازن و هەندێک جار بە ئاشکرا لە رۆژنامەکاندا هێرش دەکەنە سەر یەکتری.


٢٢- خەندە ژێرزەمینییەکە، یەکێکە لە دەقە بەراییەکانی نۆرێن، لە سالی ١٩٨٢، کە شانۆی (ئونگە کلارا) ئەم دەقە بەسەرکەوتنێکی گەورەوە نەمایش دەکات، ئێتییانا گلاسەیر رۆڵی تیا دەبینێت.

٢٣- جۆرێکە لە چارەسەرکردنی سیکۆلۆژی، کە لێرەدا نۆرێن ئاماژەی بۆ دەکات و بەردەوام سەردانی پسپۆری دەروونناسی کردووە بۆ چارەسەرکردن و زاڵ بوون بەسەر گرفتە دەروونییەکانیدا.

٢٤- تەرمیناڵی ژمارە سێیە، کە داناڕەئووف کردوویەتی بە کوردی و لە ژمارە ٥٧ی زنجیرەی شانۆی بیانی دەزگای ئاراس، لە ساڵی ٢٠١١ بڵاو کراوەتەوە.

## وتوویژێك لەگەڵ پیتەر برۆك





# ئەزمونەکان لە ئەفەریکا

**سازکردنی لەلایەن : مارگریت کرۆیدن**

**وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە : فاروق هۆمەر**

لە ساڵی ١٩٧٢ دا پیتەر برۆک، گروپەکەی خۆی کە لە کۆمەڵێک ئەکتەر و دیزاینەر و مۆسیکار و ئەو نوسەرانەش کە وابەستەبوون بە کارەکانییەوە لە مەڵبەند ڕێکخست . ئەو کاتێک لە ئێران گەڕابۆوە زۆر ئاسودە بوو بەو کارەی کە لە وولاتە بێگانەکان بە ئەنجامی گەیاندبوو . نواندن بۆ بێگانان ئەوەندەی کاریگەری لا خولقاندبوو کە شتێکی دەربارەی شانۆ و پەیوەندی بە بینەرەوە تیا هەڵێنجابوو .

ئەوە بوو لە دوایین مانگی ساڵی ١٩٧٢ دا بوو خودی خۆی و ئەندامەکانی کۆمەڵەکەی گەشتێکی بوێرانەیان ڕێکخست کە بە یەکێک لە سەرنجراکێشترین ئەو گەشتانە دەژمێرێن کە تا ئیستا هەر ناوەندێک لە دونیادا بە ئەنجامی گەیاندبن .

ئەو بڕیاری دابوو لەگەڵ گروپەکەی بۆ سێ مانگ و نیو بەرەو ئەفەریکا بکەوێتە ڕێ و لەوێ بۆ ئەفەریکییەکان نەمایش بکات و لە ڕیتواڵ و کلتووریان بکۆڵێتەوە، بەو ئومێدەشەوە بە تێگەیشتنێکی دی لەوەی کە شانۆ چییە و دەکرێ چی بێ لەگەڵ خۆی بهێنێتەوە . لەگەڵ ئەوەشا سەرقاڵی ئەوەبوو لە ئیشێکی نوێشدا کار بکات . کۆنفرانسی باڵندەکان، کە لەگەڵ تێد هیوز لە ئێران پێکەوە بیروڕایان لەسەری گۆڕیبۆوە .

" ئەگەر چی تێد، لەناو ئەو کەسانەدا نەبوو کە لەگەڵیان دەچوو بۆ ئەفەریکا " . سەرباری دژواری، بە دڵنیاییەوە ئەو گەشتە سەرنجراکێشترین و ناوازەترین پرۆژەیێکە کە تا ئیستا لەلایەن هەر دەرهێنەرێکی شانۆییەوە پرکێشی بۆ کرا بێت . رووکردنە ئەفەریکا بە هیچ جۆرێک گەشتێکی ئاسایی نییە . لەوێ هیچ ئوتێلێکی شایستە و چێشتخانەیێکی ئاسایی لێ نییە، خاوەنی هیچ ڕێرەوێکی ئەوتۆی نییە کە گەشتیاران بۆیان بکرێ پەیرەوی لێ بکەن و هیچ جۆرە حەوانەوە و سازگارییەکی ڕۆژئاواییانەشی لێ نییە . بەپێی ئەوانەی لەوەوبەر راپۆرتیان دەربارەی ئەو گەشتانە دابوو بارودۆخی ژیان لەوێ مانەوەیە لە ناو کامپەکان دا، چێشت لێنان لە دەمی دەرگا و نانخواردن لە دەوروپشتی ئاگر و خەوتن لەناو دەوار، بە هیچ جۆرێکیش ئاودەستی لێ نییە . بە گوێرەی گێرانەوەکانی نووسەر جان هێلپرن، کە بۆ خۆی یەکێک بووە لە ئەندامانی گروهەکە و کتێبێکی دەربارەی ئەو ئەزموونەی خۆی نووسیوە . کۆنفراسی باڵندەکان، ئەو چیرۆکەی پیتەر برۆک لە ئەفەریکا . بۆ خۆی سەرکێشییەکی مەزن بوو .

" خواردن و کەلوپەلی خۆراک نزیکەی بە دوو تەن و نیو مەزەندە دەکرا، هەروەها لەوبارەیەوە دەنووسێ و دەڵێ؛ نزیکەی ٢٠٠ گالۆن ئاومان لەگەڵ خۆمان هەڵگرتبوو و لەگەڵ ٧٠٠ گالۆن سووتەمەنی . هەشت هەزار دانە چای سەفەری، قاپ و سوزگی میوە و تاوە و دەستکێش و تایت و دوانزە کارتۆنی دەستەسڕ و چوار کلیلی قوتوو هەڵپچرین . چەقۆ و چەتاڵ و کەوچک و مەنجەڵ و چل پەرداخ و گەلێک شتی دیش کە لێرەدا دژوارە هەموویان ریز بکرێن . یانزە ئەکتەر لەناو گروپەکەدابوون، هەروەها وێنەگر ماری ئێلین مارکیشیان لەگەڵ بوو و پزیشکێک، چێشتلێنەرێک، بەرێوبەرێکی شانۆ، دوو چاودێر و ژمارەیێکی زۆریش یاریدەدەرانی شانۆ . تێچووی ئەو گەشتە کە سێ مانگ و نیوی خایاند وەکو جان هێلپرن، دەڵێ؛ شەست هەزار دۆلار بوو . شوێن و جێگەی سەرەتاکانی ئەزموونەکە لەناو بیابانەکان دا بوو .

زۆرینەی ئەوانەی لە شانۆدا بوون پێیان وابوو ئەو پرۆژەیە جۆرێکە لە شێتبوون و هیچ گومانێکی تیا نییە کە پیتەر برۆک شێتی سەری لێداوە . ئەوانەی کە لە هۆکارەکانی ئەو سەرکێشییەی برۆک تێدەگەیشتن زۆر کەم بوون . هەرچۆنێک بێ، گەڕۆکەکان لەپێناوی زانست یان ئەنسرۆپۆلۆژیا یاوەخوود گەڕان لەدووی هەندێک مەسەلەی تایبەت ڕووەو ئەفەریکا دەکەوتنە ڕێ . کەسێک

نەیدەزانی برۆک چی دەوێت یان لەدووی چی وێڵە . بەڵام دیاربوو بۆ خۆی دەیزانی .

کاتێک برۆک لەو گەشتەی گەڕایەوە، وەکو دەگوترا سەخترین و تاقەتپڕوکێنترین گەشتێک بووە بۆ ئەوانەی کە بەشێکن بوون لێی . من لە پاریس چاوپێکەوتنێکم لەگەڵی سازدا . ئەو بە ساخ و سەلامەتی گەڕابۆوە، پڕبوو لە گووتن، پڕ بوو لە ووزە و توانا و لەسەر پێ و ئامادەبوو بۆ کارکردن .

سەرەتا " تەیمونی ئەسینی " لەساڵی ١٩٧٤ دا نەمایش کرد، لەسەر شانۆی بۆفیس دی نۆرد، ساڵێکیش دوای ئەوە، شانۆی" ئای کەی " لە پاریس دەرهێنا و دواتر دەستی کرد بە مەشقی ڕاگوزەری لە کۆنفراسی باڵندەکان دا و سەرباری هەموو ئەوەش " ئۆبۆی پاشا " ی ئەلفرێد جاری هاویشتە سەر کارەکانی خۆی . هەر لە ساڵی ١٩٨٠ دا هەر سێ ئەو کارەی لە نیویۆرک نەمایش کردنەوە .

بەڵام ئەو گەشتەی ئەفەریکا بۆ ئەو چی دەگەیێنێت ؟ چۆن کاریگەری لەسەر بەرهەم و کارەکانی جێهێشت ؟ لە هەموو ئەوانەش بەبایەختر بۆچی هەر لەسەرەتاوە ڕووی لە ئەفەریکا کرد ؟

**مارگرێت کرۆیدن** : دەربارەی ئەفەریکا، من هەندێک وێنەی گەشتەکەم تەماشا کردن . من هیچ ئەندێشەیێکم نەبوو لەوەی کە بەو جۆرە

دژوار دەبێت و بەو جۆرەش ئەو هەموو هەوارنشینییەی تێدەکەوێت . ئایا بەدەستی ئەنقەست ئاواتان ڕێکخست بوو ؟

**پیتەر برۆك** : ئەرێ، بارودۆخ لە ئەفەریکا بۆ خۆی ئەوەی سەپاند کە زۆر لەوەی لە ئێران ڕووی دابوو دژوارتر بێت . ئەوە ئەو کارە بوو

کە دەبووا ناوەند بەرەو ڕووی بێتەوە . هەر ساڵێک ئێمە ئەرکێکی گەورەمان لەسەر شانە . لە ساڵی یەکەم دا ئەو

ئەرکە گرنگە هەموو کارەکانی ئێمەی لە ئێران کۆکردەوە . ئەوەمان وا هەڵبژارد کە وابەستەبوونێک بێت لەگەڵ جۆرێک لە

کاری ورد و تایبەت، لەگەڵ هەندێک دابونەریت و ژینگەیەکی دیاریکراو و ئەو کاریگەرییەش کە لەسەر ئێمە و کاری

گروپەکەمانی جێ دەهێڵیت . لەو گەشتەی بەرەو ئەفەریکا ئەو پرۆسەیەمان وردتر کردەوە و پێکەوە ژیانمان کردە بەشێکی

گەورە لە ڕاهێنانەکانمان .

**مارگرێت کرۆیدن** : بۆچی پێکەوە ژیان، هێندە بەلای ئێوەوە شوێنی بایەخ بوو ؟

**پیتەر برۆک** : هەمووان هەستیان بەوە کردبوو کە هەندێک ڕاهێنان هەن زۆر پێویستن بۆ پەروەردەکردنی گروپێک لە ئەکتەر . بەڵام ئەو

ئەکتەرانەی دەڕۆنە ناو کارێکی لەوجۆرەوە بەبێ ئەوەی شتێک لە ئارادا بێت، وەکو گروپێک ڕێکیان بخات، ئەو ئەرکە

هەرگیز ڕوو نادات . بۆ ئەوەی وەکو گروپێک شێوە وەربگرن و پەروەردە بن، ئەوا دەبێت بەناو کاروپرۆسەییێکی زۆر وورد

داڕێژراودا تێپەڕن . من بڕوام وایە ئەو مەشقانەی کە لە ژوورێکا ڕوودەدەن، ئەو مەشقانەی کە تەنیا بۆ دەنگ یان بۆ

جەستەن، یاوەخوود لەڕێی مەشقی ڕاگوزەرییەوە ئەنجام دەدرێن هەموو شتێک نین و پڕن لە کەموکوڕی . گەلێک مەشق و

ڕاهێنانی پڕ بایەخی دی هەن بۆ پێشخستنی گروپێک کە هەر بە تەنیا و سەد دەر سەد لەناو بارودۆخێکی تایبەت دا

دەخولقێن . ئیدی بۆ گەمە و نەمایش و فێربوونی گروپێک لەبارەی سروشتی شانۆوە، ئەو مەشق و ڕاهێنانەی کە هەر

هەموویان پێکەوە بەناو بارودۆخێکی سەخت و دژواردا تێدەپەڕن، بەشێکی هەقیقی و لێکدانەبڕاوە لە گەشەسەندنی هونەری .

ئەو دووانە لێکدانەبڕاون؛ ئیدی بەو جۆرەی من دەڵێم ئەو هەنگاوەی ئێمە لەم چرکەساتەی ئێستادا

گرتومانەتە بەر،

ئەزمونێک لە دەرەوەی ژووری پرۆڤە، هەنگاوێکە ڕووەو مەشق و ڕاهێنانێکی بنەرەتی و دامەزرێنەرانە .

**مارگرێت کرۆیدن** : تۆ مەبەستت لەوەیە ئەو شێوازی ژیانە پێکەوەییەی ناو ئۆردوگاکان و ئەو خواردن ئامادەکردنانە هەر هەموویان تێکڕا

گرنگن وەک نەمایشێکی بنەڕەتی .

**پیتەر برۆک**: بەڵێ بۆ ئاستێکی دوورتر، بەتایبەتی لەبەرئەوەی زۆر دژوارە . دەبینی هیچ شتێک لەوە گرانتر نییە کە پێکەوە بژین .

گەلێک کۆمەڵ و دەستە لەبەریەک هەڵدەوەشێنەوە لەبەرئەوەی ئەوانە شوێن ئەو خەونە دەکەون پێیان وایە هەر تەنیا بەوەندەی خۆیان بیانەوێ و ئارەزووی بکەن، ئەوا هەموویان دەتوانن پێکەوە بژین . لە ڕاستیا ئەوە بە جۆرێکی دییە، هیچ

دوور نییە بۆ گروپێک لە خەڵک بۆ ئەوەی فێری ئەوە بن چۆن بۆیان بکرێ زۆر بە قووڵی پێکەوە بژین، ئەگەر چی بۆ

ڕۆژگارێکی زۆر کورتیش بووە، هەموو ژیانیان لێبخوازێ . ئەوجا دەبێت بۆ شوێنکەوتن و نزیکبوونەوە لە پێکەوە ژیان،

هەنگاو لە دوای هەنگاو بێت . ئەوە یەکەمین

جاریان بوو ئەو گروپە ڕۆژگارێک بەدرێژایی شەووڕۆژ ئەگەر چی بۆ ماوەی سێ

مانگیش بێت پێکەوە بگوزەرێنن . هیچ گومانی تیا نییە، ئەو هەنگاوە کتوپڕ لەو بارودۆخە ئەندێشاوییە نزیکمان ناخاتەوە

بەوەی هەموو شتێک لە زەمینەیەکی خۆشەویستی و تێگەیشتنێکی برایانەدا ڕوو بدات . تەواو بەپێچەوانەوە، ئەو گروپە

دژوارترن گرفتیان هەبوو لە ئاست ئەوەی پێکەوە بژین، هەر ئەو دژوارییەش بوو کە وای کرد ئەو مەشق و ڕاهێنانە

چاک و پڕ بایەخ و شوێنی سەرسوڕمان بێت . من بۆم دەرکەوت، هەموو مەشق و ڕاهێنانە باشەکان دژوارن .

**مارگرێت کرۆیدن**: ئەوە چۆن لەسەر ئەو نەمایشە بنەرەتیانە ڕەنگیان دایەوە ؟ ئایا کاریگەری هەبوو ؟

**پیتەر برۆك** : پێموایە دەبێت . هیچ مەشق و ڕاهێنانێک لە دونیادا بوونی نییە کتوپڕ و لە خۆڕا پاداشتت پێ بداتەوە . هەر ڕاهێنانێک

بۆ ژەنینی پیانۆ ئەوەیە کە دەبێت بەردەوام و لە یەکبینە بۆ ماوەییەکی دوور و درێژ سەرقاڵی ڕاهێنان بیت، تاوەکو

ئەوەندەی بۆتبکرێ پەنجەت بە ئاسانی لە شتێک ڕابێت . هەر بە هەمان شێوەش، بۆ ئەکتەر و بۆ هەموو ئێمە و مانانیش

کە بە هەمان ئەزموونی پڕ لە جووڵە و ماندووبوونا تێدەپەڕین، ئەو توانا و ئەگەرەی بەرانبەر تێگەیشتن لامان پەرە

دەسەنێت لەهەمان سەرچاوەوە دێنە دەرێ . دژوارترین گرفت و ئاستەنگەکان بۆ هەر گروپێک چوونە بنجوبناوان تێگەیشتنی زۆر ئاسانە – بەجارێک و لە هەمان کاتیشا ئەوەیە کە سەرچاوەکان چین . بۆ گروپێکی نێو دەوڵەتی، کە لە خەڵکانێک پێکهاتوون هەر یەکەیان لە گۆشە جیاوازەکانی ئێرە و ئەوێی جیهانەوە ڕوویان تێکردووە و هەر

کەسەیان منداڵی و زەمینەییەکی تەواو جیاواز و و لێکنەچوویان لەگەڵ خۆیان هێناوە، هەر یەکەیان بە جیاوازی

ئاست و توانای هونەری و ژینگەی شانۆیی خۆیانەوە هاتوون، ژیان و هەناسەدانی ئەو گروپە و ژیانی پێکەوە کارکردنیان لەو ڕۆژەوە دەستپێدەکات کە ئەو خەڵکانە پێکەوە کۆدەبنەوە و پێکەوە کار دەکەن . هەر لەو

چرکەساتەشەوە مێژووی ئێمە دەستپێدەکات .

**مارگرێت کرۆیدن** : بەڵام ئەو سەرچاوانە لەگەڵ ئەو خەڵکانەی کە هەر یەک لێرە و لەوێی دونیاوە هاتوون شێوان بەخۆیانەوە نابینن ؟

**پیتەر برۆك** : ئەو گروپە بۆ ئەوەی بۆیان بکرێ بابەتێک پەراوە بکەن، ئەوا دەبێت وەکو گشتێک بناسرێنەوە، ئەو بابەتە بەهیچ جۆرێک

ناکرێ پشت بە هەندێک لە ئەزموونی پێشینەی تاکە کەسی ببەستێت، بەڵکو لەڕێی ئەو ئەزموونەوە کە هەر یەکێک لەوان

پێکەوە بەناوی دا تێپەڕیوون .

**مارگرێت کرۆیدن** : تۆ ئەتەوێت بڵێی من وا بیردەکەمەوە کە ئەو شێوازی ژیانی پێکەوەییە پێویست بێ بۆ ئەوەی ئەزموونێکی هاوبەش بخوڵقێت ؟

**پیتەر برۆك** : لەوەوبەر گەلێک ئەزموونی دی هەبووە، بەڵام ئەوەیان گەشتێکی تێروپڕ و کۆتایی پێهێنەر بووە . بەپێی هەموو ئەو

شێوازانەی کە لەوەوبەر بەری کەوتبووین تا ئەم دەمە لەوجۆرەمان ئەزموون نەکردبوو . ئیدی ئەوجا و کاتێک ڕوواوڕووی

ئەو بارودۆخە سەرنجڕاکێش و دراماتیکییە بووینەوە و لەناو ئەو بەرکەوتن و تیاژیانەدا، دەڵێین؛ توندوتیژ و پڕ

بەخشش بوو، پەیوەندییەکی تەواو توندوتۆڵیان هەبوو بە هەموو ئەو شتانەوە کە ئەو ڕۆژە لەناو جەرگەی ئەفەریکادا ڕوویان دا . بەوجۆرە ئەو گروپە مێژووی کەسێتی خۆی

پەرەپێداوە و لە کۆتایش دا بابەتە تایبەتەکانی خۆشی .

**مارگرێت کرۆیدن** : ئێوە ئەفەریکاتان بە هۆکارێکی تایبەت هەڵبژارد ؟ لەبەرئەوەی لەچاو وولاتەکانی دی دا گەلێک دژوارترە ؟

**پیتەر برۆك** : نەخێر، من ئەفەریکام بە گەلێک هۆکاری تەواو لەوە جیاوازتر هەڵبژارد . ئەو کارەی ئێمە پێوەی سەرقاڵین پەیوەندی بە

بینەرەوە هەیە . ئێمە بڕوامان بەوە هەیە هیچ کارێکی شانۆیی بوونی نییە بێجگە لەو پەیوەندییەی کە لەڕێی ئەو

خەڵکەوە هەیەتی کە تەماشای دەکات، بەوەی چاودێر هاوبەشی کارە . لەبەرئەوە ئیدی پەیوەندی بە چاودێرەوە

مەسەلەیەکە دەبێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و هەستی پێبکرێت و فێری بین . هەر لەبەرئەوەش پێویستت بەوە دەبێت

ڕاهێنانی لەسەر بکەین . ناچار دەبێت لەگەڵ چاودێرێکی باش دا ڕاهێنانی لەسەر بکەیت . ئێمە پێمان وابوو لە ئەفەریکا

چاودێری زۆر تایبەتمان هەبێت . پێمان وابوو لە ئەفەریکا بۆمان دەلوێ ئەوە پەیدا بکەین و لە گوندەکان ئەوە پەیدا

دەکەین، خەڵکانێک کە هەرگیز لەوەوبەر شانۆیان نەدیوە . ئەوانەی کە لەڕاستیا هەرگیز خەڵکیان نەدیوە نواندن بکەن .

**مارگریت کرۆیدن** : ئەوە چی لێهاتە دەرێ ؟ ئەوان لەوە تێگەیشتن کە ئێوە سەرقاڵی چین ؟

**پیتەر برۆك** : بڕوا دەکەیت ئەوان لە زمانی ڕواڵەتبازیش نەدەگەیشتن . هەر هەمووی لە سفرەوە دەستی پێدەکرد . ئەوان لە ئەزموونی

سروشتی خۆیان دا هیچ شتێکیان لەوجۆرە نەدیبوو، تەنانەت لە ئاهەنگەکانی خۆشیان دا . بەوجۆرە ئێمە لەگەڵ شتێکا

دەستەوئێخە دەبووینەوە کە بەتەواوی دەستلێنەدراوبوو و بارودۆخێکی سەرنجڕاکێش بوو . هەرچۆنێ بوو، تۆ دەتوانی ئەوە

لە گەلێک شوێنی جیهاندا بدۆزیتەوە . گەلێک شوێن هەن تۆ دەتوانی ڕووی لێ بکەیت، لە وڵاتانێک، خەڵکانێک

بدۆزیتەوە کە بە هیچ جۆرێک بەر شانۆ نەکەوتوون .

**مارگریت کرۆیدن** : کەوابوو چی ناوازە بوو لە ئەفەریکا ؟

**پیتەر برۆك** : ژیانی ئەفەریکانە لەگەڵ ئەو پاشخانە دەوڵەمەندەی خۆی کە تا ڕادەیێکی باڵا نەشونمای کردووە و دابونەریتێکی

تێکچرژاوی هەیە . دابونەریتی ژیانی ئەفەریکی یەکێکە لەو دابونەریتانەی کە ئەندێشە و خەیاڵ ڕۆڵێکی باڵا و تێروپڕی

تیا دەگێڕێت . کە دەبێت بڵێم دەروازەیێکە لە نێوانی دوو جیهان دا، جیهانێکی کۆنکرێتی و جیهانێکی ڕواڵەتبازی و هاتووچۆ

لەو نێوانەدا ( کە هەموو شێوازەکانی شانۆ لێرەوە سەرچاوەیان گرتووە ) ئەو پێکەوە ژیانە لە نێوان جیهانی بینراو و نەبینراودا نەشنومای کردووە و بەرجەستە بووە و لە ئەفەریکا گەشەی کردووە . لەبەردەم بینەرێک گەمە دەکەیت کە بەهیچ جۆرێک بەر شێوازەکانی مێژووی شانۆ نەکەوتووە و پێشی کاریگەر نەبووە، بەڵام تا دواڕادە ئامادەیە کە بینەرێکی شانۆیی

بێت . لەڕاستیا ئەو شێوازە بە گشتی سروشتییە بۆ ئەوان .

**مارگریت کرۆیدن** : بەڵام بۆچی وڵاتانێکی بێگانە بۆ تاقیکردنەوەی شانۆییەکانت ؟ سەرەتا ئێران و دواتر ئەفەریکا ؟ ئایا هەمان شتت

لە ڕۆژئاوا بۆ پەیدا نەدەکرا .

**پیتەر برۆك** : سروشتی ئەزموونەکانی ناوەندی ئێمە پاپەندە بە گەڕان بۆ ئێرە و ئەوێی جیهان . بۆ ئەوەی ئەوەش ڕووبدات، من دەمەوێت

بابەتێکی کارم لەبەردەست بێت، شتێک کە بتوانین گەشەی پێبدەین و بۆی بکرێت چاودێتی هەموو ئەو

کارانەی ئێمە بێت، بەشێک بێت لەو نەمایشانەی کەسێک بتوانێت تەماشای ئەو تەکنیکە بکات لێی کۆڵراوەتەوە و کاری بۆ کراوە، یاوەخوود ئەو شوێنەی دەروازەی لەسەر والاکراوە . بابەتێکمان لە کارێکی شانۆیی ویستووە ڕەنگدانەوەی ئەو ئەزموونەمان بێ کە چووە

بۆ ئێران، بۆ نموونە ئەزموونەکانمان لە ئێران، ئەزموونەکانمان لە ئەفەریکا . ئەوەمان لێخواستووە کە بڕواتەوە ناو هەمان

ئەو کارە . ئەو کارەی ویستوومانە لە هەموو کاتەکان دا بە هێواشی پەرەی پێبدەین، ئەو کارەی ئێران و ئەو کارەی

کۆنفراسی باڵندەکان بووە . هەر هەموو کاتەکان دەگەڕێینەوە سەر ئەو پارچانە کە پلە پلە و بە هێواشی هەڵچنراوە و بە

هێواشیش گۆڕانکاری بەسەر هاتووە و بەوجۆرە نەشنومای کردووە و لە تێپەڕینمان بەناوی دا چربۆتەوە و گەیشتۆتە کۆتایی

خۆی . تێپەڕین بەناو ئەو هەموو ئەزموونانەدا سێ ساڵی لە ئێمە خواستووە، بەڵام دەتوانین جارێکی دی لە ماوەی دوو

کاتژمێرا بیگێڕینەوە . کۆنفراسی باڵندەکانیش بۆ خۆی هەر ئەوە بووە . لە ئەفەریکا، جار جارێک بەشێکمان لێ یاری

کردووە، بەڵام بە گشتی کاری ئێمە لەوێ بە چروپڕی مەشقی ڕاگوزەری بووە .

**مارگرێت کرۆیدن** : ئەگەر ئێوە کۆنفراسی باڵندەکانتان لە مێشکا بوو بۆچی ئەوەتان هەڵبژارد بۆ مەشقی ڕاگوزەری، لە جێی ئەوەی

ڕاستەوخۆ نەمایشی بکەیت ؟

**پیتەر برۆک** : لەوەدا کە هیچ شتێکمان نەبوو ئامادەکراو بێت، هێزی ئەزموون بۆ خۆی سەراپا بەناو لێوارەکانی مەترسی دا تێدەپەڕی .

هەندێکجار لەو ڕۆژەدا نەخشەمان دادەنا بۆ ئەوەی چی بکەین، هەندێکجاریش بە پێچەوانەوە ڕوومان دەکردە گوندەکان بەبێ

ئەوەی هیچ ئەندێشەییەکمان هەبێت بۆ ئەوەی لەگەڵ چی دا مامەڵە بکەین و لە کوێوە دەستپێبکەین، بە گۆرانی، بە جووڵە،

یاوەخوود بە مەشقی ڕاگوزەری . بە شێوەییەکی هەمیشەیش ئەو هەنگاوە پڕ لە مەترسییانە بۆ خۆی ئەنجامێکی زۆر باشیان

لێدەهاتە دەر، لەبەرئەوەی وای لە کاری شانۆ دروستکردنەکە دەکرد بە هەقیقی ببێتە دایەلۆگ .. ببێتە گفتوگۆ .

**مارگرێت کرۆیدن** : ئەو جۆرە ئەزموونە لە دواجاردا چۆن بەرەو نەمایش دەگۆڕان ؟ لە گوندەکان کتومت چیتان دەکرد ؟

پیتەر برۆک : بەوە دەستی پێدەکرد ئەکتەرەکان بە شێوەی بازنەییێک لەسەر فەرشێک دادەنیشتن، کە لەگەڵ خۆمان بۆ هەر شوێنێک

دەچووین دەمانبرد، لەگەڵ دوو سەد کەسێک کە لە دەوروخولیان کۆدەبوونەوە . لە ئەفەریکا هەڵپە نییە، پێویستت بەوە

نییە دەست بە هیچ شتێک بکەیت و دەست بە شتێکەوە بگریت . هەر لە خۆوە و هێواش هێواش کەسێک دەجووڵێتەوە، یەکێک

لە ئەکتەرەکان لەسەر فەرشەکە دەستدەکات بە ڕۆیشتن . ئیدی هەر بە تەنیا ئەو جووڵەی ڕۆیشتنە لەسەر فەرشەکە وا لە

کەسی دووهەم دەکات ئەویش لەلای خۆیەوە دەست بکات بە ڕێ و ڕۆیشتن . ئەوەش دوور نییە لە دووی خۆی کاردانەوەییێک

لە لای بینەرانەوە بە شوێن خۆیا بهێنیت، ڕەنگە پێکەنینێک یاوەخوود هەر بەدوودا ڕاکێشانێکی دی بێت . هەر لەو

دەمەوە کاردانەوەی یەکەم ڕوو دەدا، ئەوجا بە شێنەیی هەموو توخمەکانی دی بەرەو گەشەکردن دەڕۆن کە هەمیشە شێوازی

نوێ وەردەگرێت . تەنانەت شتەکان بە جۆرێک گەیشتوونەتە کۆتایی و شوێنی خۆیان، تەواو بەرلەوەی بە ڕێگاییێکی جیاواز

و بە شێوازییێکی جیاواز و بە خوازیارییێکی جیاواز بکەونە ڕوو . هەندێکی زۆر لە داهێنان لەوێدا ڕوودەدەن و بەدرێژایی

هەموو کاتەکانیش وەڵام لای بینەر هەیە . نەمایشێکی دی کە تا بڵێی هێمن و ناسک و وەڵامدەرەوە بەو شوێنەی کە

هەوارمان لێخستووە . هەر نەمایشێکیش کە دروستبووە و هاتۆتە بوون تایبەت بووە بەو بۆنەیە و بەو خەڵکەی

لەوێدابوون، ئەوجا هەر وەکو ئەوەی شانۆ دەبێ وا بێت، کاتێک تەواو بووە بەبێ ئەوەی شوێنەوارێکیان لێ بەجێ بمێنێ

ونبوون .

**مارگرێت کرۆیدن** : خەڵکان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ کردن، بێگانەییێک هاتۆتە نێو گوندەکانەوە و لەوێ دانیشتوە و گەمە دەکات ؟

**پیتەر برۆک** : ئەوەی ناوازە و لە ئەندازە بەدەرە ئەوەیە کە لێرە لە پاریس، یاوەخوود لە لەندەن، ئەگەر هەوڵبدەین ئەوە ڕوونبکەینەوە

کە دەبێ چی لەگەڵ ڕۆشنبیران دا بکەین، چەندین کاتژمێرمان لێدەخوازێ و هێشتا ئەوان هیچیان وەرنەگرتووە . دەبێت

جارێکی دی بۆیان ڕوونبکەینەوە و ئەوجا بەدوای ئەوەدا چ جا لەوەی بشێت، چ جای لەوەی شایەنی ڕوودان بێت، بەگژیا

دێنەوە و هەر لە پێشینەوە بە پرسیار دایدەگرنەوە و بەوپەڕی گرفتارییەوە لەبەردەمیا دەوەستنەوە .

**مارگرێت کرۆیدن** : ئەفەریکییەکان کراوەتر لە ئینگلیزیی زمانەکان لێت تێگەیشتن ؟

**پیتەر برۆک** : لە ئەفەریکا، مەسەلەکە بەو جۆرە بوو و بۆ یەکەمینجار گروپێکی سەیروسەمەرەی بێگانە لێرە و لەوێی هەموو جیهانەوە بە

ئومێدێکەوە بەوەی گەمەییک بکەن، ڕێیان کەوتۆتە گوندێکەوە . ئەوە شتێک بوو من بە چەند ووشەییک لەڕێی وەرگێرەوە بۆ

دەمراستی گوندەکەی ڕووندەکەمەوە . من پێیان نالێم ئەوانە ئەکتەرن، لەبەرئەوەی زۆر بە ئاسایی ئەو ووشەیە بوونی

نییە . لە وەرگێرانەکەدا من دەڵێم " ئەوانە گروپێکن لە سەماکار و گۆرانیبێژ و ئەکرۆباتی ئێرە و ئەوێی جیهان کە بەناو

ئەفەریکادا تێدەپەڕن و هەوڵدەدەن پەی بەو سەرچاوانە بەرن کە لەئارادایە بۆ ئەوەی بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ یەک لەوی

دی تێبگات " ئەوە هەموو ئەو ڕوونکردنەوەیەیە کە دەیخوازێت . ئەوان زۆر بە ڕۆشنی و بەوپەڕی ڕازیبوونەوە ئەوەیان

وەرگرت و ئێمەش زۆر ئاسوودەبووین . ئیدی کارەکە دەستی پێکرد .

**مارگرێت کرۆیدن** : تا چەندێک شوێنی وەرگرتنبوو ؟

**پیتەر برۆک** : ئەو چۆنێتی و پرییەی تێرامان لە بینەرانەوە بەرەو ڕووی بووینەوە زۆر بە قووڵی ئەکتەرەکانی بزواند . ئارەزوومەندییەکی

زۆر و زیرەکییەکی ڕوون لە ئارادابوو، بەڵام لێ پێچینەوە و دادوەری لەوێدا نەبوون، هەر لەبەرئەوە ئەکتەرەکان پەییان

بەوە برد کە دەشێت پەیوەندیی لەگەڵ بینەراندا دابمەزرێنن . ئەوە گەلێک جیاوازتربوو لەو بار و کەشە شەرانگێزییەی

دەبوو بینەر پێی قایل بێت یاوەخوود وەرییبگرێت . ئەوە شتێکی زۆر ناوازە بوو و تا دواڕادە جێی خۆشحاڵی بوو . ئەوە ئەو

بروابەخۆبوونەیە کە وا دەکات مەشقی ڕاگوزەری شیاو بێت، لەبەرئەوەی بە شێوەییکی تێروپڕ و گشتی، هەمیشە باشترین

مەشقی ڕاگوزەری لەو شوێنەدا ڕوودەدات کە بینەر لەوێ نییە . ئەوەش لە شانۆی ئاڤانگاردێ، بەرەو شتێکی ناتەندروستت

پەلکێش دەکات . ئەوە بروابەخۆبوونەیە لە نێوان گروپێک لە ئەکتەر کە زۆر بە ڕاستگۆیی و خاوێنییەوە مەشقی ڕاگوزەری

دەخولقێنن، بوونی بینەر کارەکەیان لێدەشوێنێت، هەر کاتێک بینەر لەوێ دەبێت ئەوا بنەمایەک لە ڕێکەوتن سەردەردەهێنێت

و ئیدی بۆت نالوێ بەوپەڕی ئازادی و ڕاستگۆییەوە مەشقی ڕاگوزەری ئەنجام بدەیت .

تۆ دەبێت شتێک نیشان بدەیت . تۆ

دەبێت لەوێدا سەرکەوتن بخولقێنیت . دەبێت زۆر بەباشی کارێک بکەیت . ئەوان ئەوە دەزانن بە هیچ جۆرێک باش نابن لەو

کاتانەدا کە بینەر لەوێیە لەچاو ئەوکاتانەدا بینەرێ لێ نییە . لەگەڵ ئێمەدا مەسەلەکە تەواو جیاواز بوو . ئامادەیی

بینەر پاڵنەر و کۆڵەکەییێک بوو لە دڵنیایی، بەوجۆرەبوو ئەکتەر هەستی بەوە دەکرد بۆی دەلوێ واوەتر بڕواتە بەرەوە

لەبەرئەوەی خەڵکان لەدەوروبەریان بوون . ئەوە گۆڕانکارییەکی گەورەی لە ڕوانینی ئێمە بۆ مەشقی ڕاگوزەری لەناو خەڵکا

خولقاند .

**مارگرێت کرۆیدن** : من هەندێک دەنگم لەسەر تۆمار گوێ لێبوو، هەندێک پارچە پارچەی چەند دیمەنێک لە کۆنفراسی باڵندەکانەوە . لە

ڕاستیدا گەلێک دەنگی ناوازەی لەخۆگرتبوو . ئایا بەشێوەییێکی ڕاستەوخۆ کارت لەگەڵ دەنگی ئەو باڵندانەدا کردبوو،

یاوەخوود چ زمانێکت لەوێ دا بەکار هێنابوو ؟ چۆن پێک گەیشتن و گفتوگۆت لەگەڵ ئەو خەڵکەدا دامەزراندبوو کە

هاتبوون بۆ تەماشاکردن ؟

**پیتەر برۆك** : وەکو خۆت دەزانیت، لەو کارەدا ئێمە دەیکەین، ئەوە ڕەتدەکەینەوە خۆمان بە یەک جۆرە شێوازەوە ببەستینەوە . هەموو کاری

ئێمە ئەوەیە کە لە هەژموونی شێواز بڕۆینە دەرەوە . هەر هەموو شێوازەکان خزمەت بە ئامانجە دیاریکراوەکان دەکەن و

کاری ئێمەش ئەوەیە کە بە ئازادانە بەناو هەموو شێوازە جیاوازەکان دا تێپەڕین، لەبەرئەوەی هەر کەسێک دونیاییێک شتی

جیاوازی هەیە بۆ گووتن، دونیاییێک پێویستی جیاوازی هەیە بۆ پێک گەیشتن . ئەوجا ئەو کارەی کە ئێمە دەیکەین، هەر

هەموو شێوازەکانی شانۆ چ جای لەڕێی لاسایی کردنەوەەوە بێت، نواندن، جووڵەی ڕووت، دەنگی سروشتی، دەنگی باڵندە و

هەر بەکارهێنانێکی دی دەنگ، هەر هەموو ئەوانە ئەو یەکە جیاوازانەن کە لەبەر دەستان . تەنیا شتێک کە ئێمە بەتەواوی

وەلای دەنێین زمانە .

**مارگرێت کرۆیدن** : بە هۆی ئەوەوە کە تۆ گەمە بۆ خەڵکانێکی بێگانە دەکەیت ؟ لەبەرئەوەی هەر لە بەراییەوە ناتوانن لە تۆ تێبگەن ؟

**پیتەر برۆك** : بە هۆی گەلێک هۆکاری کردەییەوە . لە گەشتکردن بەنێو ئەفەریکادا، گەشتمان بەنێو

گەلێک هەرێمی زمانەوانی جیاوازدا کرد . هەر لە یەک ناوچەدا لە نێوانی بیست میل ڕێگەدا، چوار زمانی جیاواز هەبوو . ئەگەر هەر بە تەنیا یەک زمانمان

بەکاربهێنایە، ئەوا کارەکە بە هیچ جۆرێک گەمە نەدەکرا، بە هیچ جۆرێک تێگەیشتنی مەیسەر نەدەبوو . لەڕاستیا، زۆر

جێی سەرسوڕمان بوو کە پەییمان بەوە برد کە چۆن لە ناوچەی ئینگلیزی ئاخێوەرەکانی ئەفەریکادا، زۆر بەدژواری کەسێک

هەبوو ووشەییێکی ئینگلیزی بدوێت، هەروەها لە ناوچەی فەرەنسی ئاخێوەرەکانی ئەفەریکاشدا بە هەمان شێوە دژواربوو

کەسێک ووشەییێکی فەرەنسی بەکاربهێنایە . زۆرجار لە گوندەکان دا کە تاکە ووشەییێکی ئینگلیزی یان فەرەنسی

بەکارناهێنرێت، زمانی خەڵکانێک کە هەزاران میل بەرەو باکوور دەڕۆی بە هیچ جۆرێک بۆت نەدەکرا لێی تێبگەیت .

کۆمپانیا ئەفریکییەکان بەشێوەییێکی بەرفراوان بەربەستیان لەبەردەمدا قووتکراوەتەوە لەوەی بە ئازادی بەناو هەرێمەکانی

خۆیان دا بجوڵێن، ئەگەر بێتو بەشێوەییێکی گشتی لەسەر زمان کار بکەن . ئەوجا ئەوەی ئێمە کە ویستمان کاری لەسەر

بکەین پێویست بوو ڕێکورەوان بەناو ئەو هەموو بەربەستانەدا بڕۆینە پێشەوە، لەبەرئەوەی کارەکە لەسەر ووشە ڕانەوەستابوو .

**مارگرێت کرۆیدن** : ڕۆژگارێک لەوەوبەر کاتێک دەربارەی کارەکەی تۆ لەگەڵ دەرهێنەرێکا پێکەوە دوایین، ئەو لەسەر ئەوە کۆک بوو کە تۆ

داهێنەریت، بەڵام لەبەرانبەر ئەوەدا پرسیاری هەبوو کە ئایا چ ئەزمونێک لە ئەفەریکادا شوێنێک لەسەر ئەو

جێدەهێڵێت کە لە ڕۆژئاوایە . هیچ لێدوانێکت لەو بارەیەوە هەیە ؟

**پیتەر برۆک** : هەندێک لەو بە هەمەکی کردنانەم هاتونەتە بەر گوێ، بەڵام ئەوانە نارۆشنترین لێدوانن کە من تاوەکو ئێستا بەریان

کەوتووم .

**مارگرێت کرۆیدن** : پێموابیت ئەو مەبەستی لەوە بووبێت، باشە هیچی تیا نییە دەڕۆیتە دەرەوە و ئەزموون لە ئەفەریکا دەکەیت، بەڵام چپەیوەندییەکی بە شانۆی هاوچەرخی ئێمەوە هەیە ؟

**پیتەر برۆک** : جیهان لەم چرکەساتەدا، ئەوەیە، کە دوور نییە دابەش بووبێت بەسەر دوو بەشی لێکجیاوازدا . لە هەندێک شوێنی جیهان

دا، خەڵکان دەتوانن جارێکیدی ئەو مانایە بدۆزنەوە کە ئەوان لەو گەڕانەوەیان دا بەرەو ڕەگوڕیشە چیدەکەن . لە ڕۆژئاوا

هەندێک کلتووری جیهانی گۆڕانکاری بەسەرهاتووە و لەو یەکانەوە دروستبوون کە سەدان و سەدان سەرچاوەیان هەیە .

**مارگرێت کرۆیدن** : باشە، ئەوە چی دەبەخشێ ؟ ئەوەی دەیڵێی چ بایەخێکی هەیە ؟

**پیتەر برۆك** : بۆ نموونە، من و تۆ لێرەدا دانیشتووین و دەئاخفیین، ئەگەر هەر پرسیارێک خۆی قووتکردەوە، ئایا من و تۆ سەر بە

هەمان ڕۆشنبیریین یان نا ؟ بەڵام ئێمە بەرەو ڕووی پرسیارێکی لەوە دژوارتر دەبینەوە، ئەگەر بێتو بۆ نموونە ئێمە

هەردوکمان خەڵکی کوبا بین . پاشان زۆر بەتەواویش ئەوەمان لا ڕۆشنە کە یەک میراتی پتەوی کەلەپوری و هونەری و

مۆسیکمان هەیە، لەبەرئەوەی ئێمە هەردوکمان لەیەک دوورگەوە هاتووین بە کۆی هەموو ئەو ڕووداوە ڕامیارییە

بەهێزانەشەوە کە ڕەنگمان دەرێژێ و لە خۆیمان دەگرێت . من هیچ شتێک دەربارەی پاشخان و ڕەسەن و باو و باپیرانی تۆ

نازانم یاوەخوود لە ئەمەریکا سەرقاڵی چین . تۆ

هیچ شتێک لەبارەی منەوە نازانیت، من بە چییەوە خەریکم لە ئەمەریکا،

ئایا لە ئینگلیستانەوە هاتووم یاوەخوود پێشینە و ڕابردووی من چییە . ئەوەی کە ئەمڕۆ نموونەیی و لەبەرچاوە ئەو

تۆپەڵە تەواو تێکچرژاوەیە لەو توخمانەی کە ڕژاونەتە ناو کلتورێکی هەمەکی پێشکەوتوەوە . ئەگەر هاتوو هەر بە تەنیا

ڕەسەنایەتییەکی سادەی کەسایەتیمان هەبوایە کە لە یەک شوێن لەدایک بووە و لەگەڵ دراوسێکانی دا لەوپەری بەرکەماڵی

ئارامی دا دەژی .

**مارگرێت کرۆیدن** : بەڵام ئەو تێکەڵەیە لە خەڵکان نموونەی ئەمرۆی ڕۆژئاوایە . زۆر نابات دەبێتە تایبەتمەندییەکی هەموو جیهان .

**پیتەر برۆك** : دەبێ ئەوە بدۆزینەوە کە ڕەگوڕیشەی کلتووری ئێمە لە کوێ دایە .

**مارگرێت کرۆیدن** : بۆچی ؟ بۆ دەبێ باوەش بۆ ئەو لەبەریەک هەڵوەشانە نەگرینەوە و لەناو بەرکەوتەکانیا نەتوێینەوە ؟

**پیتەر برۆك** : من بایەخ بەو هەوڵە دەدەم

که ڕەگوڕیشەی کلتوری خۆمان بدۆزمەوە، کەسێکیش ئەوە دەدۆزێتەوە کە لێخوردبوونەوە و

گەڕانەکانی پتر لەناو جەستەدا بن زیاتر لە پێشینە و ڕابردوو . بۆ نموونە، دوور نییە من و تۆ لە بیروڕای ڕامیاری و

سەرچاوەکانی ڕەگوڕیشەدا بە هیچ جۆرێک هاوبەش نەبین و یەکنەگرینەوە . کەچی ئەگەر بەناویا شۆڕبینەوە ئەوا بۆمان

دەردەکەوێت کە من و تۆ لە گەلێک دونیای ئەندامی دا هاوبەشین، هەر وەکو لە پەیوەند بە من و تۆوە هەردوکمان چاومان

هەیە ( هەر وەکو دەبینی هەردوکمان دوو چاوی شینمان هەیە ) توانای زەردەخەنە، هەناسەدان، ڕێکوڕەوان ڕاوەستان،

ئاماژەکردن و گەلێکی دیش . ئەگەر کەسێک شوێنی ئەوە هەڵبگرێت، بۆی دەردەکەوێت ڕەگوڕیشەمان هەیە و دونیای ئێمە

لەوێدا ڕەگی داکوتاوە کە بەدوای ئەوەدا وێڵ بین کە چی لەناو ئێمەدا هاوبەشە . لەو گروپەی پاریس، گەلێک ڕێژەیە

هەیە لای ئەکتەرێکی ژاپۆنی و ئەفەریکی و فەرەنسی و ئەمەریکی، هاوبەش و لێکچوە و ئەوەش هەر وەکو ئەوەی لای

ئەفەریکییەکان هەیە گرێ نەدراوە بە کلتوورەوە . کاریگەرترین مەسەلەیێک کە ئێمە دۆزیومانەتەوە ئەوەیە کە ئەو

پەیوەندییە نزیکەی ئێمە لە ئەفەریکا پێکمان هێناوە لەڕێی چەند دەنگێکی تایبەتەوە بووە یان لەڕێی چەند جووڵەیەکی

تایبەتەوە بووە کە دەکرێ ناوی لێ بنرێت ئەپستراکت، بەڵام هەندێک نموونەی جیاواز و تایبەت کە زۆر بە ناوازەیی

ئاوازی دەنگی لەدووی خۆی بەرهەم هێناوە . ئەوەش ڕەنگدانەوەی ئەو ئەنجامەیە کە لەڕێی گەڕانێکی دورودرێژەوە لە

پەیوەندی نێوان هەناسەدان و دەنگ دروستکردن دا هاتۆنەتە ئاراوە و ئەوەش کتومت وەڵامدەرەوەی ئەو دەنگەیە کە خێلێکی

تایبەتی ئەفەریکی خولقاندویانە .

**مارگرێت کرۆیدن** : ئایا پێتان وایە ئەوە دۆزینەوەیێکی مەزن بێت ؟

**پیتەر برۆك** : باشە، ئەوەی دۆزییمانەوە – دانیشتن بۆ ئێوارانێکی زۆر دوور و درێژ و کارکردن پێکەوە – ئەوە ئەو دەنگەیە کە ئەوان

دەیخولقێنن و سەرلەبەری وەڵامدانەوەیە بە ئێمە . تێگەیشتنێکی زۆر قووڵ لەئارادا بوو، شتێک لە نێو چاوەکانی ئەواندا

دەدرەوشایەوە، شتێکیش لەناو چاوەکانی ئێمەدا، لەبەرئەوەی دەمانزانی ئێمەش بە هەمان دەرەنجام گەیشتووین، ئەوەش ئەو

دەنگە بوو کە زۆر بە ناوازەیی هەر یەکێکی لە شوێنی خۆیەوە دەهەژاند . دەنگێکی پڕ لە هەستوسۆز و پڕی بوو لە مانا .

بەڵام بۆت ناکرێ لەنێو ووشەدا جێی بۆ بکەیتەوە . ئەوە ئەو دەنگە نییە کە دەدوێ . ئەو دەنگە هەقیقییەیە کە

بەشێوازێکی تایبەت لەڕێی جەستەوە بەرهەمهێنراوە و وەڵامدەرەوەی هەستوسۆزێکی قووڵی تایبەتە . لەوێدا پەیوەندییەکی

کتوپڕ خولقابوو . هەر هەمان ئەو شتە بوو زۆرجار لەگەڵ ئاماژەیەکی تایبەت دا ڕوو دەدات کە دەکرێت ناوی لێ بنێیت

ئەپستراکت، بە مانایەک کە تۆ بە تەماشاکردن ناتوانی بیانڵێیت " ئای ئەوە مانای ئەوە دەدات " بەڵام زۆر کتوپڕ ئەو

پەیوەندییە دەخولقێ . ئەگەر یەکێک لە دژە کلتوور بدوێت، ئەوا هەرێمێکی لەبەرچاو لە کلتوور هەیە کە هیچ شتێکی نییە

لەگەڵ ووشە، وێنە، ئەو ئاماژانەی کە لە پێشینە و ڕابردوومانەوە هەڵدەقوڵێن، ئەو ئاماژانەی لە گیروگرفتی

ڕۆژانەمانەوە دێن .

**مارگرێت کرۆیدن** : لەگەڵ هەموو ئەو گەشتە سەیروسەمەرانەی ئێوە کردوتانە، هەندێک لە خەڵکان ئێوە بە ئینگلیزێکی ڕۆمانسی دەدەنە

قەڵەم یان خراپتر لەوەش، کۆلۆنیاڵییەک پەیوەندی بە خەڵکانی ناوچەکانەوە دەکات، یاوەخوود بە سۆفییەک .

**پیتەر برۆک** : سۆفی ووشەیێکی خەتارناکە . پیاوێک هەیە کتێبێکی دەربارەی سۆفیزم نووسیوە بۆ ئەوەی ئەوە بسەلمێنێت کە هەموو

پیاوێک سۆفییە و لەوێدا گەیشتۆتە ئەوەی کە لیستێک لە سۆفیانی جیهان بخاتە بەر دەست، تەنانەت ژەنراڵ دیگۆلیشی

خستۆتە پاڵیان . ئەگەر هەر شتێک هەبێ شارل دیگۆل لەگەڵ سۆفیزم کۆبکاتەوە، ئەوا زۆر سادە دەکرێت هەر کەسێک بوێ بەو پۆلەوەی بلکێنیت .

**مارگرێت کرۆیدن** : باشە، ئێوە چۆن خۆتان دەبینن ؟

**پیتەر برۆک** : بە هیچ جۆرێک ئەوە ناکەم .

**مارگرێت کرۆیدن** : چی دەربارەی ئەو پۆلێنکردنە دەڵێن کە خەڵکانێک تۆیان تێکهەڵکێش کردووە ؟

**پیتەر برۆک** : ئەو چرکەساتەی کە شتێک تووڕ دەدرێتە نێو پۆلێنکردنەوە، ئەنجامدانی هەڵەیەکی

گەورەیە و بە لێسەندنەوەی ژیان و

کوشتنی ژیان دەستپێدەکات، کتومت وەکو پەپوولە . ئەو چرکەساتەی پەپوولەییێک بە دەرزییەوە دەکەین، ئەوەی هەمانە

چیدی پەپوولە نییە . ئەوە پەپوولەییێکی مردووە . بۆ بەرهەمهێنانی شانۆییەکی شەکسپیر، هەر کەسێک دەزانێت کە سەختە

خۆت لەو تەڵەزگەیە قووتار بکەیت : خۆ سەپاندنی ئەو دارشتە هۆشییەی پێیدەگوترێت بیرۆکە . بۆ نموونە، ئەو

ئەکتەرەی کە بە گەمەکردنی ڕۆڵی هاملێت هەڵدەستێ و بە بیرۆکە دەستپێدەکات .. " پێموایە هاملێت ئیدی لەو جۆرە

پیاوانەیە کە دەبێت ... " دڵنیای لەوەی کە ئەو بەر لە هەر شتێک هاملێتی وێرانکردووە . لەبەرئەوەی تۆ هەمیشە دەبێت

بە جۆرێکی دی لە هەموو شتەکان برۆیتە پێشەوە، نزیکبوونەوە لە پێناسەکردن دەبێ لە ناوەوە بێت لەڕێی پەی پێبردن و

دۆزینەوەوە . ئەو چرکەساتەی کە دەگەیت بە پێناسەکردن، بۆت دەردەکەوێت کە کارەکەت لەبارچوە، ئەوجا دەبێ

پێناسەکردن ووردوخاش بکەیت و جارێکی دی لە نۆێ دەست پێبکەیتەوە .

**مارگرێت کرۆیدن** : تۆ جارێک ئەوەت گووتوە

کە شەکسپیر سەر مەشقی تۆیە . بەڵام شانۆی شەکسپیری لەسەر پێگەی زمان وێستاوە، تۆش

لەوە دەچێ کە ...

**پیتەر برۆك**: بەوجۆرە نییە . شانۆی شەکسپیری لەسەر پێگەی ژیان وێستاوە .

مارگرێت کرۆیدن : ووشەی لە خۆگرتووە .

**پیتەر برۆك** : هەموو شتێکی لەخۆ گرتووە .

**مارگرێت کرۆیدن** : وایە، بەڵام شانۆی ئێوە، لە هەنوکەدا، لەوە دەکات سەروکاری لەگەڵ زمان دا نەبێت .

**پیتەر برۆك** : ئەوە دەزانم . بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا، بە هۆی گەلێک هۆکاری کردەییەوەیە . ئەو لێکۆڵینەوەیەی ئێمە پێوەی سەرقاڵین ..

ئەو وولاتانەی ئێمە سەردانیان دەکەین، کۆکردنەوەی هەموو ئەو خەڵکانەی کە خاوەنی زۆرن بۆ ئەوەی بە یەکدی

ببەخشن، بەڵام زمانێکی هاوبەشیان نییە .. پشت بەو نەهێشتن و خستنەلاوە کاتییەی ئێمە دەبەستێت بۆ هەر هەموو ئەو

جیهانە فراوانەی، کە جیهانی زمانە .

**مارگرێت کرۆیدن** : بۆچی ئەوە پێویستە ؟

**پیتەر برۆک** : بە ڕوودانی ئەو کردەیە، کەسێک زۆر بە ڕوونی بۆی دەکرێ هەموو ئەو شتانە ببینێت کە لەوێن و زمان نیین . ئەو کاتەی

لەگەڵ ئەکتەرەکانی شانۆی شاهانەی شەکسپیر، یەکەمین گروپی تاقیکاری و ئەزموونی خۆمان دامەزراند، شانۆی دڵڕەقی،

لەگەڵ شانۆی شاهانە بەوە دەستمان پێکرد پەنا بەبەر ووشە بەرین، لە پێناوی ئەوەدا کە شتێک بدۆزینەوە لەودیووی

ووشەوە بوونی هەیە . ووشەکان بۆ خۆیان دواین گوزارشتن، بەڵام بۆ هەر ووشەیێک کە مانایەک دەبەخشێت، ئەوا دەبێت ژیان

لەوێ بێت لەناواخنییەوە . ئەکتەری باش دەبێت گەشە بە مانای هەر ووشەیێک بدات کە دەیانڵێت . ئەگەر وا نەبێت، ئەو

هەر ئامێرێکە و هیچی دی .

**مارگرێت کرۆیدن** : دەکرێ ئەو ئەزموونە شانۆییە نموونەییەتان لە ئەفەریکا بۆ باس بکەیت ؟

**پیتەر برۆک** : ئێمە هەر ئەوەندە بوو لە چەقی دارستانێکا وێستاین و گەمەمان کرد . زۆر بە

سروشتی گەمەمان بۆ هەموو ئەوانە کرد کە

هاتبوونە دەرەوە . منداڵی بچکۆلە و ساوا هەبوون بە کۆڵەپشتی دایکیانەوە، هەمیشە سەدان منداڵان بە جیاوازی

تەمەنەکانیانەوە لەوێ بوون . کوڕ و کاڵ و هەرزەکاران، خەڵکانی بەتەمەن و نیوە تەمەن و زۆر پیریش هاتبوون .

ئەوانە بینەرەکان بوون . لە ڕۆژگاری شەکسپیریشا، بە گالیسگە گەڕۆکەکەی خۆیەوە، هەر شتێکی نزیکی لەو جۆرە بووە .

هەموو چین و توێژە جیاوازەکانی نێو هەناوی کۆمەڵ هەر هەموو پێکەوە و لە هەمان چرکەدا . هەر هەموو پێکەوە و لە

هەمان چرکەدا، هەر یەک لە وێنە و دیمەنەکانی شانۆییەکەی ئەو توانایەی هەبووە کە لە یەک کات دا بایەخ بەو خەڵکە

جیاوازە بدات، نەک هەمیشە هەر بە هەمان شێوەی خۆی . دەکرێ بەشێکت لە بینەر هەبێت کە بەشێوەیێکی سادە بڕوانن،

بەشێکی دیش لە بینەر هەیە کە لە ئاستێکی پێشکەوتووتردا دێن . لەگەڵ ئەوەشا هەموو ئاسوودەبوون و لە هەمان کاتیشا

شوێنت کەوتوون . ئەوەش ئامانجە . لە ڕاستی دا ئەوەی پێشکەشکرا لە ئاستی تێگەیشتن دا بوو بەو شێوەی کە لە ئاستی

چاوەڕوانی خەڵکایە نەک بەو شێوەیەی کۆبوونەوەیێکی ئاساییە و هەر بۆ پێکەوەبوونێکی

ئاسایی بێ چونکە ئەوان بەو بۆنە

و ڕووداوەوە لکاون – ئەوەش بەلای منەوە مەزنترین نموونەی شانۆیە و ئەوەیە کە لە ئاستێکی زۆر زۆر سادەی خۆیایەتی،

کاتێکیش لە ئەفەرەیکا گەمەمان کرد ئەوەمان چنگ کەوت .

**مارگرێت کرۆیدن** : پێتوایە بۆت بکرێت ئەو وەڵامانەت لە شوێنێکی دیش چنگ بکەوێت، بۆ نموونە لە هەندێ شوێنی دی لە ڕۆژئاوا، لەو

شوێنەی کە بۆت بکرێ بینەرێکی سادە و ساکارت لێ هەڵبکەوێت ؟

**پیتەر برۆك** : یەکێک لەو شتانەی کە شوێنی ڕوانینە لەبارەی گەشتەکەی ئێمەوە بۆ ئەفەریکا و گەمەکردنمان لەوێ بەو شێوەیەی

کردوومانە، ئەوەیە کەسانێکی دی پێی هەڵناسن – یەکێک لەو دەرەنجامانەی کە هەر هەموو هەمانە ئەوەیە ئەگەر بێتو هەر

یەکێک لە ناوەندەکانی دراما لە دونیادا وەکو بەرنامەیێکی فێرکاری سادەی خۆی گەشتێکی لەو جۆرە ساز بکات .. بۆ ئەوەی

کۆمەڵێک ئەکتەر، دەرهێنەرێکی گەنج، نوسەرێک و دیزانەرێک بۆ ماوەی شەش مانگێک لە بارودۆخێکی ئاوەهادا بڕۆنە

دەرەوە – زیاد لە هەر میتۆد و شێوازێکی تری

پەروەردەیی کە من دەیناسم، تۆ لەوە دڵنیا دەبیت کە ئەوانە زۆر بەرخورد و

ڕاستەوخۆیانە لەگەڵ ئەو گرفتە سەرەکییانە دا ڕووبەڕوو دەبنەوە کە شانۆ پێوەیان سەرقاڵە . لەوە دەکات ئەوە ئەگەرێکی

گەورە بێت کە زۆر کەم نەشونمای کردووە . ئەگەر تۆ بتەوێت ئەمڕۆ ببیتە دیزانەرێک، یان بتەوێت ببیتە دەرهێنەرێک، یان

ئارەزووی ئەوە بکەیت ببیتە نووسەرێک، یاوەخوود ئەکتەرێک، سێ پرسیاری سەرەکیت لە پێشە :

من بۆچی شانۆ دەکەم ؟ شانۆ چییە ؟ شانۆ لەمەر چییەوە ؟

**مارگرێت کرۆیدن** : تۆ پێت وانییە گەلێک هونەرمەند بەدرێژایی هەموو ڕۆژگارەکان ئەو پرسیارانە لە خۆیان بکەن ؟

**پیتەر برۆك**: تۆ ناتوانێ بە شێوییێکی ڕۆشنبیرییانە وەڵامی ئەوە بدەیتەوە . تۆ ناتوانی ئارام بی و هەدا بدەیت و گفتوگۆییێکی ناوەکیانە

لەگەڵ خۆت ئەنجام بدەیت و بە دەرەنجامێکەوە بێیتە دەرەوە . تەنیا ڕێگەیێک ئەو پرسیارانەی شانۆ بۆی بلوێ زیندوویی

بەدەستبهێنی ئەوەیە کە خۆت بخەیتە بەردەم ئەو بینەرەی کە ڕێزی لێدەنێیت، بۆت دەردەکەوێت

ئەگەر پێیان ڕانەگەیشتی،

ئەوە لەدەستچوونی خۆت و هەڵەی خۆتە . تۆ پێویستت بەو پرسیارەیە کە زەمینەی هاوبەش چییە و ئەو تەکنیکانە چین

کە دەکرێ لەڕێیەوە بڕۆیتە نێو ئەو پەیوەندییەوە لەگەڵیان . ئەوجا هەموو پرسیارەکان بەشێوەیێکی کوتوپڕ و ڕاستەوخۆ

خۆیان دەخەنە ڕوو .

**مارگرێت کرۆیدن** : چوونت بۆ ئەفەریکا، یاوەخوود گەمەکردنت بۆ خەڵکانی بێگانە و لەگەڵ ژیان و تاقیکردنەوەی کلتورەکانیان، بە

هەقیقی ئەو گرفتانە چارەسەر دەکات کە تۆ چۆن لێرە یان لە هەر وولاتانێکی دی کە بۆت ڕێکەوتووە گەمەیان بۆ

بکەیت، بەرەو ڕووی بینەر ببیتەوە ؟

**پیتەر برۆك** : بەڵێ دەیکات، لەبەرئەوەی تۆ بۆت ناکرێ لەو ڕێگایەوە شتەکان هەلاوێردە بکەیت . ئەوە بەو جۆرە نییە کە هەر هەموو

ئەفەریکییەکان ئەفەریکی بن، هیچ شتێکیش بەو جۆرە نییە کە هەر هەموو ئەمەریکییەکان، ئەوانەن کە ئەمەریکیین و

هەموو ئینگلیزەکان ئەوانە بن کە ئینگلیزن . ئەو توخمانەی لە هەر جێگەیێک پەیدایان دەکەیت هەر هەمووی بەیەک دەچن،

بەلام تێکەڵەکان جیاوازن . بۆ نموونە، لە ئەفەریکا تۆ شتێک پەیدا دەکەیت کە دەشێت لە برۆنکس و ستراتفۆرد و ئاڤۆن

بیانبینیتەوە بەلام لە شێوازێکی بەهێزتر و بەجۆشترا دەیانبینیتەوە، لەبەرئەوە بۆ کاتێکی تایبەت ئەوە بۆ لێکۆڵینەوەی

تۆ گەلێک بەنرخە . هەر وەکو ئەوەی لە کاری شانۆییدا دوور نییە کاری ئەکرۆبات و گۆرانیش هەبن . لە هەندێک کاتی

چاوەڕوانکراوی کارەکەی خۆتا، دوور نییە بە شێوەیێکی بەرفراوان سەرنج بگوازیتەوە سەر گۆرانیگوتن . کارکردن لەناو ئەو

کەسانەدا کە دەتوانن گۆرانی بڵێن و مۆسیکا دروستبکەن زۆر ڕۆشنە کە تا بڵێی شتێکی بەنرخە . سەرەرای ئەوەی کە ساڵی

دادێت وا ڕێدەکەوێت ئێوە لەسەر ئەکرۆبات کار بکەن، لەبەرئەوەی هیچ یەکێک لەوانەی هەن ئەوانە نین کە تۆ بە

شوێنەوەیت . تۆ بەدوای هەر هەموویانەوەی — لە دووی بەرەو پێشەوە بردنێک کە پەیوەندی بە هەر هەموو کەسێکەوە هەیە

لە هەر کوێیەک بێت . بۆ نموونە، زۆر ڕوونە کە نرخ و بەهای مۆسیک لە ئەفەریکا بەلای هەموو دونیاوە جێی لێڵی و

ناڕۆشنی نییە . بە پێچەوانەوە بەشێوەیێکی بالا شوێنی تێگەیشتنە . ئەوەی کە زۆر شوێنی سەرنجدانە ئەو پرسیارەی تۆیە

و ئەوەش وام لێدەکات کە ئارەزوو بکەم پرسیارێکت لێ بکەم .

**مارگرێت کرۆیدن** : فەرموو، بپرسە .

**پیتەر برۆک** : ئێمە بەرهەمێک لە بارودۆخێکی نا ئاسایی دا ئەنجامدەدەین، هەر وەکو ئەو کارەی ئێمە ئەنجاممان دا، ئەوەش بە

شێوەییکی تایبەتی بۆ هەر هەمووومان شوێنی لێخوردبوونەوەیە . بەڵام یەکێک لەو شتانەی سەرنجت ڕادەکێشێت ئەوەیە

چەند کەس ئەو پرسیارانە دەکەن کە هەر هەمووی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ئەو باوڕەمان لا دروست بکەن کە ئێمە

نەدەبوو ئەو گەشتەمان بکردایە . ئیستا، بۆ ئێوە دەتانەوێت ئێمە ئەو گەشتەمان نەکردایە ؟

**مارگرێت کرۆیدن** : نەخێر، نەخێر ئەوە بەو جۆرە نییە کە من نەمەوێت ئێوە ئەو گەشتە بکەن . من هیچ بیروڕاییکی هەقیقیم لەو بارەیەوە

نییە . من ڕۆژنامەنووسم و ئەوەش ڕۆڵی منە ڕۆ بچمە ناوەخنی شتەکانەوە . خوێنەر ئارەزوو دەکەن ئەو شتانە بزانن

کە ڕۆشن نین . ئەوان ئارەزوو دەکەن شتانێک بزانن و منیش لێرەدا دەبێت لووت بژەنمە هەموو کونوقوژبنەکانەوە .

**پیتەر برۆک** : ئەوە زۆر پێکەنینهێنەرە چەندێک لە خەڵکی دەڵێن : " تۆ لەوە دڵنیاییت کە دەتوانی شتێک لەوە دەربهێنیت ؟ " جۆرێک

لە گومانکاری ئەوتۆ پەیدابووە ئەگەر بێتو شتێکی سەیروسەمەرە لە ئارادا بێ، ئەوا هەرچۆنێک بووە دەبێت شتێکی خراپی

لەبارەوە هەبێت . ڕەسەنبینەکانی نێو ڕۆشنبیری ئێمە هیچ شتێک لە شوێنی خۆیان هەڵیانناکەنێ .

**مارگرێت کرۆیدن** : من لە گەڕانەکانت دا بەدووی شتێکی خراپ دا ناگەڕێم . من زۆر بە سادەیی هەوڵدەدەم ئەوە ڕۆشنبکەمەوە و لەوە

تێبگەم چی لەو ئەزموونەی ئێوە و گروپەکەتان بەدڵنیاییەوە ناوازە بووە . من ئەوە بەو جۆرە نابینم چ باش بێ چ

خراپ، من ئەوە وا دەبینم هەندێکجار ناوازە و هەندێکجاریش پڕ لە تەمومژ . با بگەڕێینەوە بۆ سەر ئەو پرسیارەی

کە خەریک بوو دەربارەی شێوە بێتە ئاراوە . تۆ بەدووی شێوەییکی تازەدا وێڵ بوویت – من لە هەموو ئەوە تێدەگەم –

بەڵام هەندێکجار، کاتێک کەسێک شۆڕدەبێتەوە ناو ئەو گەڕان و وێڵبوونە، لە دووی خۆی ناوەڕۆک بەجێدەهێڵێت ؟

**پیتەر برۆك** : ئەوە گفتوگۆییەکی هەر زۆر زۆر کۆنە، دەربارەی شێوە و ناوەڕۆک، بەڵام لێکجیاش نابنەوە . ئەوەی لێکیان جیا دەکاتەوە

ئەوەیە کە بایەخی تۆ لە کوێدایە . ئەگەر هاتوو هەموو ئارەزووی تۆ بە گشتی لەسەر شێوە بوو، کەوا بوو بێگومان، زۆر

بە ئاسانی دەکەویتە داوەوە بەوەی کە ئارەزووتان چۆتە سەر شێوە لە پێناوی بەرژەوەندی شێوەدا و ئارەزووی جوانکاریت

هەیە لە پێناوی بەرژەوەندی جوانی دا . بەڵام ئەگەر بە ڕووکارێکی دی دا، باوڕت بەوە هێنا بەبێ شێوە هیچ کاتێک

ناکرێ ناوەڕۆک دابمەزرێ و شێوەییێکی بێجووڵە و مردوو ڕێگرێکە و هەرگیز ناوەڕۆک لێوەی تێناپەڕێ ..

چەند ساڵێک لەمەوبەر، کابرایێک بە خۆی و شانۆییەکەوە هاتبوو لە من دەگەڕا . ئەو کابرایە ڕۆماننوسێک بوو هەرگیز

لەوەوبەر شانۆی نەنوسیبوو، شانۆییەکەی دەربارەی ئەو بارودۆخە بوو کە جولەکە لە دەوڵەتی شورەویی تیا دەژیان . ئەو زۆر

سۆزدارییانە لەژێر کاریگەری ئەو بابەتەدا دەژیا و ئارەزووی بوو شتێک دەربارەی ئەو بابەتە بۆ جیهان شیبکاتەوە . ئەو

دەیگووت؛ " ئەوە کارێکی کتوپڕە و دەمەوێت هەرچی زووترە خەڵکان بە دەنگمەوە بێن . ئەوە شانۆییە دەبێ بکرێت . دەبێ

هەر زۆر بە کتوپڕی نیشان بدرێت . لەبەرئەوەی ئەو پەیامە، ئەوە دەڵێ کە بە هەقیقی چی ڕووی داوە " ئەو هەتا بڵێی

ڕۆماننوسێکی زۆر ئەندێشە فراوان و هەستەوەر بوو بەڵام شانۆییەکەی زۆر خراپبوو و لەبەرئەوەی نەهاتبوو لە شێوەی دەقێکی

شانۆیی دا کارەکەی دابرێژێت . ئەو بەو جۆرە شانۆییەکەی داڕشتبوو کە شانۆییەکی ڕۆژنامەیی بێت، بەوجۆرەی بابەتەکەی

ئەوەندە لاوازبوو و کێشەی گەرمووگوڕی دەقەکە لەناو تێرمێکی شانۆییدا بارگەی نەدەخست . من دەمەتەقێکەی خۆمانم زۆر

بەباشی دێتەوە یاد، لە میوانخانەی چێڵسی دانیشتبووین و دەربارەی ئەوە دەدواین کە دیمەنی شانۆیی هەقیقی دەبێت چۆن بخولقێت، ئەو گەلێک نائارام بوو و گووتی کە بە هیچ جۆرێک کاتی نییە بەناو ئەو ووردەکارییانەدا تێبپەڕێت . بەڵام ئەوە

زۆر بە ڕۆشنی دیاربوو کە پەلەپەلی ئەو و ئارەزووی ڕۆژنامەوانی ئەو بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری، ڕێی نەدەدا ئەوە کارە لە

شانۆوە ڕووبدات، لەبەرئەوەی بێ ئاگایی ئەو لە شێوەی شانۆیی ئەو پەیامە بەهێزەی ئەوی کردبووە پەیامێکی تەواو لاواز .

**مارگرێت کرۆیدن** : ئایا تۆ بەدوای شتێکی لەو جۆرەوەی .. هەستوسۆزێکی توندوتۆڵ و

**پیتەر برۆك** : بەڵێ بێگومان، کاتێک سەرلەبەری شارێک کتوپڕ بایەخ و سەرگەرمی بە نەمایشێک دەدەن، ئەوە زۆر زۆر ڕاچڵەکێنەرە .

بەڵام پڕ بایەخترین شتیش ئەوەیە کە خەڵکان زۆرجار لەوە تێدەگەن کە لە بۆشایی هەوادا جێدەمێنێ . بۆ نموونە، بەدوای

ئەوەدا کە من شانۆییەکی شەکسپیر نەمایش دەکەم، دواتر هەندێک تاقیکاری بێ زمان و قسە، ئەزموون دەکەم . بە کەسانێک دەگەم پێم دەڵێن؛ " دەبینیم تۆ ڕقت لە ووشە دەبێتەوە " بەڵام ئەگەر تۆ کەسێکی جەماوەری بیت ناتوانیت ئەو

دوو شتە لێک هەڵاوردە بکەیت . ئەگەر، لەڕێی خۆشەویستییەکی سادەوە بێ بۆ خەڵک، بڕوات بەوە هەیە هەر کە شتێک تۆ

دەیکەیت لەیەک کات دا دەبێت بۆ چوار هەزار کەس بێت، کەواتە هەر وەکو هەندێک سەرگەرمیکاران پێی هەڵدەسن، تۆ

پێویستت بە دڵێکی گەورە هەیە بۆ بانگکردنی ئەو ڕێژە فراوانە لە خەڵک . لە کۆتاییدا، زۆر بە تێروپڕی ئەو خەڵکە

تێرناکرێت، لەبەرئەوەی تێربوون تەنیا دەتوانرێت بە ناو شتێکی دەرونی دا تێپەڕێت کە تەنیا ژمارەییێکی زۆر کەم لە

خەڵک بایەخی پێدەدەن .

**مارگرێت کرۆیدن** : هەندێک لە خەڵکی پێیان وایە بۆیان ناکرێت بەرگەی تاقیکاری بگرن، تۆش یەکێکیت لە بەختەوەرەکان . تۆ لەو

ئاستەدا وەستاویت کە هەر کاتێکت پێخۆش بێ و هەر شوێنێکت پێخۆش بێ و هەرچیەکت پێخۆش بێ جێبەجێی بکەیت،

لە کاتێکا کەسانی دی لەو شوێنەی کە هەن لە شارەکانی خۆیان دا دەمێننەوە و کارەکانی خۆیان دەکەن و ژیانی خۆیان

دەژین . هەندێک کەس وا بیر لە تۆ دەکەنەوە کە ئێوە دەستەبژێر بن .

**پیتەر برۆك** : ئەوە گەلێک سەمەرەیە، لەبەرئەوەی من لە ڕاستیا زۆرینەی ژیانم لە کاردا بردۆتە سەر، هەمیشە لە شێوەی لێک نەچوودا،

هەوڵمداوە هەرگیز بە یەکێکیانەوە نەنوسێم، بەڵام بە شێوەییێکی بەرفراوان لە شێوەیەکی جەماوەری، لە کاری ئاوێزە بە

مۆسیکەوە تاوەکو بە فلیمی شاشە دەگات، یاوەخوود ئەو نەمایشانەی کە خۆم خۆشم ویستوون . ئەو هوشیارییەی کە لە

نەمایشێکی گەورەی برۆدوای دا هەیە موچورکەت پیا دێنێ . لە ڕاستیا من هەمیشە ئەزمونی خۆمم بەو تاقیکارییانە

جێگۆرکێ پێ کردووە کە بەو پێوانەیە جێبەجێ

ناکرێن . ئەو دوو جۆرە ئیشکردنەش دەبێ شان بە شانی یەکدی بڕۆنە

پێشەوە . لەڕاستیا من پێم وایە کە ئەو دووانە هەرگیز لێک هەڵاوێردە ناکرێن . نابێت لەوێدا ڕابوەستیت، دەبێت هەر بەرەو

پێشەوە بەردەوام بیت . بەوە دەچێت پەی بەو تۆوە بەریت کە وات لێدەکات شتیکی گەورە و بەرفراوان دروستبکەیت بۆ

بەرفراوانترین بینەر و هەروەها پێویستیشت بەوەیە کە شتێک بۆ بینەرێکی زۆر تەنکەڵە بکەیت، ڕاستیش لەگەڵ هیچیان دا

نییە . هیچ شتێکی ئەوتۆمان پەرە پێنەدا کە زۆر باڵا بێ و شتێکی هێندە ناسک و ئەزمونگەری بێت و بەسەر شارێکی وەکو

نیوێورکی دا بسەپێنین . لەگەڵ ئەوەشا نابێت چاومان لەو ڕاستییە بپۆشین کە باشترین بۆنەی پڕ لە ڕەزامەندی لە شانۆدا

لەو شوێنەدا بێ کە زۆرترین کۆبوونەوەی خەڵکی تیایە لە دەوری جۆرێک لەشانۆ . ئەوە ڕوونە، شانۆی گریک لەو ڕۆژگارەی

خۆیدا گەورەترین سەروەری تۆمار کردووە کە پەنجاهەزار کەس لەیەک کات دا تیا کۆبوونەتەوە . بەڵام کەسێک بۆی ناکرێ

هەروا بە سادەیی بابەتێک بۆ پەنجاهەزار کەس بخاتە کار . ئەوە هەر وەکو خولانەوەی بەندۆڵی کاتژمێرە .

**مارگرێت کرۆیدن** : هەرچۆنێک بێ، لە نیوێۆرک

شانۆ لەپاڵ تیڤی و فلیم دا بەو جۆرە بەرفراوانەی خۆی دەمێنێتەوە . شانۆ چۆن لەگەڵ

ئەو هەموو تەکنەلۆجیایەدا بەربەرەکانێ دەکات ؟

**پیتەر برۆك** : کەسێک ناڕوات چاکسازی لە شانۆدا بکات . شانۆ بەو جۆرەی کە هەیە لە نیوێۆرک، نە ئەوەیە چاکسازی تیا بکرێت و نە

ئەوەشە کە بە شێوەییێکی سەرانسەری بەرەو داڕمان بڕوات . لەبەرئەوەی دوای هەموو شتێک، هەموو شانۆکان ڕەنگدانەوەی

نێو کۆمەڵگاکانی خۆیانن، ئێمە لە ڕۆژگارێکا دەژین کاتێک ڕژێمی کۆمەڵایەتی بەشێوەییێکی بەرفراوان بەرەو ئەوە دەڕوات

لەگەڵ هەقیقەت لێک داببڕێن . کۆمەڵگا بوونێکی بەرفراوانە کە هەمیشە تەوژمی لێکدابڕ بەناویان دا گوزەر دەکەن و

تەنانەت لە ناو کۆمەڵگا پڕ لە گەندەڵیەکانیشا، هەمیشە ڕوخسارە پێچەوانەکانیش هەن، تۆوی شتێکی تەواو جیاواز .

هیچ کەسێک ناتوانێ بڵێ هەر هەموو برۆدوای سەرومڕ دەکەوێتە ژێر کاریگەری تیڤییەوە و بەرەو داڕمان هەنگاو دەنێ،

برۆدوایش بە یەک شانۆ و بەیەک کاری تاکە کەسێک کاریگەر نابێ و بە ڕووکارێکی تازەدا ناڕوات . هەر بەو جۆرەی کە

سەرجەم کۆمەڵگای ئەمەریکی ملی ناوە، دەتوانی

بڵێی بەشێکی بەرفراوانی شانۆش هەر لەسەر ئەو ڕێڕەوە بەردەوام دەبێت کە

تا ئیستا لەسەری ڕۆیشتووە، بەو شێوەیەی کە بەرەو دارمانێکی گەورە ملی ڕێی گرتووە، بەرەو لێواری تەقینەوەییکی گەورە .

ئێمە پێمان وایە کۆمەڵگای ئەمەریکی لە مێژووی جیهان دا مل بەرەو مادییبوونێکی زەبەلاح و کارەساتێکی ڕۆحی دەنێ .

**مارگرێت کرۆیدن** : باشە، ئەوە ڕاگەیاندراوێکی پەڕگیر و لەهەمان کاتیشا پڕی ڕەشبینییە .

**پیتەر برۆک** : بەڵێ، بەڵام لە هەمان کاتیشا هیچ کەسێک بۆی ناکرێ پێشبینی داهاتوو بکات و بزانێ بە چ فتوفێڵێکی ناوازەی ڕزگارکەر

کۆمەڵگا دەتوانێ بەشێوەییکی کاتی خۆی بگرێتەوە . بەڵام تا ئەو کاتەی کۆمەڵگا ژیانی توندوتیژی و شێتی و لەبارچوونی

خۆی درێژە پێبدات، بەشێکی بەرهەمە کلتورییەکانی خۆی توندوتیژی و شێتی و لەبارچوون دەبێت، هەر هەمووی نا بەڵکو

زۆرینەی . ڕێگەییکی دی لەبەر نییە . ئەو هێز و توانایەی بەری پێ بەرەڵڵا کراوە هێندە ترسناکە بە چەندین کەس و

بە چەندین کار بۆیان ناکرێت هیچ گۆڕانکارییەک لەگەڵ ئەو شەپۆلە باوەدا بخولقێنن .

**مارگرێت کرۆیدن** : بەڵام بۆ دەمی ئێستامان، پێتوایە شانۆ بە شێوەییکی گشتی هیچ بەهاییکی کۆمەڵایەتی هەبێت ؟

**پیتەر برۆک** : ئەوە دەکەوێتە سەر ئەوەی لە کوێ . من پێموایە بۆتان نەکرێ لەسەر شانۆ بە شێوەییکی گشتی قسە بکەن. لە هەندێ

شوێنی تایبەت دا، دەکرێ کارکردێکی کۆمەڵایەتی بەرفراوانی هەبێت، ئەوەش بەوجۆرەی بەدوای ئەوەدا چی بکرێت . لە

هەندێک جێگەدا هیچی پێناکرێت . ئەوەی ڕوودەدات بەداخەوە، لەو جێگەیانەدا کە شانۆ دەتوانێت کارکردێکی ڕامیاری و

کۆمەڵایەتی لەبەرچاوی هەبێت، بارودۆخەکەی زۆر ترسناکە . پۆلیس لەوێدا گەلێک چالاکە و چاودێریش زۆر بێبەزەییە .

ئەگەر بە هەقیقی بتەوێ شتێک بکەیت، ئەوا بەجۆرێک تەوق و فشاری خراوەتە سەر کە لە بوون بەدەرە . لە کۆمەڵگا

لیبراڵەکاندا، لەو جێگەیەی کە بە هیچ جۆرێک هیچ شتێک ناگۆڕێت شانۆ دەتوانێ بگەشێتەوە و لە زۆر کاتدا کاری خۆی

دەکات، بەڵام زۆر بەبێ کەڵکی . لە هەرێمە لیبراڵەکان دا، ڕووداوە کاریگەرەکان لە شانۆدا بە جۆرێک لە پەلوپۆ خراون

که بێ لەوەی ویژانێکی تەواو بێکەڵک بە کەسانێکی زۆر کەم دەبەخشێ، دەنا توانای گەیشتنە هیچ شوێنێکیان نییە .

**٣ خەرمانانی ١٩٧٣**

**سەرچاوەی ئەم چاوپێکەوتنە :**

conversations with Peter Brook

١٩٧٠ - ٢٠٠٠


Margaret Croyden

. Faber and faber, inc





# شانۆنامە



## شانۆنامەیەکی یەک پەردەیی

# سەفەر بەناو تاریکیدا


**نوسینی : لیۆند ئاندرۆیڤ**

**وەرگێرانی لە ئینگلیزی یەوە : گۆران محمد فەقی**

**کاراکتەرەکان/ پیاو ژنێک**

**کات/ شەو**

شوێن / ماڵێکی سادە ، ڕوناکی مانگەشەو لە پەنجەرەی ماڵەکەوە بە بێ شومار هاتۆتە ژوورەوە ، بەجۆرێ ماڵەکەی هەموو ڕووناکی کردۆتەوە، ئافرەتێک بە پێوە و لە بەردەم پەنجەرەی یەکێک لە ژوورەکان ڕاوەستاوە بەبێ ئەوەی جوڵە بکات. مۆمێکی بەدەستەوەیەو کەمێک دەستی دەلەرزێت، بەردەوام چاوی بڕیوەتە تاریکی ئەودیو پەنجەرەکە . پاش کەمێک پیاوێک لە ڕارەوی ماڵەکەوە دەردەکەوێت)

**ئافرەت** : گوێت لێبوو؟

**پیاو** : وەرە بابڕۆین بخەوین

**ئافرەت** : گوێت لێ نەبوو؟

**پیاو** : چیم گوێ لێبێت؟

**ئافرەت** : لەدەرەوە، خەریکی لێدان و دروستکردنی سەنگەرن.

**پیاو** : لە کوێ؟

**ئافرەت** : لێرە، لەسەر شەقامەکەی بەردەم ماڵی خۆمان.

(سەیری ناوچاوی یەکتر دەکەن بۆ ماوەیەک، پیاوەکە ڕەنگی دەم و چاوی زەرد هەڵدەگەڕێ، پاشان بە پەلە دەڕوات بۆ لای پەنجەرەکە. ئافرەتەکەش دەترسێ و هەموو گیانی دەکەوێتە لەرزە، بەڵام چاوەکانی بە بەردەوامی بڕیوەتە ناو چاوی پیاوەکە و لای نادات. ئافرەتەکە دەوەستێت لە لەرزین و بە چاوەکانی زۆر بە وردی دەڕوانێتە ڕادەو ئاستی کاردانەوەی پیاوەکە لەبەرامبەر ئەو ڕووداوەدا).

**پیاو** : ماوەی چەندە؟

**ئافرەت** : نزیکەی کاژێرێک دەبێت.

(وچانێک)

**پیاو** : براکەم؟

ئافرەت : ئەو ڕویشت، ئەو دەیزانی کە تۆ دەتەوێت ڕایبگریت و بیوەستێنی، هەربۆیە زۆر بە خێرای ئێرەی بە جێهێشت. من بینیم کە ڕۆیشت.

**پیاو** : بۆچی خەبەرت نەکردمەوە؟!

**ئافرەت** : دەتوانی چی بکەیت؟

(بێ دەنگی)

**پیاو** : ئەمە بەڕاستی ڕوو دەدات! ناتوانم باوەڕ بەمە بکەم.

**ئافرەت** : (بەهێواشی چەپلە بەدەستی پیاوەکە لێدەدات) تۆ دەترسیت؟

**پیاو** : ئەی تۆ؟

**ئافرەت** : (دەستەکانی پیاوەکە دەگوشێت، بەڵام ناتوانێت زۆر کۆنترۆڵی لەرزینی دەستەکانی خۆی بکات) نا ، من پێشتر هەستێکم هەبوو لەوەی

کە شتێک ڕوودبات، دلم خەبەری دابوو، بەڵام ئەوە تەنها ئەوکات بوو ،لو ئێستادا ستێک نی یە کە رووبدات، ئێستا کارگەکان داخراون ، شەقامەکانیش زۆربەیان بەتاڵ و چۆڵن. تەنانەت هەواش هەست بە پاکی زیاتر دەکات. ئەمشەو چومە دەرەوە بەڵام هیچ ڕووناکی یەک دیار نەبوو، تەنانەت سەیارەش، هیچ شتێک. تەنانەت دەنگێک چی یە لە شارەکەوە نەدەهات.. هەموو شتێک بێ دەنک بوو، خۆ ئەگەر چاوەکانت بنوقاندایە بێگومان وات هەست دەکرد وەک ئەوەی لە دەرەوەی شار بیت، بۆنی خامۆشی لێ دەهات. تۆ دەزانیت گەر سیمای شار هەرچۆنێکیش بێت بۆنی شەوانی بەهارو گوڵ و شەونم هەر بڵاو دەبنەوە بە هەموو لایەکدا. گوێم لە دەنگ و وەڕینی سەگێک بوو لەپر بەلامدا پی پەری و خۆی پێدا کێشام ، هیچ کات لەو بروایەدا نەبووم ڕۆژێک لە ڕۆژان شتی وا لەم شارەدا ڕوودبات، شتی زۆر هەن کە من دەخەنە پێ کەنین (لێرەدا دانگی وەڕەی سەگێک دێت) گوێبگرە سەگێک دەوەڕێت.

( لەدرەڕەوە لە شوێنێک دەنگی لێدانی چەکوش دەبیستریێت، ئافرەتەکە بە پەلە دەچێتە لای پەنجەرەکەوەو خێرا خێرا دەروانیتە دەرەوە)

ئافرەت : دووبارە ئەوان لێرە؟ لە زاویەکە!

(هەردووکیان پێکەوە و لە پەنجەرەکەوە دەڕواننە تاریکی یەکەی دەرەوە، باوەش بەیەکدا دەکەن. لە ناو دەنگە دەنگ و غەڵبە غەڵبی دەرەوەدا دەنگی دەمە تەوڕ دێت لە زاوی یەکەی دەوەرەی ماڵەکە،بەڵام سەیر لەوەدایە کە دەنگەکە زۆر خۆش دێتە بەر گوێ وەک ئەوەی لە دارستانێک یان ڕووبارێکدا بیت و خەریکی چاک کردنەوەی بە پارچەی بەلەمێک بیت، دەنگێکی خۆش، دەنگێکی هارمۆنی)

**پیاو** : ئەمە دەنگی ئایندەیە ( بێ دەبگی) پێویستە بەرەو ڕووی بچم، تۆ ئەمە دەزانیت.

**ئافرەت** : دەزانم کە دەرۆیت.

**پیاو** : کەواتە تۆ لەوە تێدەگەیت؟

**ئافرەت** : بە دڵنیای یەوە.

**پیاو** : ئەمە ئەرکی منە و دەبێت پێ ی هەڵسم.

**ئافرەت** : هەروەها منالەکانیش؟

**پیاو** : تۆ لەگەڵ من دەبیت، ئەوان دایکیان هەیە و وابزانم ئەوەندەش بەس دەبێت بۆ من، ناتوانم چیتر لە دواوە بمێنمەوە و چاوەڕی بکەم.

ئافرەت : ئەی من ؟ پێت وایە چێتر من بتوانم؟

**پیاو** :چی؟ (توشی سوپراس و سەرسوڕمان دەبێت، بە خێرای دەستەکانی لەناو دەستی ئافرەتەکە دەردەهێنێت، بەڵام ئافرەتەکە هەر چۆنێک بێت دەستەکانی لەلا تەنشتەوە دووبارە دەگرێت و دەخاتەوە ناو دەستی)

**ئافرەت** : ڕەنگە هەندێکجار شتی وا ڕوودبات، مەبەستم سەد ساڵ جارێک، تۆ پێت وایە من بتوانم بە تەنیا بمێنمەوە و چاوەڕێ بم؟!

**پیاو** : تۆ دەتەوێت من بمرم؟ ئەوان بێ دودڵێ تۆ دەکوژن، چونکە تۆ ئافرتی و، لەمەش ئاسانتر دەست نادات بۆ ئەوان!

**ئافرەت** : ( بەردەوامە لە لەرزین)  من ناترسم.

**پیاو** : ئەی دەربارەی منداڵەکان چی دەڵێیت، کێ ئاگای لێیان بێت، چی یان بەسەر دێت؟

**ئافرەت** : ئەم بابەتە گەورەترە لە مەسەلەی مناڵەکان.

**پیاو** : ئەی ئەگەر مردن ؟

**ئافرەت** :هیچ چارێکیترم نیە، تانەنەت گەر بشمرن!

**پیاو** : براو بەوە ناکەم کە دەیبیستم! باوەڕم نەدەکرد ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم جۆرە وشانە لە تۆ ببیستم، تۆ هەموو ژیانت لە پێناو ئەواندا دانا، لە بەر ئەوان ترسی هەزاران تاریکی شەوانت لە ناو خۆتدا ڕەواندەوە.

**ئافرەت** : ئەوە بەر لە ئێستا بوو، لە ئێستادا شتەکان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتوە.

**پیاو** : پێم بڵێ  تۆ چیت بەسەرهاتوە؟!

**ئافرەت** : گەر ئەوەی کەبەسەر تۆدا هاتوە، من بیر دەکەمەوەو  ئایندە دەبینم.

**پیاو** : دەتەوێت لەگەڵ من بێیت؟

**ئافرەت** : بەڵێ!  (وچانێک)  تکایە توڕە مەبە، بەس تەنها ئەم شەو...کاتێک دەنگەگە دەستی پێکرد... کاتێک کە دەنگی چەکوش و دەمە تەوڕەکە دەستی پێکرد تۆ لە خەودا بویت، هەربۆیە لەناکاو لەوە تێگەیشتم کە مێردەکەم و منداڵەکانم (دەترسێت) هەموو ئەوشاتانە کاتین.... من تۆم زۆر خۆش دەوێت. (دووبارە دەسەکانی پیاوەکە دەگرێت و دەیانگوشێت)

بەڵام تۆ وەکو من دەتوانێت گوێت لە دەنگی چەکوشەکانیان بێت؟ ئەوان وەک ئەوەی لە دورەوە خەریکی کارکردن بن، بەڵی لەدوورەوە وەک ئەوەی کۆمەڵە کەلو پەلێکی شکاو بەسەر یەکدا بەرببنەوە، یاخود زیاتر لەدەنگی دیوار دەچێت لە کاتی ڕووخان و داڕماندا، دەنگی گەورە لە زەویەکەوە دێت، دەنگی گەورەو بەردەوەم. بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو ڕوداوانەش هەست بە ئاسۆیەکی ڕون و  هەڵاتنی خۆر هەتاو دەکەم،من سی ساڵم ، ئەگەر چی  ڕەنگ و ڕوم زیاتر لە ئافرەتێکی بەساڵاچوو دەچێت! بەڵام ئەم شەو هەستێکی سەیرم هەیە وا هەست دەکەم حەڤدە ساڵبم، وا هەستدەکەم بۆ یەکەمێن جارە دەکەومە داوی خۆشەویستی یەوە، من ئەم شەو بێ ئەندازە حە ز بە بینینی ئەستێرەکانی ئاسمان دەکەم، دەموێت لە ئاسمان بروانم.

**پیاو** : وەک ئەوەی ئەم شارە هیچ خەڵکێکی تیادا نەمابێ و  هەموو مردبن،  تەنیا چەند دەنگێک لە دوو ڕوو هیچیتر! منیش ئەمشەو  وا هەست دەکەم کە تەنها منداڵێک بم.

**ئافرەت** : ڕاستە ئەوان بە چەکوشەکان خەرکی هەڵکەندنن بەڵام ئەو دەنگە بۆ من وە مۆسیقا یەک دێتە بەر گوێم، وەک ئەوەی کەسێک لە خەوندا گۆرانیم بۆ بڵێت، نازانم دەنگی ئەو چەکوشانە بۆ ئەوەندە کارم تێ دەکات و هەستی سەیر سەیرم لا دەورژێنێت، وەک ئەوەی بگریم و پێ بکەنم و گۆرانی بلێم پێکەوە ! ئەمە ئازدبونی پێ دەوترێت، تکایە ڕێگریم لێ مەگرە،  بهێلە بمرم لەگەل ئەوکەسانەی کە لەدەرەوە خەریکی کارکردنن، ئەوابەی بەبێ ترس و دودڵی خەریکی دروستکردنی ئایندەن بە

بۆچونی خۆیان.

**پیاو** : (بە تورەی یەوە) بەلاَم ئەم قسانە هیچ ڕۆلێکیان نی یە، کات تێ دەپەڕێت و من دەبێت بڕۆم.

**ئافرەت** : چی ؟

**پیاو** : بەڵی منیش دەزانم کە خۆر هەڵدێت و پاشانیش ئاوا دەبێت، دەستەکان ڕۆژانە بەلاشە و جەستەی مرۆڤەکانەوە دەجولێن و دێن و دەچن، بەلاَم ئەمانەی کە تۆ دەیڵییت هەموو خەیاڵن، خەیاڵی بەتاڵ و هیچیتر! (تورەتر دەبێت) تۆ کێیت ؟ ها؟ من خەریکە تۆ ناناسمەوە، ئایا تۆ مرۆڤیت؟

(ئافرەتەکەش لە ڕقدا دەست دەکات بە قاقا لێدان وەک یەوەی ١٧ ساڵ بێت)

**ئافرەت** : منیش تۆ ناناسمەوە، ئایا تۆش مرۆڤی؟! چەند سەیرە دوو مرۆڤ پێکەوە دەژین و لەیەک تێناگەن!

**پیاو** : من دەبێت بڕۆم، ناتوانم لەمە زیاتر چاوەڕی بکەم!

**ئافرەت** : بوەستە ،شتێکیت بۆ دێنم بیخۆ، سەرەتا پێویستە شتێک بخۆیت، ئەگەر چەند دەقیقەیەکی تریش چاوەڕێ بکەیت هێچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت! کیشە نی یە من بەیانی دێم، مناڵەکان بەجێ دەهێڵم و دێم و دەتدۆزمەوە.. بینیت چەند ژیرم.

(ئافرەتەکە هەڵدەستێ و دەچیت پارچەیەک نان و کوپێک شیری بۆ بهێنێت، پیاوەکەش لەسەر کورسی یەک لە تەنیشت مێزێکی نانخواردنەوە دادەنیسشێت.... دیسان لەم ماوەیەدا چەند جارێک دەنگی چەکوش و دەمی تەورەکە لە دەورووو بەری ماڵەکە دەبیسترێت... .. ئافرەتەکە دەگەڕێتەوەو کەمێک خواردنی لەگەڵ خۆی هێناوە و بە هێواشی دەیخاتە بەردەم پیاوەکە... وچانێک) بۆچی نانەکەت خۆیت؟

**پیاو** : نان، شتێکی زۆر سەیرە، هەموو شتێک بۆ لێڵ و ئاڵۆزبوە لە پێش چاوم، باوەڕم بە زۆر شت نەماوە، چونکە هەموو شتێک قابیلی دروستکردن و پاشانیش ڕوخان و نەمانە، خواردن، مێز و کەل و پەل، من و تۆ، تەنانەت ئەم شارەش، هەموو شتێک لە پێش چاوم ڕون و ئاشکرایە هەر وەک ڕوناکی.

(لەکاتێکدا پیاوەکە قسە دەکات ، ئافرەتەکە لە تەنیشتیەوە دانیشتوەو سەیری پیاوەکە دەکات و گوێی لێ ڕادەگرێت، بە دەستەکانیشی خەریکی گۆرینی ئاراستەی هەموو قژیەتی بە لای چەپدا، پاشان چاو دەبڕێتە پارچە نانەکەی بەردەم پیاوەکە)

**پیاو** : تۆ بە داخەوە ی بۆ ئەوان؟ مەبەستم لە مناڵەکانە؟ لەو کاتەوەی ئەوان هاتونەتە دنیاوە دەبێت ئیتر هەست بە پرسیارێتی بکەیت و کاتیکیش بۆ ئەوان تەرخان بکەیت.

( بەبێ ئەوەی چاوی لەسەر پارچە نانەکە لابەرێت دەستەکانی پیاوەکە دەگوشێت)

**ئافرەت**: نا..تەنیا من بیر لە ژیانی خۆمان دەکەمەوە .. ( وچانێک) چەند ئاڵۆزە ئەم بابەتە! وەک ئەوەی لە خەوێکی لێڵ بچێت! (چاو بەماڵەکەدا دەگێرێت) تەنانەت گومانم هەیە لەوەی کە پێشتیر لەم ماڵەدا ژیاوین یان نا!

**پیاو** : بێگومان، تۆ هاوسەرەکەی منیت،.

**ئافرەت** : ئەوانیش منداڵی ئێمەن.

**پیاو** : پێکەوە کارمان کرد.

**ئافرەت** : خۆشەیستیمان لە دڵی یەکدا چاند.

**پیاو** : هەموو جارێک پارەکانمان لەسەر ئەم مێزە حساب دەکردوو کرێی شت و مەکەکانمان لی دەدا.

**ئافرەت** : ئەم مێزە چەند گرنگ بوو بۆ ئێمە!

**پیاو** : ئەوگرنگی یەی جارانی نەماوە، ڕەنگە ئێستا نرخی هەموو شتەکانی ئەم ماڵە نەکاتە چەند دۆلارێکی کەم!

**ئافرەت** : باوکت لێرە و لە نێوان ئەم دیوارانەدا گیانی لە دەستداو مرد.!

**پیاو** : بەڵی ، لە خەودابوو کە گیانی سپارد، ئەو پێ ی وابوو کە ئەم ڕۆژانە هەر دێن، بەڵام نەیتوانی بە چاوەکانی خۆی بیبینێ!

( دەنگی گریانی منالێکی ساوا لە ناکاو لە ڕارەوی ماڵەکەوە دێت)

**پیاو** : ئەمجارە دەنگی گریانەکەی زۆر نامۆیە! وەک ئەوەی لە نێوان دیوارەکانەوە دەربچێت!

(ئافرەتەکە دیسان دەلەرزێت و بە ترسەوە بەرەو ڕووی دەنگەکە دەچێت)

**ئافرەت** : باشە، تۆ ئیتر دەتوانیت بڕۆیت.

**پیاوەکە** : بوەستە، من دەمەوێت پێش ئەوەی بڕۆم ماچیان بکەم.

**ئافرەت** : ئاخر خەبەریان دەبێتەو!

**پیاو** : تۆ ڕاست دەکەیت.

(پاش ئەوەی ئافرەتەکە دەڕوات بۆ لای منداڵەکەی، پیاوەکەش هەڵلدەستێ و دەچێتە لای پەنجەرەکەو ، چاو دەبڕێتە ناو تاریکی یەکەی دەرەوەی ماڵەکەیان. دیسان دەنگی کوتان و لێدانی چەکوشەکان دەست پی دەکاتەوە، دەنگی گریانی منالەکە نامێنێ و هێور دربێتەوە، پاش چەند چرکەیەک ئافرەتەکە دەگەڕێتەوە لای پیاوەکە)

**ئافرەت** : بنێشت لەگەڵ خۆت دەبەیت؟

**پیاو** : بەڵێ

**ئافرەت** : لە پشت ئاگردەنەکەیە.

(پیاوەکە دەچێت و بنێشتەکە دەهێنێت)

**پیاو** : کەواتە، (ئافرەتەکە ماچی دەکات) چەند ناقایلن ، چەند ناڕازین ئەم چاوە تایبەتانەی تۆ، ماوەی دەساڵە بەردەوام لەم چاوانەی تۆ دەڕوانم، لەوانەی خۆم زیاتر لێیان تێ دەگەم و شارەزایان بووم، بەڵام لە ئێستادا هەست بە بونی شتی نوێ دەکەم تیایاندا، شتێکی تەواو نوێ.. شتێک کە تەنها من دەتوانم قسەی لەسەر بکەم و ڕونی بکەمەو ە .

**ئافرەت** : دەتوانیت بەڵێنم پێ بدەیت؟

**پیاو** : بە دڵنیا ی یەوە.

**ئافرەت** : چۆن دەتونیت دڵنیابیت کە هەموو شتێک بەرەو باشتر دەگۆڕێت؟

**پیاو** : بەڵێن بێت.... دڵنیابە دواتریش ئەم ساتە

وەختەت بیر دەهێنمەوە پاش ئەوەی هەموو شتێک گۆڕان.

**ئافرەت** : ئەی ئەگەر مردیت، چۆن دەتوانی بیرم بهێنیتەوە!

**پیاو** : خۆشم نازانم !

(سەیری دەورو بەری خۆی دەکات، پاشان سەیری مۆم و پارچە نەنەکەی سەر مێزەکە دەکات، دەستی خێزانەکەی دەگرێت و بەرەو لای دەرگاکە دەچن)

(وچانێک)

**پیاو** : (سەیری دەکات) پێم بڵی کە جارێکیتر یەکتر دەبینینەوە.

**ئافرەت** : بەڵی یەکتر دەبینینەوە !

( پیاوەکە ماڵەکە  بە جێ دهێڵێت و دەروات بەرەو ڕووی تاریکی یەکەی دەرەوەی ماڵەکە، ئافەرتەکەش لە پەنجەرەکەوە لێ ی دەڕوانێت تا لە چاو دیار نامێنێت... چەند چارێک دەنگی لێدانی چەکوش ودەمی تەورەکە ژێت و پاشآن خامۆش دەبێ و نامێنێت)

..

کۆتایی

دەربارەی  لیۆنید ئاندرۆیڤ

نوسەری ڕووسی " لیۆنید نیکۆلاڤیچ ئاندرۆیڤ " لە ٢١ ئۆگەستی ١٨٧١ لە شارۆچکەی "ئۆڕایەڵ" لە خێزانێکی  نامناوەند لە ڕووسیا لە دایک بووە، ئاندرۆیڤ ژیانی منالّی ئاسودەو پر بەختەوەری بوو بەڵام ماوەی ژیانی گەنجێتی بەتەواوەتی بە پێچەوانەوە بوو زۆر ئاستەنگ و ناخۆشی هاتۆتە سەر ڕێی. بەتایبەتی پاش ئەوەی باوکی لە ساڵی ١٨٨٩دا دەمرێت ئیدی ئاندرۆیڤ دەبوو جێگەی باوکی بگرێتەوە بەخێوکردنی دایکی و هەردوو خوشک و براکەی بگرێتە ئەستۆ. هەربۆیە  لەپاڵ ئەوەی خەریکی خوێندنی یاسا دەبێت لە مۆسکۆ و لە زانکۆی "سەنت پیترسبێرگ" ماوەیەک وەکو ئەفسەی ڕاپۆرت نوس لە دادگا کاری کردوە و بەم شێوەیە بژێوی خۆی و خێزانەکەی پەیدا دەکرد. هەربۆیە لەم ماوەیەدا یاندرۆیڤ هەندێک شعرو چیرۆکی کورت دەنوسێت بەڵام زۆربەی دەزگا گۆڤارو ڕۆژنامەکان ڕازی  نابن بۆی بڵاو بکەنەوە و ڕەتی دەکەنەوە.

هەربۆیە بۆیەکەمینجارو لە ساڵی ١٨٩٨ دا  ڕۆژنامەی مۆسکۆ دوو کورتە  چیرۆکی بەناوەکانی " باگامۆت و گارسکۆ" لە ڕۆژنامەیەکدا بۆ بڵاودەکەنەوە بەناوی  " کۆڕای" ئەمە سەرەتایەکی باش بوو بۆ ئەوەی ئاندرۆیڤ خۆی لە دونیای  ئەدەب و نوسینی کورتە چیرۆک تاقی بکاتەوە،  ئەگەر چی پاشتر زۆر بەخێرای و دوای تێپەربونی دە ساڵ بەسەر ئەو بەروارەدا ئاندرۆیڤ بووە خاوەنی چەندین چیرۆک و پێنج نۆڤلی درێژ و چەندەها شانۆنامەی یەک پەردەی، بە جۆریک شانبەشانی نوسەرە ڕیالیستیەکانی ئەو سەردەمەی خۆی ئەمیش ناوبانگی دەرکرد و ناسرا. یەکێک لە سیفاتە دیارو درەشاوەکانی ناودنیای نوسینی ئەم نوسەرە ڕووسیە ئەوەیە کە ڕۆمان  و هەروەها چیرۆک و شانۆنامەکانی بۆ

هەموو سەردەمێک و لەگەڵ هەموو بارو زەمەنێکی ڕابردو ئیستادا دەگونجێت، چونکە هەمیشە و لە میانی نوسینەکانیەوە ویستویەتی ڕۆشنای بخاتە سەر ئەو گرفت و کێشە کۆمەڵایەتیانەی کە لە ناو زۆرێک لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا بونیان هەیە و بونەتە مایەی سەرنج و ڕەخنەی زۆرێک لە نوسەرو شانۆنامە جدیەکانی جیهان. پێدەچێت ئاندرۆیڤ لە میانی نوسینەکانیەوە نکۆڵی لە وابەستە بوون و گرتنە بەری ستایلێکی دیاریکراو تایبەت بکات دەربارەی چۆنێتی بەکارهێنانی تەکنیک و زمانی نوسین لە شانۆنامەکانیدا، هەربۆیە هەندێک لە ڕەخنەگرەکان پێیان وایە ئەم نوسەرە بە هەردوو شێوازی یاخود ستایلی ڕیالیستی و سیمبولی و تەنانەت ڕۆمانتیکیش دەنوسێت، تەنانەت هەندێک لە ڕەخنەگرەکان پێیان وایە کە ئاندرۆیڤ یەکەمین کەس بووە کە ئەسپی خۆی لە بواری نوسین و ڕێبازی "ئێکسپریشنیزم" واتە ڕێبازی "تعبیری"دا تاوداوە بەر لەوەی چەمکی "ئێکسپریشنیزم" وەک ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەری بناسرێندرێت. بەڵام بەگشتی لەناو نوسەرو هاوەڵەکانیدا زیاتر بە نوسەرێکی ڕیالیزمی یاخود ڕیالیستی ناوبانگی دەرکردبوو. ئاندۆریڤ وەکو بەشێک لە نوسەرو ڕەخنەگرە کانی ئەوکاتی یەکێتی سۆڤێت زۆر دژی سیستیمی بەرێوەبردن و هەروەها دیسپلینکردنێکی نابەجێی سیستمی سیاسی ئەوکاتی ڕووسیا بوو، هەربۆیە سەرئەنجام بەهۆی نارەزای و ڕەخنە گرتنی بەردەوامیەوە لە فێبریوەری ١٠١٧دا کە بە شۆڕشی "بۆڵشڤک" ڕوسی ناسراوە ئاندۆریڤ لەگەڵ چەند هونەرمەندو نوسەرێکیتر ڕاگوێز دەکرێن و دور دەخرینەوە لە خاکی ڕووسیاو، ئیدی لەوکاتەوە " لێونید ئاندرۆیڤ" بە کولەمەرگی و ژیانێکی پر چەرمەسەری هەژاری کۆتا ڕۆژەکانی ژیانی لە لە وڵاتی "فینلەندا" بەسەر دەبات و بەجۆرێک خراپی باری گوزەران و ژیانی غوربەت توشی نەخۆشی دڵی دەکاو هەر بۆ هۆی ئەو نەخۆشیەوە لە ١٢ سێپتەمبەری ١٩١٩دا بە هۆی جەڵتەی دڵەوە گیانی دەسپێرێت و دەمرێت.

لە گرنگترین کورتە چیرۆکەکانی ئەم نوسەرە ڕوسیە کە وەرگێردراونەتە سەر زمانی ئینگلیزی:

* گوڵی وردبوو

* خۆشەویستی، متمانەو ئاوات

* چیرۆکەکەی " سێپرێنت"

* ئەو چیرۆکەی هەرگیز کۆتای نایەت.

.................................................................................

............................



# مەرگ، لە دەرگا دەدات

**ویدی ئاڵن**

**وهرگێڕانی: مەریوان هەڵەبجەیی**

ئەم شانۆنامەیە لە ساڵی ٢٠١٥ لە شاری هەولێر لە لایەن دەرهێنەری کورد "فاتیح فرومەند"ـەوە کاری دەرهێنانی بۆ کراوە و هەردوو ئەکتەری بەتوانا " ڕێباز محەمەد و گۆران نامیق" ڕۆڵیان تێدا بینیوە.

**کارەکتەرەکان:**

- **نات ئاکرمان**
- **مەرگ**

(شانۆ لە ژووری نووستنی ماڵی دوو نهۆمیی نات ئەکرماندا ڕوو دەدات، جێگایەکە لە کیۆگاردنز. زەوی ژوورەکە بە قاڵی داپۆشراوە. سیسەمێکی گەورەی دووکەسیی و مێزێکی گەورەی تەوالێتی تێدایە. ژوورەکە شتومەک و پەردەی زۆری تێدایە، چەند تابلۆیەک بەسەر دیواری ژوورەکەوەیە و گەرمیپێویکی ناشیرین بە دیواری ژوورەکەوە هەڵواسراوە. لە کاتی لادانی پەردەدا، مۆسیقایەکی هێمن دەبیسترێت.

نات ئەکرمان، بەرهەمهێنەری جلوبەرگ، تەمەن پەنجاوحەوت ساڵان، سەری کەچەڵە و سکێکی زلی هەیە، لەسەر سیسەمەکە ڕاکشاوە و خەریکە ڕۆژنامەی دەیلی نیوزی سبەی دەخوێنێتەوە. جلی حەمامی لەبەردایە و نەعلی لەپێدایە، لەژێر ڕووناکیی ئەو گلۆپەی لەسەر مێزێکی سپی پەنای سیسەمەکەدایە، دەخوێنێتەوە. کات نزیکەی نیوەشەوە. لەناکاو گوێمان لە دەنگێک دەبێت، نات لەسەر سیسەمەکە هەڵدەسێت و سەیری پەنجەرەکە دەکات.)

**نات:** ئەمە چییە؟

(تارماییەکی ڕەش، پاڵتۆپۆش، نەزانانە هەوڵ دەدات بە پەنجەرەکەدا بێتە سەرەوە. ئەم جەنابە ئازاردەرە جلوبەرگی ڕەشی لەو چەشنەی کە دەلکێت بە جەستەوە و کڵاوی پێوەیە، لەبەردایە. کڵاوەکە سەری داپۆشیوە، بەڵام ڕووخساری سپی سپی ئەو دەبینین، کە تەمەنێکی مامناوەندیی هەیە. بە ڕواڵەت شتیکە لە شێوەی نات. بە دەنگی بەرز هەناسەبڕکێیەتی و لە قەراغی پەنجەرەکەوە دەخزێت و دەکەوێتە نێو ژوورەکەوە.)

مەرگ: (لەبەر ئەوەی ناتوانێت کەسێکی تر بێت!) یا عیسای مەسیح، زۆری نەمابوو ملم بشکێت.

نات: (مات و حەپەساو سەیر دەکات.) تۆ کێیت؟

**مەرگ:** مەرگ.

**نات:** کێ؟

**مەگ:** مەرگ. ئایا دەکرێت دابنیشم؟ زۆری نەمابوو **ملم** بشکێت. خەریکم وەک گەڵا دەلەرزم.

**نات:** تۆ کێیت؟

**مەرگ:** عەرزم کردیت، مەرگ. پەرداخێک ئاو دەست دەکەوێت؟

**نات:** مەرگ؟ مەبەستت چییە، مەرگ؟

**مەرگ:** تۆ چیتە؟ جلوبەرگی ڕەش و دەموچاوی سپیم نابینیت؟

**نات:** با.

**مەرگ:** ئەمشەو شەوی جەژنی قەدیسێک – شتێکە؟

ن**ات:** نا.

**مەرگ:** کەواتە من مەرگم ئیتر. ئێستا دەکریت پەرداخێک ئاو – یا ئاوی کانزایی – شتێکم – بدەیتێ؟

**نات:** ئەمە جۆرە گاڵتەکردنێکە...

**مەرگ:** گاڵتەی چی؟ بۆ تۆ تەمەنت ٥٧ ساڵ نییە؟ تۆ نات ئاکرمەن نیت؟ ژمارە ١١٨ شەقامی پاسیفیک؟ مەگەر ئەوەی کە ونم کردبێت – ئاگادارکردنەوەکەم لەکوێدا داناوە؟

(گیرفانەکانی دەگەڕێت و دواجار کاغەزی ناونیشانەکە دەردەهێنێت. بە ڕواڵەت سەیری دەکات و وادیارە کۆنترۆڵی دەکات.)

**نات:** چیت لە من دەوێت؟

**مەرگ:** چیم دەوێت؟ پێت وایە چیم دەوێت؟

**نات:** بە دڵنیایەوە گاڵتە دەکەیت. من تەندروستیم زۆر باشە و هیچ شتێکم نییە.

**مەرگ:** (بێباکانە) ئاهـ – بەڵێ. (سەیری دەوروبەری دەکات.) جێگایەکی جوانە. خۆت دروستت کردووە؟

**نات:** دیزاینەرێکمان هەبوو، بەڵام خۆشمان کارمان لەگەڵدا کرد.

**مەرگ:** (سەیری وێنەیەکی سەر دیوارەکە دەکات.) من ئەو منداڵانەم خۆش دەوێن کە چاویان گەورەیە.

**نات:** من جارێ نامەوێت بمرم.

**مەرگ:** ناتەوێت بمریت؟ توخوا دەست پێ مەکە تاقەتم نییە. ئاگات لێیە بەهۆی کەوتنەکەوە هێڵنجم دێتێ.

نات: چ کەوتنێک؟

**مەرگ:** بە بۆریەکەدا هاتمە سەرەوە. دەمویست هاتنەژوورەوەیەکی نمایشیم هەبێت. بینیم پەنجەرەکان گەورەن و تۆش خەریکی خوێندنەوەیت. وتم ئەوە دەهێنێت ئەو زەحمەتەی بۆ بکێشم. دەڕۆمە سەرەوە و بە کەمێک – شتەوە – دەچمە ژوورەوە. (پەنجەکانی دەتەقێنێت و دەست دەکات بە تریقوتاق.) هەر لەو کاتەدا پاژنەی پێم لە چەند لقەمێویک گیرا. بۆرییەکە شکا و بە پەتێکەوە هەڵواسرام. پاشان پاڵتۆکەم هێدی هێدی کەوتە دڕان. دەڵێم وەرە بابڕۆین بابە. دەڵێی لەو شەوە سەختانەیە.

**نات:** تۆ بۆرییەکەی منت شکاند؟

**مەرگ:** شکا. واتە نەشکا. کەمێک لار بوو. تۆ گوێت لە هیچ نەبوو؟ من کەوتمە سەر زەوی.

**نات:** خەریک بوو شتێکم دەخوێندەوە.

**مەرگ:** چی بوو. خراپ بۆی داچووی. (ئەو ڕۆژنامەیە هەڵدەگرێت کە نات دەیخوێندەوە.) دزی لە کۆڕی ڕابواردندا. دەتوانم ئەمەت بە ئەمانەت لێ وەربگرم؟

**نات:** هێشتا تەواوم نەکردووە.

**مەرگ:** ئێ – نازانم چۆن پێت بڵێم، هاوڕێ–

**نات:** بۆ لە خوارەوە زەنگی دەرگای ماڵەوەت لێ نەدا؟

**مەرگ:** وتم، دەمتوانی زەنگ لێ بدەم، بەڵام بۆچی؟ بەم شێوەیە لایەنی کەم کەمێک نمایشتر بوو. تۆ فاوستت خوێندۆتەوە؟

نات: چی؟

**مەرگ:** باشە ئەگەر میوانت هەبوایە چی دەبوو؟ تۆ لێرە لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی گرنگدا دانیشتوویت. ئەو کاتە منیش کە جەنابی مەرگبم – ڕەوا بوو زەنگم لێ بدایە و لە دەرگای پێشەوە ڕێک بهاتمایەتە سەرەوە؟ تۆ تەواویی؟

**نات:** گوێ بگرە، کاکە گیان، ئێستا ئیتر زۆر درەنگە.

**مەرگ:** بەڵێ. ڕاست دەکەیت، کەواتە بڕۆین؟

**نات:** بۆ کوێ؟

**مەرگ:** مەرگ. هەر ئەوێ. هەر ئەو شتە. سەرزەمینی ئەبەدیی خۆشبەختی. (سەیری ئەژنۆی خۆی دەکات.) دەزانی زۆر خراپ بریندار بووە. یەکەم کارمە، هیچ دوور نییە توشی گانگرین بم.

**نات:** سەبرکە بزانم. من دەرفەتێکم دەوێت. من ئامادەنیم بۆ ڕۆیشتن.

**مەرگ:** بەداخەوە. ناتوانم. حەز دەکەم، بەڵام هەر ئێستا کاتییەتی.

**نات:** چۆن دەبێت هەر ئێستا کاتی بێت؟ تازە لەگەڵ کۆمپانیای مۆدیستیت ئۆرجیناڵ گەیشتوینەتە ڕێککەوتن.

**مەرگ:** چەند دۆلار کەمتر یان زیاتر چ جیاوازییەکی هەیە؟

**نات:** ئاشکرایە، نابێت بۆ بەڕێزتان گرنگ بێت، بەدڵنیاییەوە جەماعەت خەرجی تۆیان داوە.

**مەرگ:** دەتەوێت بەرێ بکەویت یان نا؟

**نات:** (بە باشیی سەیری مەرگ دەکات.) بەداخەوە، بەڵام باوەڕ ناکەم تۆ مەرگ بیت.

**مەرگ:** بۆچی؟ چاوەڕوانی کێ بێت – ڕاک هۆدسن؟

**نات:** نەخێر، مەسەلەکە ئەوە نییە.

**مەرگ:** دەمبووریت، بێهیوام کردیت.

**نات:** تورە مەبە. چوزانم... هەمیشە وامدەزانی تۆ... ئێ... دەبێت باڵات بەرزتر بێت.

**مەرگ:** من یەک و پەنجاوحەوتم. بە بەراورد بە کێشم گونجاوە.

**نات:** تۆ کەمێک لە من دەچیت.

**مەرگ:** ئەی دەتویست لە کێ بچم؟ من مەرگی تۆم.

**نات:** کەمێک کاتم بدەرێ. یەک ڕۆژی تر.

**مەرگ:** ناتوانم. چاوەڕێ دەکەیت چی بڵێم؟

**نات:** تەنها یەک ڕۆژی تر. بیستوچوار کاتژمێر.

**مەرگ:** ئەم یەک ڕۆژەت بۆچی دەوێت؟ ڕادیۆ وتی سبەی باران دەبارێت.

**نات:** گوێ بگرە، ناتوانین بە جۆرێک پێکەوە ڕێک بکەین؟

**مەرگ:** بۆ نموونە چۆچچۆنی؟

**نات:** تۆ یاریی شەترەنج دەکەیت؟

**مەرگ:** نەخێر، نایکەم.

**نات:** فیلمێکم دی تێیدا تۆ یاریی شەترەنجت دەکرد.

مەرگ: بە دڵنیاییەوە کەسێکی تر بووە، چونکە من

یاریی شەترەنج ناکەم. کۆنکەن ڕەنگە!

**نات:** کۆنکەن دەکەیت؟

**مەرگ:** من کۆنکەن دەکەم؟ وەک ئەوە وایە بپرسیت پاریس شارە؟

**نات:** کەواتە باشی لێ دەزانیت، وایە؟

**مەرگ:** زۆر باش.

**نات:** ئێستا پێت دەڵێم چی دەکەم...

**مەرگ:** لەگەڵ مندا مامەڵە ناکرێت.

**نات:** من کۆنکەنت لەگەڵ دەکەم. ئەگەر تۆ بردتەوە، خێرا لەگەڵت دێم. ئەگەریش من بردمەوە، کەمێک دەرفەتم بدەرێ، زۆر کەم – تەنیا ڕۆژێیکی تر.

**مەرگ:** کێ کاتی کۆنکەنی هەیە؟

**نات:** ئەهـ باوکە، تۆ باشی لێ دەزانیت.

**مەرگ:** گەرچی هەست دەکەم دەستێک یاریکردن کەس بێتاقەت...

**نات:** کەواتە یەڵا، گەورەیی بفەرمە و دەستێکی نیوکاتژمێریی دەکەین.

**مەرگ:** ڕاستییەکەی ئەوەیە مۆڵەتم نییە.

**نات:** وەرەقەکان لێرەدان، مەسەلەکە ئەوەندە گەورە مەکە.

**مەرگ:** باشە. کەمێک یاریی دەکەین. ئارامیم دەداتێ.

**نات:** (وەرەقەکان و دەفتەری یادداشت و قەڵەمدار دێنێت.) پەشیمان نابیتەوە لەم کارەت.

**مەرگ:** لەگەڵ مندا وەک پزیشک قسە مەکە. وەرەقەکان بێنە. ئاوێکی کانزایی "فرسکا"شم بدەرێ، شتێکیشی لەگەڵدا بێنە با بیخۆین. بە ناخێرت میوانت هاتووە. چپسێک، پسکیتێکی خوێدار – شتێکت نییە؟

**نات:** چەند پارچە کاڵباسێک لە بەلەمێکدایە لە نهۆمی خوارەوە.

**مەرگ:** کاڵباس؟ گوێ بگرە، ئەگەر سەرکۆمار بهاتایە بۆ ماڵەوەت چی؟ کاڵباست بەویش دەدا؟

**نات:** خۆ تۆ سەرکۆمار نیت.

**مەرگ:** وەرەقەکانم بدەرێ بابە... نەمویست.

(نات وەرەق بە ئەو دەدات. وەرەقێکی "پێنج" ی نیشان دەدات.)

**نات:** دەتەوێت بۆ هەر خاڵێک سەتتێک بدەین بۆ ئەوەی یارییەکە سەرنجڕاکێشتر بێت، ها؟

**مەرگ:** هەرواش سەرنجڕاکێش نییە بۆت؟

**نات:** ئەگەر لەسەر پارە بێت، باشتر یاریی دەکەم.

**مەرگ:** تۆ چۆن دەڵێیت با وابێت "نیوت"

**نات:** نات. نات ئەکرەمان. تۆ ناوی من نازانیت؟

**مەرگ:** نیوت، نات – ژانەسەرێکمە هەر باسی مەکە.

**نات:** ئەم پێنجەت دەوێت؟

**مەرگ:** نەخێر.

**نات:** کەواتە وەرەقە هەڵگرە.

**مەرگ:** (لە کاتی وەرەقەهەڵگرتندا، سەیری دەستەکەی دەکات.) خوایە، دەستەکەم هیچی تێدا نییە بەکەڵک بێت.

**نات:** چۆنە؟

**مەرگ:** چی چۆنە؟

(لەکاتێ گفتوگۆکانی دواتریاندا، وەرەق هەڵدەگرن و وەرەق دادەنێن.)

**نات:** مەرگ.

**مەرگ:** دەتویست چۆن بێت؟ بۆی ڕادەکێشیت و تەواو.

**نات:** دواتریش شتێک هەیە؟

**مەرگ:** ئەی ناقۆڵا، دووەکانت هەڵگرتوە.

**نات:** خەریکم دەپرسم: دواتر هەموو شتێک هەیە؟

**مەرگ:** (بێباک) خۆت دەیبینیت.

**نات:** ئاوا، کەواتە شتێک هەیە ببینم، وایە؟

**مەرگ:** باشە، ڕەنگە نەدەبوو بەو جۆرە پێم بوتیتایە، هەڵیدە.

**نات:** وەڵام وەرگرتن لە تۆ وەک مامەڵەیەکی گەورە وایە.

**مەرگ:** من خەریکم یاریی دەکەم، کابرا.

**نات:** زۆر باشە. یاریی بکە، یاریی بکە.

**مەرگ:** لەگەڵ ئەوەشدا خەریکم بەردەوام وەرەقەت دەدەمێ.

**نات:** زۆر بیر لە دانانی وەرەقەکان مەکەرەوە.

**مەرگ:** زۆر بیری لێ ناکەمەوە. خەریکم دەیانکەم بە پێڕ. جۆکەر چی بوو؟

**نات:** چوار. نەبا بتەوێت دابەزیت؟

**مەرگ:** کێ وتی من دەمەوێت دابەزم؟ تەنیا پرسیم جۆکەر چییە؟

**نات:** منیش تەنیا پرسیم دوای مەرگ شتێک هەیە، کە دڵی مرۆڤ خۆش بکات؟

**مەرگ:** یاریی بکە.

**نات:** ناتوانیت هیچم پێ بڵێیت؟ ئێمە بۆ کوێ دەڕۆین؟

**مەرگ:** ئێمە؟ ڕاستییەکەیت بوێت، دەبیتە گوولله و دەکەویتە ئەو ناوەڕاستە.

**نات:** وای، بەرگەی ناگرم! ئازاریشی هەیە؟

**مەرگ:** هەمووی چرکەیەک درێژە ناکێشێت.

**نات:** زۆر خۆشە. (ئاهێک هەڵدەکێشێت.) پێویستم پێیەتی. ئەو کەسەی کە تێکەڵی مۆدیست ئۆرجیناڵ دەبێت...

**مەرگ:** چوارەکان لە چیان؟

**نات:** دەتەوێت دابەزیت؟

**مەرگ:** وەزعیان باشە؟

**نات:** نەخێر. دووانیان لای منە.

**مەرگ:** گاڵتە دەکەیت؟

**نات:** نە بە گیانی تۆ. دەدۆڕێیت.

**مەرگ:** یا مەسیحی پیرۆز. من وامزانی تۆ شەشەکان کۆدەکەیتەوە.

**نات:** نەخێر. وەرەقم بدەرێ. بیستودوو خاڵ. داینێ.

(مەرگ وەرەقەی دەداتێ.)

ئێستا هەر دەبێت بکەومە سەر زەوی ژوورەکەم، ها؟ ناکرێت لەسەر قەنەفە بووەستم؟

**مەرگ:** نەخێر. یاریی بکە.

**نات:** بۆ نا؟

**مەرگ:** لەبەر ئەوەی دەکەویتە سەر زەوی ژوورەکە! وازم لێ بێنە. بە ناخێری گیانم دەبێت دیقەتم هەبێ.

**نات:** من تەنیا دەڵێم بۆ سەر زەوی ژوور؟ هەر هێندە! بۆ ناکرێت هەموو ئەو ڕووداوە کاتێک ڕووبدات، کە من لە پەنای قەنەفەکەدا وەستابم؟

**مەرگ:** من هەوڵی خۆم دەدەم. ئێستا دەتوانین یاریی بکەین؟

**نات:** من تەنیا هەر ئەمە دەڵێم. تۆ من دەخەیتە بیری مووی لیف کۆڤیتیس. ئەویش کەللەڕەقە.

**مەرگ:** من ئەم بەڕێزە دەخەمە بیری مووی لیف کۆڤیتیس. کوڕی باش، من یەکێکم لەو ترسناکترین ڕووخسارانەی کە دەتوانیت بیهێنیتە بەرچاوت، ئینجا دەڵێیت تۆ دەخەمە بیری مووی لیف کۆڤیتیس! ئەو کابرایە چ کارەیە، فەروفرۆشە؟

**نات:** تۆش دەبوو بویتایەتە فەروفرۆشێکی لەو شێوەیە. شیرین ساڵی هەشتا هەزار دۆلار پەیدا دەکات. بەرگدرووەرە. خۆشی کاری ماڵەوە دەکات. دوو خاڵ.

**مەرگ:** چی؟

**نات:** دوو خاڵ. من تەواوم کرد. تۆ چیت پێیە؟

**مەرگ:** باسی دەستی من مەکە، زۆر وێرانە.

**نات:** پڕیشە لە قەرە.

**مەرگ:** هێندە چەنەبازیت کرد.

(سەرلەنوێ وەرەق دابەش دەکەن و درێژەی پێ دەدەن.)

**نات:** مەبەستت چی بوو وتت یەکەم کارتە؟

**مەرگ:** دەکرێ چ مەبەستێکم هەبێت؟

**نات:** یەعنی دەتەوێت بڵێیت - پێشتر کەس نەڕۆیشتووە؟

**مەرگ:** ئاشکرایە کە زۆر کەس ڕۆیشتوون. بەڵام من نەمبردوون.

**نات:** ئەی کێ بردوونی؟

**مەرگ:** ئەوانی تر.

**نات:** بۆ ئەوانی تریش هەن؟

**مەرگ:** ئاشکرایە. هەرکەسە و بە شێوەی تایبەتی خۆی دەڕوات.

**نات:** ئەوەم نەدەزانی.

**مەرگ:** بۆ دەبێت بزانیت؟ بۆ تۆ کێیت؟

**نات:** یەعنی چی من کێم؟ یەعنی - من هیچ نیم؟

**مەرگ:** هیچ نا. تۆ بەرهەمهێنەری جلوبەرگیت. لەبەر ئەوە نەتدەزانی نهێنی ئەبەدیی چییە.

**نات:** ئەوە چی دەڵێیت؟ من زۆر زۆر باش دۆلار پەیدا دەکەم. دوو منداڵم ناردوە بۆ کۆلێژ. یەکێکیان لە کاری ڕیکلامدا کاردەکات، ئەوی تریشیان هاوسەرگیریی کردوە. ماڵی خۆم هەیە. ئۆتۆمبێلی کلایزەرم هەیە، ژنەکەم چی بوێیت هەیەتی. کارەکەر، پاڵتۆی چەرم، گەشتکردن بۆ خۆشگوزەرانیی. هەر ئێستا لە "ئایدن ڕاک"ـە ڕۆژی پەنجا دۆلار خەرج دەکات، بۆ ئەوەی لە نزیک خوشکەکەی بێت. بڕیارە منیش هەفتەیەکی تر بڕۆم بۆ لای. وادەزانی من کێم - بەڕەڵایەکی سەر شەقام؟

**مەرگ:** زۆر باشە. زۆر خۆت ناسک مەکەرەوە.

**نات:** کێ خۆی ناسک دەکاتەوە؟

**مەرگ:** پێت خۆشە بەردەوام سوکایەتیم پێ بکرێت؟

**نات:** من سوکایەتیم پێ کردویت؟

**مەرگ:** تۆ نەتوت لێم بێهیوا بوویت؟

**نات:** چاوەڕوانیی چی دەکەیت؟ دەتەوێت موشەکت بۆ بنێرم بۆ ئاسمان؟

**مەرگ:** مەبەستم ئەم جۆرە شتانە نەبوو، مەبەستم خودی خۆم بوو. ئەوەی کە زۆر قەزەمم، ئەمەم و ئەوەم.

**نات:** من وتم تۆ لە من دەچی. دەڵێی سێویکین کراوین بە دوو لەتەوە.

**مەرگ:** زۆر باشە وەرەقەم بدەرێ، وەرەقەم بدەرێ.

(درێژە بە یارییەکە دەدەن، تا دەنگی مۆسیقا بەرز دەبێتەوە و ڕووناکیی هێندە کەم دەبێتەوە، کە سەر تەختەی شانۆ تاریک تاریک دەبێت، دووبارە ڕووناکیی هێدی هێدی زۆر دەبێت. ئێستا ماوەیەک تێپەڕیوە و یارییەکەیان کۆتایی هاتووە. نات خاڵەکان دەژمێرێت.)

**نات:** شەستوهەشت... پەنجا. بەڵێ، تۆ دۆڕایت.

**مەرگ:** (بە بێتاقەتییەوە سەیری دەستەی وەرەقەکان دەکات.) وتم نەدەبوو ئەو"نۆ"یەم دابنایە. بەنەفرەت بیت.

**نات:** کەواتە تا سبەی.

**مەرگ:** یانی چی تا سبەی؟

**نات:** من ڕۆژێک مۆڵەتم بردەوە ئیتر. کەواتە بە تەنیا جێم بهێڵە.

**مەرگ:** تۆ بەڕاستتە؟

**نات:** بەڵێنمان دا ئیتر.

**مەرگ:** بەڵێ، بەڵام-

**نات:** بەڵام بێ بەڵام. من بیستوچوار کاتژمێرم بردەوە، بڕۆ سبەی وەرەوە.

**مەرگ:** نەمدەزانی هەر بە ڕاستیی خەریکین لەسەر کات یاریی دەکەین.

**نات:** بۆ تۆ ناشرینە. دەبوو ئاگات لە خۆت بوایە.

**مەرگ:** ئاخر ئەم بیستوچوار کاتژمێرە من بۆ کوێ بڕۆم؟

**نات:** چ جیاوازییەکی هەیە؟ ئەسڵی مەسەلەکە ئەوەیە من ڕۆژێکم بردەوە.

**مەرگ:** دەتەوێت چی بکەم - بە شەقامەکاندا سەرگەردان و بەڕەڵا بم.

**نات:** ژوورێک لە هۆتێلدا بگرە، دواتر بڕۆ بۆ سینەما. دەتوانیت شۆفلێتێک بە کرێ بگریت و بە شەقامەکاندا بسوڕێیتەوە. بەڵام ئاگات لە خۆت بێت تووشی پۆلیسی فیدراڵ نەبیت.

**مەرگ:** دووبارە خاڵەکان بژمێرەرەوە...

**نات:** تەواو بوو — بیستوهەشت دۆلاریش قەرزارمیت.

**مەرگ:** چی؟

**نات:** بەڵێ، فەرموو- ئەوەتا - خۆت سەیری بکە.

**مەرگ:** (گیرفانەکانی دەگەڕێت.) چەند دۆلارێک زیاترم پێ نییە - ناگاتە بیستوهەشت دۆلار.

**نات:** چەکیش وەردەگرم.

**مەرگ:** بە کام حیسابی بانکیی؟

**نات:** سەیری من بکە لەگەڵ کێدا مامەڵەم کردوە.

**مەرگ:** بڕۆ سکاڵا بکە. ئاخر کوڕی باش من چۆن دەتوانم حسابی بانکیم هەبێت.

**نات:** زۆر باشە، جارێ هەرچیت پێیە بمدەرێ، بۆ ئەوەی تریشی گەردنت ئازاد دەکەم.

**مەرگ:** گوێ بگرە، من پێویستم بەم پارەیەیە.

نات: ئاخر تۆ پارەت بۆ چییە؟

**مەرگ:** خۆت دەزانیت دەڵێیت چی؟ بۆ بەڕێزت نابێت بچیت بۆ ئەولا؟

**نات:** ئێ، باشە؟ مەبەستت چییە؟

**مەرگ:** مەبەستم - دەزانی چەندە ڕێگایە؟

**نات:** ئێ باشە؟

**مەرگ:** ئەی بانزین؟ شتومەک چی؟

**نات:** بۆ بە ئۆتۆمبێل دەچین!

**مەرگ:** دواتر دەزانیت. (توڕە و وروژێنراو) سەیرکە من سبەی دەگەڕێمەوە. تۆ دەبێت دەرفەتم بدەیتێ قەرزەکانم بدەمەوە.گەرنا زۆر بە خراپیی تووشی کێشە دەبم.

**نات:** هەرچی تۆ بتەوێت. لەسەر دوو بەرانبەر یان هەرشتێک یاریی دەکەین. دەتوانم هەفتەیەک، بڵێ مانگێکی تریشت لێ ببەمەوە. بەو جۆرەی تۆ یاریی دەکەیت، ڕەنگە چەند ساڵی تریشت لێ ببەمەوە.

**مەرگ:** بەندەش لەم ماوەیەدا ئاوارە و سەرگەردان.

**نات:** سبەی دەتبینم.

**مەرگ:** (لە نزیک دەرگاکەوە) هوتێلی باش لەکوێ دەست دەکەوێت؟ سەیری من بکە باسی هوتێل دەکەم، بە کام پارە. دەڕۆم لە گۆڕەپانی بیک فۆرد دادەنیشم. (ڕۆژنامەکە هەڵدەگرێت.)

**نات:** دەرەوە. دەرەوە. ئەو ڕۆژنامەیە هیی منە.

(ڕۆژنامەکەی لێ وەردەگرێتەوە.)

**مەرگ:** (لە کاتی چوونە دەرەوەدا) ئاخر بڵێ کە گەیشتیت، دەتگرت و دەتبرد. هەر لە خۆوە خۆت سەرقاڵ کرد بە کۆنکەنەوە و بۆچی؟

**نات:** (بانگی دەکات.) دەڕۆیتە خوارەوە ئاگات لە خۆت بێت، قاڵی سەر یەکێک لە پلیکانەکان ڕزیوە.

(ڕێک لەم ساتەدا دەنگی کەوتنێکی ترسناک دەبیستین، نات ئاهێک هەڵدەکێشێت. دواتر دەڕوات بۆ لای مێزی پەنای سیسەمەکە و تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێت و ژمارە لێ دەدات.)

**نات:** ئەلوو، موی؟ منم. گوێ بگرە. نازانم کەسێک گاڵتەی لەگەڵ دەکردم یان شتێکی تر بوو، بەهەرحاڵ مەرگ هەر ئێستە لێرە بوو. کەمێک کۆنکەنمان پێکەوە کرد... نەخێر، مەرگ. خودی خۆی بوو. ڕەنگە کەسێکیش بێت کە بانگەشەی ئەوە دەکات مەرگە. مووی ئەگەر بزانیت چەندە دەستوپێسپییە!

(پەردە دادەدرێتەوە.)

**"کۆتایی"**





# دانیشتنی ڕەخنەیی



# مەلەفێکی ڕەخنەیی تایبەت بە شانۆیی کۆچبەران

**ئامادەکردنی: ئاراس عەبدوڵا**

**شانۆیی «کۆچبەران» دوایین کاری هونەرمەندی شانۆکار فازیل جاف بوو کە لە سەرەتای ئەمساڵدا و بۆماوەی چوار ڕۆژ لە شاری سلێمانی نمایش کرا، ئەمکارەی هونەرمەندی ناوبراو، بووە چوارەمین ئەزموونی دەرهێنانی ئەو، بۆ شانۆنامەکانی نووسەری بەناوبانگی پۆلۆنیا و جیهان سلاڤۆمیر مرۆژێك، کە تیایدا هەریەك لە ڕێباز محەمەد و گۆران نامیق ڕۆڵی کەسایەتییەکانی ناو شانۆنامەکەیان بەرجەستە دەکرد. لەم مەلەفە تایبەتەدا هەوڵدەدەین چەندین نووسین ڕەخنەیی و بۆچوونی جیاوازی بینەران و شاناۆکاران دەربارەی شانۆیی «کۆچبەران» بۆ خوێنەران بڵاوبکەینەوە.**

## دەربارەی دەق، کاری دەرهێنان و نواندن لە نمایشی» کۆچبەران»دا

### پێشڕەو حسێن

هەر وەرەقەیەکی ڕەخنەیی، یان هەر خوێندنەوەی نمایشێک، وەکو عەمەلییەیەکی هەڵکۆڵین یان شیتەڵکردنەوە وایە، چەند جۆرێکی هەیە، یەکێک لەو جۆرانە، عەمەلییەی بەهاوکێشەکردنی نمایشە بۆ دەق، دەرهێنەر، ئەکتەر. ئێمە لە دەقەوە دەستپێدەکەین، بزانین، ئەم دەقە و نووسەرەکەی چی دەڵێن و دواتر دەرهێنان چ ئیزافەیەکی کردووە یان چ جیاوازییەکی بیرکردنەوەی لەگەڵ تێکستەکەدا هەبووە، بزانین لەناو ئەو عەمەلییەشدا ئەکتەر چۆن توانیویەتی بەرجەستەی ئەو دوو جیهانە بکات.

جیهانی دەق

بەڕای من وەکو پێناسە دەچێتە خانەی جۆرێک لە ئەبسوردەوە کە تایبەتە بە سەدەکانی بیستەم و تەواو مۆدێرنە، خاڵی جیاوازیشی لەگەڵ ئەبسوردی کلاسیک یان ئەبسوردی بێکێت، ژانژینیە و ئارابالدا دەدۆزێتەوە، کە سلاڤۆمێر مرۆژێک لە ئێستادا دەتوانین بڵێین ڕابەرایەتی ئەم تەوژمی نووسینە دەکات، کە ناوێکی دیکەی دەتوانین لێ بنێین ئەویش بریتییە لە «کۆمیدیای ڕەش»، کۆمیدیای ڕەشیش دەتوانین بڵێین وەک فیکر لە گرۆتێسک یان لە پارادۆکسەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، لە دوو دژ کە یەکێک لەو دژانە قاچی لەناو واقیعدایە و لایەنەکەی دیکەی ئەو پارادۆکسەش قاچی لەناو خەیاڵدایە. هەڵبەتە زۆرجار دەوترێت بێکێتیش لەم جۆرە نووسەرانەیە کە پەیڕەوی شێوازی نووسینی «کۆمیدیای ڕەش» دەکات، زۆر لەسەر ئەوە نووسراوە کە مرۆژێک زۆر بەڕوونی لەژێر کاریگەری بێکێتدایە و کارەکتەرەکانی بێکێت بە ڕوونی و ئاشکرایی و بەبێ هیچ لەخۆکردنێک لەناو کارەکانیدا دەبینینەوە، وەک چۆن لەناو ئەم نمایشەدا، هەم هام و کلۆف، پۆزۆ و لەکی و فلادمێر و ئیستراگۆنمان دەبینیوە لە قۆناغە جیاوازەکانی دەقدا، بەڵام ئەوەی مرۆژێک جیادەکاتەوە چییە؟ ئەوەیە کە واقیعە کۆمەڵایەتییەکان بەدابڕاو لە مەسەلە فیکرییەکان کە بێکێت لەناو تایپ و مەسەلە فیکرییەکاندا پرسیارەکانی ئاڕاستەی وجود و بوون دەکاتەوە، مرۆژێک لەڕێگەی واقیعە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لەڕێگەی کارەکتەری کۆمەڵایەتی کە هەڵگری سیفەی زۆر وازح و ڕوونن، ئیتر سیفەتە کۆمەڵایەتییەکانیان یاخود ئەبعادەکانیان وەکو لای بێکێت ون نییە، و زەمەن و شوێن تیایدا ون نییە، لەناو چیرۆکێکی واقیعیانەدا ئەم زەردەخەنە ژەهراوییە، یان ئەم تاڵییە دەدۆزێتەوە. بۆئەوەی زیاتر مەسەلەی پاردۆکس یان گرۆتێسک ڕوونبکەینەوە لە دەقەکەدا، یەکێک لە شتە ئەساسییەکان کە دەتوانین ئاماژەی پێبدەین و بیدۆزینەوە زۆر قورس نییە، کە ئەویش مەسەلەی کردنی مرۆڤێکە بە سەگ لەو کاتەدا کە دەیەوێت قتویەک گۆشت بخوات کە تایبەتە بە سەگ، لێرەدا مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی

واقیعی بەر ڕووە ناواقیعییەکەی خۆی دەکەوێت کە سەگە، ئەخیرجاریش خودی ئەو کارەکتەرەش دان بەوەدا دەنێت کە ئەو ژیانەی ئەوی تێدا دەژیت هیچی کەمتر نییە لە ژیانی سەگێک. لەناو دەقەکەدا شتێکی زۆر گرنگتر هەیە کە نوێنەرایەتی ئەم گرۆتێسکە دەکات، ئەویش بوونی دوو کارەکتەرە کە مەحاڵ یان خەیاڵ مەگەر لە شوێنێکدا پێکەوە کۆیان بکاتەوە، کەسێکی ئایدیالیست، ڕۆشنبیرێک لە چین و برکردنەوەیەکی تەواو جیاواز، بەر کرێکارێک دەکەوێت، لە بیرکردنەوە و چینێکی تەواو جیاواز، ئەمە ئیتر سیمبۆلی ئەم ئیشە گرۆتێسکەیە کە لەناو دەقەکەدا بەوازحی مرۆژێک بنەمای تێکستەکەی لەسەر بیناکردووە.

**کاری دەرهێنان و نواندن**

لەدەقەوە ئەپەڕمەوە بۆلای دەرهێنەر بۆ ناو نمایش، لەبەر ئەوەی بەدڵنیاییەوە تێڕوانینی جیاواز بۆ دەق هەیە، بەدڵنیاییەوە ئەم جۆرە نمایش و دەقانە ئەخیر جار، فرە بینەری و فرە خوێنەری بەرهەم دەهێنن، ئەوەمان بیرنەچێت لەلای نووسەر نەوعێک لە ژیانی تایبەتی هەیە کە بە وازحی دەرژێتە ناو دەقەکانییەوە، وەکو سترندبێرگ وایە، کە مرۆژێک دەخوێنمەوە هەستدەکەم نزیکایەتییەکی لەگەڵ ستریندبرێگ هەیە، بەوەی کە خۆی و ژیانی تایبەتی خۆی لەناو دەقەکانیدا جارێکی تر تەجروبە دەکاتەوە و خوێندنەوە بۆ ژیانی تایبەتی خۆی دەکاتەوە لەناو دەقەکانیدا و بەر خوێنەرەکەی دەکەوێتەوە جارێکی تر، مرۆژێکیش لەم جۆرانەیە کە خودی خۆی لەناو دەقەکانیدا حزوری هەیە و دەتوانین بیبینیتەوە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەم مرۆڤە چارەکە سەدەیەکی ژیانی لە ئاوارەیی و کۆچدا بردووەتە سەر، دەتوانین خودی کارەکتەری ئایدیالیستەکە لەناو دەقەکەدا بە نوێنەری مرۆژێک دابنێین، ئەم پەیوەندییەی کە لەنێوان مرۆژێک و دکتۆر فازیل جافدا هەیە لەوەدایە کە دکتۆریش بەشێکی ژیانی لە ئاوارەیی و لە تاراوگە بردووەتە سەر، جۆرێک لە ڕەفاقەت و خزمایەتی لەنێوان ئەم دەرهێنەر و نووسەردا دەدۆزینەوە کە وادەکات، عەملەییە ئیخراجییەکە لەسەر عەمەلییەی نووسینەوە قسەی بۆ وتن هەبێت، وە جۆرێک لە تێڕوانین و دیدگای دەرهێنەرەکە، هەرچەندە لەگەڵ نووسەردا تەبایە، بەڵام دەرگا و ڕێڕەوی جیاواز بۆخۆی بدۆزێتەوە، لەچیدا ئەمە دەبینینەوە؟ دەڵێین ئایا ئەگەر نووسەرێک کۆمیدیایەکی ڕەش بەرهەم بهێنێت، دەرهێنەر چۆن کاری لەسەر ئەمە کردووە؟ لە دەرهێنانی ئەم کارەدا، لە یەک لەحزەدا زۆر ناشەفافانە و لەگەڵ ئەوەشدا زۆر زیرەکانە دەبینین کە کرێکارەکە بۆ هەڵپچڕینی قتوی موعەلەباتەکە لەباتی ئەوەی شتێکی ئاسایی بەکار بهێنیت، تەورێک بەکار دەهێنێت. کە ئەمە ئیتر ڕووی تەواوی گرۆتێسکانەی فازیل جافە لەناو ئەم نمایشەدا، نمونەیەکی ت؛ ئەوکاتەیە کە نمایش تەواو دەبێت، ئەکتەرەکان تەحییە دەکەن، لەکاتی تەحییە کردندا بوکەڵەکان لە شوێنی ئەواندا خەوتون، یان نمونەیەکی تر، ئەمەیان زۆر جار لە خوێندنەوەی نمایشدا ڕەخنەگرەکان بە لاوازیی دەدانێن، ئەگەر ئێمە ستایلێکی بەتەواو ڕوون لەناو نواندنی سەرجەم

ئەکتەرەکاندا نەدۆزینەوە. زیرەکی دەرهێنەر لەم کارەدا لەوخاڵەدایە کە دوو جۆر لە ڕۆچوون بۆناو کارەکتەر لەم نمایشەدا دەبینین، ئەوانیش، ڕۆچوونێکی ستانیسلاڤسکیانەیە کە هەندێک جار بەشداری دەکات لە ڕۆچونێکی مێرهۆڵدیانەدا، وە هەروەها ڕۆچوونێکی مێرهۆڵدیانە کە هەندێک جار بەشداری دەکات لە رۆچونێکی ستانیسلاڤسکیانەدا، ئەم دووانە دەتوانین لەناو هەردوو ئەکتەرەکەدا ببینینەوە، گۆران کە کارەکتەری کرێکارەکە بەرجەستە دەکات زۆر نزیک بووەتەوە لە دۆخە دەرونییەکان، و ئیحساس و هەستەوەریی کارەکتەرەکەی، لەڕێگەی ئەگەری ئەفسوناوی و ئەو میکانیزمانەی چۆنییەتی جوڵە بەرهەمهێنان لەلای ستانیسلاڤسکی جوڵە بەرهەم دەهێنێت و کارەکەتەرەکەیمان پێدەناسێنێت، بەپێچەوانەوە روویەکی ترمان هەیە کە ڕێبازە، کارەکتەرە ڕۆشنبیر و ئایدیالیستەکەیە، ئەم ئایدیالیستە بە درێژایی نمایش خۆی بەدوور دەگرێت لەوەی کە رۆچوونی دەرونی و هەسەتەوەرانەی هەبێت، زیاتر لەناو فۆرم و مێرهۆڵددا دەمێنێتەوە، پاساوی ئەمە چییە؟ ئەم کرێکارە ئەسڵەن خوێندنەوەکانی بۆ ژیان بەرکەوتنێکی ئیحساسیانە و هەستەوەرانە و واقیعیانەیە، بەدورە لە لێکدانەوەی فیکری، بەرکەوتنی ئایدیالیستەکەش بەرکەوتنێکی مەعریفیانە و فۆرمگەراییانەیە، بۆەیە دەتوانین لەناو نواندنیشدا ئەم جیاوازییە لەناو هەردووکیاندا بەدی بکەین. یەکێک لەهەرە خالە ئەساسییەکان ئەوە بوو کە نمایشەکە لەڕووی دەرهێنانەوە، هەندێک جار ئەگەیشتە سنوری نزیکبوونەوە لە برێخت، لەناوی نمایشێکی وادا کە ستانیسلاڤسکی حزوری هەیە، میرهۆڵد حوزوری زۆر وازحی هەیە لەو شێوازگەرییەی کە لەکارەکەدا بینیمان، لە وەستانی ئەکتەرەکاندا و پێشکەشکردنی وێنەی نمایشیدا، بەتەواوەتی ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام بزانین لەکوێدا بەر برێخت دەکەوین، لەهەر کاتێکدا ئێمە گوێمان لەناوی برێخت دەبێت، راستەوخۆ ئەوەمان بیردەکەوێتەوە کە تەغریب یان نامۆکردنە، کە دەبێت ئەکتەرەکە لەبەینی خۆی و کارەکەتەرەکەیدا مەرزێک، سنورێک بهێڵێتەوە بۆئەوەی بەتەواوەتی نوقمی ئیحساس یان واقیعی کارەکتەرەکەی نەبێت، و هەمیشەش بتوانێت خۆی وەکو بینەر ڕەخنەی لە کارەکتەرەکەی هەبێت وئەم رەخنەیەش لەڕێگەی نمایشەوە پێشکەش بکات، ئەمە لەناو نمایشی «کۆچبەران»دا لەو جێگەیاندا دەدۆزینەوە کە ئەکتەرەکان ڕوویان لە ئێمەیە بەپێی هیچ موبەڕیرێکی واقیعیانە، موبەرير نییە بۆ ئەوەی ڕوویان لە ئێمە بێت، بەڵام ڕوومان تێدەکەن، دەوەستن، پێمان دەڵێن ئێمە ئێستا دەمانەوێت فیکرێک یان لەحزەیەکی شانۆیی بۆ ئێوە بگێڕینەوە کە داماڵدراوە لە ئیحساس و واقیعیەت، و فۆڕمێکە کە پێویستی بە بیرکردنەوەی ئێوە هەیە، ئەوەتا تەماشات دەکەم، بیر لەم ساتەوەختە شانۆییە بکەرەوە.

**تێبینی: ئەم بابەتەی پێشڕەو حسێن، لە دانیشتنی ڕەخنەیی کتێبفرۆشیی غەزەلنووس کە تایبەت بوو بە شانۆیی «کۆچبەران» وەرگیراوە.**

## کۆچبەرانی مرۆژك و دیدی سەردەمیانەی فازیل جاف

**فرمێسك موستەفا**

دوو مرۆڤی نامۆ و بێ شناس، لە کوێوە هاتوون و لە کوێ دەژین ؟ بۆ کوێ دەچن؟ سەرەتا زەمەنێکی نادیار دەستپێکی ڕووداوەکانە، تا ئەو کاتەی زەنگی کڵیسا و غەڵبەغەڵبی دەرەوەی شوێنی دوو کۆچبەرەکە دەبیستین. دەزانین ڕووداوەکە لە شەوێکی سەری ساڵدایە، بەڵام ساڵی چەندە؟ ئەوەیش نەزانراوە.هەر وەک محمەد فەریق حەسن لە کتێبی سندوقی هەزار پیشەدا دەڵێت: کۆچبەر ئێستای نییە،داهاتوویشی نادیارە.

ئەم دوو مرۆڤە نەک نامۆ و بێ شناسن، تەنانەت نازانین هەڵگری چ پاسپۆرتێکن؟ جوگرافیای شوێن ونە. لەگەڵ ناوەوەی خۆیاندا ونن، لەگەڵ یەکتریشدا دوو کەسی جیاوازن لە بیر و بۆچوونەکانیاندا. هۆکاری کۆچکردنیان لە وڵات جودایە و ئامانجەکانیان لە وڵاتی هەڵاتوون بۆی، بەهەمان شێوە جودایە. یەکێک بۆ کۆکردنەوەی پارە هاتووە ورۆژگارەکانی بە کرێکاری بەسەر دەبات،کوری پیاوێکی دەستکورت بووە، خەونی ئەو خانوویەکە لە وڵات هەیبێت و تێیدا تەنیا بخوات و بخواتەوە. پارە خرکردنەوە، وێستگەی سەرەکی شەمەنەفەرەکە بۆ ئەو بابەتێکی گرنگی رۆژانەیەتی. کەسایەتییەکی دیکە نایەوێت کۆیلەی دەسەڵاتێک بێت لە وڵات، ئەو پەناهەندیەکی سیاسییە و،وەک رۆشنبیرێکی یاخی نەخشە بۆ کلتوری مرۆڤایەتی دادەنێت لە وڵاتێکی ئازاد و سەربەخۆ و شارستانیدا و خۆی نوقمی ئازادی دەکات. هیوای ئەو کتێبە دەستونسەکەیەتی بە چاپی بگەیەنێت و بینێرێتەوە بۆ وڵات و لە کۆمەڵگەی خۆیدا سودی لێ ببینرێت. واتە گرنگ گەرانەوەی کتێبەکەیەتی ئەوجا خۆی.رۆژگارەکانی لەسەر جێگای ژورە نسرمەکە بەسەر دەبات، خۆی تەرخان کردووە بۆ بیرکردنەوە.... لێ لە کۆتاییدا هەردووک وەک یەک لە چەمکی کۆیلەییدا یەکتر دەگرنەوە. کۆنفلیکتێکی فەلسەفی لە نێوان ئەم دوو کەسایەتیە دا بەڕوونی دەبینرێت لە شێوازی ژیان و بیرکردنەوەیاندا، بەڵام ئەوانە لە کۆتاییدا دەگەنەوە سەر بڕواهێنان بەوەی کۆیلەن!! هەر یەک کۆیلەی بیروباوەڕو بیرکردنەوە و پلان و ئامانجی خۆیەتی. هەندێک لە رخنە گرانی رۆژئاوا، وای بۆ دەچن کە ئەم دەقە، دەقێکی ئایدۆلۆجیە و باس لە پەیوەندی نێوان سەرمایەداری وکۆمۆنیست دەکات. بەڵام بۆ من هێندەی دەقێکی سایکۆلۆجییە هێندە ئایدۆلۆجی نییە، تیکستێکی سایکۆلۆجییە کە ئامانجێک دەپێکێت ناوی ئەزمونی مرۆڤایەتییە. من هەم وەک کۆچبەر وهەم وەک کەسێکی پەناهەندە گەراوەتەوە بۆ وڵات، نمونەیەکی زیندوو بووم لە ناو ژینگەی ئەم تیکستەدا. ئاوێتەی هەموو رووداوەکانی دەبووم و نەک هەر خۆم بەڵکو زۆر کەسایەتی ئەو وڵاتەم ئەدی کە لەوێ پێیان گەیشتبووم و، لێرەیش پێش رۆیشتنیان و دوای گەرانەوەیان و،شێوازی بیرکردنەوەیان لە ناوئەو کۆمەڵگەیەی بۆی هەڵاتوون. هەمیشە خەڵکی ئەو وڵاتەی لێی دەژین ( ئەوانە کەی بەشەرن، تا فێری زمان و کلتوریان

بین!!) لە راستیدا ئەمە هەڵاتن و ترسە لەو شۆکە کلتورییەی لەیەکەم رۆژدا یەخەیان دەگرێت و ناتوانن ببنە یەکێک لە هاونیشتمانی ئەو وڵاتە و خۆ نەدۆزینەوەیە لە ناو کلتورەکەیدا.. لە کاتێکیشدا ئەو وڵاتە قەبوڵ دەکەیت لەبەر ئامانج و هیواکانی خۆتە، نەک تێکەڵبوونت لەگەڵ ئەو کلتورە نوێیە و فێربوون و خۆ دۆزینەوە بێت لە نێوکۆمەڵگەیەکی شارستانیدا. ئەمە کێشەی شناسی مرۆڤی ونە لە کۆمەڵگەکەی خۆی کە لە ئەزەلەوە لە دەرەوەی بازنەی کلتوریی خۆی بووە، لێرەوە کێشەی شناس دەست پێ دەکات وهەمیشە بۆ ناسنامەیەک دەگەرێت، لە ئەزەلەوە هەستی نەکردوە هەیبێت. چاوەڕوانی فریاد رەسێکی ونە، دەستی بگرێت و بیکاتە خاوەن ناسنامەیەک!! لێرەدا دەقەکە نزیک دەبێتەوە لە چاوەڕوانی گۆدۆ... دەچێتەوە سەر هەمان سەرچاوەی ئیلهامی بیکت لە گۆدۆدایە و لە کۆچبەرانی مرۆژکدا رەنگ ئەداتەوە. تەنانەت لە یەکێک لە دیمەنەکاندا، کاتێک زەنگی سەری ساڵی نوێ لە کڵێساکەوە دەبیستن، و پیرۆزبایی ساڵی نوێ لەیەکتر دەکەن، هەردووک دەبنە فلادیمیر و ئیستراگۆن و چاوەڕوانی نادیارن کە ساڵێکی تردا. ئەمەیش موعالەجەیەکی زۆر ژیرانەی دەرهێنەرە، بینەر هۆشیار دەکات بۆ ئەم لێکچون و نزیکایەتییە. تیکستەکە لە سایکۆلۆجییەوە دەبێتە تیکستێکی عەبەسی و بونگەرایی.. کە ئەم دوو حاڵەتەیش زۆر نزیکن لەیەکترەوە..

شوێن!!! سەردابێکی نسرمی داروخاوە کە هیچ مەرجێک لە مەرجەکانی تەندروستی تێدا نابینرێت، لە یەکێک لە باڵەخانەکانی شارێکی نادیار لە نیشتمانێکی نادیاردا. دوو جێگا و مێزێک و دوو کورسی بچوک، گڵۆپێکی نیمچە روناک و کزەڵە بەسەر مێزەکەوەیە.. کۆمەڵێک کتێب لەسەر زەوی کەڵەکە کراون و مەخسەلێکی قاپ شتن، قۆری و کوپی چاو و پەرداخ و بوتڵێک ڤۆدگا و سێ مۆم . دیوارەکان بۆری ئاوەڕۆکانی پێدا هاتۆتە خوارێ . بێ هیچ جوڵەیەکی ئەکتەر و دەستکردن بە ئاخاوتن. شوێن، پێمان دەڵێت: لێرە ژیانێکی ساردی بێ رەنگ و بۆ و زۆرە ملێی هەیە. ئەوەی سەرنشینی ئەم جێگایەیە مێشێکی بچوکی ئەم گەردوونەیە و هیچی دیکە نییە. ئەو مێشەی لە رابردوودا لە وڵات زۆر بوون. کەسایەتییەکان لەسەر هەسارەیەکی بێ ناونیشان و دوورن، مەلەل و بێ دەرەتانییە. ڕەنگدانەوەیەکە کە لە نائومێدی ناخی مرۆی ئەم سەردەمە دەکات.. خواردنی ژەمەکان گۆشتی قوتووە، گرنگ نییە گۆشتەکە هی کام ئاژەڵە وبۆ بەنیئادەمە یان هی سەگ و پشیلەیە؟ نامۆبوون لە کەرەسە و بەکار هێنانیاندا.

شێوەی هونەری، واتە فۆرمە یەک لەدوای یەکەکانی ئیقاع و تێمپۆ و ریتمی نمایش لە ڕێگای تەکنیکی نواندن و دەرهێنان و سینۆگرافیا...

## دەرهێنەر و تێکست

یەکەم جار کە دکتۆر فازیلم بە پراکتیک ناسی، لە ڕێگای خوێندنەوەی زنجیرە وتارەکانی بوو، کە لە گۆڤاری ڕامان بڵاوی دەکردنەوە. بەستایل و شێوازی نوسینی بۆمن ئێستایشی لەگەڵ بێت سەرنج راکێش بوو. فازیل جاف زۆر روون و سادە دەنوسێت، لەهەمان کاتدا چروپڕە و درێژە دادڕێ ناکات، و خوێنەر ناهێنێت و ئامانجی لە نوسینەکەیدا دیارە و ڕوونە، خوێنەر ماندوو ناکات بە بەکارهێنانی دەستەواژەی قەبەو، توشی دڵەڕاوکێت ناکات، تا دەگەیە ئەوەی پێمان بڵێت

مەبەستی لە بابەتی نوسینەکەی چییە! لە دوای بینینی نمایشی کۆچبەران هەستم کرد لە دەرهێنانیشدا بەهەمان شێوەیە، زۆر سادە و ڕەوان و ئاسان دیمەنە یەک لە دوای یەکەکان، بە فۆرمێکی سادە دەخاتە ڕوو. بینەرواهەست دەکات ئەو جێگایەی دیتووە و تێیدا ژیاوە. ئەندێشە و بیرکردنەوەی هەر زوو لەگەڵیا دەگونجێت، وەک ئەوەی ژیانی سادەی ڕۆژانەی خۆی بوبێت. ئەمەیش هەروا ئاسان نایەتە بەرهەم.. پوخت کردنەوەی دیمەنی شانۆیی، واتە قوڵ بوونەوە و ڕۆچوون و تێگەیشتنی تەواوە لە ناوەڕۆکی بابەتەکە. ئەزمون و ستایلی تایبەتە بە دەرهێنەر، کە دەزانێت خۆی چی دەوێت وەک خودی خۆی و، ئەوجاکەیش تێگەیشتنێکی تەواوە لە نوسەری تێکستە شانۆییەکە و، ئاشنا بوونە بە بیرکردنەوەی نوسەرەکەی. لە سەروو ئەمانەیشەوە تێگەیشتن لە زەمەنی ئێستا و ئێرە کە بینەرە. دەرهێنەرشاهیدی سەردەمی کارەکەیە چۆن بیر دەکاتەوە، تا بزانێت چۆن توێکڵی گشتی کارەکە بۆ بیەر داماڵێت و،بتکاتە ناو جەوهەری کارەکە. لەم حاڵەتەدا دەرهێنەر بە ئەمانەت و ئاگاییەوە دەست دەبات بۆ فیکرو بۆ چوون و مەبەستی نوسەرەکە، کە ئەمە بە دەگمەن لە شانۆی کوردیدا ئەم ئەمانەتی تێکستە کاری لەسەر دەکرێت... کورت کردنەوە و قرتاندنی دیمەن و ون بوونی مانا سەرەکییەکەی ئامانجی نوسەر ون دەکات کە ویستوویەتی چیمان بۆ ئاشکرا و بەیان بکات!! هەربۆیە بینەر نازانێت مەبەستی ئەم نمایشە چییە و دەرهێنەر ویستوویەتی چمان تێبگەیەنێت؟ کارەکە لە هزری بینەردا هەر زوو دەسڕدرێتەوە.

فازیل جاف لە پانتایی تیکستەکەدا، بەئاسانی توانیوویەتی سود لە نامۆبوون لە شانۆی مەلحەمی بریخت و لا مەعقولی بیکیت و میتودی گرۆتێست و بروک و بکاتە فۆرمی دەرهێناندا. بێ لە پرسپۆری خۆی لە میتودی میرهولد و شارەزایی لە زمانی جەستە و ئاماژەکانیدا.

## کاری دەرهێنەر لەگەڵ ئەکتەردا.

سەرەتا دەمەوێت باس لە ئەزمونی کارکردنی خۆم بکەم لە تەک د. فازیل دا، کە لە شانۆنامەی زریان لە ڕۆڵی پاولینادا بوو. سەرباری هەموو ئەزمونە جوداکانی کاری نواندنمدا، لە میتود و دەرهێنەر و دەقی سەردەمی جیاواز و قوتابخانە جیاوازەکاندا، لەو سەرکەوتنانەی بە دەستم هێنابوون لە نمایشەکانی پێشوومدا، تا توانیم لەوە بگەم ئەم دەرهێنەرە چی لە ئەکتەر دەوێت؟ لە جوڵە و ئاماژەکانی جەستە و خۆدۆزینەوە لە ناو فۆرمێک، کە پێوری جوڵەکانت بە ملیم دەبێت ئاگاداری بیت. تێبینیەکانی و شێوازی کارکردنی تا لە ئامانجی گەیەشتم سەرەتا زۆر شلەژابووم. لە پرۆسەی کارکردنەکەدا، هەستم کرد کۆمدەکاتەوە لەو زیادانەی کە لە نواندنی کارەکانی پێشوودا هەمبوون،، توانا شاراوەکەی پێویستە خۆی بنوێنێت، لە دایک دەبێت.. ئیدی لە کاری داهاتووتدا ئەکتەر دەبێتە خاوەن سەلیقەیەک و شارەزاییەک کە دەرهێنەری دیکە پێیەوە ماندوو نەبێت.

ئەمەیش بێگومان کاری دەرهێنەرێکە کە خاوەن میتودی تایبەت بەخۆی بێت. بزانێت لە چ قاڵبێکدا کار دەکات؟ دەیەوێت چی بگەیەنێت؟ دەرهینەر گرنگییەکی زۆر ئەدات بە ئاماژەکانی جەستە و جوڵە و تەکنیکی جەستەیی، بۆیە لەم نمایشەدا

جوڵەکانی جەستە لە فۆرمی دیمەنەکاندا دەبوونە بەشێک لە دەرهێنان، واتە جەستە و ئاماژەی ئەکتەر بەشێک بوون لە دیمەنی شانۆگەرییەکە. نەک هەر تەنیا بەشێک بن لە ئەکتەر و نواندن... ئەم سادەییەش سادەییەکی قوڵە... زنجیرە فۆرمەکان کە بەدوای یەکتردا دێن، دەستت دەگرن بەدوای خۆیاندا بەکێشت دەکەن، تا فزولی بتگرێت تا بزانیت لە دیمەنی داهاتودا چی روودەدات؟ جەستە، ئاماژە، فۆرم، تەوقیت، ئیقاع « ریتم»، موفرەداتەکانی دەرهێنان» وەکو کومبوزیسیون و میزانسین» بە وردی کاری لەسەر کراوە. بۆیە نمایشەکە لای بینەر نمایشێکی روونە وەک رووبارێکی بەخوڕ کاتێک بە سەر زەویدا دەڕژێت گوزەردەکات، و بەرەو لای ئێمە دێت. ئێمەیش لەگەڵ ئەو روونیەدا وەدوی دەکەوین.هەر وەک پێشرەو حسین ئاماژەی بەوەدا کە دەرهێنەر توانی میتودی هەمەچەشنە لە نمایشێکدا کۆبکاتەوە و بەرجەستەی بکات،بەڵام هەموویان لە چوارچیوەی میتودی میرهولدا

ئەکتەر...........

کاتێک دەرهێنەر لە فۆرم و میزانسینی دیمەنەکانی دەکات، مەبەستی دەرهێنەریش بەئاسانی دەگاتە لای ئەکتەر» باشتر ئەکتەریش باشتر لە مەبەستی دەرهێنەر دەگات و دەزانێت دەرهێنەر لە ناو ئەو فۆرمە دا چی دەوێت و ئەرکەکانی چین، ئەمەیش هەمیشە لای ئەکتەرەکانی بروک رەنگ ئەداتەوە.. لای د. فازیلیش بەهەمان شێوەیە. ڕێباز و گۆران، دوو کەسایەتی هێندە زیندوو و ژیر بوون، کە من بەهەست ودەروونێکی زۆر ریلاکسەوە سەریم دەکردن و چێژم لە نواندنیان دەبینی. وەک ئەوەی لە ژورێکی ترەوە کامێرایەکم دانابێت و چاودێری ژورەکەی تەنیشتم بکەم، بزانم ئەو دووکەسە نامۆیە چی دەڵێن و چی دەکەن؟؟ لەوێدا ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە دەڵێت شانۆ کاکڵەی ژیانە، نەک بە رووداو بەڵکو ژیان لە ناو نواندندا. دوو کەسایەتی جودا و دوو هەست و نەستی جودا و دوو بیرکردنەوە لە دووکەسایەتی جیاوازدا، بەلام لای هەردووکیان هەڵاتن چارەنوسێکی هاوبەشە.. ئێمە هەستمان دەکرد لە کوێدا هاوبەشن و لە کوێدا جودان... دەنگ وریتم و تیمپۆو سکون... هەموو ئەمانە لە نواندنی دوو ئەکتەری نەک تەنیا بە توانا، بەڵکو تەبایش لەگەڵ بەرجەستەکردنی کارەکتەرەکەیاندا ولەگەڵ خۆیشیاندا کە هارمۆنی دابووە سەرتاپای نمایشەکە.

سەرکەوتنی ڕێباز و گۆران، نواندن نەبوو لە پێناو نواندندا، بۆیە گوێمان لە هاوار نەبوو، هێندەی هاواری ناوەوەمان هەست پێ دەکرد.. لە ئەدا و ئاماژە و دەربڕیندا دەمانبینین کە بە سادەیی دەدوێن دێن و دچن و گفتوگۆ دەکەن. لێرەدا ئەکتەر بیرەوەری خۆی نییە، ئەکتەر بیرەوەری کارەکتەرە.. تەنانەت زاکیرەی ئینفعالی «سۆزەبیرەوەری سیتانیسلافیسکیان وا بەرجەستە دەکرد، دەیانسەلماند کە بە باشی تاو وتۆی ئەو میتودەیان کردووە.. ئەم دوو کەسایەتییە، لە تیکستەکەیشدا وەک کەلوپەلی ناو تەرازوویەکن، ئەو کاتەی گۆران ئەودوێت، ڕێباز تەنیا فۆرمە، ئەو کاتەی ڕێبازیش ئەدوێت، گۆران فۆرمێکە. بەمەیش بالانسی رۆڵی کارەکتەرەکەیان راگرتبوو لای هەر یەکێکیان وەک ئەوەی پێویستە هەبێت. پێکەوە لەم گەمەیە دا زۆە سەرکەوتووبوون.. نزیکایەتی لە خۆیان وەک ئەکتەر، هەروەها وەک

دوو مرۆڤە بێ ناو و ناسنامەکەیش زۆر بەهێز بوو. هاوڕێیەتی لە دەرەوەی پرۆسەی کارەکە، سەرکەوتنێکی دیکەی نواندنەکە بوو. ئەوەیش کلیلی سەرکەوتنیان بوو کە هارمۆنیانیەکی وایان خوڵقاندبوو، متمانەی نمایشەکە لەلای بینەر دروست کردبوو.. کاتێک وەک بینەر سەیری شانۆ نامەی ڕۆژهەڵاتی دەکەم، هەمیشە هەڵچوونی زیادە و جوڵەی بێ مەبەست و بێ ئامانج دیاری کراو لە دیمەنێکی پوختدا، کە پێویستە کارەکتەر و دیمەنەکان وەک بیناکردنی هەرەمێکی پتەو بێت، بەڵام بە لاوازی ئەو بینایە دەکرێت وبینەر ماندوو دەکات.. ( هەروەک یەکێک لە بینەرەکان، دوای تەواو بوونی نمایشەکە بە سەرفرازییەوە گوتی: سێ ساڵە وا بە ریلاکسەوە سکونی ناو شانۆم هەست پێ نەکردووە). ئەوە ئەو هەرەمەیە کە موگناتیسی دیمەنەکانە بینەر بەکێش دەکاتە ناو دڵی نمایشەوە.

ڕێباز و گۆران، بە بێ ئەوەی هاوار بکەن و دەماری شینی لا مل ببینین، دەگریان و پێدەکەنین و زامی خۆیان باس دەکرد و گفتوگۆ و دیالۆگە دوروودرێژەکانیان بە پوختی دەگوت و زانایانە پاوسی نێوان دێرەکان و دەستپێکردنەوەیان، لە ئەداکردنی حیوارەکاندا زۆر سەرکەوتووانە بەرجەستە دەکرد.

من دوو ئەکتەری ڕۆژئاواییم لەسەر سەکۆیەکی ڕۆژهەڵاتدا دەبینی.. کە هەموو پێکهاتەکانی شانۆکە لە دەقێکی سەردەمیانەوە بۆ کاری سەردەمیانە و بینەری ئەم سەردەمە بوو... تەنیا کێشە کە هەستم پێ کرد لاوازی بەرجەستە کردنی ڕووناکی بوو ئەوەیش پەیوەست بوو، بە کەمی پردی ڕووناکی هۆڵەکە وەک لە زاری دەرهێنەرەوە لە ڕۆژی گفتوگۆ لەسەر نمایشەکەدا بیستمان.

## دەرهێنەر و ڕەنگ و سینۆگرافیا.

شیراز عزیز، وەک کەسێکی پسپۆر و شارەزا لە جیهانی شیوەکاری و پەیکەرتاشیدا، لەم ساڵانەدا توانی ببێتە یەکێک لە سینۆگرافە سەرکەوتووەکانی کوردستان.

لە زریاندا توانای شیراز عەزیز وەکو سینوکرافەریکی بەتوانا دەرکەوت، لە نمایشەدا شیراز بو یەکەم جار لە شانۆی کوردیدا کاری لە سەر جەمکی « بونیاتکەری» کرد، کە لە کەل ستیلی نمایشی زریاندا باش دەکونجا.

لەگەل خواستی تێکستەکە و دەرهێنەر و ستایلە جیاوازەکەی خۆیدا توانی ئەو نسرمی و ژیانە بێهودەیەمان بەڕەنگ و شێوە زندووانە پێشان بدات.. کەواهەستمان دەکرد لایەکی دیواری پێشەوەی سەردابەکە لا برابێت و نمایشەکەمان پێشکەشمانی بکەن، لە ناو ڕەنگە ڕەش ورەساسییە چڵکنەکان و بۆریە شۆڕەوە بوەکان و ڕەنگی تەختەکاندا، ڕەنگی جلوبەرگ زۆر بەجوانی لەگەڵ ڕەنگی دیوار و کەلوپەلەکاندا هەڵبژێرداربوون، کە چاوی بینەر بەو جلوبەرگە لە متی ڕەنگەکانی دیکە جیا بکاتەوە. کۆچبەرانی دکتۆر فازیل و ستافی کارەکەی، سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، بەوەی کە

لە کۆتایید، دەتوانین بڵێین نمایشێکی تەواو و پوختی سەردەمیانە، کە دەقی سەردەم و کاری سەردەم بێت بۆ بینەری سەردەم بوو.

تێبینی: ئەم نووسینەی فرمێسک موستەفا، لە دانیشتنی ڕەخنەیی کتێبفرۆشیی غەزەلنووس کە تایبەت بوو بە شانۆیی «کۆچبەران» پێشکەشکراوە.

## خوێندنەوەیەك لەسەر نواندن لە شانۆیی (کۆچبەران)

**فاتح فرومەند**

شانۆیی «کۆچبەران» لە نووسینی سلاڤۆمێر مرۆژێک و دەرهێنانی دکتۆر فازیل جاف جێی سەرنجێکی زۆرە بە تایبەت لە ڕووی نواندن و جۆری نواندنی ئەکتەرەکان. سەرەتا ئەبێ ئاماژە بەوەبکەین کە شانۆنامە ئەبزۆردەکانی مرۆژێک، فەزایەکی گرۆتێسکیان هەیە، واتە کاراکتێرەکانی، چی لەڕووی هەست و سۆزەوە، چی لە ڕووی جووڵە و جەستەوە، لەنێوان کۆمێدی و جدیدا، لە هاتوچوندان. لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە ئاراوە؛ ئەکتەر لە پرۆسەی خوڵقاندنی کاراکتەردا لە شانۆنامەیەک بە فەزایەکی گرۆتێسکدا، لە چ میتۆدێک دەتوانێت کەڵک وەرگرێت؟ یاخۆد باشترین ڕێگە بۆ خوڵقاندنی کاراکتێرەکانی ئەم شانۆنامەیە چییە؟ شانۆیی «کۆچبەران» لە ڕووی نواندنەوە دەچێتە سەر کام سیستەمی نواندن لە شانۆی هاوچەرخدا؟

شانۆیی «کۆچبەران» بە نواندنی ڕێباز موحەمەد لە دەوری «ڕۆشنبیر» و نواندنی گۆران نامیق لە دەوری «کرێکار»دا، بۆ ماوەی یەک کاتژمێر و چل و پێنج خولەک، بە بێ هیچ دەرچوونێکی ئەکتەرەکان بۆ دەرەوەی تەختەی شانۆ، توانی بینەر بەرێتە ناو دونیای نامۆی ئەم کەسایەتیانەوە. لەڕاستیدا جوڵە و میزانسێنی گونجاو بۆ ئەم فەزایە، لەگەڵ ریتمێکی مۆسیقائامێز لەناو سینۆگرافیایەکی دوراو و پڕبەپێستی ئەم فەزایە، هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەم نمایشەن لە ئاستێکی پرۆڤیشناڵدا.

دەکرێت بڵێین تایبەتمەندییەکانی شانۆی «شێوازگەری» ڤسیڤۆلد مایەرهۆڵد(Vsevolod Meyerhold ) لە فۆڕمی دەرهێنانی شانۆییەکە و ڕاهێنانی ئەکتەرەکان ئاشکرا بوو، کە تێگەیشتنی قوڵ و سەرنجڕاکێشی دەرهێنەری شانۆییەکە فازیل جاف-ی لەم جۆرە لە شانۆدا بە ڕوونی نیشان دەدا. بەڵام ئەوەی لەم نووسینەدا بۆ ئێمە سەرنجڕاکێشە، ستایل و جۆری نواندن و بەرجەستە کردنی ئەو کەسایەتیانەیە کە ئاماژەمان پێدا. لەڕاستیدا دەرهێنەر بۆ بەوێنەکردنی کەسایەتییەکانی ناو ئەم شانۆنامەیە، وەک شانۆنامەیەکی ئەبزۆرد (بە فۆڕمێکی واقیعخوازانە) لەسەر ئاماژە(Gesture) و حاڵەتەکانی جوڵەی جەستە جەختێکی زۆر دەکات، بەڵام بە شێوازێکی نەرم. دەکرێت بڵێین؛ ئەم ئاراستەیە لە ڕاهێنانی ئەکتەرەکان هەڵبژاردەیەکی گونجاوە بۆ ئەم شانۆنامەیە. وەک دەزانین، میتۆدی ستانیسلاڤسکی (Constantin Stanislavski) بەدوای ڕێگەیەکدا دەگەڕا بۆ پەروەردەکردنی ئەکتەرێک کە بتوانێت

بە شکڵێکی داهێنەرانە ساتەکانی ژیانی کاراکتێری ناو شانۆنامە زیندو بکاتەوە و هەوڵبدات زیندویی و باوەڕپێکەربوونی بۆ خۆی (وەک ئەکتەر) و بۆ بینەر لە هەموو شەوێنەکانی نمایشدا لە ئاستێکی بەرزدا رابگرێت و چاوەڕێی سروش لە جیهانێکی دیکەوە نەکات، بەڵکو خۆی رێگە بۆ سروش خۆش بکات، تاکو بتوانێت لەرێگەی ئیرادەوە کۆنترۆڵی هەست و سۆزەکانی بەدەست بێنێت. ناوبانگی ستانیسلاڤسکی بە جەختکردنەوەیەتی لەسەر شیکردنەوەی دەروونناسانەی کەسایەتی و بایەخدان بە سۆزەیادەوەرییەکانی ئەکتەر. بەڵام ئایا ئەکتەر دەتوانێت کاراکتێرەکانی شانۆنامەی «کۆچبەران» بە پێی سیستەمی ستانیسلاڤسکی بخولقێنێت؟

لەڕاستیدا، گەڕان بەدوای هێڵێکی ئاسۆیی لە کۆی گشتی کردارەکانی ئەم کەسایەتیانەدا توشی سەرلێشێواویمان دەکات. (بەرووکەش رەنگە هەندێک کردار بەرەو پێش بڕوات، بەڵام هیچ لە واقیعی کەسایەتییەکان ناگۆڕدرێت) بۆیە دەکرێت بڵێین لەم شانۆنامانەدا هێڵی کردارەکان بە شێوەیەکی بازنەییە وەک گوریسێکی تێکئاڵاو، چونکە کەسایەتییەکان هەر لە جێی خۆیان دەمێنن و دیسانەوە رۆژێکی دیکەی مەلەلهێنەر چاوەڕێیان دەکات) . دەکرێت بڵێین سیستەمی ستانیسلاڤسکی، زیاتر بۆ شانۆنامەیەک گونجاوە، کە بە چنین(Plot) ێکی ئاسۆییانە بنیاتنراوە، تاکو ئەکتەر بتوانێت دەماری سەرەکیی ئەنگێزە و هەست و سۆزی کردارەکانی کەسایەتی بدۆزێتەوە و بە وێنەی بکات.) بەڵام لە بەرامبەر شانۆنامەیەکی ئەبزۆردی گرۆتێسکدا، ئەکتەر چۆن دەبێ مامەڵە بکات؟ دەکرێت بڵێین لە فەزای ئەم شانۆنامانەدا، بۆ نمونە لە شانۆنامەی «کۆچبەران»دا ئێمە لەگەڵ فەزایەکی گرۆتێسکی پڕ لە پارادۆکس و ناهەماهەنگی رووبەڕوو دەبین؛ کۆمێدی/جدی، ترسناک/ پێکەنینهێنەر و هتد.. .

هەر وەک دەزانین ئەم بابەتانە لە پێکهاتەی گشتیی شێوازی مایەرهۆڵدا رۆڵێکی گرنگیان هەیە. مایەرهۆڵد بە کەڵکوەرگرتن لە جۆرەکانی شانۆی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، بەدوای زمانی شانۆیی (Theatrical) شانۆدا دەگەڕا و دژ بە درووستکردنی وەهمی ژیانی واقیعی لەسەر تەختەی شانۆ بوو. بەگشتی دەکرێت بڵێین مایەرهۆڵد بە گەشەپێدانی زمانی هونەری و شانۆیی جەستەی ئەکتەر، توانی ئاراستەی شانۆی هاوچەرخ بگۆڕێت و کاریگەریەکی زۆری لەسەر هونەرمەندانی پاش خۆی هەبێت. بۆ نمونە مایکل چیخۆڤ (Michael Chekhov) کە شاگردی هەردوو کەڵە هونەرمەندی روس ستانیسلاڤسکی و مایەرهۆڵد، بووە، لە هەردووکیان کەڵک وەردەگرێت؛ ژیانی ناوەوەی کەسایەتی(وێناکردن، جەخت خستنەسەر ئاماژە و جوڵە) کە کۆی ئەمانە چەمکی «جووڵەدەروونییەکان»( The Psychological Gesture) دروست دەکات یان بێرتۆڵت برێشت» چەمکی «گێستوس»(Gestus) ی کۆمەڵایەتی دێنێتە ئاراوە. دەبینین هەر سێ هونەرمەند کە ئاماژەمان پێ کردن، لەیەک بابەتدا هاوبەشن، ئەویش زمانی گوزارشتئامێزی جەستە یاخود(Gesture) ـە، بەڵام رەنگە ئامانجەکان جیاواز بێت، بۆ نمونە برێشت، ئەم زمانەی لە پێناو شانۆیەکی پێداگۆژیک(Pedagogic) بەکاردەهێنا، بەڵام «مایکێل چیخۆڤ» بە دوای رێزمانێک بۆ

ئەکتەردا دەگەڕا، ڕێزمانێک کە بتوانێت لەهەر ژانرێکی هونەری دا بە هاواری ئەکتەر بێت.

با بگەڕێینەوە سەر شانۆیی «کۆچبەران» لە ژێرزەمینێکی سارد و ڕەش، تەنها دوو زیندەوەر بە دوو جەستەی جیاواز ئامادەن. دوو مرۆڤ، دوو پەناهەندە کە سەرقاڵی دەمەقرە و کرداری ڕۆژانەن، بەڵام ئەمشەو جیاوازە؛ شەوی سەری ساڵی نوێ. هەر ئەمە دەبێتە هۆی درووستبوونی جەژنێکی بچوک، جەژنێک کە دەبێتە هۆی زیاتر ناسینی کەسایەتییەکان و حەز و خولیاکانیان. دەکرێت بڵێین؛ سەرەتا تاکو ناوەڕاستی نمایش لەگەڵ دوو کەسایەتی سارد ڕووبەڕووین، کە بۆ ئێمە وەک دوو قوربانیی دنیای مۆدێرن (لە ڕووی سیاسی، ئابوری و فەلسەفی) دەردەکەون، بەڵام لەگەل ئەوەی کە کردارێکی دراماتیکی کاریگەر ڕونادات، تا بەرەو کۆتایی نماییش دەچین، کەسایەتییەکان زیاتر عاتیفی دەبنەوە و هەستوسۆزیان هەڵدەڕێژن. کەواتە دەبینین ئەکتەر لەم شانۆنامەیەدا لەگەڵ کەسایەتییەکی ئاڵۆزدا دەبێ مامەڵە بکات. ڕەنگە لە یەکەم بەرکەوتنماندا، ئەم جۆرە کەسایەتییانە، وەک «تایپ»(Type) لە شانۆنامەیەکی کۆمێدی دا بۆمان دەرکەوەن. بەڵام لەڕاستی دا نووسەر تەنها فۆرمی تایپەکان وەردەگرێت، پاشان دەیانخاتە ناو دنیایەکی سەیروسەمەرەی بێ سەرەنجام( وەک مرۆڤی بێ ناسنامەو بێ وواڵتی هاوچەرخ). ئەوەی لە نواندنی هەر دوو ئەکتەری ناو شانۆیی «کۆچبەران»دا، جێی سەرنج بوو، ئەوە بوو کە ئەکتەرەکان بە بێ هیچ زێدەڕەوەییەک لە جووڵە و دەربڕینی دەنگ، لە دروستکردنی پەیکەر و فیگۆری گونجاو بۆ دۆخی عەبەسیی ناو شانۆنامەکە توانیبوویان سەرکەوتووبن. لەڕاستیدا، نەبوونی جووڵەی زیادە یەکێک بوو لەو خاڵانەی یارمەتیدەر بووە، بۆ درووستکردنی تابلۆ و وێنەی هونەری و شانۆیی جۆراوجۆر بە درێژەی کاتی نماییشەکە، ئەمەش بووە هۆی ماندوونەبوونی بینەر و چێژوەرگرتنی لە هەموو ساتەکانی بینین، دوو کاراکتێری شانۆییەکە، لەگەڵ ئەوەی هەست بە نامۆ بوونیان دەکەین، هاوکات هاوخەمیشیان دەبین. زۆرجار پێیان پێدەکەنین و هەندێجار، دەمانخەنە بیرکردنەوە یان خەمگینمان دەکەن. ئەم بابەتانە، تایبەتمەندییەکانی هونەری گرۆتێسکن. هونەرێکی سەرسورهێنەر. زیرەکیی دەرهێنەر لەم بابەتەدا زۆر بەجوانی دەردەکەوێت کاتێک کە لە «شێوازگەری» بۆ خولقاندنی کاراکتێرەکان کەڵک وەردەگرێت، ئەم ئاراستەیە بۆچونێکی گونجاوە بۆ فۆرمی شانۆنامەی «کۆچبەران» ئەگەر بێتو دیمەنەکانی ئەم نماییشە پارچە پارچە بکەین، کۆمەڵێک فۆتۆی پڕ لە گوزارشتمان بۆ دەردەکەوێت. ئەمەش ئەوە پێشان دەدات، دەرهێنەر بەجێی ئەوەی پشت ببەستێتە سەر دیالۆگ و ئەوەی نووسەر دیاری کردووە، جەخت دەخاتە سەر زمانی وێنەیی سات بە ساتی نمایشەکە بۆ ئەوەی بینەر لە ڕێگەی جەستەیەوە، دۆخی تاڵ و تاریکی هەزەلیی ئەم کەسایەتیانە هەست بکات. وەک دەزانین جەستەی ئێمە(بە گشتی) خێراتر لە بیرکردنەوەی مەنتیقیمان(لە ڕێگەی بیستنی وشەکان و شیکردنەوەیان) هەست بە فەزا و دۆخ دەکات. دەکرێت بڵێین هەر دیمەنێکی ئەم شانۆییە لە ڕێگەی ئاماژەی جەستە و جوڵەوە

لەگەڵ بینەری ئاگا «(وریا)دا گفتوگۆ دەکات. ئەمەش کاتێک درووستدەبێت کە ریتمی فەزا و ریتمی کات بگەنە خاڵێکی هاوبەش (تێکەڵ بە یەک ببن). بۆ نمونە؛ لە زۆرینەی ساتەکانی شانۆیی «کۆچبەران» ئاماژەی جەستەی ئەکتەرەکان(Gesture) بە شێوەیەکی وەستاو و بە بێ جووڵە درێژەی دەبوو، پاشان دەگۆڕدرا بۆ فۆتۆیەکی دیکە. (ئەم تێکەڵبوونی ریتمی فەزا و ریتمی کاتە یەکێکە لە تەکنیکەکانی مایەرهۆڵد کە لەم نمایشەدا بە جوانی کەڵکی لێوەردەگیرێت.) لە درێژەی بابەتەکەماندا دەبێت ئاماژە بکەین بەوەی؛ وتمان شانۆنامەی «کۆچبەران» دەقێکی ئەبزۆردە لە فۆرمێکی واقیعخوازانەدا، کەواتە مامڵەکردنی ئەکتەر لەگەڵ کاراکتەر لەم بابەتەدا رەوتێکی تایبەت بە خۆی هەیە، چونکە جگە لە زمانی جەستەی کاراکتێرەکان بۆ پێکهێنانی فەزای گشتی، بوونی هەست و سۆزیش لە زۆر ساتدا پێویستە، راستە کاراکتێرەکان دەچن بەرەو نامۆ بوون(alienation) بەڵام هێشتا خولیا و ئارەزویان تێداماوە. کەواتە ئەکتەر ناتوانێت بەتاڵ لە هەست و سۆز ئەم کاراکتێرانە بخولقێنێت. بۆیە لێرەدا دەکرێت بڵێین شێوازی مایکێل چێخۆڤ کە ئەکتەر هاندەدات بۆ خولقاندنی کاراکتەر تاکو پرۆسەکە لە دەرەوە بۆ ناوەوە تێپەڕ بکات، گونجاوی ئەم جۆرە لە شانۆنامەن. ئەم بابەتە لە شانۆیی کۆچبەران دا بەدیکرا و بووە هۆی دروستبوونی فۆرم و جوڵەی جوان بە زمانێکی هونەری و شانۆیی، هاوکات بووە هۆی دروستبوونی چەندین ساتی پڕ لە سۆز بە شێوازێکی هونەری، بەڵام باوەڕپێکەرانە لەسەر تەختەی شانۆ، لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین چەندین خاڵی هاوبەش هەیە لە نێوان نووسەرانی ئەبزۆرد وەک «بێکێت» و «مرۆژێک» لەم جۆرە لە دەق و هونەرمەندانی وەک مایەرهۆڵد و مایکێل چیخۆڤ؛ ئەویش تێکەڵکردنی فۆڕمە جۆراوجۆرەکانی شانۆیە وەک; کۆمێدی، فەرس، ڤۆدڤیل، درام و هتد.. کە بە گشتی فەزایەکی گرۆتێسک پێکدێنن. بۆیە رەنگە بکرێت بڵێین ئەم شێوازانە لە نواندن زیاتر گونجاوی ئەم شانۆنامانەیە، کە نمونەیەکی جوان لە ئاستێکی بەرزمان لەم رۆژانە لە شاری سلێمانی بینی. بە هیوای بەردەوامبوونی فازیل جاف و زمانە شانۆییەکەی.

**پەراوێزەکان:**

Farce : جۆرێکە لە کۆمێدی بە رووداوی ووردی گاڵتەئامێز کە تیایدا چنین و کردار و بابەت زاڵن بەسەر کەسایەتیدا

Vaudeville : جۆرێکە لە کۆمێدی کە لەسەر بنەمای دۆخ(Situation) و بە بێ ئاراستەی ئەخلاقی یان گرێ دەرونیەکان درووست دەبێت.

Burlesque : جۆرێکە لە کۆمێدی کە لە سەدەی ١٧ زایینی لە فەرەنسە سەری هەڵدا کە تیایدا بابەتێکی جیدی بە کۆمێدی نمایش دەکرێت. مولییێر یەکێکە لە بەناوبانگانی ئەم کۆمێدیە.

Grotesque : بە واتای سەرسوڕهێنەر کە هەندێک تایبەتمەندی وەک نامۆ، سەیر، فانتازیا، ناشیرین، ناخۆش و هەروەها کۆمێدی و جیدی بە خۆی دەگرێت.

## گەڕان بەدوای ئازادیدا

## دەربارەی شانۆیی «کۆچبەران»

**مەریوان هەڵەبجەیی**

لە سالآنی  نەوەدەکانەوە و لە ڕێگای گۆڤاری ڕامانەوە ئاشنابووم بە نووسینەکانی دکتۆر فازیل جاف و لەم سالآنەی دواتریشدا چەند بەرهەمێکی وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی. هەمیشە گلەیی ئەوەم هەبووە بۆچی بە کوردی نانووسێت یان لانی کەم بەرهەمەکانی خۆی وەربگێڕیتە سەر زمانی کوردی، ئەویش لە دوێخێکدا کە کتێبخانەی کوردی زۆر هەژارە لە بواری شانۆدا، هەروەها کەمکاری لە بواری دەرهێناندا لە کاتێکدا زەمینە لەبار بووە بۆ کارکردنی و بە تایبەتیش پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان. پاش چەندین سالآ چاوەڕوانی لە کۆتایی مانگی یەکدا شانۆیی (کۆچبەران)ی (سلاڤۆی میرمروژک)ی ئەم دەرهێنەرەم لە هۆڵی بەدیعە دارتاش، بینی.

لەدنیایەکدا کە سیاسەت و ئابووری بە جۆرێکی ناتەندرووست و ناڕوون و ئالۆز کار دەکەن ڕاستەوخۆ کاریگەری خراپیان لەسەر ژیانی مرۆڤی هاوچەرخ داناوە وبە ڕێژەیەک کە لەبەشێک لە جیهانی ئەمڕۆدا ڕۆژانە هەواڵی سەرسوڕهێنەر و ترسناک لە بارەی گەندەڵی و نادادپەروەری و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دەبینین و دەبیستین و ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی مرۆڤەکان بەردەوام بیر لە کۆچ بکەنەوە وەک ڕیگایەک بۆ گەیشتن بە نان و ئازادی و  گە یشتن بە جێگایەک لانی کەمی مافەکانیان دەستەبەر بکرێت و بتوانن ژینگەیەک هەڵبژێرن کە دادپەروەریی کۆمەلآیەتی تێدابێت و یاسا سەروەر بێت، هەروەک چۆن لە شانۆنامەی کۆچبەرانی مروژکدا دە بینین مرۆڤەکان لە ولآتێک هەڵهاتوون، ڕە نگە لەم کاتەدا یەکێک لە باشترین هەڵبژاردنەکانی هەر دەرهێنەرێکی زیرەک دەقێکی هاوچەشنی کۆچبەران بێت کە بە قوڵی باس لە ژیانی بەشێک لە مرۆڤی هاوچەرخ و بەتایبەت نیشتمانی ئێمە دەکات. لە کۆچبەراندا دوو کارەکتەر دەبینین هەر لەسەرەتاوە ناخی خۆیان لە یەک دەشارنەوە و چەشنێک لە نمایشکردنیان لای هەردوو کیان دەبینین، ئەوەی وا دەکات بینەر هەر لە سەرەتاوە بە قووڵی تێکەڵ بەم دوو کەسایەتییە بێت و بیانناسێت، تەنیا بوونیانە و دابڕانیانە لە دونیای پڕ لە هە رای دەرەوە، لەگەڵ ئەوەی هەردووکیان هاوسەر و منداڵیان هەیە، بەلآم دوور لەوان و لە نیشتیمان لە دۆخێکی تەواو خراپ و نەشیاودا ژیان بەسەر دەبەن. کۆچبەران لە شاکارەکانی مروژکە و لەو دەقانەیە کە دەکەوێتە قۆناغی دووەمی کارکردنیەوە، ئەم دەقە لەژێر کاریگەریی لە چاوەڕوانی گۆدۆدایە، بەلآم جیاوازی ئەندێشە و دیدگای بوچگەرایانەی بێکیت ، هەڵگری ڕوانینی سیاسی و کۆمەلآیەتی و تەنزی گرۆتسکی

ئەورووپای ڕۆژهەڵاتە کە مارتین ئیسلین مرۆژک بە پێشرەوی ئەو ڕەوتە دەزانێت. کۆچبەران شانۆنامەیەکی ڕیالیستی یە بە یەکێک لە باشترین بەرهەمەکانی مرۆژک لە قۆناغی تاراوگەی دا دادەنرێت

کەلە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ناوبانگێکی جیهانی زیاتری لە ئەوروپا بۆ بە دەستهێنا. تەنزی ڕەش لەو نمایشە دا لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە و دۆخی بەرهەم هاتوو وەک زۆربەی دەقەکانی تری دۆخێکە بە کارەکتەرگەلێکی جیاواز و دژ و تەواو پارادۆکسیکاڵ، وەک خەو و بێداری، بون و نەبون ، چاوەڕوانی و جیابوونەوە، ترس و دوو دڵی و دڵە ڕاوکێی بەردەوام. لە ڕوکەشدا نمایش لە خەونێک دەچێت، خەونێ: پڕ لە کابووس و ترس. شتێک: لە سنووری هەقیقەت و خەون دا.

مروژک بە جدییەت و ڕەهایی تەواوەوە قسەی خۆی دەکات بەربنەمای لۆژیکێک قوڵ و ڕوون ساتە دراماتیکییەکان بە پێکەنین، ترسان، سەرسامکردن، گۆڕانکاری درووست دەکات. ئەبزۆردی مروژک زۆر ڕیالستی تر و سیاسی ترە لە ئەبزۆردی بێکیت و یونسکۆ و پینتەر و بەرهەمی دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیی پۆڵەندای دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرە ، ئەوناونیشانەی (یان کات) شایستە ترینە کەناوی ناوە گروتسکی سیاسی. لە کۆچبەراندا دوو کارەکتەر هەیە. بە ناوەکانی XX – AA کە دەلالەتە بۆ ناتەواویی شووناسی هەردوو کەسایەتییەکە لە تاراوگەدا. لە نمایشەکە دا ناوەکان ونن وەک چۆن بە درێژایی شانۆکە نازانین لە کوێوە هاتون و لەکوێ دەژین، بە هەمان شێوە ناشزانین ناویان چییە، کارەکتەری

کرێکار دێت بۆ شوێنی نیشتەجێبوونەکەیان و دەڵێت هاتمەوە، کارەکتەرە ڕۆشنبیرەکە پێی دەڵێت بڵێ هاتمەوە. هەر لە سەرەتاوە جۆرێک هەستیاری بەرامبەر زمان و کێشەی زمان دەبینین کە پێویست بە خوێندنەوەی سیمۆلۆژی دەکات و نیشاندەری جۆرێک جیاوازی و دووری نێوان هەردوو کەسایەتییەکە لە ڕوی نیشانە و ئاماژە وەو لەو ساتە وەی کارەکتەری کرێکارجگەرە لە پاکەتی هاوڕێکەی دەرهێنێت و درۆ لەگەڵ دەکات وکێشمەکێش لە نێوانیاندا دەستپێدەکات و دواتر لە گێڕانەوەی چیرۆکی ئەو ڕۆژەی و شاردنەوەی خواردنەکەی و پارەکانی درۆکردن درێژە پەیدەدات تا زیاتر نمایشەکە دەچێتە پێشەوە، درۆکان زیاتر دەردەکەون و مروژک بە وردی ئەوە نیشان دەدات چۆن وەک ئامرازدەڕواننە یەک. کرێکارە کە وەک سەرچاوەیەک بۆ پارە و دابینکردنی پێداویستییەکانی دەڕوانێتە ڕۆشنبیرەکە و ئەویش وەک کەسێکی کۆیلە دەڕوانێتە کرێکارەکە و دەیەوێت تیۆرییەکەی خۆی لەسەر ئەو بونیاد بنێت. کارەکتەری کرێکار کە بەردەوام لە نۆستالژیادا دەژی بەشی سەرەکی ژیانی هەنوکەی لە تاراوگەدا، گەڕانەوەیە بە خەیاڵ بۆ وڵات، تاراوگەیەک کە بە ناچا ڕووی تێکردووە و نایەوێت قبوڵی بکات و زمانەکەی فێر ببێت و مرۆڤەکانیشی بە مرۆڤ نازانێت! ئەم کارەکتەرە نموونەی مرۆڤی نەریتخواز و کارەکتەری ڕۆشنبیرەکەش نمونەی مرۆڤی مۆدێرن و شارییە . ڕۆشنبیرێکی خۆپەرست کەلە زۆرلە شانۆنامەکانی تردا زۆر دیومانە .دواجار هەردووکیان سەرەڕایی دژوازبووینان و جیاوازیی و دونیابینییان لە کۆتاییدا بە بێهیوایی تەواو

دەگەن. کە کە ئەمە تایبەتمەندی سەرەکی جیهانی مروژک ئەم تەنیایی و جیابوونەوە و بێهودەییەیە. لە پرۆسەی نمایشەکەدا چەندجارێک هەردوو کارەکتەرەکە بە یەک دەڵین سەعات چەندە؟ کاتژمێریان پێ نییە یاخود کاتژمێرەکانیان کار ناکات، ئەمە ئاماژەیە بۆ بێهودەیی زەمەن و ژیان و بەسەربردنی کات لە ژیانی تاراوگەدا کە خودی ئەوان لەو سەردابەیەدا بەرجەستەی ژیانی مرۆڤی تاراوگەکراون. تەنانەت کەسایەتیی ڕۆشنبیرکە زیاتر هەست بە بێهیوایی دەکات و وەک ئەوەی مروژک بیەوێت بڵێت مرۆڤ لە بەر نەبوونی ئازادی کە لە نیشتیمان هەڵدێت لە تاراوگەش ناتوانێت بە خەونەکانی بگات. بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک چۆن ئاماژە دەکات بەوەی هەردووکیان لەبەردەم دیکتاتۆردا چونیەکن بە هەمان شێوە بەشی ئەوان لە بێهودەیی تاراوگەدا وەک یەکە و هیچکامیان ناتوانن زۆر جیاوازبن، نەبوونی پەیوەندی ئەم دوو کارەکتەرە لەو ژینگەناخۆش و سارد و بێ پەنجەرە و تاریکەدا چڕ کردنەوەی تەنیایی و بێ مانا بوونی ئەو جۆرە لە ژیان نیشان دەدات کە کۆتاییەکەی بە پرخە پرخی کرێکارەکەو گریانی بە کوڵی ڕۆشنبیرکەیە.بەمانایەکی ترنیشانەی پوچی و بێهواییەک کە بەردەوامی هەیەو کۆتاییەکی کراوە جێدەهڵێت بۆئەوەی بینەربەشدار بێت خۆی کۆتایی و ڕوانینی لۆژێکی خۆی هەبێت.

**دەربارەی دەرهێـنان**

دەرهێنانی شانۆیی کۆچبەران نیشاندەری درک و تێگەیشتنی قوڵ و درووستی دەرهێنەرە بۆ دنیای مروژک، دەرهێنانێک تەواو وەفاداربەرامبەربە ئامانج و چەمکە سەرەکییەکانی جیهانی مروژک و لەم ڕووەوە دەتوانین بڵیین تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە، نواندنێکی تەواو ڕەوان و سەرکەوتوو، نەبوونی هیچ ڕەگەزێکی زیادە و بوونی دیکۆرێکی گونجاو و کاریگەر ، مۆسیقا لە شوێنی گونجاوی خۆیداو میزانسنێکی درووست و شایستەکە وەڵام دەرەوەی یەکی باش بوو چاوەڕوانی بینەر.

ڕەنگە هۆکاری ئەو سەرکەوتنە جگەلە ئەزموونی چەندین ساڵەی کاری تیۆری و پراکتیکی دەرهێنەر بگەڕێتەوە بۆ چەندینجار کارکردنی لە دەقەکانی تری ئەم نووسەرەدا و هەر وەها ئەزموونی ساڵانی زۆری تاراوگەنشینی دەرهێنەر وەک نووسەری دەق، ئەمەش وایکردووە ئاگایانە و بە شێوەیەکی شایستە دەقەکە کورت بکاتەوە بە بێ ئەوەی زیان بە ستراکچەری گشتی بگات، هەر لە لابردنی ناوی هەردوو کەسایەتییەکە – xx aa کە ئاماژەن بۆ بۆ شووناسی ناتەواو ی کەسێتییەکان لە تاراوگەدا، کە دەرهێنەر جەختی زیاتر کردووەتەوە و هەردوو پیتەکانی لا بردووە و زیاتر ئەو قەیرانی شووناسەی بە چڕی نیشانداوە تا هەوڵدان بۆ نزیک کردنەوە لە دۆخی ئەمرۆی کوردستان لە چەند جێگای یەکی کەمداو بە ئاماژە کردن بە نیوموچەو کارو حەدەستی ڕژانەی کرێکارەکە.تەنیا خاڵی لاواز ناکرێت لەبیری بکەین کەڵک وەرنەگرتنی هونەرمندانە لە ڕووناکی بوو. بۆ ڕژیسۆرێکی وەک ئەو بە ئەزموون جێگای سەر سوڕمانە کە تەنیا ئیمکاناتی هۆڵ ببێتە بیانوی کەمکاری ودروستنەکردنی دیمەنی سەرنجڕاکێش کە لە شانۆی مۆدێرندا جێگایەکی تایبەت و زۆر گرنگی هەیە .

## دەربارەی نواندن

گۆران نامیق و ڕیباز محەمەد لە ئەزموونی نواندنی ساڵانی پێشوویاندا سەلماندوویانە دوو ئەکتەری زۆر سەرکەوتوون بەڵام ئەوەی لە ڕۆڵی ئەم دوو کارەکتەرە و لە کۆچەبەراندا دیمان تەواو جیاواز و کاریگەرتر بوو لە ڕۆڵەکانی پێشوویان، نواندنێک بێ هیچ زیادەڕەوی و هەڵچوون و هاتووهاوار و جوڵەیە کی نەگونجاو. نزیکەی دوو کاتژمێر نواندن بێ ئەوەی دیمەن و فەزا هیچ گۆرأنکارییەکی بەسەردا بێت و بینەر هەست بە بێزاری ودابڕان بکات. دیارە هۆکاری سەرەکی پشت ئە توانایە ڕێنمایی و ڕاهێنان و ڕاگرتنی دەرهێنەر بووە بۆ ئەو بەرجەستەکردنە سەرکەوتووەی کە لە لایەن هەردوو ئەکتەرەوە دیمان.

## هەڵبژاردنی دەق

بەدڵنیایی هەڵبژردنی دەق یەکێک لە سەرکەوتوترین ئەو خاڵانەیە کەلەم نمایشەدا جێگەی سەرنجە، کەلەنێو فۆرم و ستراکتۆرێکی هونەریدا لەڕێگەی سینۆگرافیا و نواندن و دەرهێنانەوە کاری لەسەر کراوە. لەئێستاماندا یەکێک لەو کێشانەی بەرۆکی گرتوین مەسەلەی کۆچی نایاسایی و کۆچ بەرییە کە لەم کارەدا نوسەرێک کەسی ساڵی تەمەنی پەناهەندەبووە لەگەڵ دەرهێنەرێک کەبیست و پێنچ ساڵی تەمەنی بەهەمان شێوە پەنابەر بووە، کەوادەکات دەرک کردن بەخاڵ و گرێ سایکۆلۆژییەکان ئینسانی تر و ڕونتر دەرک بکرێ و لەنێو نمایشدا ڕەنگبداتەوە، لەساتێکدا کە کۆچ بەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خەیاڵی هەریەکێک لەبینەری ناو هۆڵینمایشی داگیرکردووە، بێگومان ئەم نمایشە باشتر و ڕاستەوخۆ تر دەتوانێ کاریگەری لەسەر بینەڕ دروستبکات. خاڵێکی تر مەسەلەی وەرگێڕان و زمانی وەرگێڕانی ئەم دەقەیە کەلەچوار چیوەیەکی ئەدەبی و زمانی ڕون و بێگرێ و گونجاودا وەرگێڕانی بۆکراوە کەهەم دەتوانێ ئەکتەر بەئاسانی ئەدای بکاو هەم بینەر بەسادەیی و چێژەوە وەری بگرێت.

## سینۆگرافیا وەك یەكەی سەربەخۆ یان تەواوكەری نماییش

**دێرین حامید**

## سینۆگرافیا

یەکێک جوانترین و کاریگەرترین خاڵ لەنمایشەکەدا لایەنی سینۆگراڤیایە. سینۆگراڤیا نەوەک تەنها ڕەنگدانەوەی دەق و ساتی ناوەوی کارەکتەرەکانە بەڵکو یەکێک لەپاڵنەرەسەرەکییەکانە لەخاڵی بەرەو

پێش چونی نمایش و یارمەتی دەری ئەکتەرەیشە بۆ ئەوەی بتوانێ لەفەزایەکی گونجاودا ئەکتی خۆی بکات. لەلایەکیترەوە سینگۆراڤیا یارمەتی دەری دەرخستی شێوازی کارکردنی دەرهێنەرە لەناو نمایشکەدا و دروستکردنی تیاتریکاڵیتی شانۆنامەکەیە. هیوادارم سینۆگراڤەری ئەم کارە کەئەزمونی چەن کارێکی تریشی هەیە و پێمواییە تاقانەی ئەم بوارەشە لەشانۆی ئێمەدا زیاتر دەستی بگیرێ و هاوکاری بکرێت بۆ ئەوەی ئیدی شانۆی ئێمەش بێبەش لەم رەگەزەگرنگەی شانۆ نەبێت. گەر سەرنجێکی خێرا لەشێوەی کاری ئەکتەرو دەرهێنەر بکەین دەبینین بەشێوەیەکی گشتی یاریکردن لەناوەو دەرەوەی ئەکتەرەکان یانی لەشێوەی سایکۆلۆژی ئیستانیسلاڤسکیەوە بۆ میر هۆڵد ئەکتەر دێت و دەچێت بەڵام زیاتر کارەکە دەچێتە سەر شێوازی تیاترکاڵێتی لەلای میرهۆڵد، ئەمش دەرهێنەر یەکەمین جار لەرێگەی ژێستی ئەکتەر و شێوەوەستان و بەکار هێنانی ئاماژەکان و وەستان و بێدەنگی و ئاراستە و خاڵی گواستنەوە لەخاڵێک بۆخاڵێکی دی لەنوندندا کردووە. پاشان ئەمە دەگواسترێتەوە بۆ ناو سینۆگرافیا، بۆ ئەو جۆرە لەشێوازگەرایی و بوونی ئەندازەسازی لەدروستکردن و جێبەجێکردنی سینۆگرافیادا بەتەواوی رەنگدەداتەوە و میرهۆڵد لێرەدا بەتەواوی بەرجەستەدەبێت. یەکەم، وەک وتم لەرووی ئەندازەسازی و گۆشەوە لەنێو سینۆگراڤیا، پاشان گەروردبینەوە دەبینین لەوردەکاریدا سیۆگرافیاشدەبێتەوە بەلایەنی دەرونی ئەکتەرو راستەوخۆ گوزارشت لەو ساتەوەختەی کەتێیدا دەژی. دەبینین ئەو کلسانەی کەبەدیوارەکەدا هاتوونەتەخوارەوە، پاشماوەی ئەو اوەی کە لەدیوارەکەدا رەنگی گرتووە، وەخودی رەنگی دیوارو سینۆگراڤیا بەدی و خۆڵەمێشی و رەساسیدا ئاماژەیەکی قوڵە بۆ ئەو کەشە ناسازەی کەلەنێو ژێرزەمینەکەدا دەگوزەرێت ساردییەک بەکەشەکە دەدات تەنانەت لەوەی کە پەنجەرەی نییەو تیشکی خۆر نایەتە ژووەرەوە.. بۆیە چەندە یاری دەکرێت لەنێوان شێواز گەرای لای میرهۆڵد هێندەش لەهەندێ لەساتەوەختی دەرونی و وردەکاری سینۆگراڤیادا هەمان یاری و گواستنەوە هەیە. تەنانەت گەربمانەوێ ئەم کارە بخەینە ژێر باری ئەوەی کە لەنێو چوار چێوەیەکدا قەتیسی بکەین من پێوایە تەواوی کارەکە ناچێتەژێر باری شێوازگەرای و دەرونی میر هۆڵدو ئیستانسلافیسکییەوە. بەڵکو زیاتر نزیکە لەبۆچونی تێروانینی (میکایل چیخۆڤ) وە و لەوەوە نزیکە کەتێیدا دەرونو تەکنیکی ئەکتەر پێکەوە هەمەئاهەنگو هاوکارن بۆ دروستکردنی نمایشێکی شانۆیی.

## دەرهێنان و زمانی ئاماژە

**داستان بەرزان**

کەشی ئەم نمایشە بە هاوکاری سینۆگرافیا لە خزمەت کارەکەدا بوو، ئەمەش وایکردبوو نمایش

له ئاستێکی تەواو گونجاودا بێت و بە ڕادەیەکی باش بگاتە وەرگرەکانی، جگە لەو دەرهێنان کە بە شێوەیەکی تەواو هونەری تەواوی جوگرافیای شانۆی خستبووە کار، لە هەمان کاتدا هەستت دەکرد لەبەردەم کارێکدایت بە گرتنەبەری ڕێ و شوێنە زانستییەکانی دەرهێنان و هاوکات دیدگای هونەری دەرهێنەر گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز، ئەمەش سەلیقەی دەرهێنەرێکی هۆشیاری پێویستە لە تیۆرەکانی دەرهێنان و لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن دونیابینی، کە من وەکو خۆم هەردوو ئەم توخمەم لەم نمایشی کۆچبەراندا بینی، جگە لەوەش زمانی ئاماژە لەم نمایشەدا زۆر بەباشی کاری پێکرابوو، ئاراستە جیاوازەکانی ئاکتەر و هەروەها چۆنێتی وەستانەکان لەسەر شانۆ سودێکی زۆری لێوەرگیرابوو بۆ ئەوەی کارەکە ڕوونتر و ساکارتر بگاتە بینەران، کە ئەمەش دیسانەوە دەرهێنەرێکی شارەزای دەوێت لە زمانی جەستە و ئاماژەناسیدا کە دکتۆر فازڵ ئەکادیمیست و دەرهێنەرێکی سەرکەوتووە لەو بوارانەدا، کۆی ئەمانەش بە بەرجەستەکردنێکی ئاست بەرز لەلایەن دوو ئاکتەری بە ئاگا لە جەستە و دەنگ و کاری نواندن بە ئاستی جیاوازی خۆیان ئەنجامدرا.

**فازیل جاف دەربارەی ئەو میتۆدانەی کە لە شانۆیی «کۆچبەران» بۆ کاری دەرهێنان و نواندن بەکاری هێناون. دەدوێت**

لەدانیشتنی تایبەتی ناوەندی غەزەلنووس بۆ شانۆیی «کۆچبەران»، دوابەدوای سەرنجەکانی هەریەک لە شانۆکاران پێشڕەو حسێن و فرمێسک موستەفا، د.فازیل جاف، دەربارەی ئەو میتۆدانە دوا کە لە کارەکەدا بەکاری هێنابوون بۆ لایەنەکانی نواندن و دەرهێنان، لێرەدا سەرجەمی گوتەکانی د.فازیل جاف بۆ خوێنەران دەخەینەڕوو.

شانۆیی «کۆچبەران» چوارەمین کارە لە شانۆنامەکانی سلاڤۆمیر مرۆژێک کە من کارم تێدا کردبێت، لە ساڵی ١٩٩٥ـەوە حەزدەکەم کار لە «کۆچبەران»دا بکەم، سێ جار شانۆنامەی مرۆژێکم خستووەتە سەر شانۆ، دوای ئەوە ئیتر وتم؛ ستۆپ، بەسە، من پێموایە نابێت دەرهێنەرێک چەند بەرهەمێکی نووسەرێک ئیخراج بکات، چەند بەرهەمێکی ستریدنبێرگم تا ئێستا خستووەتە سەر تەختەی شانۆ، بە ڕوسی، عەرەبی و سویدی، بەڵام یەک بەرهەمی تری ماوە کە حەزدەکەم بە کوردی ئەو کارەیان بکەم، دەرهێنەر کە زۆر کاری لە چەند بەرهەمێکی نووسەرێکی دیاریکراودا کرد زۆر باش نییە، ئیتر پێی دەوێرێت، وای لێدێت دەتوانێت بە ئاسانی ئیخراجی بکات، هەر دەرهێنەرێکیش شتێکی بە ئاسانی ئیخراج کرد ئەوە خراپە. هەمیشە دەرهێنەر دەبێت کار لە دەقێکدا بکات، کە سەرەتە بڵێت؛ ڕەنگە نەتوانم ئەمە بکەم. ئەگەر ڕاستەوخۆ وتی؛ ئەمە چییە و ئاسانە،

ئەوە زۆر خراپە و نابێت بیکات. من بۆخۆم هەستم دەکرد لەگەڵ بەرهەمەکانی مرۆژێک خەریکە وام لێ دێت، نازانم ئەمە هەستی خۆم بوو، ڕەنگە ئەو توانایەشم نەبێت. بەڵام شانۆنامەی «کۆچبەران» لە ساڵی ١٩٩٥ـەوە دەمویست بیخەمە سەر تەختەی شانۆ، کە لە زانکۆی لەندەن ماستەرم دەخوێند، ویستم ئەم بەرهەمە بخەمە سەر تەختەی شانۆ، سەرپەرشتیارەکەم وتی؛ نابێت، چونکە ئەم کارە زۆر لە «بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە» دەچێت، چونکە من دوو وۆرکشۆپم لەسەر ئەو دەقەی بێکێت کردبوو لەگەڵ ئەکتەری ئینگلیز، وتی؛ تۆ بە «بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە» دەستت کراوەتەوە و نابێت ئەم بەرهەمە بخەیتە سەر شانۆ. ئەوەبوو ئەوکاتە «تەرتوف»ی مۆلێرم بە ئینگلیزی خستە سەر تەختەی شانۆ.

بۆچی حەز بە شێوازی سلاڤۆمیر مرۆژێک دەکەم؟ لەبەر ئەوەی شانۆنامەکانی ئەو جۆرێکن لە ئەبسورد «لا معقول». ئەگەر تەماشای ئەدەبی ئەبسورد بکەین لە ئەوروپا دابەش دەبن بۆ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەوروپا، کە چەند جیاوازییەک لەنێوان هەردووکیاندا بەدی دەکرێت، ئەبسوردی ڕۆژئاوای ئەوروپا باسی وجود، بوون و نەبوون، چۆن دەژین، واتای ژیان و بێهودەیی چییە و چۆن تەفسیر دەکرێت و چی دەکات. بەڵام ئەبسوردی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا مەسەلەی سیستەم، کێشەی دەسەڵات و پەیوەندیی مرۆڤ بە دەسەڵاتەوە دەخاتەڕوو، ئیتر دەسەڵاتەکە ئەگەر سیستەم بێت، ئەگەر حوکم بێت یاخود دوو کەس بن لە ژوورێکدا، وەکو ئەوەی لەلای هارۆڵد پینتەر هەیە، ئەو زۆر ئەو شتە دووبارە دەکاتەوە. ئەو شێوازەی مرۆژێک، شێوازێکی ئەبستراکتە وەکو بێکێت، جیهانێکت بۆ دروستدەکات لەناو جیهانەکەدا، لەلای تۆ دەبێت بە واقیعی، بەڵام ئەگەر باش لێکی بدەیتەوە واقیعی نییە، وەکو چۆن دوو کەس لە دووڕیانێکدا لە «بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە»دا ڤلادیمێر و ئیستراگۆن چاوەڕێ دەکەن و بەرەبەرە لای ئێمە دەبێت بە مەعقول، بەڵام خۆی مەعقول نییە، هەروەها لە «چەقی دەریا(گێژەن)»ی مرۆژێکدا پاپۆڕێک وەستاوە و سێ کەسی لەسەرە، دووانیان دەیانەوێت بچوکەکەیان بخۆن، لە «ڕووتبوونەوە»دا دوو کارەکتەر هەن کە خزێنراونەتە ژوورێک و دواتر دەستێک دێت کە تەواو زاڵدەبێت بەسەریاندا و تەحەکوم دەکات بەسەریاندا، لە «دوو پێغەمبەر»دا، لە وڵاتێکدا حوکم ناڕوات بەڕێوە، چاوەڕێن پێغەمبەرێک بێت و بارودۆخەکەیان بۆ چاک بکات، لەناکاوێک، لەجیاتی پێغەمبەرێک بێت و وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە و گۆرانکاری بکات و گەندەڵی نەهێڵێت، دوو پێغەمبەر پەیدا دەبن، ئینجا کێشەی ئەو خەڵکە دەبێتە ئەوەی کە چۆن لە پێغەمبەرێکیان ڕزگاریان ببێت، ئەمە بۆخۆی کۆمەڵێک هێما و ڕەمزی تایبەتت دەداتێ، بەرە بەرە لە نمایشەکەدا هەستدەکەیت تۆش لەو وڵاتەیت. لەناو هەموو ئەمانەدا هەمیشە دوو نمونەمان هەیە، کە یەکێکیان ڕۆشنبیرە، یان ئایدیالیستە و ئەفکاری فەلسەفی هەیە، ئەوی تریان کابرایەکی دڕ و درشت و نەخوێنەدەوار و بازاڕییە، ئەمە لە زۆربەی زۆری شانۆنامەکانی مرۆژێکدا دووبارە دەبێتەوە.

ئێستا دەمەوێت باسی میتۆدی دەرهێنان بکەم، بەڕای من دەرهێنەر ئەگەر میتۆدی هەبێت، مەرجیش نییە دەرهێنەر میتۆدی هەبێت، هەندێک جار بێ میتۆدی بۆ دەرهێنەر میتۆدە، بەڵام ئەمە قسەیەکە هەموو کەس تیایدا سەرناکەوێت. ئەوانەی کە میتۆدیان هەیە و لێی تێگەیشتوون کارکردنیان لەگەڵ دەق و ئەکتەر ئاسانترە، لەگەڵ سینۆگرافیا ئاسانترە، ئاراستەکردنی کارەکانیان بۆ بینەران ئاسانترە، میتۆدەکانی من کە لە دەرهێناندا پەیڕەوییان دەکەم، یەکەمیان شێوازگەری-یە، لە یەکێک لە پێناسەکانی ئەم چەمکەدا، مایرهولد دەڵێت: «بەشێوازکردن ئەوەیە، چۆن دیاردەیەک، یان ڕووداوێک یان قۆناغێکی مێژوویی وەربگرین، ناوەڕۆکەکەی وەردەگرین بەشێوازێک یان بە وردەکارییەک یان دووان گوزارەی لێ بکەین بێ ئەوەی بایەخ بدەین بە هەموو وردەکارییەکان و تفسیلاتەکانی ژیانی ڕۆژانە.» واتە پاکی دەکەینەوە، یان توێکڵەکانی لێدەکەینەوە و دەگەڕێین بۆ شتە جەوهەرییەکانی. لەلای مرۆڤێک ئەم شێوازگەرییە زۆر بواری تێدایە، ئەگەر بە کورتی بڵێم دووجۆر شانۆنامە هەیە لەلای مرۆڤێک، یەکێکیان زۆر نزیکە لە واقیعیەتەوە، وەکو «تانگۆ، پۆلیس و کۆچبەران» ئەمانە زۆرتر نزیکن لە واقیعەوە، ئەوانی دیکەی وەکو «ڕووتبوونەوە، چەقی دەریا و دوو پێغەمبەر» زیاتر عالەمێکی خولقێندراون و ئەبستراکتن، دەرهێنەر زیاتر دەتوانێت کاریان تێدا بکات، بەڵام لە کارکردن لە «کۆچبەران»دا بە شێوازگەرێتی، بەم شێوازەی کە هەوڵماندا بەرجەستەی بکەین، لەڕاستیدا لەوانەی دیکە زەحمەتترە، هەر لەبەر ئەوەیشە لە ساڵی ١٩٩٥ـەوە تا ئێستا چەند جارێک ویستوومە ئەو شانۆنامەیە بخەمە سەر تەختەی شانۆ بەڵام کەمتر بۆم لواوە. دووەم شتێک هەیە لە شانۆدا کە پێی دەوترێت شانۆواندن واتە چۆن هەرشتێک پێشکەش دەکەیت لەسەر شانۆ شێوازێکی شانۆیی هەبێت، نەک تەنیا هەوڵبدەین وای پێشان بدەین کە نەقڵێکی فۆتۆگرافیی سەد لە سەدی واقیعە. بەبۆچوونی مایرهولد، کە من هاوڕام لەگەڵیدا و خۆم بەو پێڕەوکاری ئەو قوتابخانەیە دەزانم، دەبێت لێرە یان لەوێ یان ئەگەر بەدرێژایی نمایشیش نەبێت، شێوازێک یان دووان یان جار جار ئیشارەتێک بدات بە بینەر کە ئێستا ئەو «بینەر» دانیشتووە لە شانۆ و تەماشای شانۆ دەکات و بۆ ساتێکیش بیری نەچێتەوە کە ئەمە شانۆیە و هەروەها ئەکتەریش کە لەسەر تەختەی شانۆ نمایش دەکات، بۆ ساتێکیش لەبیری نەچێتەوە کە نمایش دەکات و ئەمە شانۆیە.

سەبارەت بە هەردوو کارەکتەرەکەی ئەم کارە، من ویستومە لێرە و لەوێ ئەو ئاماژەیە، ئەو ئیشارەتە سەوزە بدەمە بینەر کە ئێرە شانۆیە، باشترینیان کە بیرم لێکردەوە لە کارکتەری کێ بەرجەستە دەبێت؟ لەکارەکتەری ڕۆشنبیرەکەدا بوو کە دەکاتە ئەو کارەکتەرەی کە ڕێباز بەرجەستەی دەکرد، لەوێدا دەبینین ئەو بچڕاندنە هەیە کە لەلای برێخت پێی دەوترێت نامۆکردن و لەلای مایرهوڵدیش ناوی دیکەی هەیە و دەچێتە چوارچێوەی شانۆواندنەوە. ئەم میتۆدانە هەموویان کە لەلای بێرتۆڵد برێخت تیۆریزە کراوە و بەباشیش تیۆریزە کراوە، بەڵام وەکو کەشف و داهێنانی یەکەم، هەموویان لە داهێنانی مایرهۆڵددا هەیە، بەڵام برێخت وەکو وتم تیۆریزەی کردووە و بەتیۆری جوانتر تەعبیری لێکردووە. بۆ میتۆدی

شانۆواندن و بەرجەستەکردنی ئەم میتۆدە و هەروەها شێوازگەری، دوو ڕێگەمان لەپێشە کە زۆر زۆر گرنگن، یەکێکیان جەستەیە و دووەمیان ڕیتمە. جەستە کە دەکاتە کۆمپۆزیسیۆن یان تەرکیب، کە چۆن تۆ تەرکیب دروستدەکەیت لەسەر شانۆ، بێگومان تەرکیب لەناو چوارچێوەی سینۆگرافیایەکدا کە هەیە، ئەمە پێویستی بە چییە؟ کە دەڵێین تەرکیب ئەگەر لە سەما یان مۆسیقا بێت، نمونەکانمان ڕوونتر دەبێت، لەوێدا پێویستمان بە دیقەتە، مۆسیقا بۆ گرنگە چونکە دیقەتی تێدایە، ئەگەر لە مۆسیقادا دیقەت نەمێنێت، چی دروستدەبێت؟ نەشاز دروستدەبێت، لە سەمایشدا بەهەمان شێوەیە، ئەگەر دیقەت نەمێنێت لە ئەدای جەسەدیدا شتێک دروستدەبێت کە پێی دەڵێن نەشاز لە جەستەدا، ئێمە لە نواندندا بەداخەوە، کەممان دەتوانین پەیرەوی ئەم شتە بکەین، کەممان دەتوانین جەستە بەکار بهێنین کە جستەیەکی دەقیق بیت و کەم و زیادی تێدا نەبێت، هەروەها جەستەیەک بێت کە ئاماژەکانی دیراسەکرا بن و ڕەسمی کێشرابێت، یان جەستەیەک بێت کە کەوتبێتە ژێر جۆرە سیستەمێکی ئەندازیارانەوە، کە دەڵێین ئەندازیاری لە سیستەمی جەستەدا، ئەو وەختە ڕیتمێک دەخوازێت کە لەسەر بنەمای مۆسیقا دەڕوات، بۆ بە دەستهێنای ئەمە، لەڕاستیدا دەرهێنەر پێویستی بە جۆرە زانیارییەک لە مۆسیقاداهەیە، خۆ ئەگەر ئالەتێکی مۆسیقیش بزانێت باشترە، بەڵام زانینی زانیارییەکە گرنگترە، زانیارییەکەش بنەماکانی ئەمانەن؛ ڕیتم، تیمپۆ، کۆمپۆزیسیۆن، هارمۆنی لەگەڵ کۆنتراست، تۆ ئەمانە لە جەستەدا، ئەگەر ئەو زانیاریانە هەبێت لە مۆسیقادا بەنیسبەت دەرهێنەرەوە دەتوانێت ئەو فۆڕمانە بدۆزێتەوە و کاریان لەسەر بکات لەسەر بنەمای ڕیتمێکی دەقیق، ئەمە ئەو کەرەستانەن کە من هەوڵمداوە لەم نماییشەدا بەکاری بهێنم، لەگەڵ یەک خاڵی دیکە، ئەویش ئەوەیە لە دەرهێناندا بۆ ئەو دەقانە زۆر مەیلم هەیە کە لەسەر بنەمای یاریکردن بە پایە وەستاون، من وای دەبینم کە تائێستا لەشانۆی ئێمەدا زۆر باو نییە، لەشانۆی عەرەبیدا باو نییە ئینجا لەشانۆی ئێمە هەر زۆر کەمتریشە، ئەوەیە کە چۆن بتوانیت لەناو دەقەکاندا یاریکردن بە پایە لەناو کارەکتەرەکاندا بدۆزیتەوە، بەتایبەتی لەدەقی دوو کارەکتەری، یاخود لە دیمەنی دوو کارەکتەری، کە دەگەڕێینەوە بۆ زۆرینە دەقەکان بەتایبەت لە کۆمیدیا، لەلای شەکسپیر، مۆلێردا ئینجا دێین تا دەگەینە بێکێت «بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە» هەمیشە دوو کەس یاری دەکەن بە پایە، پایە یەکیان نزم دەبێتەوە و پایەی ئەوی تر بەرز دەبێتەوە، هەندێک جار دەگاتە یەک ئاست و هەندێک جاریش ئەوەی لەسەرەتاوە پایەی بەرزە و لەکۆتاییدا پایەی نزمتر دەبێتەوە، بیهێنەن پێش چاوی خۆت ڤلادیمێر و ئیستراگۆن چەندجار پایەیان نزم دەبێت و بەرز دەبێتەوە، ئێمە لە ژیاندا هەمو ساتێکدا کە قسە دەکەین لەگەڵ کەسێک من پێم وایە بێ ئەوەی بەخۆمان بزانین، پایە بەرز دەکەینەوە و پایە نزم دەکەینەوە، لە یەک حاڵەتدا نەبێت ئەویش لە عەشق دا، کاتێک دووکەس عاشقی یەک دەبن ئیتر پایە نامێنێت، هەردووکیان بۆخۆیان هەر تەماشای یەک دەکەن. ئەمە خوێندنەوەیەکی زمانی جەستەیە. من پێموایە دەرهێنەر تا زیاتر لە زمانی جەستە بزانێت، باشتر میزانسیەن دادەنێت و باشتریش ئەکەتر ئاراستە دەکات، هەروەها باشتریش فۆڕم دروست دەکات

بۆ تێگەیشتن لە واتاکانی بن دیر و ناوەوە، لێرە ئەگەر تێبینی بکەن.

دەستپێکی نمایشەکەمان سەرەتا کارەکتەری ڕۆشنبیر «ڕێباز» پایەی بەرزە کرێکار «گۆران» پایەی نزمە، دواتر پایەکانیان یەکسان دەبن و پێکەوە دەخۆنەوە، پاشان چەند جارێکی دیکە یاریی پایە دەبینین، لە کۆتاییشدا پایەی ڕۆشنبیر بەرز دەبێتەوە.

ئەگەر من پرۆگرام بۆ وانەی دەرهێنان دابنێم بۆ ناوەندەکانی خوێندن، وانەیەک لە وانەکان دەبێتە ئەوەی کە دەڵێم؛ نمایشێکمان بۆ ئەنجام بدەن تەنیا لەسەر بنەمای پایە و بیکە «ستاتوس» بیت.



# دانیشتنی ناوەندی غەزەلنووس دەربارەی شانۆیی «خواحافیز تا نازانم کەی»

## ئامادەکردنی: ئاراس عەبدوڵلا

شانۆیی "خواحافیز تا نازانم کەی" دوایین نمایيشی شانۆیی "کۆڕی شانۆی با" بوو کە لە نووسینی نووسەری فارس محەمەد یەعقوبی و وەرگێڕانی مەریوان هەڵەبجەیی و دەرهێنانی محەمەد موستەفا بوو، ئەم نمایيشە لە مانگی ٢ی ٢٠١٦ بۆماوەی ٢٠ ڕۆژ نمایيشکرا و دوابەدوای کۆتایی هاتنی نمایيشی ئەم کارە، ناوەندی غەزەلنووس دانیشتنێکی ڕەخنەیی تایبەت بەم نمایيشە سازکرد. ئەو دانیشتنەی غەزەلنووس لەلایەن شانۆکار دێرین حامیدەوە بەڕێوەدەبرا و نووسەر و شانۆکار د.دڵشاد موستەفا نووسینێکی خۆی دەربارەی نمایيشەکە بۆ ئامادەبووان خوێندەوە و دواتریش بەشێک لە ئامادەبووان و بینەرانی کارەکە، دەربارەی شانۆییەکە سەرنجی خۆیان خستەڕوو، لێرەدا هەوڵدەدەین بەشێک لەو گفتوگۆ و سەرنجانەی لەو دانیشتنەدا خرانەڕوو، بۆ خوێنەران بگوازینەوە.

## گەمەی ژیان لە ئێستای ئێرەدا

## ڕۆچوون بە نێو گوتاری جیاوازبوون لە نمایشی خواحافیز تا نازانم کەی

د. دڵشاد مستەفا

بیرکردنەوە لە ژیان بیرکردنەوەیە لە مرۆڤ بوون . کەشف کردنی پانتایی نادیارێکە کە هەموو بە دیاری دەزانن و پیان وایە دەست بۆ سانایی براوە . وەلێ لە بنەڕەتدا مامەڵە لەگەڵ قرسترییین دیاردەی سەر ئەم ئەستێرەی ئینسان گرە کراوە . بۆیە هێنانە گۆی دۆخە جیاوازەکانی بوونی مرۆڤ لاکایە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی خۆیدا و لە دۆخێکی فرە هەستەوەری وە ئەمرۆدا گیانبازییە و یاریکردنێکی ئاشکرایە بە بلێسەیەک یا دەتسوتێنێ یان دەتوانێ ببێتە سەرەتای ڕۆشنکردنەوەی ڕێگەی درێژی گەیشتن بە زەینی وەرگر .

ماوەیەکی درێژ نێوەندە هونەرییەکەی ئێمە گفتوگۆی جددی و توندی لەسەر ئەرکە سۆسیۆسیاسییەکانی شانۆ هەبوو ، بەشی زۆری پێی وابوو ئیدی شانۆ ئەرکێکی ئیستاتیکی ڕووت جێبەجێ دەکات و کەمتر دەتوانێ خۆی بدات لەو کایە دژوارانەی ژیان و چەردەیەکی کەمیش مکوڕ بوون لەسەر ئەوەی شانۆ ئەو ساتەی دەسبەرداری ئەو ئەرکە دەبێت ئەدی پردەی پەیوەندی خۆی و وەرگر دەڕمێنێ . بۆیە بزووتنەوە شانۆییەکەی ئێرە لە نێوان ئەو دوو چەمکەدا مۆلەق بوو، گاهێک بەرەو ستاتیکایەکی ڕووت ملی دەنا و گاهێک پەلکێشی نێو دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ساتی خۆی و ڕابردوو دەکرا .

ئەدی ئێستا ؟ ئاخۆ بەشی زۆری خوێندەوار و تا ڕادەیەک کەم خوێندەواری کورد قسەی زۆریان لەسەر ئەرکی ڕۆشنبییر لەم دۆخەدا نییە ؟ ئەدی زۆرینەیەک لانی کەم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕۆشنبیریان نەدوەتە بەر تانەی وا بەستە بوون و هەندێکی تر ناوی رۆشنبیری حیزبی هو کۆیلە و دەیەها تانووتی تریان ڕیز نەکردووە ؟! پرسیاری سانا لێرەدا ئەوەیە ئاخۆ هونەرمەند بەچ شێوازێک دەچێتە خانەی ڕۆشنبییرەوە ؟ ئەدی ئەرکی ئەو لەم ساتەوەختەی ئێمەدا و لەم بست ئاڵۆزەی نیشتمانی کورددا چییە ؟ شانۆکار کەهەمیشە لەبەردەم پرسیاری ئەکتیڤ بوون یان نەبوونی خۆیدا بووە لە ئێستا و ئێرەی ئێمەدا دەتوانێ چی بکات ؟ واق وڕماو و خامۆشی دانیشێ و تەماشای بکات ؟ یان خەوبیین و خەیاڵاوی با نێو یۆتۆبیایەکی تردا بگەڕێت ؟ ئاخۆ ناتوانێ لەو دوو هەڵوێستە پاسیڤە بتە دەرێ و سەربلەو قۆزاغە وەهمییە بێنێتە دەرێ و بلێ ئیدی ساتی پرسیاری ترەو ناکرێت لەم هەموو ئاڵۆزییەدا بێ دەنگ و گوێ قوڵاغ دابنیشین.

لانی کەم ناتوانێ قسە لەسەر ئەو بەدبەختییانە بکات کە تاکی کوردی گیرۆدە کردووە.

هەموو ئەمانە ئەو جۆرە پرسیار و گریمانانەن کە نمایشی (خواحافیز تانازانم کەی ...) دەیخاتە

بەردەم وەرگرەکەی و بە بێ ویستی خۆی لەنێو تۆڕێک لە ئاماژەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆدا ئەرکی گەورە بە وەرگرەکەی دەسپێرێ . وەلێ خۆی بە چ میکانیزمێک ئەو کردەیە جێ بەجێ دەکات ئەوەیان جێی تێرامان و ڕاڤەکردنی زۆرە .

**یاقوبی لەکوێی نمایشدایە :**

کەم نیین ئەو گفتوگۆیانەی قسە لەسەر شوناسی شانۆییمان دەکەن و بەشی زۆریان بە بێ وردبوونەوە لە مانا قوڵەکانی دەدوێن و بەتەنها لە روکەشدان و ناتوانن قوڵ رۆبچنە نێو مانا و فاکتەر و دۆخە جیاوازەکانی شوناسی شانۆیی. ئەوان وا دەبینن کە دروستبوونی دەقی شانۆیی ئەو فاکتەرەیە کە دەتوانین شوناسی بۆ ئەو شانۆیە بەرهەم بهێنێت و ئەو دۆخەی بۆ بنێت کە خودی خۆی تێدا بناسێتەوە. هەڵبەتە من نامەوێت درێژتر قسە لەسەر ئەو چەمکە بکەم و بیبەمە نێو کایە فیکرییە ئاڵۆزەکان ، وەلێ دەستبردن بۆ ئەو چەمکە بۆ هێنانەگۆی ئەو دۆخی جیاوازیەیە کە دەقێکی لەوەوبەر بنیاتنراوی نوسەرێکی فارس چۆن دەتوانێت بگۆڕرێتە نمایشێک بە تەواوی ووشە قسە لەسەر ئێستا و ئێرەی ئێمە بکات . هەڵبەتە قسە لەسەر ئەو کردەیە قسەکردنە لەسەر هۆشیارییەک کە دەتوانێ خۆی لە لەمپەرەکانی دەق و قاڵبکانی بدزێتەوە بە بێ ئەوەی هەست بەو دەرچوونە لە ڕێکییەوە بۆ ناڕێکی بکەین. ئەوەی لەم نمایشەدا دەیبینین بە هێمنی لابردنی سێبەری (یاقوبی) یە وەک نووسەرێک کە دێت و لە نێو قاڵبێکی ڕێکخراودا چیرۆکی خانەوادەیەک دەگێڕێتەوە کە دیلی سستم و ژیانی لەوەوبەر نەغشە بۆ کێشراوی خۆیانن، بەڵام ئەو دەمەی دەستکاری ئەو دۆخە دەکرێت و سستمە ڕێک و پێک و رەنگ بۆ رێژراوە کۆمەڵایەتییەکان تێک دەدرێن . ئەدی هەستێکی تر دامادەگرێت . وەرگرێک کە ڕاهاتووە لەسەر ئەو قاڵبە لەوەوبەر داڕێژراوانەی سستمی کۆمەڵایەتی هەموو دەرچونێک لێیان بە پێنانە نێو سنوورەکانی فەزاو پشێوی دەبینێ . بۆیە لەو ساتەی هەست بە گۆڕینی بەها و پیرۆزییەکانی ئەو سستمە کۆمەڵایەتییە دەکەین ، توشی جۆرێک لە تێڕامان دەبیین . لەگەڵ ئەوەی تەواوی ئەو کردەیە لەنێو واقیعی ژیانی ئێمەدا لە وێنەی جۆراوجۆردا بوونی هەیە و چەندین چیرۆکی هاوشێوەمان بیستوە ، بەڵێم وەک جۆرێک لە گوناە و دەرچوون لە سستمی کۆمەڵایەتی و نەریتە باو و باوەڕپێکراوەکان تەماشامان کردووە.

دەتوانی لە سەرنجدانی ورددا تێبینی ئەوە بکەی کە سێبەری یاقوبی لەو شوێنانەدا دەردەکەوێت کە بنچینەن و ئەوانی تر لەو چوارچێوەیە دەرهێنراون کە ئەو دایڕشتوون .مامەڵێ کردن لەگەڵ یادەوەری وەرگر و گ□زانەوەی لۆکەیشنی ڕوداو بۆ ئەو شوێنەی وەرگر بە جوگرافیای خۆی دەیناسێ ، جۆرێک ستراتیجە کە دەرهێنەر بۆ دوو مەبەست پەنایان بۆ دەبات :

یەکەم : بەنگهێشتکردنی یادەوەری وەرگر وەک بەشێکی ئەکتیڤ لە تەواوکردنی ئەو وێنە

زهنییەی نمایش بەرهەمی دەهێنێت ، ئەو کردەیەش وەرگر ڕوبەڕووی ئەو فاکتە دەکاتەوە کە ئەوەی دەگوزەرێ چیرۆکێکی خەیاڵی دوور نییە لەوەوە و ئەوەتا لە تۆ و یادەوەری و ڕابردووت دەدوێت تا دەرفەتمان پێ بدەیت و گوێبیستی ئەو قسانەمان بییت کە لەسەر ئێستای تۆ دەیکەین.

دووەم : کردنەوەی دەرگایەکە لەسەر ئەرکی خۆی وەک هونەرمەند کە وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد گومانی زۆری لە نێوەندە جیاوازەکانی کۆمەڵی کوردیدا لەسەر دروست بووە . ئەو دەیەوێت ڕۆڵی خۆی لە لانی کەمی بە ئاگاهێنانەوەی وەرگردا بدۆزێتەوە .و بە جۆرێک دەست بۆئێستا بەرێت کە ڕۆڵی خۆی لە گۆرانکارییەکاندا ون نەکات . چونکە وەک بەشێکی زۆر لە توێژەران کۆکن لەسەری ( هەر شۆڕشێکی ڕاستەقینە لە هونەر و ئەدەبەوە دەست پێدەکات ، هەرشۆڕشێک پێشتر لە ئەدەب و تێفکرین و هونەردا پێکوڵکاری بۆ نەکرابێت ئەنجامی نەپێکاوە)( بەختیار عەلی ، جوانییەکانی نارێکی ، ٢٠١٦،لا ٧) .

لەو تێروانینەوە ، دەرهێنەر لەم نمایشەدا نارەکییەک دەنێتە نێو زەنی وەرگر کە دژ بە هەموو ڕێکییەکی نێو سستەمە باوەکانی ژیانی چەق بەستوی خەڵکە . محەمەد مستەفا ، ئاژاوەیەکی ئیستاتیکی دەنێتەوە و وەرگر دەخاتە بەردەم واقیعی ژیانی خۆی و پێی دەڵێت دەستکاری هەموو ئەو شتانە بکە کە سستمی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە چوارچێوەو قاڵبی ڕێک و پێککراودا بۆ بەستنەوەت بەرهەمیانهێناوە . هەڵبەت لەهەموو ئەمانەدا کەمێک کۆمەک لە یاقوبی وەردەگرێت ، گاهێک بۆ بەرهەمهێنانەوەی ێرانەوەیەک کە دەتوانێ وەرگری سادە گیرۆدەی خۆی بکات و لەگەڵ خۆی بە نێو تەونی حکایەتدا بیانبات و گاهێک بۆ خۆشاردنەوە لە پشت ئەو فاکتانەوە کە دەق دەتوانێ وەرگر بخاتەوە بەردەم ئاوێنە تەڵخەکەی ژیانی خۆی و ستراکچەرێکی پتەوە دەهێنەر ناچاری دروستکردنی چیرۆک ناکات .

دەستکاری کردەنی ئەو ڕێکییەی نێو دەق و ئەو فەزا مێژوویی و کۆمەڵایەتیەی لە پشت دەقەوە بەرقەرارە هەولێکی ترە بۆ بانگهێشتکردنی وەرگر بۆ نێو دنیایەک لە بیرەوەری تاڵ و شیریین ، کورتکردنەوەی زەمەنی خەونەکانی کاراکتەری (شێوە) کە لە بنچینەی دەقەکەی یاقوبیدا ، زەمەنی هەر خەوتنێکی سێ ساڵە بۆ دوو ساڵ پێنانە لەو خێراییەی زەمەنی ڕوداوەکای ئەم بەشەی نیشتمانی پێدا گوزەر دەکات . بڕوانە هەر دوو ساڵ جارێک و لە ساڵە جووتەکانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو چەند جۆر گۆرانکاری سیاسی و هەڵوێستی دژە بەیەک و کارەسات و نەهامەتی ناجۆر دێنە پێشێ و کاریگەرییان بۆ سەرلەبەری ژیانی خەڵک چەندە زۆرە :

١٩٩٢ سەرەتای دروستبوونی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان و کێشەئابوورییەکانی . ١٩٩٤ و دەستپێکی شەڕی براکوژی نێوان حیزبەکانی کوردستان . ١٩٩٦ و گەیشتن بە ترۆپکی شەڕو کارەساتە نەخوازراوەکانی و بەو شێوەیە لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا گۆڕانکاری بنچینەیی لە بەها و ئەخلاق و تەواوی تەواوی بوونیادەکاندا دروست دەبێت و مرۆڤ و

دەوروبەرەکەی بە جۆرێکیان لێ دێت کە ئیدی بە هیچ شێوەیەک ناچنەوە سەر دوێنێی خۆیان . ئەو یارییە ترسناکەی نێو ژیان بە شێوەیەک لە شێوەکان دێتە نێو نمایشەوە ، وردەکارییەکانی کە دەتوانێ ئەتمۆسفیری ئەو ڕۆژانە بۆ ئێمە بگێڕێتەوە لێرەن و بە تەواوی سێبەر و هەژموونی نوسەر و باکگراوندە ئێرانییەکەی لێ دەسەنەوە . بە واتایەکی ساناتر نمایش دەرچونێکی ترە لەو تەوقەی دەق و دەسەڵاتی نووسین کە بەبەردەوام دەمانتێرێتەوە بۆ زەمینەی دروستبوونی خۆی و یادەوەری نووسەر دەگۆڕێتە یادەوەری وەرگر ، ویستی نووسەر دەبێتە بەشێک دەرهێنەر و گۆڕانکاری لە پێگەکاندا دەبێتە بەشێک لەو یارییەی نمایشی لەسەر بنیاتنراوە .

**توند و تیژی ، ژیان ،مەرگ :**

شتێکی بە ئاسان هەستپێکراوە کە ئەرکی هونەر لەو قۆناغەدا هەوڵدانە بۆ هێنانە کایەی گۆڕانکارییەک لە کۆی بونیاد و سستمە ئاڵۆزەکانی ژیان لێرە . گەر بڕیارە ئەم نمایشە خۆی لەقەرەی ئاریشەکانی ئێمەدا بدات نایکرێت بەو ڕێگەیەدا نەڕوات کە گێڕانەوە ئاستێکی باڵای مامەڵە کردنە لەگەڵ هەست و عەقڵی وەرگردا. پەنابردنی دەرهێنەر بۆ قسەکردن لەسەر ئەو توندوتیژییانەی ئێستای ئێرەی وەک واقیعێکی تاڵ بەرهەم هێناوە جگە لەوەی تاکتیکی خولقاندنی ئەتمۆسفیری بانگهێشتکردنی وەرگرە ، هەوڵێکیشە بۆ تەفسیرکردنی ئێستا. ئەو دەمەی نووسەرێک بیر لە یادەوەری ڕاپەڕین دەکاتەوە هاوژیینەکەی کۆمەکی دەکات بە یادهێنانەوەی توندوتیژی و بشێوییەکانی ڕابردوو ، پێکڕا قسە لەسەر ئەو گیانە ئانارشیستە دەکەن لە ساتێک لە ساتەکان ئێرەی بە هی خۆی نەزانییوە و بە هەموو شێوەیەک بەربۆتە گیانی.دادگایی کردن و کوشتنی ئەوانەی بەتاوانباری قۆناغی خۆیان دەژمێردران . بەشداریکردنی منداڵان لە دۆخی ڕاپەڕیندا بە سزادانی تاوانباران بەو شێوازە توند و تیژە و ساناکردنەوەی کردەی کوشتنە بۆ جۆرە یارییەک کە بەردەوام بکوژ تێیدا براوەیە. گرنگ نییە کوژراو کێیە ، ئەوە دۆخی کوشتنی گیانی بەخشندەیی و تۆلێرانسە کە پێشتر لە نێو کاراکتەری کوردیدا هەبوو. گواستنەوەی ئەو رۆحە توند و تیژە بۆ نێورۆحییەتی نەوەیەکی تر دیارییەکی تری شۆڕشگێڕە توند و تیژەکانە کە بەو نەوەیەی دەبەخشن کە سبەینێی دەکەوێتە دەست و چارەنوسی کۆمەڵی کوردی لای ئەو دەبێت . لەگەڵ ئەوەی ئەو گریمانە تەواو نەهاتە دی و شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ ڕازی نەبوون کورسییەکان پێگ و شوێنی ریارەکان بدەنە دەست کەسی تر جگە لە خۆیان .

هەموو ئەم فاکتەرانەو چەندەهای تریش لە نێو نمایشدا ئەوەمان بیر دەخەنەوە کە ئەم گەمەیە بۆ سڕینەوەی ئەو تەپ و تۆزەیە لەسەر یادەوەریمان نیشتوە ، بە ئاگاهێنانەوەی رابردوویەکی سڕ و خەفەیە کە نازانێ لە کوێدا وەستاوەو پێویستی بە چ جۆرە راچەنینێکە . مۆلەق بوونمان لە نێوەندی ژیان و مەرگدا ، ئاگایی و نائاگاییدا ، خەوتن و رابوون دا وێناکردنی دۆخێکە کە ئەمڕۆ بەرهەم دەهێنێت

. بە پێی ڕاڤەکارییەکانی نمایش هەموو ئەوەی لە ئێستادا ڕوودەدات لێکەوتەوەی ئەو دوێنێ یەیە کە بەشێک بە ویست و بەشێک بێ ویست و ئیرادەی خۆمان بەشداریمان لە بنیاتنانیدا کردووەو کردەی بەردەوامی ئەوە کە تائێستاش خەون بەوەوە دەبینین بۆ دوو ساڵ یان زیاتر بخەوین و ئەو دەمەی لەخەو ڕادەبیین دنیا گۆڕرابێت . ئەمە جگە لەوەی نمایشی واقیعێکی بەرجەستەیە ڕەخنەکردنی ئەرکی ئەو ڕۆشنبیر و هونەرمەندەشە کە پەنا بۆ بێ هۆشییەک دەبات و چاوەڕێی ئەویە زەمەن برینەکان سارێژ بکات لە جێی ئەوەی خۆی دەستکاری ئەو واقیعە بکات .

هێنانە گۆڕێی چیرۆکی کوشتنی نوسەرێک کە دەیەوێت واقیعی کۆمەڵایەتی باو ڕەخنە بکات ، بیر هێنانەوەی جارێکی دی ئەو توند و تیژیەیە کە دۆخی دوای راپەڕین بە شێوەیەکی دی بەرجەستەی کرد . نێوەندە جیاوازەکانی بەرهەمهێنانی رای گشتی و ئازاد لە دنیای ئێمدا زامەکانی تەڕن و زۆرینەمان هەناسەسارد بەدیار ئەو زامانەوە دانیشتوین . نمایش ئەوەمان پێ دەڵێت کە ڕەگ و ڕیشەی ئەم توندوتیژییە کۆنترە لە ئێستا و قسەنەکردنمان لەسەر ئەوەی پێشتر ڕویداوە گەیاندوینی بەم دژوارییانەی ئەمڕۆ.

**نمایش و تەکنیک** :

هەڵبەتە قسەکردن لەسەر تەکنیکی نمایشێکی وا سانا نییە. گەڕان بەشوێن دۆزینەوەی چوارچێوەیەک بۆ تواندنەوەی هەموو ئەو هێڵانەی دەرهێنەر دەیکێشێت پێویستی بە وردبوونەوەی زۆرە و دەشێت لە بونیادە جیاوازەکانی نمایشدا بیندۆزینەوە و ڕاڤەیان بکەین.

محەمەد مستەفا ، تەواو شارەزای تەکنیکی نمایشەکەیەتی و دەزانێ لەسەرکام هێڵ یارییەکانی دەکات. ئەو بە وردی وەرگری خۆی دەناسێ و لەوە تێدەگات کە ئاڵۆزاندنی هێڵەکانی نمایش هیچ لەڕاژەی گەیاندنی بیرۆکەکانی ئەو نییە ، وەلێ ئەوەشی لەیادە کە دەشێت بیر لە بانگهێشتکردنی هەندێک تەکنیکی دەرەوەی کایەکانی شانۆ بکات ، لەلایەک بۆ نیشاندانی توانا و تێگەیشتنی خۆی و لەلایەکی دی بۆ بەخشینی چێژ بە وەرگرەکەی لەڕێی خولقاندنی ئەتمۆسفیرێکی جیاواز کە بنەمایەکی ئیستاتیکی هەبێت .

پەنا بردن بۆ تەکنیکی مۆنتاژی سینەمایی بە ئاشکرا لە دوو دیمەندا هۆشیاری دەرهێنەر بەو تەکنیکە پیشان دەدات و پێمان دەڵێت دەتوانم تێکەڵاوی تەکنیکی سەرنجبەرتان بکەم ، بەڵام نامەوێت بیرۆکەکەتان لێ بئاڵۆزێنم. دەرهێنەر دۆخی وەرگرەکەی دەناسێ و دەزانێ لەدەرەوە چ ئاڵۆزییەک دەگوزەرێ و ژیانی لەنێو چ جۆرە بشێوییەکدا بەسەردەبات بۆیە پانتاییەکی تەواو ڕیالیستی دەخولقێنێ چونکە گەیاندنی گوتارە سۆسیۆسیاسییەکەی بۆ گرنگە و قورسایی خۆی فڕێ داوەتە سەر نواندن وجوڵەی ئەکتەرەکان.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە دەرهێنەر چەند پێویستی بەوەیە لە نێو ئیستاتیکایەکی نادیاردا ونمان بکات؟ ئاخۆ خۆ بە دوورگرتن و وازهێنان لەو ڕەگەزانەی لەزەینی ئێمەدا ڕەگەزی ئیستاتیکی گەورەن لە پێکهێنانی نمایشی شانۆییدا لەوێوە

سەرچاوە دەگرن کە ئەو دەرهێنەرە توانای بەسەر ئەوپێکهاتانەدا ناشکێ ، یان دەیەوێت جۆرێکی تر لە سادەیی بەرهەم بهێنێت کە دەتوانێ هەڵگری مانا و دەلەلەتی گەورە بێت لە نێو فۆرمێکی سانا دا ؟ ئاخۆ ئەو ئاڵۆزاندنەی لە نێو سستمە باوەکانی شانۆدا هەن چەند دەتوانن خزمەت بەو ئایدیایە بکەن کە ئەم ئەزموونە دەیەوێت بە وەرگرەکەی بگەێنێت ؟ داخۆ خۆ خەریککردن لە نێو ئەو وەهمەی بونیادێکی ئیستاتیکی ئاڵۆزتر لەوەی بەرهەمهاتووە زەینی وەرگر و بەرهەمهێنەری بە هەندێک شتی لاوەکییەوە خەریک نەدەکرد و خەیاڵی ئەوانی بەرەو ئاقارێکی پەرت بوو نەدەبرد؟

ئایا خۆ مەڵاس دان لە پشتی ئیستاتیکایەکی ڕووتەوە ئەرکی هونەرە لەم دۆخەدا؟ ئاخۆ ئەو فاکتەرەی ئەم نمایشەی بەو هەموو بینەرەوە کردە بەشێک لە مێژووی هونەر لە سلێمانیدا ، دابەزینە بۆ ئاستی ئەو نمایشە گاڵتەجاڕانەی بەبەردەوام ڕەخنە دەکرێن؟ ئاخۆ ئایدیایەکی پۆپۆلیستی لە پشت ئەم نمایشەوە دێت و دەچێت و پێی وایە هەموو شت لە پێناو ڕازیکردنێکی گشتێکی تورەدایە؟

بە بڕوای من ئەوانە هیچیان ئەو حەقیقەتە سادەیە ناپێکن ، کە خودی دەرهێنەر سادە دەڕوانێ ، ئەو نایەوێت لەو هەموو بشێوییەی یانی ئەمڕۆی وەرگرەکەی داگیر کردووە هیچی ئاڵۆزتر زیاد بکات، هاوکات ناشیەوێت تەنها چێژ لە بەرهەمهێنانی ئیستاتیکایەکی ڕوتدا کورت بکاتەوە . ئەو دێت لەرێی ڕستێک هێڵی ساناوە و بە خولقاندنی گەمەی نمایش وەرگر تێکەڵاوی کارەکەی دەکات . ئەو هەرگیز لەیادی ناچێت مەمەڵە لەگەڵ چ دۆخێکی دژوار دەکات . بۆیە هەندێک جار پەنا بۆ کۆمیدیا دەبات و وەک فێنکاییەک دڵ و دەروونی وەرگرەکەی پێ ئاودەدات کۆمیدیایەکی ڕەش کە دەزانێ چۆن لەڕاژەی ڕەخنەکردنی ئەو واقیعە گریمان کراوەی نێو نمایشدا بێت کە خودی ئەو واقیعەیە وەرگر تێیدا دەژی .

یەکێکی دی لە تەکنیکە سادە و سەرنجبەرەکانی دەرهێنەر ، خۆ دەربازکردنە لە وەهمی بوون بەیەکی نمایش و ژیان ، ئەو لەساتی گۆڕینی دیمەنەکاندا بە سادەیی بە وەرگر دەڵێت ئەوەی لەبەردەمتدا ڕوو دەدات نمایشە و هیچ نهێنییەکمان نییە لەتۆی بشارینەوە . هەر لەسەرەتای بەرکەوتنی وەرگر لەگەڵ ئەکتەرەکان و بەر لەدەستپێکردنی نمایش ، دەرهێنەر کۆدەکانی خۆی بە وەرگر دەدات و پێی دەڵێت ئەوەی دەیبینی هیچ شتێکی ڕاستەقینەی تێدا نییە و ئەمانە کۆمەڵێک اەکتەرن و دەیانەوێت لەبەردەم تۆدا یارییەک بکەن . سات نا سات و دیمەن بە دیمەن دابرانێک لە نێوان وەرگر و ڕوداوەکاندا دروست دەکەن  بۆ ئەوەی بە تۆی وەرگر بڵێن بە ئاگا بە ئێمە یاری دەکەین و ئەوی دەگوزەرێ حەقیقەت نییە .

دەشێت ئەم یارییە لەو گۆشە نیگایەوە تەفسیر بکرێت کە سوود وەرگرتنە لە تیۆرەکانی شانۆکاری ئەڵمانی (برتۆڵد برێشت ) کە تێیدا دەرهێنەر هەردەم پێویستی بە هۆشیاری وەرگرەکەیەتی لەجێی سۆز ، ئەو وەرگرێکی هۆشیاری دەوێت کە دەتوانێ رەخنەی دۆخی بینراو بیستراو بکات

. ڕاستە ئەکتەر لەم نمایشەدا وەک ئەکتەری نێو شانۆ داستانییەکەی برێشت نمایش دەکات و گەلێک جار دێتە دەرەوەی ڕۆڵەکەی و لەوێوە لێی دەڕوانێ ، بەڵام سەددەرسەد تەواوی تەکنیکەکان داستانی نیین . دەرهێنەر بەبەردەوام ئاگای لەو هێڵەیە کە ئەکتەر پێ نەنێتە ئەودیوی هەستەکانی خۆی و خۆی لەنێو کاراکتەردا ون نەکات . بۆیە پەنای بۆ ئەو جۆرە لە بەرجەستە کردن بردووە و هەموو شت لەبەردەم وەرگردا ڕودەدەن تا ئەو هێڵە تەریبەی نێوان ژیانی ئەکتەر و کاراکتەر بە بەردەوام تۆخ ببێتەوە و هەموو ئەمە بە بەشداری و ئاگاداری وەرگر بەرێوە دەچێت و ئەو بوونییێکی دابڕاو نییە لە تەواوی پرۆسێسی نمایش .

پەنابردن بۆ ئەو تەکنیکە بانگهێشتکردنی جۆرێکی ترە لە هێڵی کارکردن کە بەهەموو شێوەیەک دێتە ڕاژەی ئەو پرنسیپەی دەرهێنەر دەیەوێت بۆ پەیوەندی نێوان خۆی و وەرگر دایبمەزرێنێ و گەشەی پێ بدات .

هەڵبەتە نمایشێک لە ماوەی سەعاتێک و پەنجا دەقیقەدا بە کۆمەڵەک بەرزی و نزمیدا تێپەڕ دەبێت و شوێن گەلێکی تێدا جێ دەمێنێت کە بوارە بۆ ڕەخنەکردن . ڕەنگە درێژی هەندێک دیمەن و دووبارە بوونەوەی یەک ڕیتم و ستایڵن نواندن و بواری زۆر بە دیالۆگی درێژ بە تایبەتی لەدوا دیمەنی نووسەردا کە باس لە داخرانی دەرگاکانی ئومێد دەکات و لەو ترسە دەدوێت کە ئەوی وەک ئینسان ئەوق کردوە و خواستی خۆی بۆ دەربازبوون لە ئاکامی ئەو توندو تیژییە دەخاتە ڕوو.

ڕەنگە وازهێنانیشی لە هەندێک ڕەگەزی ئیستاتیکی نمایش بخاتە دۆخێکی سادەتر لەوەی چاوەڕوان دەکرێ و بەشێک لە وەرگر تووشی ئەو شۆکە دەبن کە بەخەیاڵ و هزرێکی لەوەوبەر ئامادەوە هاتوون و چاوەروانی شتگەلی جیاوازترن لەوەی نمایش پێشکەشی کردووە .

**نواندن قورسایی مەزنی نمایش** :

هێڵەکی ئەفسونی لە بنەوەڕا بەرەو تەڵی هۆشیاری هەستی وەرگر درێژ دەبێتەوە . هێڵێک لە نێوان هۆشیاری و هەستدا گیرمان دەکات و ساتێک دەماندانە دەست هەست و ساتێک ناچاری بیرکردنەوەمان دەکات و هۆشیاریمان دەخاتە بەردەم بەرپرسیاری .

لەوسەرتەختەی شانۆیە رۆحێکی زیندوو دەبزوێ ، سیمای کاراکتەرەکان ەو زیندویەتییەوە دەجوڵەن کە بەشێکن لە ئێمە ، هەستیان پێ دەکەین و لەگەڵ خەم و ئازارەکانیاندا دەگرین و لە شادیەکانیاندا پێ دەکەنین . ئەوە تەکنیکی هۆشیارییانەی نواندنە ئەو یارییەمان پێ دەکات . ئەوە وهردی و سەلیقە و توانستی ئەکتەرە دەمانکات بە بەشێک لەشاهیدەکانی کارەسات و خەم و مەینەتییەکانی ناو نمایش .

وەستان لەسەر یەکە یەکەی ئەکتەرەکان و

ئەو فەزا دروستەی بۆ تێکەڵاوبوونی وەرگر و نمایش دەیخولقێنن ئەرکێکی گرنگی ئەو جۆرە وردبوونەوەیەیە لە نمایش . لەگەڵ ئەوەی لە بەشی پێشتردا پەنا بردن بۆ نواندنی بریستیانەمان وەک گریمانی دەرهێنەر خستە ڕوو بەڵام پێویستیمان بە ناسینی توانای ئەکتەرەکان هەیە لە بەرجەستەکردنی ئەو ستراتیجەی دەرهێنەر قورسایی گەورەی کارکردنی خۆی خستۆتە سەر . ئەوە شاراوە نییە کە خودی دەرهێنەر (محەمەد مستەفا) بەر لەوەی دەهێنەر بێت ئەکتەرێکی بە ئەزموونە گەر بەتەنها لە ئەزموونی خۆی هەژموونی بەسەر هێڵی نواندنی ئەکتەردا کێشا بێت ئەوە بەشدارییەکی کەم نییە و جێی سەرنجە بەتایبەت لەو دۆخەدا کە هامووان لەسەر ئەوە کۆکین کە یەکێک لەخاڵە هەرە بەهێزەکانی ئەم نمایشە نواندنە و ئەرکی دەرهێنەریش لە ڕێکخستن و پێکەوە گونجاندنی ئەو توانا جیاوازانەدا سانا نەبووە.

بەشی زۆری قسەکردنی رەخنەی ئێمە لەسەر نواندنی ئەکتەر پێودانگی (معیاری) بووە و خۆمان لە نێو زاراوەکانی باش و خراپدا قەتیس کردوە . کەم جار قسەمان لەسەر توانا و تەکنیکەکانی نواندن کردووە و توانیومانە بوونی ئەکتەر لەنێو فەزای ئاماژەیی نواندندا وەک ئاماژەیەکی دیار بخوێنینەوە . هەڵبەت ئەم نمایشە ڕێ بەو جۆرە خوێندنەوە ئاماژەییە نادات چونکە بۆخۆی ئەوەندەی کارکردن بووە لەسەر سادەکردنەوەی تێگەکان اەوەندە خۆە بە بنیاتنانی سستمێکی ئاماژەییەوە خەریک نەکردووە ، بۆیە دەتوانین سانا قسە لەسەر ئەو هێڵانە بکەین کە یەکە بەیەکەی ئەکتەرەکان لەسەری دەڕۆن و ریزبەندیان لێرەدا بە پێی دەرکەوتنیانە لەسەر شانۆ :

سۆما قاسم : ڕۆڵی (شێوە) بەرجەستە دەکات ، لە نواندندا وریاو سەرنجبەرە ، دەزانێ بەچ تۆنێکی دەنگ و کامە جوڵەی جەستە وەرگر وابەستەی ساتەکانی نمایش دەکات . لەو دیمەنانەی دەردەکەوێت لەگەڵ توڕەبوونەکانیدا گرژ دەبیین و ئەو دەمەشی هیوا (کە کاراکتەرێکی نێو نمایشە و بەتەنها دەنگی لەرێی تەلەفۆنەوە دەبیستین) هیوای ژیانی نوێی پێ دەبەخشێ لەگەڵ خۆی شاگەشکەمان دەکات . بەبەردەوام دوور دەکەوێتەوە لە زیادەڕۆیی و لە یەکەم دەرکەوتنیدا چونکە وەرگر بە تەکنیکی نمایش ئاشنا نییە هەندێک سەرسامی دروست دەکات ، بەڵام دوای کرانەوەی کۆدەکانی نمایش وابەستەی توانستی خۆیمان دەکات.

زەریا سامی : توانایەکی بێ وێنەیە ، ئەکتەرێک لە نێوان تراجیدیا و کۆمیدیادا یارییەکی بوێرانە دەکات . تەواو کۆنترۆڵی جەستەو دەنگی بەدەست خۆیەتی و چۆن بیەوێت یاری بە تمپۆی نمایش دەکات و لەگەڵ هەر دۆخێکی ڕوداودا سیمایەک جیاواز و تۆنێکی شیاو هەڵدەبژێرێ . لە نێو نمایشدا وەک تامێکی تایبەت دەردەکەوێت و زیاتر ئەو شنەبایە یە کە کەمێک خەمی لەگەڵ دەروات . بە جۆرێک نمایشی کردۆتە یاریی ئەو دەمەی شەلەل جەستەی دەنگاوتێ نازانین لەگەڵیدا بگرین

یان ئەوە جۆرێکە لە یارییەکانی (جیمی) کاراکتەر.

دیدار عومەر : سیمای ژنێکی خۆرهەڵاتی تەواو بەرجەستە دەکات ، خوشکێک خەون بە ئاشتبوونەوەو ژیانێکی هێمن و ئاسودەوە دەبینێ. گەلێک بوێرانە لەسەر ستێج دەجولێ ، تەواوی پانتایی نمایش دەگەڕێ بە بێ ئەوەی بۆ ساتێکیش هەست بە نیگەرانی بکەیت لە ناسینی شوێنی نمایشدا . دەنگی بەشێوەیەک بەکار دەهێنێ لە دۆخە جیاوازەکانی کاراکتەرەکەیدا ، کە وەرگر ناتوانێ بروا بەهەموو ئەو ساتانە نەکات و بە حەقیقەتیان نەزانێ . گەر تەکنیکی دابڕان نەیەتە نێو دیمەنەکانی نمایشەوە دیدار وەرگر لەگەڵ خۆی دەبات .

دیاری عومەر : ڕەنگە ئەزموونی دیاری لەنێو کچە ئەکتەرەکانی ئەم نمایشەدا لە هەموویان جیاواز تر و دەوڵەمەندتر بێت . دیاری لەستایلی کارکردنی جیاوازدا بینراوە و هەر جارەو مامەڵەی لەگەڵ جۆرە تەکنیکێکی جیاوازدا کردوە. لەم نمایشەدا دیاری مۆدێلی ژن بوون لەم پانتاییە وێرانەی خۆرهەڵات بە گشتی و کۆمەڵی کوردەواری بەتایبەت بەرجەستە دەکات . ئەو دەمەی دەیەوێت بڕوا بە لۆژیکی ئەو بکەین لەڕێی ڕاستگۆیی لە نواندندا ناچارمان دەکات بڕوابکەین .و ئەو دەمەشی چیرۆکی حەقیقەت و خەیاڵ لە دانپیانانەکانیدا بۆ خوشکەکەی تێکەڵاو دەکات . دەگاتە ترۆپکی نواندن و بە شێوازێک ئەو ساتە بەرجەستە دەکات

کە وەرگر توشی جۆرێک لە شۆک دەکات . هەڵبەتە زرنگی دیاری و وریایی دەرهێنەر لەو دیمەنەدا دۆخێک دەخولقێنن جێژ بەخش .

ڕۆزا ئومێد : هێمن و سادە و ساکار . زۆر لەخۆی ناکات و بە شوێن ئاڵۆزاندنی هێڵەکانی نواندنەوە نییە . هۆشیارە بە جوڵەکانی خۆی . سەلیقەی ڕۆزا لەو باکگراوندە بێ بەش نییە کە خۆی پێشتر وەک دەرهێنەر ئەزموونی کردوە و ئەوەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی نمایشێکی سەرنجبەر بکات لەنێوان واقیعی ژیان و واقیعی شانۆدا . هەڵبەتە نواندنی ڕۆزا لەسەر ئەو هێڵەیە کە دەرهێنەر بۆی دیاریکردوە و هەوڵنادات سنورەکان ببڕێت تا لە نێو ستراتیژی نمایش نەچێتە دەرێ .

بێساران جاسم : یەکەم ئەزموونی ئەم کوڕە ئەکتەرەیە کە من دەیبینم . توانایەکی جێی سەرنجە بە جەستە و دەنگ و سیما پانتایی شانۆ داگیر دەکات . بینەر تێکەڵئوی ئازار و خەونەکانی خۆی دەکات . دروست کاراکتەرەکی دەناسێ و زیرەکانە بەرجەستەی دەکات . تۆنی دەنگی یارمەتیدەرێکی گەورەیە کە لەلایەک پانتایی پێ داگیر دەکات و لەلایەکی دی توانستی گەیاندنی زیاتر دەکات . ئەو ساتەی پێویستی بە بزواندنی هەست و سۆزی بینەرە پەنا بۆ تۆنە گەرمەکان دەبات و لەو ساتاکەنی تریش سارد مامەڵە لەگەڵ پێشهات و ڕوداوەکان دەکات .

هەڵبەتە دەکرێت گەلێک وردتر لەسەر هێڵ و توانستی نواندن بدوێین ، بەڵام ئەو کاتەدەرفەتی

گەلێک درێژترمان دەوێت .

**دوا پەیڤ** :

دواجار ئەوەی لەم نمایشە دەمێنێتەوە ئەو هێڵی هۆشیارییەیە کە بە مەبەست بێت یان نا کۆنترۆڵی تەواوی یارییەکە دەکات . کارکردنی ئەم نمایشە بۆ دربازبوون لەو هەموو ماسکانەی واقیعی ژیانی ئێمە لە رۆژگار و سەردەمە جیاوازەکانا بەکاریان دەهێنێ بۆ خۆ دزیینەوە لەو ڕەخنانەی ڕوبەڕوی دەبنەوە پۆزەتیفێکی ترەو کرانەوەیەکی ترە کە دەشێت لە بنەڕەتی دەقی یاقوبییدا بەو شێوەیە دانەڕێژرابێ .

نمایش ورد قسە لەسەر ئەو وێنە درۆیینەیە دەکات کە کۆمەڵی ئێمە بۆ دەرەوە و تەنانەت ناوەوەی خۆشی بەرهەمی دەهێنێت . ژیانمان پڕە لەو درۆیانەی ڕۆژانە چەردەیەک لە خەڵک لەسەری دەژیین ، وەلێ کەمن ئەو دەق و نمایشانەی بوێرانە ئەو ماسکە درۆینەیە ڕەخنە دەکەن .

ئەی ئەرکی هونەرمەند نییە لە نێو کایە ئیستاتیکییەکەی خۆیەوە بێت و قسە لەسەر ئەو فینۆمینە باو و تاڕادەیەک سستماتیزەکراوە بکات کە کۆمەڵێکی سەرلەبەر گیرۆدە کردووە و لێرەو لەوێ بە گوتاری شەرمنۆک یان پۆستی کەم و کورتی نێو تۆرە کۆمەڵایەتییەکان ڕەخنە دەکرێت .

بۆ بازدان بەسەر ئەو چوارچێوەیەی دەقدا جارێکی دی خولێنەرانی نمایش وەک گشتێکی هۆشیار پێ دەنێنە نێو کایەیەکی خەتەرناکەوەو گەلێک نهێنی تێدا کەشف دەکات . ئەو ناڕێکییەی نمایش بەرهەمی دەهێنێ بۆ ڕێگرتنە لەو پشێوییەی سستم دەیەوێت وەک ئەڵتەرناتیفی ناڕێکی بەرهەمی بهێنێ و بڕوا بە کۆمەڵی کوردەواری بهێنێ کە ئیدی مەترسییەک بەڕێوەیە – هەر وەک ئەوەی بەبەردەوام دەسەلاتی سیاسی کوردی هەموو هەوڵێک بۆ داواکردنی ئەڵتەرناتیف و گۆڕینی سستم بە دەستی دەرەکی ترسناک وێنا دەکات _ . سستم بەبەردەوام سود لەو دۆخی پشێوییە وەردەگرێ بۆ خۆ دەربازکردن لەوەهمی ترسناکی ناڕێکی .

بەو شێوەیە لایەنگرانی سستم لەهەوڵی بەردەوامدان بۆ بچوککردنەوەی ئەو ڕۆڵەی هونەر دەتوانێ لە دروستکردنی ئەو نارێکییەدا بیبینێت . سەندنەوەی ئەو ڕۆڵە لە هونەر وەک هەر پێکهاتەیەکی ئیستاتیکی کە دەتوانێ بەشداری لە تەفسیرکردن و گۆڕینی دنایدا بکات هیچ نییە جگە لە یارییەکی دی (سیاسەت –سستم ) بۆ دورخستنەوەی ئەو ئاگرە لە پوش و پەلاش و کاولاشی ماڵەکەی خۆیان . ئەوان لەو مەترسییە گەورەیە تێ دەگەن کە هونەر دەتوانێ بۆ لەرزاندنی عەرشە ئەبەدی و سەرمەدییەکانی ئەوانی دروست بکات، بۆیە هەمیشە کەر لەسەر ئەوە دەکەن کە فرێی بدەنە پەراوێزەوەو چەردەیەکیش لە نوسەر و قەڵەم بەدەست پەیدا بوون بە ناوی داکۆکیکردن لە فیکر و سیاسەتەوە وەک دوو پێکهاتەی باڵاتر ، هەمان ئەو ستراتیجە تۆکمە دەکەن کە سستمی سیاسی و دەسەلات ڕەنگ ڕێژیان بۆ کردووە . ئەوە ئەو دۆخەیە کە مۆدێرنە وەک هەژموونی خۆی بەسەر بیرکردنەوەی سەدەی بیستەمدا سەپاندی و دۆخی عەقڵانی کردە سەردەست و و

ئەدەب و هونەری وەک دوو کاڵای بێ کەڵک لە گۆڕینی دنیادا وێناکرد .

ئەم نمایشە لەگەڵ سادەبوونەوەیدا جگە لەڕەتکردنەوەی ئاڵۆزی ، هەوڵی بەردەوامی بۆ هێنانە گۆی ئێستای ئێرە هەیە بۆیە دەتوانێ بینەر بەرەو دنیاکەی خۆی بەرێت و لەوێ بە دیار ئاوێنەیەکی ڕوونەوە دایدەنێ و پێی دەڵێت بڕوانە ئەوە ڕابردوو و ئێستات ئیدی خۆت بڕیار لەسەر داهاتووت بدە .

تێبینی: ئەم نووسینەی د.دڵشاد موستەفا، بەشێکی لە دانیشتنی تایبەتی ناوەندی غەزەلنووس دەربارەی شانۆیی "خواحافیز تا نازانم کەی" خوێندراوەتەوە و ئێستاش تەواوی نووسەنەکە لەم مەلەفە تایبەتەدا بڵاوبووەتەوە.

دوابەدوای خوێندنەوەی بەشێک لە وەتارەکەی د.دڵشاد موستەفا لە دانیشتەکەی غەزەلنووسدا، دەرگای گفتوگۆ بەڕووی ئامادەبوواندا کرایەوە، لێرەدا هەوڵدەدەین بەشێک لەو سەرنج و بۆچونانە بۆ ئێوە بەخەینە ڕوو.

سەرنجی مەنسور تەیفوری لە دانیشتنی تایبەتی غەزەلنووس بۆ شانۆیی "خواحافیز تا نازانم کەی":

ئەو وتارەی مامۆستا دڵشاد کە نووسیبوویان و دەیانخوێندەوە، من هەستم کرد وەکو کلێشە دەتوانرا هەر ناوێکی دیکە لەبری ناوی ئەم نمایشە هەڵبگریت، بەهەمان شێوە بڕوات، ئەمە دژی ئەوەیە و ئەمەیان دژی ئەمەیە، لەم وتارانەم لە ڕەهەندا زۆر خوێندووەتەوە لە ساڵانی نەوەدەکاندا، یەکسەر منی خستەوە بیری ئەو وتارانە، واتە وتارەکە زۆر مەوزوعی نەبوو، دوو خاڵی دیکە هەیە، من لە شانۆ نازانم و تەنیا وەکو بینەرێک قسە دەکەم، ئەویش لەسەر خودی دەقەکە لە بنچینەی خۆیدا، وادەزانم ئەم دەقە بنچینەکەی لەسەر شتێک بوو وەکو موعجیزە، واتە کارەکتەرێک خولقێندراوە کە بەردەوام دەخەوێت و بەردەوام خەبەری دەبێتەوە، واتە ئەکتی بنچینەیی دەقەکە بە موعجیزەیە، من نازانم بەرهەم هێنانەوەی موعجیزە و هەڵبژاردنی موعجیزە لە ئێستای هەر کۆمەڵگایەکدا چەندە ڕاستە؟ و لە چ باکگراوندێکی بیرکردنەوەوە دێت، وەختێک دەقێک هەموو بنچینەی خۆی لەسەر ڕووداوێک کە خۆشی ناتوانێت ڕوونی بکاتەوە کە بۆچی بەردەوام ئەمە ڕوودەدات، دەق وەکو جیهانێکی سەربەخۆ بە توخم و ڕەگەزە ناوخۆییەکانی ناو خۆیەوە، بەجوڵە میکانیزمەکانی ناو خۆیەوە دەڵێت بەڵێ مومکینە بەردەوام تۆ بخەوێت و خەبەرتبێتەوە، ئەمە یەکێک بوو لە کێشەکانی دەقەکە. من کێشەی بنچینەییترم لەگەڵ ئەم کارە هەیە ئەویش لەبارەی ئایدۆلیژی، سیاسی و بیرکردنەوە. بۆ نمونە ئێمە لە ئەدەبی دژەڕۆمانەوە لە پەنجاکان و شەستەکانەوە

لە ڕۆمانی نوێوە، ئێمە کارەکتەرێکمان هەیە خودی نووسین، یان نووسەر دێتە ناو دەقە، ئەمە تەواو بووە، وادەزانم فۆڕمێک بووە و تەواو بووە ئیتر، ئەوەی کە نووسەر بهێنرێتە ناوەوە و بڵێیت من خۆم خەریکم چیرۆکی خۆم دەگێڕمەوە، ئەمە باکگراوندێکە کە هەوڵدەدات کەسایەتییەک پیرۆز بکات، ئەوش سمایەکە ناوی ڕۆشنیرە نازانم هونەرمەندە، نووسەرە یان ڕۆژنامەنووسە، دێت ئەم کەسایەتیانە پیرۆز دەکەیت، بەڵام تۆ ئەمەت کە موقەدەس کرد، دیارە زاناییەکەش لەلای ئەوە، توانای تێگەیشتن لەدۆخی سیاسی لەلای ئەوە، توانای شیکردنەوەی دۆخی هەژاری و نەگبەتییەکان لەلای ئەوە، وە تەنیا ئەوە دەزانێت و بەچەق دەکرێت، ئەوانەی دیکەش لەبواری بیکردنەوە و توانای بیرکردنەوە و سیاسەتدا، لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە دەردەکرێن و لەملاوە کۆمەڵێک کەس دەکرێن بەنەزان، کۆمەڵێک کەس دەکرێن بە نووسەر، ڕۆشنبیر یان ئەو کارەکتەرە سەرەکییە، هەموو شتێک لەدەوری ئەو کۆدەبێتەوە، ئەمە دیسان بەسەنتەر دەکرێت، من دیسان کێشەم لەگەڵ ئەوەش هەیە کە تۆ کەسایەتییەک بهێنیت موقەدەسی بکەیت، ئەمە بەردەوام دوپاتدەبێتەوە، لە شکڵی ئەمەشدا ئەرکی ڕۆشنبیران ئەرکیان نییە، بەو مانەیەی کە ئێمە خەریکین لێی تێدەگەین کاری ئەوان نییە، لەوانەیە کارێکیان ئەگەر ببێت ئەوەیە لە جێگەکەی خۆیان بجوڵێن و وازبهێنن لەو سەنتەرە، بەرهەمی هونەری یان ڕۆشنبیری کارەکەی ببەلاوە، لێدانە لەو بابەت و زنجیرە پلەیە، کەسێک نووسەر و ڕۆشنبیرە لە سەرەوە وەستاوە و ئینجا کۆمەڵێک نەزان لەخوارەوە.

لە وەڵامی خۆیدا بۆ گوتەکانی مەنسور تەیفوری د.دڵشاد موستەفا لەو دانیشتنەی غەزەلنووسدا وتی: تۆ لە نەوەدەکاندا وتاری لەم جۆرەت لە ڕەهەندا خوێندووەتەوە، گەنجێک نەیخوێندووەتەوە و قەیچییەکە من لێرە بیریانبخەمەوە! من ناتوانم وەکو هەندێک خەڵکی دیکە قسە لەسەر کارێکی شانۆیی بکەم، من ناچارم ئەوەی خۆم دەیبینم قسەی لەسەر بکەم دواتر تۆچۆن دەیبینیت، ئێمە بەو جیاوازیانەوە جوانین، تۆ بەو شێوازە ببینە، منیش بەم شێوازە دەیبینم، من ئەمەندە لەم نمایشە حاڵی بووم.

**سەرنجی کامەران جەمال لە دانیشتنی تایبەتی غەزەلنووس بۆ شانۆیی "خواحافیز تا نازانم کەی":**

حەزدەکەم لەو ڕستەیەوە دەستپێبکەم کە دەڵێت؛ نزیکترین هونەر لە ژیانەوە، شانۆیە. ئەگەر ئەم قسەیە بهێنین بۆ نمونە بەسەر ئەم نمایشەدا بچەسپێنین، دەتوانین بڵێین لەم نمایشەدا ڕێک بۆ ئەم ڕستەیە ئیشکراوە، دەمەوێت لەوەوە دەست پێبکەم، کاتێک ئەفلاتون دێت باس لە هونەر دەکات وەک محاکاتی ژیان، واتە؛ هونەر جگە لەوەی کە کۆپیکردنەوەی ژیانە هیچ شتێک نییە، ئەم مەفهومە ئەفلاتونییە بەو مانایەی کە هونەرمەند ئاوێنەیەکی پێیەو جارێکی تر خەریکی پێشاندانەوەی ژیان خۆیەتی. پێموایە ٥٠٠ی پێش زایین، کاتێک کە ئەفالتون دێت ئەم قسەیە دەکات لەسەر شانۆ تا

ئێستا بەبڕوای من، هەستدەکەیت ئەم نمایشە "خواحافیز تا نازانم کەی" ڕێک هەمان ئەم ڕستەیەی ئەفلاتون دەهێنێتەوە و پراکتیزەی دەکاتەوە لەناو خۆیدا. لەکاتێکدا ئایا کاری هونەر کۆپی پەیست کردنی ژیانە؟ یاخود هونەر ژیانێکی گریمانکراوە، کە دواتر ئەرستۆ دێت چۆن باسی دەکات؛ هونەر نەخر محاکاتی ژیان نییە، هونەر ژیانێکی گریمانکراوە، لێرەوە دەمەوێت بچمە لای نووسەر، بەبڕوای من محەمەد یەعقوبی یەکێکە لەو نووسەرانەی ژیان بەهەموو واتاکانی خۆیەوە جارێکی تر دەیهێنێت و کۆپی پەیستی دەکاتەوە، واتە؛ بەو مەفهومەی، ئەلفرێد هیچکۆک کە دەڵێت؛ دراما گێڕانەوەی ژیانە، بەڵام بە فڕێدانی شتە مومیلەکانی ناو ژیان خۆی. واتە لەلای یەعقوبی هەستدەکەیت هەموو ئەو شتە مومیلانە هەموو ئەو شتانەی کە تەپوتۆزی بەسەرەوەیە جارێکی دیکە دەهێنرێت و تەوزیف دەکرێتەوە، قسەکەی من لەسەر ئەوەیە، ئەم دەقە ئایا دەتوانین بڵێین دەقێکی تەواو ڕیالیستییە، واتە ژیان بەو مەفوهەمەی کە لە ژیان خۆیدا بەری دەکەوێت دێتەوە بۆ ئەوێ؟ بەڵی، محەمەدی یەعقوبی هاتووە بەم ستایلە ئیشدەکات. کە بە بروای من ئەمە وەزیفەی هونەر نییە، قسەیەکی گۆدار هەیە زۆر جوانە، دەڵێت: فیلم گێڕانەوە ژیانە، شتێک لەژیان وەردەگرین بەڵام شتێکی دیکەی پێدەبەخشین. واتە؛ تۆ شتێک لە ژیان وەردەگریت و جارێکی دیکە فۆڕمێکی دیکەی پێدەبەخشیت. ئەوەی کە من لە دەقەکەدا خوێندمەوە بەڕاستی دەقەکە لە محەمەد یەعقوبییەوە چووتە ناو دەستی دەرهێنێرێکی ئەمین و سادیق، واتە هەمان ئەو ئەتمۆسفیرەی کە لەدەقەکەدا هایە هاتووەتە ناو نمایشەوە، ئەمە جگە لە هەندێک ئیزافات و بەکوردی کردنی دەقەکە، کە لەڕاستیدا سەردەمێک ئەو مۆدێلە هەبوو، وەک "پیسکەی تەڕپیر و جەنابی موفەتیش" هاتن جۆرێک لە بەکوردی کردنیان ئەنجامدا، بۆئەوەی کارەکان بتوانن لەگەڵ ژیانی کۆمەڵگای خۆماندا هەڵبکات. بەڕای من دەرهێنەر وەک دەستێکی ئەمین سەرجەم بۆچوونەکانی یەعقوبی بۆ وەرگر گواستبووەوە، بۆیە من هیچ فۆڕمێکم نە دەبینی لە نمایشەکەدا بەقەدەر ئەوەی کە چۆن مەزمونی دەقەکە بگات، نموونەیەکی دیکە ئەگەر دیسان باسی ئیشی ڕیالیستی بکەین، کارەکتەرەکان هەموویان یەک ئەبعادیان هەیە، هەستەکەیت کۆمەڵێک خوشک لە ماڵێکدا تەمەنەکانیان هیچیان دیاریکراو نییە، لەکاتێکدا تۆ ئیشێکی ڕیالیستی دەکەیت، یاخود سەیری ئەتمۆسفیری نمایشەکە دەکەیت، هەمووی هەمان ئەتمۆسفیرە، دیمەنێک بۆ دیمەنێکی دیکە ناتخاتە ناو کەشێکی ترەوە. ڕووناکییەکی سابت، هەموو شتەکان سابت دیمەنێک بۆ دیمەنێکی دیکە دەگۆڕێت تەنیا ئەوەی کە گۆڕانکاری بەسەردا دێت یاریکردنە بە کورسییەکان بەڵام ئەمە هەمووی یەک ئەتمۆسفیری هەیە. ئەم جۆرە لە کارکردن و ئیشی بە بازاڕکردن یان بەجەماوەری کردن، بەبڕوای من خەتەرە هەر لە محەمەدی یەعقوبییەوە کە پێموانییە نووسەرێکی ئەوەندە گەورە بێت، هەتا خۆشی لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێت؛ من ئامۆژگاری دەرهێنەرەکان دەکەم کە خۆیان دەقەکانیان بنووسن، ئەم کابرایە لەوە دەچێت ئاگای لە مەرگی نووسەر نەبێت، کە نووسەر بەڕاستی کۆتایی پێهاتووە، لە قەدیسەکەی نیچە دەچێت کە ئاگای لەوە نییە خودا مردووە، ئەمیش

ئاگای لەوە نییە کە نووسەر مردووە، تۆ کاتێک دەقێک دەهێنێت، ئیتر مەرگی نووسەر ئەو ساتە دەستپێدەکات.

**قسەی دەرهێنەری شانۆیی "خواحافیز تا نازانم کەی" محەمەد موستەفا لە دانیشتنی تایبەتی غەزەلنووس سەبارەت بەو کارە شانۆییە:**

من زۆر سوپاسی سەرنج و تێبینی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە لەم دانیشتنەدا خستیانە ڕوو، دڵنیابن زۆرینەی تێبینییەکان بەکار دەهێنینەوە لە کارەکانی دیکەماندا لەوەدا ئەگەر ئێمە خەلەلێکمان هەبووبێت، لە داهاتوودا ئیشی لەسەر دەکەینەوە.

لەم کارەدا بەتایبەتی ئیشمان لەسەر ئەوە کردبوو بەوازحی هەموو شتەکان بگاتە بینەر، ئیتر ئەگەر شتێکیش نەگەیشتبێت ئەوە لەوانەیە خەلەلی ئێمە بێت، من بۆخۆم قەت قبوڵی ئەوە ناکەم ئەو ماندووبوونەی کە بەدەست کارێکەوە توشمان دەبێت بەخەڵکی بفرۆشمەوە، بڵێین لەم بارودۆخە خراپەی وەزعی کۆمەڵگای ئێمەدا بەم کارەوە خەریکین، نا پێویست ناکات، دەتوانم نەیکەم. لەم نمایيشەدا ئێمە ئەوە دەردەخەین؛ کە کاتێک کۆمەڵگا بەم دۆخەدا تێدەپەڕێت، سەرنج بدەن ئێمە تەنیا باسی سەردەمەکی نووسەر ناکەین، ئێمە لەڕێگەی نووسینەوەی شانۆییەکەی نووسەرەوە باسی ئەوە دەکەین، ئێمە زۆر دەمێکە لە بارودۆخێکی خراپدا دەژین، ئێمە زۆر دەمێکە بە کۆمەڵێک کارەستدا تێدەپەرین کە وردە وردە بەرەو لەناوچوون دەچین، لە کۆتایی شانۆییەکەدا ئەوە بەجوانی دەردەخەین، کە ئەگەر تۆ لەسەر ئەم شێوازە بڕۆیت، ئاخیرەکەت ئیفلیج بوون و وێران بوونە، واتە؛ من نەهاتووم بڵێم هیوایەک هەیە و تۆ دەتوانیت لەسەر ئەو هیوایە ئیش بکەیت.

**بۆچی فۆرمی سادە؟**

ئەمە دنیابینی منە لەم کارەدا، بە بۆچوونی من، ئەگەر بەم شێوازە سادە و حەیاتییە ئیشمان نەکردایە، دڵنیاتان دەکەمەوە ئەو کاردانەوانەی کە بە باش و بەخراپیش کە لەناو خەڵکدا دروستبوو، ئەوە دروست نەدەبوو، هەروەها ئیشەکە خۆی داوای ئەوەمان لێدەکات، داوای ئەوەمان لێدەکات کە سادە کار بکەین، بە بڕوای من لە ئێستادا بینەر پێویستی بەو سادەییە هەیە، با ئێمە بهاتینایە بەشێوازێکی کلاسیک یان بهاتینایە بەو قوتابخانانەی کە لەناو شانۆدا هەیە، ئیشمان بکردایە، ئایا ئەو کاردانەوانەی دەبوو لەناو خەڵکدا، بەبڕوای من، نەخێر، ئەوەی کە بەرمانکەوتووەتەوە دوای نمایيشەکە، ئەوەیە کە ئەکتەر زۆر سادەبوو لەسەر شانۆ، زۆر حەیاتی بوو، خەڵک خۆی و ژیانی خۆی تێدا دەبینییەوە، ئەمە هۆکارێک بوو بۆئەوەی ئێمە بەم جۆرە کار بکەین.

**دیمەن گۆڕینەکان**

زۆر کات گوێبیستی ئەوە دەبین کە دیمەن گۆڕینەکان خاڵی لاوازی ئیشەکەیە، کە دیمەنەکان لەبەرچاوی بینەر دەگۆڕدرێت، ئێمە خۆمان لەبەرچاوی بینەر بەتایبەت ئیشمان بۆ ئەوە کردبوو کە دیمەنەکان لەبەرچاوی بینەردا بگۆڕێت. ئێشەکەتان بینیوە و بەرتانکەوتووە، ئەکتەر لە ساتی تەمسیلکردنی خۆیدا کاتێک دەبێت بە کارەکتەر چی دەکات؟ و چۆن ئەو پەیوەندییە دروستدەکات لەگەڵ خەڵکدا، و دوای ئەوە چۆن دایدەبڕینەوە، بەشێکی قسەکان کە بە ئێمە وتران، دەڵێن ئێمە ئیشمان کردووە لەسەر هەستی خەڵک، ئەی باشە ئەو دابڕانانە کە ئاماژەم پێدا، ئەمە جارێکی تر ئیشکردن نییە لەگەڵ عەقڵی بینەردا، کە بەردەوام پێتدەڵێین تۆ سەیری نماییشێک دەکەیت. بەردەوام ئیشمان لەسەر ئەوە کردووە و بە بینەر دەڵێین تۆ سەیری نماییشێک دەکەیت، ئاگاداربە نەچیتە ناو ئیحساس و هەستەوە، نەچیتە ناو ئەو تێکەڵبوونەی ئەکتەر و بێیتەوە.

## چەند دەستکاریکردنێکی دەق

خەوتن و دووسال خەبەربوونەوە، لەناو دەقەکەدا سێ ساڵ خەوتن و خەبەربوونەوەیە، لەناو دەقەکەدا باس لە شۆڕشی ئیسلامی ئێران دەکات کە لە ساڵی ٧٩دا ڕوویداوە، ئێمە هاتووین لێرەدا کردوومانە بەساڵی ١٩٩١ و ڕاپەڕین، لەدوای ئەوەوە کە ژیان بەرەو کوێ دەڕوات و گۆڕانکارییەکان چین پەیوەستە بەو ڕووداوانەوە، تەقریبەن ٢٤ ساڵێک دەبێت کە بەسەر ئەو وەختەدا تێدەپەڕێت، ئێمە هەر ١٠ ساڵێکمان کردووە بە ساڵێک، بەشێکی تری ئەو بابەتەی کە ئێمە دەمانەوێت لەم شانۆییەدا بیڵێین ئەوەیە کە ئێمە شتەکان لەبیردەکەین، ئێمە چەند مانگ لەمەوپێش، کەسێک دەکوژرێت، یان فەوزایەکی گەورە ڕوودەدات یان هەرشتێکی تر لەناو کۆمەڵگادا ڕوودەدات، دوای دوو ڕۆژ بیرمان دەچێتەوە و هیچ باسی ناکەین، سەرنج بدەن هەر دووسال خەبەربوونەوەیەکی شێوە لەناو کارەکەدا، چ گۆڕانکارییەک ڕوویداوە، خەتێکی زۆر وازح لەناو کارەکەدا هەیە ئەویش ئەوەیە کە ژیان خۆی بۆخۆی چی لە ئینسانەکان دەکات، ئەگەر کەسێک داببڕیت بۆماوەی دووسال بمێنێتەوە، چۆن دەبێت کاریگەرەییەکەی، و کاریگەریی ئەو ڕووداوانەی لەو کاتەدا کە ئەو بەخەبەرە و پاشان دووسال خەوی لێدەکەوێت، ئایا لەبیری دەچێتەوە؟ ئەمانە کۆمەڵێک بابەتبوون کە ئێمە ویستومانە بیڵێین لەناو شانۆییەکەدا.

## ئیشکردن لەسەر ئەکتەر

بۆچی ئەکتەر زۆر بارزبوو لەناو ئیشەکەدا، بەبروای من ئەوەی کە دەرهێنەر دەیکات لەناو کارەکەیدا، ئەوەی کەچۆن کەشیک، سینۆگرافیایەک و دیکۆرێک دروستدەکات، کاتێک من قەڵەمێک بەکار دەهێنم لە کارەکەدا یان کەسەرەستە سابتەکان، ئەمانە ئیتر سابتن. ئیشی سەرەکیی دەرهێنەر لەلای من ئەوەیە کار لەگەڵ ئەکتەردا بکات، و تەنها شتێک لەناو شانۆدا زیندوو بێت ئەکتەرە، زۆر بە وردی لەگەڵ ئەکتەردا ئیشمان کردووە و ئەکتەرەکان خۆیشیان زۆر هاوکارییان کردووم و زۆر سوپاسیان دەکەم لێرەوە.